ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudaw.net

لـە سـەرەتای ئابـی 2014دا داعـش پەلامـاری باشـووری کوردسـتانی دا و بەشـێکی خاکـی کوردسـتانی داگیرکـرد. داعـش پشـێوییەکانی بەهـاری عەرەبـی لـە سـووریا قۆسـتەوە. ئەمـە لـە دیـدی پسـپۆڕانی جیۆپۆلیتیـکا بـە وەرچەرخانێکـی جیۆپۆلیتیکـی دادەنرێـت. بۆیـە کوردسـتان ناچاربـوو لەگـەڵ هەلومەرجێکـی جیۆپۆلیتیکـی تـازەدا هەڵبـکات. داعـش لەگـەڵ پەلاماردانـی موسـڵ لەیەکـەم بەیاننامـەدا رایگەیانـد کۆتایـی بـە سـەردەمی سـایکس- پیکـۆ هێنـاوە و خـۆی وەك هێزێکـی پۆسـت سـایکس-پیکۆ پێناسـەکرد. لەسـەردەمێکدا کـە بـە سـەردەمی شۆڕشـی جیۆپۆلیتیـکا دادەنرێـت، ئـەم کـردارەی داعـش بـە دیاردەیەکـی جیۆپۆلیتیکـی دادەنرێـت. داعـش لەپەنـای سـنوورەکانی کوردسـتان لـە ناوچـە سـوننەکانی عێـراق و سـووریا سیسـتەمێکی «نیوەدەوڵـەت»ی پێکەوەنـا کـە بەشـێکی زۆر لـە پسـپۆڕان بـە دیفاکتۆ-دەوڵـەت و هەندێکیـش بـە دەوڵەت–رێکخراوێکـی تیرۆریسـتی وەسـفیانکردووە.

ئـەم پەرتووکـە باسـی کوردسـتانی دوای شکسـتی داعـش دەکات، هەروەهـا باسـی کوردسـتانی دوای 100 سـاڵ لـە رێککەوتننامـەی سایکس - پیکـۆ دەکات. لەهەمانکاتـدا تێـزی رارەوی کـوردی کـە بـە دیـواری کوردیـش دەناسرێـت وەکـو یەکێـك لـە فاکتەرەکانـی پۆسـت - داعـش و پۆسـت - سـایکس پیکـۆ دەخاتـەڕوو.

# کوردستان
# و پۆست - داعش


**لێکۆڵینەوانە بەشدارەکان:**

ئازاد عەلی

هاوڕێ باخەوان

مامەند رۆژە

بیلال سامبوور

عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش

مەسعوود رۆستەمی

حیسام دەستپیش



**چاپی دووەم**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

Rudaw Research Centre

# کوردستان

و پۆست -داعش

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

2016

# کوردستان و پۆست -داعش

**بەڕێوەبەری پڕۆژە:**

مامەند ڕۆژە

**لێکۆلینڤانە سەرەکییەکان:**

د. ئازاد عەلی

هاوڕێ باخەوان

**لێکۆلینڤانە ڕاسپێردراوەکان:**

د. بیلال سامبوور

عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش

د. مەسعوود ڕۆستەمی

حیسام دەستپیش

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

چاپی یەکەم
2716 ـی کوردی - 2016 ـی زایینی
ResearchCentre@rudaw.net
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (            )

چاپخانەی کوردستان - سلێمانی

# نێوەڕۆک


پێشەکی ........ 13

**بەشی 1 – ڕەگوڕیشەی داعش و هاتنیان بۆ کوردستان** ........ 15

**1-1 بەرایییەکانی دەرکەوتنی داعش وەك هێزێکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی** ........ 16

ریشەی مێژوویی دیاردەی ئیسلامی سیاسی ........ 16

ئیخوان موسلمین و گۆڕانکارییە گەورەکە ........ 17

گەشەسەندنی سەلەفیی جیهادی ........ 17

سەرەتای چالاکی تەقاندنەوە ........ 18

سەلەفیی جیهادی لە لۆکاڵییەوە بۆ گلۆباڵی و دامەزرانی قاعیدە ........ 19

تۆڕی قاعیدەی جیهانی ........ 19

ڕێڕەوی جیهادی جیهانی لە ئەفغانستانەوە بۆ هەورامانی کوردستان ........ 20

ڕاگەیاندنی «تەوحید و جیهاد» و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق ........ 20

دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ........ 21

ڕێڕەوی دوژمنکارانەیان بەرامبەر کورد ........ 21

هۆکارەکانی زۆربوونی ڕۆڵی داعش لە ناوچەکەدا ........ 21

کورتە و سەرئەنجام ........ 22

دیاگرامی ئیسلامی سیاسی لە جەمالەدینی ئەفغانییەوە بۆ عەرەبی ئەفغان ........ 23

سەرچاوەکان ........ 24

**1-2 کورتەی ڕەگوڕیشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان** ........ 25

دیاگرامی مێژووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا ........ 30

سەرچاوەکان ........ 31

**بەشی 2 – فاکتەرە ناوخۆییەکان و کوردستان پۆست-داعش** ........ 32

**2-1 باشووری کوردستان** ........ 33
بەرەی ناوخۆییی باشووری کوردستان و دابەشبوونی هێزە سیاسی و سەربازییەکان ........ 33
نەخشەی دابەشکردنی هێزەکان لە باشووری کوردستاندا ........ 38
باری ئابووریی کوردستان ........ 39
باشووری کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێی ........ 39
باشووری کوردستان و پۆست-داعش ........ 41
باری ئابووری ........ 43
دیمۆگرافیای باشووری کوردستان ........ 43
شانە نووستووەکانی داعش ........ 44
سەرچاوەکان ........ 45
**2-2 باکووری کوردستان** ........ 47
بەرایی: یەکەم بەریەککەوتنی جیۆسیاسی ........ 47
داعش – کەجەکە: هێزەکانی پۆست سایکس - پیکۆ ........ 48
کەجەکە: خۆگونجاندن لەگەڵ سێ ئاڵقەی جیۆسیاسی ........ 50
ئەنجام: کەجەکە جیۆپۆلیتیکی پۆست-داعش ........ 52
**2-3** ئایندەی هێرشی داعش بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ........ 56
سووپایەك لە تووندڕەوە سوورییەکان ........ 56
هێرشی بەرەی نوسرە لەسەر ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان و ئامادەکاری بۆ جەنگی داعش 57
بەشداریکردنی داعش لە گۆڕینی نەخشەی هێزە سیاسییەکان لە رۆژئاوای کوردستان ........ 62
کاریگەریی داعش لەسەر هەڵوێستی کوردانی رۆژئاوای کوردستان ........ 63
کۆبانێ و بەجیهانیکردنی دۆزی کوردی سووریا ........ 64
ئابلۆقەی عەفرین ........ 66
کاریگەری نەرێنی هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان ........ 68
ئایندەی رۆژئاوای کوردستان دوای بەزاندنی داعش ........ 70

**2-4 داعش و ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان** 73
بەرایی: داعش چۆن دەرکەوت و چیکرد؟ 73
چەمکەکان: پێناسە و بوارەکانی ئاسایشی نیشتمانی 74
پایەکانی ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان 77
داعش: تەحەدییەکانی ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان 79
ئەنجام : پۆست – داعش و هەڕەشەکان 82
**بەشی 3 – فاکتەرە هەرێمییەکان لەسەر کوردستان، پۆست-داعش** 86
**3-1 ئایا کوردستان دەتوانێ لەنێوان تورکیا و داعشدا سەربەخۆیی وەربگرێت؟** 87
هەست بە بوونی کورد دەکرێت! 87
مەزهەبگەرایی و بەرزبوونەوەی هەڕەشەی داعش 88
بەرخۆدانی رزگاری کوردستان لە دژی داعش 88
رۆژەڤی نەگۆڕ لە هەرێمی کوردستان: سەربەخۆیی 89
کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان 89
دابەشبوونی سیاسی لە کوردستان 90
وڵاتانی ناوچەکە و هێڵی دژە-کوردستان 90
ناوچەی کوردستانی پەیوەست بە تورکیا 91
ترسی هەمیشەیی تورکیا: دابەشبوون 91
هەڵەی گەورەی تورکیا: «باکووری عێراق» 92
سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵگەی تورکیا 93
ترسی هەمیشەیی تورکیا: کوردستانی سەربەخۆ 93
پڕوپاگەندەی نوێی تورکیا: لەبەر سەقامگیری نەخێر بۆ کوردستان! 94
کوردستان وەك بەشێك لە تەوەری سوننی 95
تورکیا، ئەمریکا و ئێران 96
رۆژەڤی تورکیا سەربەخۆیی کوردستانی تێدا نییە 97

کوردستان وەك هەڕەشەیەك ..... 97
ئایا تورکیا سەربەخۆیی کوردستان قبوڵدەکات؟ ..... 98
ئەنجام ..... 98
**3-2 ئێران: سیاسەتی هەژموونی گوتاری** ..... 100
ئابستراکت ..... 100
پێشەکی ..... 100
چوارچێوەی تیۆری ..... 101
جیۆپۆلیتیکی کوردستان و ناسنامەی کورد ..... 102
ئێران و سیاسەتی داگیرکردنی جیۆپۆلیتیکی مێشکەکان ..... 104
ئەنجام ..... 106
سەرچاوە ئینگلیزییەکان ..... 107
سەرچاوە فارسییەکان ..... 107
**3-3 هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و ئاسۆی پەیوەندییەکانیان**
لەگەڵ هەرێمی کوردستان ..... 108
1 - جیهادیی سەلەفی لە کۆمەڵگە خەلیجییەکان لەنێوان هەناردەکردن و کاریگەریدا ..... 109
2 - وەرچەرخانی کارکردی جیهادیی سەلەفی و رەنگدانەوەی
لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی خەلیجی ..... 110
3 - پێگەی وڵاتانی عەرەبی سوننە و بلۆکی کەنداو لەدژی داعش ..... 110
4 - ژینگەی پێکگەیشتنی وڵاتانی عەرەبی سوننە بەرێبەری ئەنجوومەنی
هاریکاری کەنداو لەگەڵ هەرێمی کوردستان ..... 112
5 - گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کوردی – خەلیجییەکان دوای رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران ..... 112
6 - پێگەی کوردستان لەنێو هاوپەیمانی ئیسلامی بە پێشەنگی سعودیە ..... 114
7 -ئاسۆکانی ئایندەی پەیوەندییە کوردستانی – خەلیجییەکان لە پاش داعش ..... 117
**بەشی 4 – فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان و کوردستان پۆست-داعش** ..... 121

**4-1 کاریگەری ستراتیژی ئۆراسیایی رووسیا لەسەر دۆخی کوردستان پۆست-داعش** 122
جەنگی داعش و کاریگەرییەکانی رووسیا 123
ئەنجام 133
لیستی سەرچاوەکان: 134
**4-2 سیاسەتی ئەتڵەسی و کوردستانی پۆست-داعش** 136
ئەمریکا: داعش و پۆست-داعش 137
کوردستان، داعش و پۆست-داعش 138
ئەمریکا، عێراق و کوردستان: قۆناخی پۆست-داعش 139
ئەنجام 143
سیناریۆکان 146
کەی ترسی داعش نامێنێت؟ 146
سیناریۆ «خراپ»ەکان 146
سیناریۆ «باش»ەکان 147
**ئەنجامی لێکۆڵینەوە** 150
**راسپاردەکان** 152
بیۆگرافیای لێکۆڵینڤانەکان 154
ئازاد عەلی 154
هاوڕێ باخەوان 155
مامەند رۆژە 156
عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش 157
مەسعود رۆستەمی 158
بیلال سامبوور 159
حیسام دەستپیش 160

# پێشەکی

لە سەرەتای ئابی 2014دا داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا و بەشێکی خاکی کوردستانی داگیرکرد. داعش پشێوییەکانی بەهاری عەرەبی لە سووریا قۆستەوە. ئەمە لە دیدی پسپۆڕانی جیۆپۆلیتیکا بە وەرچەرخانێکی جیۆپۆلیتیکی لەقەڵەمدەدرێت. بۆیە کوردستان ناچاربوو لەگەڵ هەلومەرجێکی جیۆپۆلیتیکی تازەدا هەڵبکات. داعش لەگەڵ پەلاماردانی موسڵ لەیەکەم بەیاننامەدا رایگەیاند کۆتایی بە سەردەمی سایکس- پیکۆ هێناوە و خۆی وەك هێزێکی پۆست سایکس-پیکۆ پێناسەکرد. لەسەردەمێکدا کە بە سەردەمی شۆڕشی جیۆپۆلیتیکا دادەنرێت، ئەم کردارەی داعش بە دیاردەیەکی جیۆپۆلیتیکی لەقەڵەمدەدرێت. داعش لەپەنای سنوورەکانی کوردستان لە ناوچە سوننەکانی عێراق و سووریا سیستەمێکی «نیوەدەوڵەت»ی پێکەوەنا کە بەشێکی زۆر لە پسپۆڕان بە دیفاکتۆ-دەوڵەت و هەندێکیش بە دەوڵەت–رێکخراوێکی تیرۆریستی وەسفیانکردووە.

شاڵاوی داعش بۆ سەر کوردستان هەم هەلی ئافراند و هەم هەڕەشە. لەگەڵ «هەڕەشە» بەردەوامەکانی ئەم هێزە کە بەشێکی بە کوشتار و جینۆساید کۆتاییهات، بەقسەی بەشێکی زۆر لە پسپۆڕان «هەل»ێکی تازەشی لەبەردەم بزووتنەوەی کورددا رەخساند. پرسی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی و تەنانەت جیهانی، هێزە چەکدارەکانی کوردستانی وەك «سپەرێکی جیۆپۆلیتیك»ی کارا لەبەردەم داعش قووتکردەوە. هەروەها پێناسەیەکی دیکەی بە پێگەی ناوچە کوردستانییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان بەخشی کە وەك «پەرژینێکی ستراتیژی»، دەتوانێ قوڵایی دیموگرافی سوننە لە سێکوچکەی ئەنادۆڵ، شام و عێراق لەیەك دابڕێت. بەمە کوردستان پێگەی تازەی خۆی لەنێو ستراتیژییە جیهانییەکانی نەهێشتنی تیرۆردا پێناسەکردووە کە ئەگەری هەیە ئاکامی مێژوویی یەکلاییکەرەوەی بەدواوەبێت، چونکە داعش وەك بکەرێکی نە-دەوڵەت، تاڕادەیەك نەزمی هەرێمی لەبەریەك هەڵوەشاندووە. ئەمەش ریزبەندی هێزەکانی ناوچەکەی گۆڕیوە بەشێوەیەك کە چەندین هاوپەیمانی و بلۆکی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە، گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارە چارەنووسییەدا، ئایا لە قۆناغی پۆست-داعشدا چ سیناریۆگەلێك چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکەن؟ هەروەها ئەمە لەپەنای خۆیدا چەند پرسیارێکی لاوەکیش دەورووژێنێ ئایا فاکتەری نێوخۆیی، فاکتەری ناوچەیی و فاکتەری سەروناوچەیی چۆن کارلێك دەکەن و تێکهەڵکێشی ئەم سیانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی کوردستان دەبێت؟ وەڵام دۆزینەوە بۆ ئەم پرسیارانە بەشێوەیەك پەیوەندی بە خوێندنەوەی جیۆپۆلیتیکییەوە هەیە. بۆیە پڕۆژەی ئامادەکردنی ئەم کتێبە وەك یەکەم کتێبی نێوکۆیی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو کە بەرهەمی ژمارەیەك لێکۆڵینڤانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان و ناوکی تینك-تانکێکی کوردستانییە، بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامە بابەتییەکانی پۆست-داعش لە کوردستان تەرخاندەکرێت.

کێشەکانی بەردەم ئەم پڕۆژەیە زۆرتر پەیوەندییان بە تەکنیکی کارەوە هەیە. وەك یەکەم کاری پێکەوەیی دەشێ لەڕووی چەمکسازی و زاراوەسازییەوە زۆر لێکچوو نەبێت. هەروەها دەشێ یەکێکی دیکە لە کێشەکان، پەیوەندی بە شێوازی لێکۆلینەوەی لێکۆڵینڤانەکانەوە هەبێت. لەبەرئەوەی هەریەك لە نووسەران خەڵکی پارچەیەکی کوردستانن، پێدەچێ شێواز، تەرز و میتۆدی لێکۆلینەوەش لێك جیاوازبن. بۆ نموونە لێکۆلینڤانانی رۆژهەڵات کاریگەری میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئێرانی، باکووری هی تورکی، رۆژئاوا هی عەرەبی و باشووریش لەگەڵ ئەوەی بەشێنەیی بەرەو مۆدێلێکی تایبەتی کوردی دەچێت، بەڵام شێوازی عەرەبی هەر لەسەرە.

ئەم کتێبە لەڕووی پێکهاتەوە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشدەبێت: یەکەم، لە بنجوبناوانی ئیسلامی سیاسی و هاتنیان بۆ کوردستان دەکۆڵێتەوە. دووەم، بۆ فاکتەری ناوخۆیی و کوردستانی پۆست-داعش تەرخاندەکرێت. سێیەم، باسی فاکتەری ناوچەیی و کوردستانی پۆست-داعش دەکات. چوارەم، لە فاکتەری جیهانی و کوردستانی پۆست-داعش دەکۆڵێتەوە. لەپەنای ئەم بەشە سەرەکیانەدا ئەوە چەند بڕگەیەکیش بۆ سیناریۆکان، ئەنجامەکان و لەئاکامیشدا راسپاردەکان تەرخاندەکرێت.

ئـەم کتێبـە کارێکـی هاوبەشـە کـە بەدڵنیاییـەوە ئەگـەر ئـەم هاوکاریـەی گشـت هـاوکاران پێکـەوە نەبووایـە، ئـەوا ڕەنگـە ئـەم بەرهەمـە ئامادەنەکرایـە! بۆیـە کاری هاوبـەش لەگـەڵ ئـەوەی گیروگرفتـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، لەگـەڵ ئـەوەی یەکخسـتنی چەمـك و زاراوەکان ئاسـان نییـە، بـەڵام زۆر لایەنـی ئەرێنیشـی هەیـە کـە پێکـەوە کـۆی بەرهەمـی تێکهەڵکێـشراو کامڵدەکـەن. لـە پرۆسـەی نووسـینی ئـەم بەرهەمـەدا جگـە لـە لێکۆڵینڤانانـی سـەرەکی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو، کۆمەڵێـك لـە هاوکارانیـش لـەدەرەوەی ناوەندەکـە بـە لێکۆڵینـەوە و بابەتەکانیـان کاریـان بـۆ سەرخسـتنی ئـەم پرۆژەیـە کـردووە. لێـرە پێویسـتە بەنـاوی (ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو)ەوە سوپاسـی ئـەم بەڕێزانـە بکـەم، کـە بـە دڵئاوەڵایـی و بەدڵسـۆزییەوە لـە سەرخسـتنی پرۆژەکـەدا ڕۆڵـی کارایـان گێـڕاوە: پرۆفیسـۆر د. بیـلال سـامبوور لـە باکـووری کوردسـتان، د. مەسـعودی ڕۆسـتەمی و د. حیسـام دەسـتپێش لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و مامۆسـتا عەبدولڕەحـمان کەریـم دەروێـش لـە باشـووری کوردسـتان. هەروەهـا سوپاسـی بەڕێـزان عەبدوڵـلا شـوکر و بەختیـار محەممـەد فەتحـی دەکەیـن کـە لـە وەرگێڕانـی بەشـێك لـە بابەتەکانـدا هاوکارییـان کردوویـن. بێگومـان ئـەم بەرهەمـەش وەك هەمـوو بەرهەمێکـی ئادەمیـزاد لـە کەموکورتـی بێبـەری نییـە. لێـرەدا دەسـتی سـوپاس بـۆ ئـەو بەڕێزانـە دەخەینـە سـەر سـنگ کـە بـە ڕەخنـە و تێبینییەکانیـان کەموکورپییەکانـی ئـەم کتێبـە کامڵدەکـەن.

(ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو)

مامەند ڕۆژە

مارتی 2016

# بەشی 1

# ڕەگوڕیشەی داعش و هاتنیان بۆ کوردستان

# بەرایيەکانی دەرکەوتنی داعش وەک هێزێکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی

د. ئازاد عەلی

## ریشەی مێژوویی دیاردەی ئیسلامی سیاسی

قەیرانی سەرمایەداری جیهانی و سیستەمی رژێمە جیهانییەکان لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، هەروەها ئاڵۆزی کێشەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان و نەتوانینی وەڵامدانەوەی پرسە گرنگەکانی نەوە نوێیەکان و لاوازی دەوڵەتان و رژێمە سیاسییەکان بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، پاشان شکستی پرۆژەی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی و دارمانی بلۆکی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، هۆکارگەلێك بوون بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەك لەم قەیرانە. هەموو ئەوانە رێگەیان خۆشکرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئایین وەك سەرچاوەیەك بۆ ژیان و ئاسوودەیی دەروونی بۆ مرۆڤەکان و کردنی بە بەرنامەیەك بۆ چارەسەری کێشەی کۆمەڵگەکان و دەوڵەتان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش وەك چارەسەرێکی بێکاری و پەراوێزخستن و جوداکردنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە.
گەڕانەوە بۆ ئایین وەك چارەسەر لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت. دیارە ئایینی ئیسلام یەکەم ئایینی ئەوانەیە کە هەر لە دروستبوونییەوە داوای دەسەڵاتی سیاسی ئەم دنیای کردووە. وڵاتە ئیسلامییەکانیش ناوچەیەکی بەپیتبوون بۆ گەشەکردنی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییە رێکخراوانە. رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و پێشتریش سەرنەکەوتنی لە چاکسازی کۆمەڵایەتیدا هۆیەکی گرنگی دیکە بوو بۆ گەشەکردنی ئەو بزووتنەوانە تاوەکو بەرەنگاری "داگیرکاری"ی رۆژئاوایی ببنەوە.
بزووتنەوە ئیسلامییەکان، چ بانگخوازی یان سیاسی، دەیانویست کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەرووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە رێکبخەن و شەریعەتی ئیسلامیش وەك تاکە یاسای دنیایی بچەسپێنن. پاش کشانەوە و دۆڕانی سوپای عوسمانی لەبەردەم هێزی رۆژئاواییدا، بزووتنەوە ئیسلامییەکان خواستیان ئەوە بوو کە ئەو دۆڕاندنەی جیهانی ئیسلامی بکەنە سەرەتای بیری چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی. پاشتر بانگەشەکانی چاکسازی فراوانتر و هەمەلایەنە بوون، گرنگترینیان چالاکییەکانی جەمالەددینی ئەفغانی (1897-1838)، محەممەد عەبدوە (1905-1849)، ئەبو عەلی مەودوودی (1979-1903) بوون کە کۆمەڵی ئیسلامیی لە هیندستان و پاکستان دامەزراند.

سـەرەتا هەوڵـی هاوسـەنگی زانسـتی و شـێوازی سیاسـی ڕۆژئاوایـی و ئیسـلامییان دا، بـەڵام پاشـان لەمـەدا سـەرنەکەوتن و لـە بنەماکانـی ئیسـلام بەلادانیـان دانـا.
هەربۆیـە گەڕانـەوە بـۆ بنەماکانـی ئیسـلام و شـەریعەت بـووە دەسـتووری کارکردنـی ئـەم چاکسـازە ئیسـلامییانە و گەشـانەوەی ئیسـلامییان کـردە پێـڕەوی کاری خۆیـان کـە حەسـەن بەننـا یەکێـک لـەوان بـوو و بـوو بـە دامەزرێنـەری ئیخـوان موسـلمین.

## ئیخوان موسلمین و گۆڕانکارییە گەورەکە

لەبەرانبـەر دەسـەڵاتی ڕۆژئـاوا و ئینگلیـز بەتایبەتـی و هەروەهـا بزووتنـەوە مژدەهێنـە مەسـیحییەکان لـە میـسردا، کۆمەڵـەی لاوانـی موسـڵمان دامـەزرا. حەسـەن بەننـا (1949-1906)، یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی ئـەم کۆمەڵەیـە بـوو، بـەڵام پاشـتر بیـری ئـەم لەگـەڵ بیـری لیبراڵـی ئـەم کۆمەڵەیـەدا نەگونجـا و سـاڵی 1928 کۆمەڵـەی ئیخـوان موسـلمینی دامەزرانـد و خۆشـی بـووە سـەرۆکی.
پاشـتر ئیخـوان بنکـەی فـراوان بـوو و بەشـداری چالاکـی سیاسـی دەکـرد. لـە جەنگـی 1948 لـە فەلەسـتین چالاکـی ڕێکخراوەیـی ئەنجامـدەدا. لەمـەوە بیرۆکـەی کردەوەی سـەربازی و کودەتایـی لەلای ئیخوان دروسـتبوو بـۆ گۆڕینـی دەسـەڵاتی پادشـایی لـە میـسر و بـە کوشـتنی چەنـد کەسـێکی سیاسـی لەوانـە سـەرۆکوەزیران مەحمـوود فەهمـی نەقراشـی دەسـتیان پێکـرد. [1]
ئیخـوان بەوجـۆرە یەکەمیـن ڕێکخـراوی ئیسـلامی سیاسـییان دروسـتکرد کـە توونودتیـژی بـووە کاریـان و شمشـێریش بـووە هێمایـان. ئەمەشـیان لـە وتـە بەنێوبانگەکـەی بەنناوە هەڵهێنجابـوو کـە دەیگـوت: **"ئیسـلام ئاییـن و دەوڵەتـە، قورئـان و شمشـێرە"**.
ئیخـوان، پەیـڕەوی ئیسـلامییەکانی لـە بانگخوازییـەوە بـۆ شـەڕ و کوشـتن گـۆڕی. پاشـتریش کـە سـەید قوتـب بـووە سـەرۆکی ئیخـوان ئـەم پەیـڕەوە هێنـدەی دیکـە بـەرەو توونودتیـژی ڕۆیشـت. سـەید قوتـب باندۆرێکـی زۆری لەسـەر ئەفسـەرە ئازادیخوازەکانـی میـسر لەوانـە جەمـال عەبدولنـاسر هەبـوو.

## گەشەسەندنی سەلەفیی جیهادی

لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، گۆڕانـکاری شـێرگیر لـە جیهانـی عەرەبـی و ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل هاتەکایـەوە. ئەمـە بـووە هـۆی دامەزرانـدن و گەشەسـەندنی ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکان، تاوەکـو بـەرەوڕووی ڕۆژئـاوا و دەوڵەتـی جوولەکـە بوەسـتنەوە.
سـاڵی 1953 مامۆسـتا و دادوەری شـەرعیی فەلەسـتین شـێخ محەممـەد تەقیەددیـن نەبەهانـی (1977-1909)، پارتـی ڕزگاریخـوازی ئیسـلامیی دامەرزانـد. ئامانجـی ئـەم پارتـە دامەزراندنـی ڕژێمێکـی ئیسـلامی سیاسـی بـوو. نەبەهانـی پێیوابـوو کـە لەڕێگـەی ئەفسـەرە سـەربازییەکانەوە و بەهـۆی کودەتـاوە دەگاتـە حوکـم و ڕژێمێکـی ئیسـلامی دادەمەزرێنێـت. بـەڵام ئـەم شـەپۆلە ئیسـلامییە و بەتایبەتـی سـەلەفی نەبوونـە بزوێنـەری شـەقامی عەرەبـی تاوەکـو سـاڵی 1967، کاتێـک عـەرەب لەبەرانبـەر ئیسرائیلـدا تێکشـکا و ناوچـەی گۆلانیـش کەوتـە

1 - الإسلاميون، بشير موسى نافع. مركز الجزيرة للدراسات، بيروت – 2010، لا 12، 32، 37، 67، 96 و 111.

دەست ئیسرائیل. بەهۆی ئەوەوە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەنێو عەرەب و فەلەستینییەکاندا پەرەیسەند. بەوشێوەیە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی بەهۆی کۆمەڵێك کەسایەتی و ڕێکخراوی ئیسلامییەوە گەشەیکرد و لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە جیهانی عەرەبیدا بەتەواوەتی بوون بە دیاردەیەکی سیاسی. لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆك ئەنوەر سادات ئەمانەی لەدژی ڕەوتی چەپ بەکاردەهێنا و یارمەتی دەدان. ئیخوانیش لە سعودیە و وڵاتانی کەنداودا زیاتر گەشەیان کرد و بزووتنەوەی وەهابیش لە سعودیە بەناوی سەلەفی عیلمییەوە بۆ زۆرتر فراوانبوونی جیهانی ئیسلام باشتر کەوتەخۆ.

سەلەفییە جیهادییەکان لە میسر خۆیان باشتر ڕێکخست. د. ساڵح سریە و کارم ئەنادۆڵی کۆمەڵەیەکی سەلەفییان لەنێو کۆلیژی هونەری سەربازیی میسریدا دامەزراند. پاشان کارم لەسێدارەدرا و کۆمەڵەکەش سەرکوتکرا. مەروان حەدیدیش لە سووریا کۆمەڵەی پێشەنگانی جەنگاوەرانی ئیخوانی دامەزراند. لە میسر کۆمەڵەی تەکفیر و هیجرە دامەزرا و ساڵی 1977 وەزیری ئەوقافیان کوشت. ساڵی 1979 نزیکەی هەزار سەلەفی لە مەککە ڕاپەڕینێکیان بەسەرۆکایەتی ئەلجەهەمی لەدژی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پاککردنەوەی زەویە پیرۆزەکان لە خاچپەرستان ڕێکخست.

ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بووە هۆی بەرزبوونەوەی زۆرتری توندوتیژی سیاسی. ئەم توندوتیژییە بەدوای ڕەوایەتی ئایینی و مۆراڵیدا دەگەڕا. سەلەفییە جیهادییەکان هەر بە جەنگی کلاسیکییەوە نەوەستان، بەڵکو کەوتنە کاری خۆکوژی لە دژی دوژمنەکانیان.

## سەرەتای چالاکی تەقاندنەوە

لە سووریا، یەك حیزب و یەك بنەماڵە تەواوی دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی قۆرخ کردبوو. ئەم بارودۆخە بووە هۆی گەشەسەندنی هێزە ئیسلامییەکان. ئەمانیش پەیوەندی پتەویان بە باڵە سەربازییە توندڕەوەکانی ئیخوانەوە هەبوو. لەدوای شەڕی لوبنان لە 1975، چالاکییە سیاسی و خۆپیشاندانە ئاشکراکانیان لەدژی بەعسییەکان زۆرتر بوون. کەتیبەکانی محەممەد کە لەلایەن مەروان حەدیدەوە دامەزرابوون، ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو، چونکە بەلای ئەوانەوە بەعسییەکان لە دەرەوەی شەریعەتی ئیسلامی بوون. مەروان لەلایەن بەعسییەکانەوە گیرا و لە بەندیخانەدا "مرد". دوای مەروان، ڕێکخراوەکەی سەرۆکی موخابەراتی شاری حەمای دەستکوژکرد و لە 16ی جونی 1979دا چالاکییەکی خوێناوییان لە قوتابخانەی مەدفەعییەی حەلەب ئەنجامدا. پاشان کەوتنە کوشتنی سەرکردە بەعسی و عەلەوییەکانی سووریا.

ئیخوانەکانی سووریا لە توندوتیژی و کوشتندا داهێنانی دیکەیان کرد، بۆ یەکەمجار لە مێژووی جیهانی عەرەبیدا ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویان لە دیمەشق تەقاندەوە. قوربانییەکانی ئەم هێرش و تەقینەوانە بەسەدان کەس بوون.

لێرەوە توندوتیژیی بنەماڵەیی دەستیپێکرد کە هەڵقوڵاوی هێڵی ئیسلامی بوو. کوشتن و تۆڵە گەییشتە لووتکە. ئیخوانەکان هەلی ناکۆکی نێوان پایتەختە عەرەبییەکانیان دەقۆستەوە بۆ زۆرتر چالاکی و کوشتن و بڕین. بەجۆرێك دەستیان لە هیچ کەس نەدەپاراست و خەڵکانێکی سڤیلی زۆر بوونە قوربانی.

ناکۆکی نێوان هەردوو بەعسی سووریا و عێراق، دەرفەتی گەشەسەندنی زیاتری بۆ ئیسلامییەکان ڕەخساند ، ئەوانیش هەردەم خەریکی کاری تیرۆریستی بوون. ترس و تۆقاندنیان بڵاودەکردەوە. لە شوێنە

گشتییەکاندا بۆمب و ئۆتۆمبێلیان دەتەقاندەوە. هەربۆیە دەکرێ بگوترێت ریشەی تیرۆر و تەقینەوەکانی بەعسیی ئیخوانی هاوبەشە و لانکەی تیرۆر و توندوتیژیی ئیسلامیی رێکخراویش وڵاتانی عەرەبییە. هەروەها لە جەنگی باشووری لوبنان لە ساڵانی 1982-1981 هەندێك لە خۆکوژەکان ئەندامانی پارتی قەومیی سووری بوون.[2]

## سەلەفی جیهادی لە لۆکاڵییەوە بۆ گلۆباڵی و دامەزرانی قاعیدە

هێرشی سۆڤیەتی پێشوو بۆ ئەفغانستان لەساڵی 1979دا وەرچەرخانێکی نوێ بۆ رێکخراوە ئیسلامییەکان بوو تاوەکو دژی سۆڤیەت درێژە بە جیهاد بدەن. ئەمریکییەکان و وڵاتانی عەرەبیش زۆر پاڵپشتی ئەم رێکخراوە ئیسلامییانەیان دەکرد و یارمەتیی لۆجیستییان پێدەبەخشین. سعودیە و پاکستان و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا CIA پشتگیرییەکی زۆری موجاهیدەکانیان لە ئەفغانستان دژی سۆڤیەت دەکرد. بەوشێوەیە سەلەفیی جیهادی لە جیهانی عەرەبییەوە چووەدەرەوە و بووە دیاردەیەکی گلۆباڵ.
زۆربەی رێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستەکان خێزانێکی تەواوکەر پێکدێنن. ئەمانە زۆریان کایەی کاریان وڵاتە عەرەبییەکان بووە. رێکخراوی قاعیدە لەژێر سەرکردایەتی ئوسامە بنلادن، زۆر لە جیهادییە عەرەب و ناعەرەبەکانی وڵاتە ئیسلامییەکانی کۆکردەوە. ئەوەی قاعیدە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی ئەو ژمارە زۆرە خۆبەخشە بوو کە لە چەندین وڵاتەوە و تەنیا خۆشەویستی بۆ جیهاد و سەرکەوتنی ئیسلام کۆیاندەکاتەوە.
کرۆك و بزوێنەری هەموو ئەو رێکخراوانە بە قاعیدەشەوە کێشەی فەڵەستینە. ئەم کێشەیە وای لەو سەلەفییانە کردووە وابیربکەنەوە کە پێکەوەژیان لەگەڵ خاچپەرستان و جوولەکەدا ئەستەمە، هەربۆیەشە زۆر لەو سەرکردە سەلەفیانە بەڕەگەز فەڵەستینین.
هەڵبەت زۆرینەی ئەو توندوتیژیانە بەهۆی پاڵپشتیی سعودیەوە بووە و هەردەم هانی گەنجانی وڵاتەکەی و موسڵمانانی دیکەی داوە پەیوەندی بەم رێکخراوانەوە بکەن. تەنانەت زۆرینەی مزگەوتەکانی سعودیە کۆمەکی داراییان بۆ موجاهیدەکانی ئەفغان کۆدەکردەوە بۆ سەرکەوتنی جیهاد دژی کافران و لە کۆتاییی هەشتاکاندا نزیکەی 35 تاوەکو 45 هەزار سعودی ڤیزەی پاکستانیان وەرگرت تاوەکو لەوێوە پەیوەندی بە موجاهیدەکانەوە بکەن و بەمانەش دەگوترێ "عەرەبی ئەفغان". هەروەها زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە CIA پشتگیریی دیاردەی جیهادی سەلەفیی لە جیهان دەکات. [3]

## تۆڕی قاعیدەی جیهانی

بەهۆی هۆکارە ناسراوەکانەوە گەورەترین رێکخراوی سەلەفی جیهادی جیهانی بەسەرۆکایەتی بنلادن دروستبوو. لە فێبریوەری 1998 لە بەیانێکیاندا بەناوی بەرەی جیهانیی ئیسلامی بەئاشکرا داوای کوشتنی

2 - إيان شابيرو، نظرية الإحتواء، ماوراء الحرب على الإرهاب. شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت ، لبنان – 2012
3 - ستيف كول، تحرير ومراجعة فؤاد زعيتر، حروب الأشباح، السجل الخفي لسي آي إي، ولإبن لادن. شركة المطبوعات، بيروت لبنان، 2008

ئەمریکی و جوولەکەکانیان دەکرد. لە 11ی سێپتەمبەری 2001 قاعیدە هێرشە گەورە ترسناکەکەی بۆسەر سەنتەری بازرگانیی جیهانی ئەنجامدا و ئیدی جەنگی رۆژئاوا و ئەو رێکخراوانە بەناوی جەنگی تیرۆرەوە دەستپێکرد. بە تێکشکانی قاعیدە لە ئەفغانستان، زۆر لە ئەندامانیان پەڕاگەندەبوون و عێراقیش یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە زۆر لەوانە روویان تێکرد.

## رێڕەوی جیهادی جیهانی
## لە ئەفغانستانەوە بۆ هەورامانی کوردستان

پاش شکستی سەلەفییە جیهادییەکان لە ئەفغانستان، هەندێکیان بۆ رزگارکردنی رێڕەوی جیهاد روویان لە کوردستان کرد. زەرقاوی و زۆر لە هاوفکرانی لە ئێرانەوە خۆیان گەیاندە چیاکانی باشووری کوردستان و پاشانیش لەعێراق تۆڕە جیهادییەکەی خۆیان دامەزراند.
بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان زەرقاوی بەردی بناخەی جیهادی لە عێراقدا لەڕێگەی کوردستانەوە دانا. پاشانیش رۆڵی گەورەیان لە دامەزراندنی رێکخراوی جوندولئیسلامدا بینیوە. لە بەشی داهاتوودا بە کورتی و پوختی باس لە رۆڵی ئەنسارولئیسلامی کوردی دەکرێ و رۆڵیان لەسەر نەخشەی جیهادی جیهانی دیاریدەکرێت.

## راگەیاندنی "تەوحید و جیهاد" و
## دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق

لەژێر کاریگەری بیرە توندڕەوەکانی ئەبو عەبدوڵڵای موهاجیر، زەرقاوی دروشمی "توندوتیژی زۆرتر"ی بەرزکردەوە و تەنانەت لە قاعیدەشی تێپەڕاند. زۆرینەی کردەوەکانی سەربە گرووپی زەرقاوی خۆکوژی بوون و بەهۆیانەوە خەڵکانێکی زۆر بوونە قوربانی. (4)
دوای هێرشی رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن کە ئەمریکییەکان بەناوی "جەنگی ئازادی عێراق"ەوە ئەنجامیاندا و دواتر لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا بە "داگیرکردنی عێراق" ناسێندرا، زەرقاوی رێکخراوی تەوحید و جیهادی راگەیاند. سەرەتا ناکۆکییەك لەنێوان زەرقاوی و بنلادندا هەبوو، پاشان یەکەمیان بەیعەتی بە بنلادن دا و رێکخراوێکی جیهادیی سەلەفی بەناوی "قاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدەین"دا دامەزراند.
کارەکانی زەرقاوی زۆرتر گەشەیانکرد و زۆر لە ئەفسەرە بەعسییەکانی سوپای پێشوی عێراق پەیوەندییان پێوەکرد و پاشان لە 25ی ئۆکتۆبەری 2006 "دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق"یان دامەزراند. دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بووە هۆی سەرلەنوێ ناکۆکی نێوان ئەوان و قاعیدە لەسەر دەستەواژەکانی دەوڵەت و ئەمیری موئمینین.

4 - عبدالباري عطوان. القاعدة التنظيم السري، دار الساقي، بيروت – لبنان 2007

## دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)

سـەلەفییەکان لەلایـەن ئەمریـکا و حکومەتـی عێراقـەوە گـورزی گەورەیـان لێوەشـێندرا و زەرقاویـش کـوژرا. بـەڵام بەهـۆی دژایەتیکردنـی عەرەبـی سـوننە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە، سـوننەکان توانییـان بکەونـە خۆیـان بەتایبەتـی کـە نەیانتوانـی لـە مەیدانـی سیاسـەتی عێراقیـدا بەهـۆی دەسـەڵاتی شـیعە و ئێرانـەوە باندۆرێکـی زۆریـان هەبێـت، بۆیـە بـژاردەی سـەربازی بـۆ ئـەوان بـووە باشـترین ئەلتەرناتیـڤ.

پـاش کوژرانـی ئەبـو عومـەر بەغـدادی، رێکخـراوە جیهادییـەکان چوونـە قۆناخـی ئەبوبەکـر بەغدادییـەوە کـە بـووە خەلیفـەی داعـش. [5]

داعـش توانـی لەماوەیەکـی کەمـدا ببێتـە دەسـەڵاتداری رووبەرێکـی فراوانـی ناوچەکانـی عەرەبـی سـوننە. پـاش هێرشـی داعـش بۆسـەر زیندانـی ئەبوغرێـب، رووبەرێکـی فراوانـی خاکـی سووریاشـی گـرت و ئیـتر لـەوەوە ناوەکـەی بـووە دەوڵـەتی ئیسـلامی لەعێـراق و شـام – کـە لـەڕووی میدیاییـەوە بـە داعـش نـاسرا.

داعـش توانـی شـارەکانی موسـڵ، تکریـت، شـنگال، رەققـە و دێـرەزور بگرێـت و هێرشـی بـەرەو کوردسـتانیش هێنـا.

## ڕێڕەوی دوژمنکارانە بەرامبەر بە کورد

سـەرەتا داعـش هەڵوێسـتی هەڕەشـەئامێزی خـۆی پیشـانی کـورد نـەدا، تەنانـەت سـێ رۆژ دوای گرتنـی موسـڵ ، گوتەبێـژی داعـش لەسـەر تەلەڤزیۆنـی رووداو بـە تەلەفـۆن رایگەیانـد کـە ئـەوان هیچ نیازیـان نییە هێرشـبکەنە سـەر هەرێمی کوردسـتان.

بـەڵام ئەوانیـش وەك زەرقـاوی و هەمـوو گرووپـە جیهادییەکانـی دیکـە کوردیـان بـە ئاگرپەرسـت و "موشریـك" دانـاوە. دوژمنایەتییەکـی گەورەیـان بەرامبـەر هێزەکانـی ئاساییش هەبـوو. هـەردەم کوردیـان بـە جێبەجێـکاری سیاسـەتەکانی رۆژئـاوا لـە ناوچەکـەدا دانـاوە و ئەوانیـش دوژمنـی سەرسـەختی رۆژئـاوان. هەربۆیـە پـاش گرتنی موسـڵ هێرشـێکی گەورەیـان بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـپێکرد.

## هۆکارەکانی زۆربوونی رۆڵی داعش لە ناوچەکەدا

- سەرمایەداریی نەوت و گڵۆباڵبوونی سەلەفیی جیهادی
- تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن و رۆڵی جیهادی ئەلیکترۆنی [6]
- هاوپەیمانیی ئەفسەرە بەعسییەکان لەگەڵ سەلەفیی جیهادی
- بەهاری عەرەبی

---

5 - حسن محمود أبو هنية و د. محمد سليمان أبو رمان، تنظيم «الدولة الإسلامية»، الأزمنة السنية والصراع على الجهادية العالمية. مؤسسة فريدرش إيبرت، عمان، الأردن 2015

6 - سماح عبدالصبور، (بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە) أنماط استخدام الجماعات المسلحة للإرهاب الشبكي. المستقبل للدراسات والأبحاث المتقدمة: http://www.futurecenter.ae/analys.php?analys=251 . دوا سەردان لە ڕێکەوتی 2016/2/25

- وەخۆگرتنی داعش لەلایەن هەندێك هۆزی عەرەبی سوننەوە
- گەمەی سیاسی پایتەختەکانی دیمەشق، بەغدا، تاران و ئەنقەرە[7]
- وەبەرهێنانی سیاسی و ئەمنی ئەکتەرە هەرێمییەکان لە سەر داعش
- شوێنی داعش لە کێشمەکێشی گازی سروشتیدا[8]

## کورتە و سەرئەنجام

● ناکرێـت بزووتنـەوە ئیسـلامییە رێکخـراوەکان لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا لـە هێڵـی گشـتی دیـاردەی بێداریـی ئیسـلامی جودابکەینـەوە. ئەوانیـش هێـز و توانـای خۆیانیـان لـە شـەریعەت و سـەرچاوە ئیسـلامییەکانەوە بـۆ گەشەسـەندن و رزگارکردنـی کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان و بەتایبەتـی کۆمەڵگـەی عەرەبـی هەڵهێنجـاوە. هەروەهـا ناشـکرێ کاری بانگخـوازی و ئیسـلامی سیاسـی رێکخـراو لـە توندوتیژیـی چەکدارانـە جیابکەینـەوە، سـەرباری هەوڵـە کودەتاییەکانـی رێکخـراوی ئیخـوان موسـلمین کـە لـە "رێکخـراوی تایبـەت"دا خـۆی دەبینییـەوە و پاشـتریش بەهەمـان شـێوە لـە حیزبـی تەحریـردا بـووە. دامەزرێنـەری ئـەم حیزبـەش (نەبەهانـی) لـەو بـاوەڕەدا بـوو لەڕێگـەی راکێشـانی کۆمەڵێـك ئەفسـەرەوە و بەهـۆی کودەتـاوە دەگەنـە دەسـەڵات و پاشـانیش یەکسـەر دەوڵەتـی ئیسـلامی دادەمەزرێنـن.
کێشمەکێشـی نێـوان رژێمـی حافـز ئەسـەد و ئەندامانـی ئیخـوان لـە کۆتایـی حەفتاکانـدا بـووە هـۆی بەرزتربوونـەوەی توندوتیژیـی ئیسـلامی. ئـەم توندوتیژییانـە بوونەهـۆی دووبەرەکـی لەنێـوان قەومییەکانـی عـەرەب بەتایبەتـی هـەردوو بەعسـی عێـراق و سـووریا و بەهۆیـەوە دیـاردەی تەقینـەوە بـە ئۆتۆمبێلـی بۆمبڕێژ هاتەکایـەوە و هـەزاران کەسـی سـیڤیل لـە سـاڵانی 1982-1980 بوونـە قوربانـی. ئـەم توندوتیژیانـە یەکەمـن کـە تاوەکـو ئەوکاتـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا تۆمارکرابـن. ئەویـش بەهـۆی پێکگەیشـتنی هـەردوو ئەزموونـی بەعسـی و جیهـادی تەکفیرییـەوە بـووە.
توندوتیـژی داعـش شـتێکی لەپـڕ نەبـوو، بەڵکـو زادەی بەشـەریعەتکردنی کوشـتن بەپێـی رەگـەزەکان بـووە. ئەمـەش بەتـەواوی لـە رێکخـراوی قاعیـدەی جیهـاد لـە وڵاتـی رافیدەینـدا بەدیدەکـرا کاتێـك تەنیـا بەهـۆی وازهێنانـی کەسـێک لـە دینەکـەی بەبـێ دودڵـی دەیانکوشـت!
دیـارە کۆمەڵێـك هـۆکار وایـان لـە کۆمەڵگـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکان کـردووە کـە بـە هەنگاوێکـی ترسـناکدا تێپـەڕن کـە دەکـرێ ناوبنرێـت "هەنـگاوی هەڵسـوکەوتی توندڕوانـە". توندڕەوی ئایینـی لـە زۆرینـەی کۆمەڵگـە هەژارەکانـدا دیاردەیەکـە زۆر روودەدات.
دەرکەوتنـی رێکخـراوی دەوڵەتـی ئیسـلامی لەعێـراق و شـام، گرنگتریـن بەڵگـەی نەمانـی دەسـەڵاتی هـەردوو دەوڵەتـی عێـراق و سـوورایە لەلایـەك و لەلایەکـی دیکەشـەوە قەیرانـی دەوڵەتـە عەرەبییـە سـوننەکانە. بەدەرکەوتنـی داعـش هـۆکارە بابەتییـەکان بـۆ سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوەی هـەردوو دەوڵەتـی عێراق و سـووریا


---

7 - هشام داوود، (بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە) القبائل العراقية في أرض الجهاد. مجلة عمران، إصدار المركز العربي لدراسات السياسات. قطر، العدد 15، شتاء2016

8 - آزاد احمد علي، موقع داعش في حرب الغاز ومسارات انابيبه، دراسة صادرة عن مركز روداو للدراسات، رێکەوتی 2014/11/30: http:// rudaw.net/arabic/opinion/281120141

لەسەر بنچینەی یاسایی و سیاسی نوێ تەواودەبن، لەوانە گۆڕینی سنوور و سەربەخۆیی کوردستان، هەرچەندە لەشێوەی یەکێتییەکی کۆنفدرالیشدا بێت. لەروانگەی ئەم ستراتیژە نوێیانەوە هەلێکی فراوانتر بۆ پێکهاتەکان دەکرێتەوە.

## دیاگرامی ئیسلامی سیاسی
## لە جەمالەدینی ئەفغانییەوە بۆ عەرەبی ئەفغان



# سەرچاوەکان


1 - الإسلاميون، بشير موسى نافع، مركز الجزيرة للدراسات، بيروت – 2010

2 - إيان شابيرو، نظريه الإحتواء، ماوراء الحرب على الإرهاب، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت ، لبنان – 2012

3 - إدريس عمر، سوريا من الإظطهاد السياسى إلى الكارثه الإنسانيه، الكتاب العربى للمعارف، القاهره، 2016

4 - كمال ديب، تاريخ سوريه المعاصر، من الانتداب الفرنسى إلى صيف 2011، بيروت لبنان، دار النهار، الطبعه الثانيه 2012

5 - ستيف كول، تحرير ومراجعه فواد زعيتر، حروب الأشباح، السجل الخفي لسى إى اى، ولإبن لادن، شركة المطبوعات، بيروت لبنان، 2008

6 - جعفر البكلى. كيف تصنع الـ CIA جهادا فى سبيل الله؟ جريدة الأخبار، العدد: 2374 ، 22 أب 2014 على الرابط : http://www.al-akhbar.com/node/213954

7 - سعيد على عبيد، تنظيم القاعدة، النشأة – الخلفية الفكرية – الإمتداد. القاهره 2008

8 - عبدالبارى عطوان. القاعدة التنظيم السرى، دار الساقي، بيروت – لبنان 2007

9 - ازاد أحمد على، كيف تحولت أمريكا إلى دولة دينيه، جريدة الحياة، العدد 16144، تاريخ 17/6/2007.

10 - باربا فيكتور، الحرب الصليبيه اليرة، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ترجمة حسين عمر.

11 - حسن محمود أبو هنيه و د. محمد سليمان أبو رمان، تنظيم "الدوله الإسلاميه"، الأزمنه السنيه والصراع على الجهاديه العالميه، مؤسسه فريدرش إيبرت، عمان، الأردن 2015

12 - سماح عبدالصبور ، أنماط استخدام الجماعات المسلحة للإرهاب الشبكى، المستقبل للدراسات والأبحاث المتقدمه، على الرابط: http://www.futurecenter.ae/analys.php?analys=251 . اخر زياره بتاريخ 25/2/2016

13 - هشام داوود، القبائل العراقية فى أرض الجهاد، مجله عمران، إصدار المركز العربى لدراسات السياسات، قطر، العدد 15، شتاء2016

14 - فداء عيتانى. تنظيم القاعدة في سوريه ( 2013-2000)، نشره خاصه، (Hivos) لاهاى .

15 - ازاد احمد على، موقع داعش فى حرب الغاز ومسارات انابيبة، دراسة صادره عن مركز روداو للدراسات، بتاريخ 30/11/2014 ، على الرابط: http://rudaw.net/arabic/opinion/281120141

# کورتەی ڕەگوڕیشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان(1)

هاوڕێ باخەوان

چاکسازییە ئایینییەکانی جیهانی ئیسلامی دەرەوەی کوردستان، کەم تا زۆر باندۆری لەسەر ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستانیشدا هەبووە. بیرۆکە نوێیەکانی جەمالەددینی ئەفغانی و محەممەد عەبدوە و ئەوانیدیکە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لەنێو کەمێك لە خوێندەوارانی کورددا بڵاوبوونەتەوە. ئەم بیرە "چاکسازی"یانە کارێکی وایانکردوە کە لە کوردستانیشدا ڕەوتی ئیسلامی بەکزی سەرهەڵبدات. مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەممەدی خاڵ لە سلێمانی، هەندێك لەو ڕووناکبیرانە بوون کە کاریگەریی ئەو چاکسازە ئیسلامییانەیان لەسەر درووستبووە و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە داوای چاکسازیی ئایینی و کۆمەڵایەتییان کردوە. هەر ئەو بیرۆکانەش بوون وایانکرد کە ساڵی 1934 پارتێکی ئیسلامی بەناوی حیزبی ئیسلامیی کورد لە هەڵەبجە دابمەزرێت. ئەم حیزبە تەنیا دوو ساڵێك لە کارکردن بەردەوامبووە. پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلام لە عێراق، بیری ئیخوان لە ناوچەکانی موسڵ و بادینان بڵاوبووەوە، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە مێژووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. سەرەتای پەنجاکان کۆمەڵێك مەلا و موسڵمانی کورد کە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا ساڵحی گەورە لەنێویاندا بوون، بەشێوەیەکی نافەرمی گرووپێکی ئیخوان موسلمینیان لە کوردستان دامەزراند. ئەمانە سەرەتا کەوتبوونە ژێر هێزکاری بیرۆکەکانی حەسەن بەنناوە کە خۆی لە سەلەفی زانستیدا دەبینییەوە. ئەم گرووپە چالاکییەکی ئەوتۆی بەرچاویان لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەبوو. هەروەها نەیانتوانی جێدەستیشیان بەسەر ڕووداوەکانی ئەوکاتی باشووری کوردستانەوە هەبێت. تاوەکو حکومەتی بەعس لە ساڵی 1971دا ئیخوانەکانی عێراق و کوردی هەڵوەشاندەوە و چالاکییەکانیانی قەدەخەکرد. بەڵام دەکرێت بگوترێت کە ئەمانە پێشەنگ بوون بۆ بەسیاسیکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان و بنە هەوێنێك بۆ دامەزراندنی تەواوی پارتە ئیسلامییەکان و موتوربەکردنی هەندێك لەو تاکانەی ئەو حیزبانە بە بیری سەلەفیی سوننی جیهادی کە پاشان لە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامدا خۆی بینییەوە.

لە ساڵی 1971ەوە، هیچ جموجوڵێکی ئەوتۆی ئیسلامییەکانی کوردستان بەدیناکرێت کە شایانی باسبێت، جگە لە یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان کە دەستنێژ و لایەنگری ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان

1 - ئەم باسە بە کوردیی ناوەڕاست نووسراوە.

بـوون. ئـەم یەکێتییـەش سـاڵی 1968 بـە پێشـنیازی شـێخ عوسـمان عەبدولعەزیـز لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بارزانیـدا دامەزرێنـدرا. شـێخ عوسـمان عەبدولعەزیـز، ئیخوانـی بـوو و پاشـتریش بووە دامەزرێنـەری بزووتنەوەی ئیسـلامی و ئیسـلامی سـەلەفی لـە کوردسـتاندا. واتـە ئیخوانەکانـی کوردسـتان، یەکێتیـی زانایانیـان کـردە ئەلتەرناتیـڤ بـۆ چالاکییەکانیـان و بڵاوکردنـەوەی بیـری ئیخـوان.

هەرچەنـدە سـەرچاوە کەمـە لەبـارەی کۆبوونەوەیەکـی چەنـد حاجییەکـی کـورد لـە شـاری مەککـە لـە وەرزێکـی حەجـی کۆتایـی سـاڵی حەفتاکانـدا، بـەڵام لێـرە و لـەوێ باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە سـاڵی 1979 چەند حاجییەکـی کـوردی باشـوور و ڕۆژئـاوا لـە شـاری مەککـە هەوڵـی دامەزراندنـی بزووتنەوەیەکـی ئیسـلامی سـەلەفییان داوە. ئـەم بزووتنەوەیـە تاوەکـو چ ڕادەیـەك بـە هەوڵـی دەسـەڵاتدارانی سـعودیە بـووە، ئەوەیـان تائێسـتا نازانرێـت، بـەڵام بوونـی ئـەو کۆبوونەوەیـە لـە شـوێنێکی وەك شـاری مەککـە خـۆی لـە خۆیـدا زۆر باسـوخواس هەڵدەگرێـت.

پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران و دامەزراندنـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، ئیسـلامییەکانی کـورد بەیارمەتـی ئێـران کەوتنەخـۆ و خۆیانیـان لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوێکـدا کۆکـردەوە. پرسـیارێکی گرنگـە کـە بۆچـی ئێرانـی شـیعە یارمەتـی ئیسـلامییە کـوردە سـوننەکان دەدات تاوەکـو هێـز پەیدابکـەن و ببنـە خـاوەن ڕێکخراوێکـی بەهێـز؟ هەڵبـەت ئەمـە پەیوەنـدی بـە ئەجێنـدای تایبەتـی ئێرانـەوە هەبـووە و هەیـە و هـەردەم ویسـتوویەتی لەڕێگـەی ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکانەوە بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە کوردسـتاندا بپارێزێـت و وەك کارتێـك (هەرچەنـد بچووکیـش بێـت) لـەدژی سـعودیەی سـەرچاوەی سـوننە مەزهـەب بەکاریـان بێنێـت.

ئیسـلامییەکانی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان هـەر زوو هێزیـان پەیداکـرد و بوونـە خاوەنـی هێـزی چەکـدار. کایـەی کارکردنیـان سـنوورەکانی ئەوکاتـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو. تـەواوی پاڵپشـتی مـادی و لۆجسـتییان بەئاشـکرا لـە ئێرانـەوە پێدەگەیشـت. پـاش ڕێککەوتنـی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان و حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و کردنـەوەی بەرەیەکـی شـەڕ لـەدژی ئێـران، ئێرانیـش ویسـتی ئیسـلامییەکانی کـورد لـەو شـەڕەدا لـە بەرژەوەنـدی خـۆی بەکاربێنێت. هەر زوو ئیسـلامییەکانی کوردسـتان لەشـکری ئیسـلامیی کـورد - لیـك و هێزەکانـی یەکێتـی پێکـدا هەڵپـژان و قوربانییەکـی زۆری لێکەوتـەوە. سـەرئەنجام ئیسـلامییەکان لـە سـنوورەکانی یەکێتـی دەرکـران و کایـەی کارکردنیـان تەنیـا ناوچـە سـنووریەکانی نزیـك ڕۆژهـەڵات بـوو و بەشـێوەیەکی زۆر چڕیـش لـە ناوچـەی هەڵەبجـەدا بەنهێنـی خەریکـی خۆڕێکخسـتن بـوون.

پـاش کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە و ڕاکردنـی زۆرینـەی خەڵکەکـەی بـۆ دیـوی ڕۆژهـەڵات، ئیسـلامییەکانی کـورد توانییـان دیسـانەوە خۆیـان ڕێکبخەنـەوە و هـەر لـەم ساڵەشـدا بـوو کـە بزووتنـەوەی ئیسـلامیی لـە کوردسـتانی عێـراق بەسـەرۆکایەتیی شـێخ عوسـمان عەبدولعەزیـز بەتەواوەتـی پەرەیسـەند.

بزووتنـەوەی ئیسـلامیی لـە کوردسـتانی عێـراق، یەکێـك لـە گرنگتریـن ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکانی کوردسـتانە، چونکـە هەمـوو کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان بـە سـەلەفیی زانسـتی و سـەلەفی جیهادییـەوە لەنـاو ئـەم بزووتنەوەیـەدا پەروەردەبـوون و لێـی جودابوونەتـەوە. بـۆ نموونـە دوو لـە پێنـج حیزبـە گەورەکـەی باشـووری کوردسـتان، کۆمەڵـی ئیسـلامیی کوردسـتان و یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان هـەر لـە بزووتنـەوە جوودابوونەتـەوە، یـان سـەرکردەکانیان و زۆرینـەی کادیـرە پێشـکەوتووەکانیان ئەنـدام و چالاکـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیی کوردسـتان بـوون.


بزووتنـەوە، لـە سـەرەتای ڕاپەڕینـەوە بنکەیەکـی جەمـاوەری تارادەیـەك فراوانـی هەبـوو، بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی هەڵەبجـە، هەورامـان و سـلێمانی. تەنانـەت لـە هەڵبژاردنـی 1992ی باشـووری کوردسـتاندا

کاندیدیشـی بـۆ پۆسـتی رابـەری هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە.
لەنێـو ئـەم بزووتنەوەیـەدا، کۆمەڵێکـی دیکـەی ئیسـلامی پەیدابـوو کـە کەوتبوونـە ژێـر بیرۆکەکانـی سـەید قوتـب، ئیـبن تەیمییـە، مـەودوودی و ئەوانـەی دیکـە کـە باوەڕیـان بـە سـەلەفیی جیهـادی هەبـوو، لەوانـە وریـا هەولێـری کـە نازنـاوی ئەبـو عەبدوڵـڵای شـافیعی بـووە و لـە ئاکامـدا لـە 5ی دیسـەمبەری 2001 رێکخـراوی تونـدڕەوی جوندولئیسـلامی دامەزرانـد و دەکرێـت ئـەم رێکخـراوە بکرێتـە خاڵـی وەرچەرخـان لەنێـوان رێکخـراوە ئیسـلامییەکان و رێکخـراوە جیهادییـە سـەلەفییەکانی کوردسـتان.
وریـا هەولێـری، پێشـتر چووبـووە ئەفغانسـتان و سـەرچاوەکان باسـی ئـەوە دەکـەن کـە ئوسـامە بنلادنـی دیـوە و کەوتووەتـە ژێـر بانـدۆری رێکخـراوی رێکخـراوی قاعیـدەوە و رێکخـراوی جوندولئیسـلامیش هـەر بـە خواسـتی خـودی ئوسـامە بنـلادن لـە کوردسـتاندا لـە بزووتنـەوە جودابووەتـەوە و دەکرێـت ببێتـە یەکەمیـن هـۆکاری بوونـی رێکخـراوی قاعیـدە لـە باشـووری کوردسـتان و سـنووری سیاسـی عێراقـی ئەوکاتـدا. تەنانـەت ئـەم رێکخـراوە پاشـان بـووە رێخۆشـکەرێك بـۆ درووسـتبوونی ئەنسارولسـوننە بەسـەرۆکایەتی زەرقـاوی کـە رۆڵێکـی گرنـگ و ترسـناکی لـە عێراقـدا لـە دوای کەوتنـی بەغـداوە گێـڕاوە.
شانبەشـانی وریـا هەولێـری و بزووتنەوەکـەی، لەنێـو بزووتنـەوەی ئیسـلامیدا چەندیـن کـەس و بنەرێکخـراوی دیکـە هەبـوون کـە نزیکبـوون لـە رەوتـی سەلەفی-سـوننی-جیهادییەوە و لەژێـر هێـزکاری بۆچـوون و نووسـینەکانی سـەید قوتبـدا بـوون. لەوانـە بزووتنـەوەی حەماسـی کـورد و بزووتنـەوەی ئیسـڵاح و تەوحیـد.
رۆژی 10ی دیسـەمبەری 2001 ئـەم دووانـەی کۆتایـی و جوندولیسـلام یەکیانگـرت و بەسـەرۆکایەتی مـەلا کرێـکار (نەجمەدیـن فـەرەج) رێکخراوێکـی نـوێ و گەورەتریـان پێکهێنـا بەنـاوی ئەنسارولئیسـلامەوە.
پێشـتر سـەران و ئەندامانـی جونـد و حەماسـی کـورد و تەوحیـد، هاتووچـۆی بەردەوامـی ئەفغانسـتانیان کردووە و لـەوێ راهێنانیـان پێکـراوە، پەیوەندییەکـی پتەویـان لەگـەڵ رێکخـراوی قاعیـدەدا هەبـووە و دەکرێـت بگوترێـت کۆکردنـەوەی ئـەو باڵـە سـەلەفییە جیهادییانـەی نـاو بزووتنـەوە و پێکهێنانـی ئەنسارولئیسـلام بـە خواسـت و ئامـۆژگاری قاعیـدە بـووە. هەربۆیەشـە لەنـاو ئەنسـاردا نزیکـەی 120 ئەندامـی عەرەبـی ئەفغـان هەبـوون، بەتایبـەت بـۆ پتەوکردنـی ئەنسـار لـە ئەفغانسـتانەوە هاتبوونـە چیاکانـی هەورامانـی لهـۆن.
چ بزووتنـەوەی ئیسـلامی، چ ئەنسـار، هـەردەم پەیوەندیـی نێـوان ئەنسـار و قاعیدەیـان بەدرۆخسـتووەتەوە. بـەڵام سـەرچاوە ئەمریکـی و کوردییەکانـی وەك یەکێتـی و پارتـی هـەردەم جەخـت لەسـەر پەیوەندیـی بەهێـزی نێـوان ئەنسـار و قاعیـدە دەکەنـەوە.
تەنانـەت یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان زۆر دڵنیایـە لـەو پەیوەندییـە و یـەك لـە دیلەکانـی ئەنسـار کـە ئەفسـەرێکی موخابەراتـی عێراقـی بـووە بەنـاوی کازم، دانـی بـەو پەیوەندییـە پتـەوەدا نـاوە.
سـەرچاوە هەواڵگرییەکانـی ئەمریـکاش بـاس لـە چوونـی کەسـێك دەکـەن بەنـاوی مـەلا نامـۆ بـۆ ئەفغانسـتان و لەلایـەن قاعیـدەوە نزیکـەی 300 تاوەکـو 600 هـەزار دۆلاری وەرگرتـووە بـۆ بەهێزکردنـی رێکخـراوی ئەنسارولئیسـلام.
بـاس لـەوەش دەکـرێ کـە هەندێـك لـە چەکدارانـی ئەنسارولئیسـلام هەمـان جلـی عەرەبـە ئەفغانییەکانـی قاعیدەیـان لـە هەورامـان پۆشـیوە کـە شـەرواڵێك و کراسـێکی درێـژ و کڵاوێکـی ئەفغانـی بـووە!
ئەنسـار، هـەر زوو لەگـەڵ حیزبـە کوردییەکانـدا کەوتـە ململانـێ و شـەڕەوە. بەتایبەتـی بەهـۆی ئـەوەی نزیکـی سـنوورەکانی یەکێتـی بـوون، هـەر زوو بوونـە هـۆی کوشـتاری گـەورەی وەك خێڵـی حەمـە و تیرۆرکردنـی شـەوکەتی حاجـی موشـیر ئەندامـی سـەرکردایەتیی یەکێتـی و هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەرۆکوەزیرانی ئیـدارەی

سلێمانی د. بەرهەم ساڵح لە 2ی ئەپریلی 2002 و زۆر کاری هاوشێوەی دیکە.
سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی هەزار کوژراو و بریندار لەلای یەکێتی و نزیکەی 100 کوژراو و برینداری ئەنسار لەو پێکدادانەی نێوان یەکێتی و ئەنساردا هەبووە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش، تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەداتە پاڵ ئەم گرووپە.
هەر بەهۆی ئەو شەڕانەشەوە بوو کە حیزبە کوردییەکان و ئێران، لە ڕێککەوتننامەی تاراندا لەسەر لەنێوبردنی ئەنسار ڕێککەوتن.
بەهۆی سەختیی ناوچەی هەورامان و بەکارهێنانی شێوازی شەڕی پارتیزانی "لێدە و راکە"ی ئەنسارەوە، هێزەکانی یەکێتی، هەرچەندە بە ژمارە و چەك زۆر لە ئەنسار زۆرتربوون، نەیانتوانی ئەنسار لەنێوبەرن و ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوون و کردەوەی گەورەتریان ئەنجامدەدا. ناوچەکەشیان بەتەواوەتی خستبووە ژێر یاساکانی شەریعەتی ئیسلامییەوە، موزیك و وێنەهەڵواسینیان قەدەخەکرد، نەشیاندەهێشت کچان بچنە قوتابخانە و پیاوانیش دەبووایە ردێنیان بهێشتایەتەوە. هەروەها سەردانی گۆڕی "پیاوچاك"انیشان قەدەخەکرد و بگرە هەندێك لە مەزاری نەقشبەندییەکانیشیان تێکدا و ئێسکوپروسکیان گواستەوە. لەسەر ئەم کارانەی ئەنسار، ڕێکخراوی "هیومان رایتس ووچ" هۆشدارییدا و راپۆرتێکیشی لەسەر بڵاوکردنەوە.
ئەنسارولئیسلام، هەروەك هەموو بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان، باوەڕی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی نییە، هەروەك ئەوانیدیکە دەڵێن "لا قومیة الا الاسلام" واتە هیچ نەتەوەیەك نییە جگە لە ئیسلام. لەمەدا سەداسەد لەگەڵ داعش و بیری داعشدا یەکدەگرنەوە. گوێچکە بڕین و سەربڕینی تەرمی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە گوندی خێڵی حەمە، هەمان شێوازی وەهابییەکانی سەرەتای سەدەی بیستی سعودیە و ئێستای داعشە. تەنانەت ئەو سروودانەی کە لە دیکیۆمێنتەرییەکانی ئەنسارولئیسلامدا بەکاردەهێنرێن، هەمان ئەوانەن کە سەلەفییە جیهادییەکان و بەتایبەتی داعش بەکاریدەهێنن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین: ئەنساریش وەك هەر ڕێکخراوێکی سەلەفیی جیهادی لە خزمەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی و عروبەی عەرەبیدا بووە.
پاش رووخاندنی بەغدا، کۆمەڵێك ئەفسەری بەعسی و موخابەراتی عێراقی پەیوەندییان بە ئەنسارولئیسلامەوە کرد. ئەنسار بەمە لەجاران بەهێزتر بوو. ئەم پەیوەندییە ئەوە دەگەیێنێت کە بیری سەلەفیی جیهادی و شۆڤێنیزمی عەرەبی کە پێیدەگوترێت عروبە لێك جیانابنەوە. لەو رووەوە زاراوەی سەلەفی بەعسی دەکرێت ببێتە زاراوەیەکی گونجاو بۆ هەموو گرووپە جیهادییەکان، چونکە لە بنەڕەتدا خزمەت بە بیروبۆچوونەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی دەکەن کە سەلەفی و بەعس لە سەردەمە جوداکاندا رابەرایەتییان کردوون.
بەتاوانی پەیوەندییان لەگەڵ قاعیدە و بوونی کارخانەی کیمیایی سەردەمی بەعس لە هەورامان، ئەمریکییەکان لە 23ی مارتی 2003 لەرێی مووشەکەوە لە دەریای سوورەوە هێرشیانکردە سەر ئەنسارولئیسلام لە هەورامان و هێزەکانی یەکێتیش لە زەوییەوە پەلاماریاندان. لەم هێرشەدا کە 8 رۆژی خایاند، سەرچاوەکان باس لە کوژرانی 57 کەسی ئەنسار دەکەن و بەهۆیەوە ناوچەکانی هەورامانیان پێ چۆڵکرا و ئاودیوی ئێران بوون و هەندێکیشیان لە شارەکانی باشووری کوردستاندا خۆیان حەشاردا. ئەوانەی کە عەرەبی ئەفغان و ئەفسەر و موخابەراتی عێراقی بوون پاشتر لە ئێرانەوە گەڕانەوە و پەیوەندییان بە زەرقاوییەوە کرد. ئەو ئەفسەرانە بەسەرۆکایەتی زەرقاوی رۆڵێکی کاریگەریان لە گواستنەوەی ئەنساری "کوردی" بۆ ئەنساری بەعسی بینی کە هەردووکیان لە بناواندا یەك مەبەستیان هەیە کە ئەویش

سـەلەفی بەعسـییە و لـە خزمەتـی شـۆڤێنیزمی عەرەبیـدان.
بـەم هێرشـە ڕێکخـراوی ئەنسـار پەرتەوازەبـوو و تەنانـەت هەندێـك لـە سەرکردەکانیشـیان گیـران و مـەلا کرێکاریـش لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە خـۆی گەیانـدە ئەوروپـا و تائێسـتا چەنـد جارێـك لـە نەرویـج دراوەتـە دادگا و زیندانیکـراوە.
دوای پاشەکشـەی ئەمریـکا لەعێـراق لـە 2011دا، دیسـان ئەنسـار چالاکبـووەوە. لـە سـەرەتای دامەزراندنـی داعشـەوە، زۆر لـە ئەندامەکانـی پەیوەندییـان بـە داعشـەوە کـرد. تەنانـەت ئەنسارولئیسـلام بەیعەتـی بـە خەلیفـەی داعـش ئەبوبەکـر بەغـدادی دا. هەرچەنـدە ئامارێکـی تـەواو سـەبارەت بـە ژمـارەی کوردانـی نێـو داعـش و پاشـخان و پەیوەندییەکانـی پێشـووتریان نییـە، بـەڵام زۆرینـەی هـەرەزۆری کوردانـی نـاو داعـش یـان بزووتنـەوە بـوون یـان ئەنسارولئیسـلام! یاخـود بیریـان نزیکـی ئـەم دوو ڕێکخـراوە بـووە، هەڵبـەت هەندێـك ئەندامـی پێشـتری کۆمـەڵ و یەکگرتـووی ئیسـلامیش لەنێـو داعشـدا هـەن.
ئێسـتا ئەنسارولئیسـلام لـە کوردسـتان و بەتایبەتـی لـە باشـووردا، جگـە لـە ئەندامەکانـی نێـو داعشـیان هیـچ چالاکییەکـی ئەوتۆیـان نییـە کـە بەرچـاو بێـت، بـەڵام لێـرە و لـەوێ چەندیـن خانـەی نووسـتوویان هەیـە و چاوەڕوانـی هەلێکـی لەبـارن بـۆ ئـەوەی چـالاك ببنـەوە! خانـە نووسـتووەکانی ئەنسـار و چالاکییەکانـی پاشـەڕۆژیان، دەکـرێ بچنـە خانـەی کوردسـتان و پۆسـت-داعشـەوە.

# دیاگرامی مێژووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا



# سەرچاوەکان


1. ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان 1946 - 1991، ئیدریس سیوەیلی، چاپی دووەم، 2009

2. داعشـنامە - وەشـانی 2ەم - تایبەتـە بـە داعشـەکانی کـورد و کارەکانیـان کـە ڕێکخـراوی کوردیپێدیـا بەدەسـتیهێناوە، ئامادەکردنـی: هـاوڕێ باخـەوان، بەیارمەتـی کوردیپێدیـا ، http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20141116153648118137 - 2015

3. دیکیۆمێنتەریـی ئەنسارولئیسـلام پەیامێکـی ڕوون و کاروانێکـی بـەردەوام – بڵاوکـراوەی ئەنسارولئیسـلام لەسـەر یوتیـوب - https://www.youtube.com/watch?v=K2tV1c99A0A

4. Ansar al-Islam: Back in Iraq، by Jonathan Schanzer. Published in the Middle East Quarterly، Winter 2004، pp. 41-50.

5. Ansar al-Islam in Iraqi Kurdistan - Human Rights Watch -

تێبینی: کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم کورتە ڕاپۆرتە نادیارە.

6. Ansar al-Islam (Iraq، Islamists/Kurdish Separatists)، Ansar al-Sunnah. Author: Kathryn Gregory، November 5، 2008

7. انصـار الاسـلام فـی کردسـتان العـراق - وثائقیـە بالعیـن المجـردە (دیانـا مقلـد)، تلفزیـون المسـتقبل – 2003 - https://www.youtube.com/watch?v=oPZLpoqA5a0

8. جماعـە أنصـار الإسـلام.. مـن هـی ولمـاذا قصفـت؟ جریـدة الیـوم، مـارس 24، 2003 - http://www.aljazeera.net

9. أنصار الإسلام الکردیە.. من التأسیس حتی داعش – http://burathanews.com/news/281312.html

10. الحـرکات الاسـلامیة الجهادیـة انصـار الاسـلام - جیـش انصـار السـنة - ابـو مصعـب الزرقـاوی - کتائـب ابـی حفـص - د. هانـی السـباعی

11. الإخـوان المسـلمون فـی کردسـتان العـراق.. تبعیـە لایـران تدفـع للمزیـد مـن الانشـقاقات - عبـد الرحیـم علــی - http://www.islamist-movements.com/4923

تێبینـی: ئـەو سـەرچاوە دیجیتاڵیانـەی بـۆ ئـەم نووسـینە سـوودیان لێوەرگیـراوە و بەسـتەرەکانیان دانـراون، لـە مانگـی فێبریوەریـی 2016دا خوێندراونەتـەوە و ئۆنلایـن بـوون.

# بەشی 2

# فاکتەرە ناوخۆییەکان و کوردستان پۆست-داعش

# باشووری کوردستان [1]

**هاوڕێ باخەوان**

ئەستەمە باس لە بارودۆخی باشووری کوردستان و پۆست-داعش بکرێت، ئەگەر کەمێك لەسەر بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و یەکەم بەرکەوتەی لەگەڵ داعشدا هەڵوەستەیەك نەکەین.
داعش پاش گرتنی موسڵ، وردەوردە هێزەکانی خۆی بە یارمەتی عەرەبە سوننەکانی سەر سنووری باشووری کوردستان و عێراقی عەرەب کۆکردەوە. هەرچەندە چاودێران رایان وابوو کە داعش هێرش ناکاتە سەر کوردستان! بەڵام هەر زوو بەهەمان شێوازی شەڕکردنی وەهابییەکانی عەرەبستانی سعودیە و هێنانی ترس و تۆقاندن، هێرشیکردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەوەندەی نەبرد جەنگێکی بەرەیی دوور و درێژ لەگەڵ هێزەکانی داعش هەر لە شنگالەوە تاوەکو جەلەولا بەرپابوو. درێژایی بەرەی جەنگ گەییشتە زۆرتر لە یەك هەزار کیلۆمەتر! نزیکەی دوو ساڵە ئەم جەنگە بەردەوامە. سەرەتا چەندین شارۆچکە و سەدان گوندی باشووری کوردستان لەلایەن داعشەوە داگیر و خاپوورکران. خەڵکەکەی ئاوارە و کۆمەڵکوژکران. هەزاران ئافرەتی ناوچەکانی شنگال و زومار لەلایەن داعشەوە بە سەبییەکران و کاریگەرییەکی دەروونی زۆر خراپی لەسەر تەواوی تاکەکانی کورد بەجێهێشت. زیانێکی گیانی و مادی زۆر گەورەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنە بەشداربووەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گەییشت.
داعش، پاش داگیرکردنی شنگال و مەخموور کە دوو شارۆچکەی گەورەی سنووریی کوردستانن، ویستی هێرش بکاتە سەر هەولێری پایتەخت! ئەم هێرشە پشێوییەکی زۆری لەبەرەی ناوخۆیی کوردستاندا دروستکرد و هەر زووبەزوو فڕۆکە ئەمریکییەکان هاتنە دەست و ئەوان لە ئاسمانەوە و هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و دژەتیرۆر لە زەمینەوە مەترسیی داعشیان لەسەر پایتەخت دوورخستەوە.
باشووری کوردستان و حکومەتەکەی لەماوەی دوای راپەڕینەوە، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ناوچەییانەوە، هەرگیز نەیتوانیوە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و سەربازیی خۆی پتەو و جێگیربکات. هەربۆیەشە باشووری کوردستان بەهیچ جۆرێك ئامادەی شەڕی داعش و بەڕێوەبردنی بەرەیەکی درێژی یەك هەزار کیلۆمەتری نەبووە. ئاکامەکەشی ئەو زیانە زۆر و سورپریزە سەربازییانە بوو کە لە سەرەتای جەنگەکەوە تووشی هێزی پێشمەرگە بوو!

## بەرەی ناوخۆیی باشووری کوردستان و دابەشبوونی هێزە سیاسی و سەربازییەکان

### پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی

بەرەی ناوخۆیی باشووری کوردستان و دابەشبوونی هێزە سیاسی و سەربازییەکان، هەر لە رێککەوتنی واشنتنەوە کە پارتی و یەکێتی تێیدا ئاشتکرانەوە، جگە لە ناوچەی سلێمانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی

1 - ئەم باسە بە کوردیی ناوەڕاست نووسراوە.

بەسـەردا نەهاتبـوو. هەرچەنـدە پاشـتر هـەردوولا هەوڵـی کاراکردنـی حکومـەت و پەرلەمانـی باشـووری کوردسـتانیان دا و خواسـت یـان هەوڵـی ئـەوەش هەبـوو کـە سـێکتەرەکانی دارایـی، ئاسـاییش و هێـزی پێشـمەرگە ڕێکبخـەن، بـەڵام ئـەم خواسـتانە هەرگیـز بەتـەواوی نەچوونـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.
بەکورتـی، پارتـی و یەکێتـی بانگەشـەی یـەك حکومەتییـان دەکـرد، بـەڵام لەڕاسـتیدا هیچـی وایـان لـە قۆناخـی دوئیدارەیـی تێنەپەڕاندبـوو. بەشـێوەیەکی دیکـە هەولێـر حکومەتێـك و سـلێمانیش یەکێکـی دیکـە بـووە!

## پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان

هاوسـەنگی هێـزی سیاسـی لـە ناوچـەی سـلێمانیدا گۆڕانـکاری شـێرگیریی بەسـەرداهات. ئەویـش بەهـۆی جیابوونـەوەی بەشـێکی زۆری ئەندامانـی یەکێتـی و دامەزراندنـی بزووتنـەوەی گـۆڕان. ئـەم بزووتنەوەیـە هـەر زوو توانـی ببێتـە هێـزی سـێیەم و پاشـان لـە پەرلەمانیشـدا بـووە دووەم. بزووتنەوەکـە تەنانـەت لـە ناوچـەی زۆنـی زەردیشـدا تاڕادەیـەك بنچینـەی جەماوەریـی پەیداکـرد، یـان بەشـێوەیەکی دیکـە هەندێـك لـە بنچینـە جەماوەرییەکـەی یەکێتـی گواسـترایەوە بـۆ گـۆڕان. بـەڵام لـە راسـتیدا لـە ناوچـەی سـلێمانی و ئـەوەی کـە پێیدەگوترێـت زۆنـی سـەوز، هێـزی پێشـمەرگە، ئاسـاییش و کاروبـاری دارایـی هـەر لـە دەسـتی یەکێتیـدا مایـەوە. هەرچەنـدە گـۆڕان ژمـارەی دەنگەکانـی لـە یەکێتیـش زۆرتربـوو، بـەڵام لەسـەر گۆڕەپانـی سیاسـی کوردسـتاندا نەیتوانـی ببێتـە هێـزی دووەم. هـەر ئەمـەش بـووە هـۆکاری دژایەتیکردنـی سەرسـەختی یەکێتـی و گـۆڕان و کێشمەکێشـی گـەورەی لێکەوتـەوە.
ئـەو کێشـەیەی نێـوان یەکێتـی و گـۆڕان بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێککەوتنـی سـتراتیژیی نێـوان پارتـی و یەکێتـی کارا ببێتـەوە و هـەردوو لـەدژی گـۆڕان بوەسـتن. ئەمـەش لـە هاوکێشـەی سیاسـیدا دەچێتـە چوارچێـوەی هاوپەیمانیـی دژەکانـەوە!
پەیوەندییەکانـی هـەردوولا زۆر بـە ناجێگیـری مایـەوە. یەکێتـی ماوەیەکـی زۆر کەوتبـووە نێـوان بەرداشـی گـۆڕان و پارتییـەوە، لەلایـەك نەیدەتوانـی پشـتگیری ئاشـکرای هەندێـك لـە هەڵوێسـتەکانی پارتـی لـەدژی گـۆڕان بـکات! ئەویـش بەهـۆی لەدەسـتدانی بنکـە جەماوەرییەکـەی لـە ناوچـەی سـلێمانیدا و گواسـتنەوەیان بـۆ گـۆڕان. لەلایەکیـترەوە، نەشـیدەتوانی پشـتگیری ئاشـکرای گـۆڕان بـکات بەتایبەتـی لەکاتـی ناردنـەوەی وەزیرەکانـی گـۆڕان و ڕێگرتـن لـە سـەرۆکی پەرلەمـان، بەهـۆی لەدەسـتدانی ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ پارتـی و نەمانـی دەسـەڵاتیان لـە هەولێـردا. بەتایبەتـی هەولێـر لـەم دواییانـەدا و بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە بووەتـە بنکـەی کۆبوونـەوە گرنگەکانـی نێـوان باشـووری کوردسـتان و هێـزە دژبـە داعشـەکانی وەك ئەمریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و نێردەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان. ئاسـان نەبـووە و نییـە بـۆ یەکێتـی کـە هەڵوێسـتی خـۆی لـە کێشـەکانی گـۆڕان و پارتیـدا بەلایەکـدا بشـکێنێت. ئەمـە سـەرباری کێشـە ناوخۆیـی و باڵباڵێنەکانـی یەکێتـی کـە پەیوەنـدی گرنگیـان بـە گـۆڕان و پارتییـەوە هەیـە.

## پەیوەندی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان

سروشـتی لێکترازانـە سیاسـییەکانی نێـو هـەر ڕێکخراوێـك وایـە کـە لایەنـی تـرازاو لـە لایەنـی دایـك رادیکاڵـتر دەبێـت. دژایەتـی بزووتنـەوەی گـۆڕان تەنیـا لـە زۆنـی سـەوزدا نەبـوو، بزووتنەوەکـە وەك خۆیـان بانگەشـەی

بـۆ دەکـەن، دەیویسـت گـۆڕانـکاری ریشـەیی لـە حکومـەت و پەرلەمانیشـدا بـکات کـە بەتایبەتـی زۆنـی زەردیشـی دەگرتـەوە. سـەرباری دژایەتـی مێژوویـی تونـدی ڕێکخـەری گشـتیی بزووتنـەوەی گـۆڕان بـۆ پارتـی و سـەرکردەکانی پارتـی، سـەرکەوتنەکانی گـۆڕان و بەدیهێنانـی ئـەو ڕێـژە کورسـییە زۆرەی پەرلەمـان، ڕێککەوتنـی هـەردوولا لەسـەر پێکەوەبـوون لـە یـەك حکومەتـدا ، ململانێییەکانـی نێوانیانی نەوەسـتاند. تاوەکو کار گەییشـتە ئـەوەی پارتـی ڕێگـری لـە سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان کـرد کـە سـەربە لیسـتی گـۆڕان بـوو و نەیهێشـت بگەڕێتـەوە هەولێـر و تـەواوی وەزیرەکانـی گۆڕانیشـی لەسـەر کار لابـرد و ناردنییـەوە بـۆ مـاڵ.
لـە سـەرەتاوە لەنێـو یەکێتیـدا، باڵێـك یـان چەنـد باڵێـك هەبـوون کـە هـەردەم دژایەتی پارتییـان کـردووە، بەوەی کـە پارتـی حیزبێکـی پارێـزگارە و دەبـێ دەسـەڵاتی سیاسـی و سـەربازییان کەمبکرێتـەوە. ئـەم باڵـە پاشـتر وەك بزووتنـەوەی گـۆڕان خـۆی ناسـاند. گـۆڕان لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتانەی بەردەوامبـوو و پاشـان زۆرینـەی کێشـە سیاسـی و ئابوورییـەکان و تەنانـەت گیرانـی زۆربـەی شـارۆچکە و ناوچەکانـی ژێردەسـتی داعشیشـی دەدایـە پـاڵ پارتـی.
پرسـی درێژکردنـەوەی مـاوەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان هێنـدەی دیکـە کێشـەکانی گـۆڕان و پارتـی ئاڵۆزکـرد، بەجۆرێـك گـۆڕان سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـە نایاسـایی پێناسـەدەکات و پارتیـش بـە یاسـایی. یەکێتیـش لـەم نێوانـەدا هـەردەم بەئاشـکرا سیاسـەتی دڵڕازیکردنـی هـەردوولای بەکارهێنـاوە و کـەم کات هەڵوێسـتی ئاشـکرای لایەنگـری هەبـووە. دیـارە لێـرە و لـەوێ زۆرجـاران باسـی یەکگرتنـەوەی گـۆڕان و یەکێتی بـۆ یەکخسـتنی هێزەکانیـان لـەدژی پارتـی دەکرێـت.

## پارتە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان

ئیسـلامییەکانی کوردسـتان، هـەردەم هەڵوێسـتیان ناجێگیـر بـووە. هـەردوو یەکگرتـووی ئیسـلامی و کۆمەڵـی ئیسـلامی، دوو لـە گەورەتریـن پارتـە ئیسـلامییەکانی کوردسـتانن و دوو لـە پێنـج حیزبـە گەورەکـەی باشـووری کوردسـتان پێکدێنـن. جگـە لـەوەی لـە ئەنجامـی ململانـێ نێوخۆییەکانـی ئیسـلامییەکانی کوردسـتان دابـەش و دروسـتبوون، هەردەمیـش لەسـەر ئاسـتی سیاسـی کوردسـتاندا هەڵوێسـتەکانیان پەیوەسـت بـە وڵاتانـی ناوچەکـەوە بـووە. ئـەم دوو حیزبـە هیـچ کاتێـك لەسـەر هێڵێکـی گشـتی لـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ هەرسـێ حیزبەکـەی دیکـەی باشـووری کوردسـتان بەڕێوەنەڕۆیشـتوون.
ئێسـتا کۆمەڵـی ئیسـلامیی و یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان پێگـەی پەرلەمانیـان هەیـە. هەرچەنـدە سـەرەتا بەهـۆی بزووتنـەوەی گۆڕانـەوە چەندیـن دەسـکەوتی سیاسـییان بەدیهێنـا بـەوەی کـە هەرسـێکیان پێکـەوە بـەرەی ئۆپۆزیسـیۆنیان دامەزرانـد لـەدژی پارتـی و یەکێتـی، بـەڵام ئێسـتا دەیانەوێـت لـە ململانێـی پارتـی و حیزبەکانـی دیکـەدا، دەسـکەوتی زۆرتـر بەدەسـتبێنن و ئەوەشـی کـە پێشـتر پێیدەگوتـرا ئۆپۆزیسـیۆن ئـەو کاریگەرییـەی پێشـتری نەمـاوە.

## باشووری کوردستان و هێزە کوردییەکانی دەرەوەی باشوور

**باشـوور،** هـەر لـەدوای ڕاپەڕینـەوە نشـینگە و بـۆ هێزەکانـی دیکـەی بەشـەکانی کوردسـتان شـوێنێکی تاڕادەیەك ئارامبـووە. دەکرێـت زۆر بـە کورتـی پەیوەندییەکانـی ئێسـتای باشـووری کوردسـتان و هێـزە کوردییەکانـی دیکـە

بەوشێوەیە چڕبکرێتەوە:

● رۆژهەڵات، تەواوی پارت و رێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەڵات جگە لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاك هەر لە نێوەڕاستی هەشتاکانەوە کایەی چالاکی و بارەگاکانیان لە باشووری کوردستان بووە. گەورەترین ئەو رێکخراوانە (دیسان جگە لە پژاك)، هەر لەدوای راپەڕینی 1991ەوە وەك رێککەوتنێکی نێوان دەسەڵاتدارانی باشوور و خۆیان، هەموو چالاکییە سەربازییەکانیان دژی ئێران هەڵپەسارد. پژاك لەم هاوکێشەیە بەدەرە، چونکە ئەویش یەکێکە لەو پارتانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە ئاڕاستەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی دەکات و دەچێتە ریزی پارتە ئاپۆییەکانی دیکەوە. پەیوەندی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و باشوور هەمیشە پەیوەست بە پەیوەندی باش یان خراپی پارتەکانی باشوور لەگەڵ ئێراندا بووە. هەرچەندە نزیکترین پارتی باشوور لە ئێرانەوە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەتایبەتی لە 10 ساڵی رابردوودا نەبووەتە هۆی تێکدانی نێوان ئەو پارتانە، بەتایبەتی هەردوو بارەگای سەرکردایەتی و زۆرینەی هێزەکانی دیموکرات بەهەردوو بەشەکەیەوە و کۆمەڵەکانیش لە سنووری ناوچەکانی یەکێتیدان. دەکرێت بگوترێت کە پارتەکانی رۆژهەڵات هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نە لەسەر سیاسەت نە لەسەر رووداوەکانی باشووری کوردستاندا نەبووە. لە شەڕی داعشدا، پارتەکانی رۆژهەڵاتیش ویستیان وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بەشدارییان لە بەرەکاندا هەبێت. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە و پارتی ئازادی کوردستان بەشدارییان کرد، پاشان بە گوشاری ئێران، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە بەرەکانی شەڕ کێشرانەوە. دیارە کشانەوەی دیموکرات و کۆمەڵە و بەشداری بەردەوامی پاك، پەیوەندی بە سنووری جیۆپۆلیتیکی ئەم دوو لایەنەوە هەیە. هەستیاری ئێران بەرامبەر بە کۆمەڵە و دیموکرات زۆر لە هەستیاری بەرامبەر بە پاک زیاترە. رەنگە بوونی پێگەی کۆمەڵە و دیموکرات لە زۆنی سەوز و بوونی بارەگاکانی پاک لە زۆنی زەردیش کاریگەری لە سەر ئەم بابەتە هەبووبێت! بەشداری هێزەکانی رۆژهەڵات، هەرچەندە کەمیش بێت دەچێتە چوارچێوەی سوودەکانی شەڕی داعشەوە بۆ پتەوکردنی یەکانگیریی نەتەوەیی کورد.


● باکوور، یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی کوردستانە کە کاریگەری جیددی لەسەر باشووری کوردستان هەیە. ئەم کاریگەرییانە هەردەم پەیوەستبوونە بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا-پارتی دیموکراتی کوردستان، گواستنەوەی نەوت و بازرگانی لەنێوان تورکیا و باشووری کوردستان و عێراق. هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری گەریلاکانی پەکەکە لە باشووردا و بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان رۆڵی گرنگی بینیوە. ئەم پەیوەندییانە زۆرتر تایبەت بووە بە ناوچەکانی ژێردەستی پارتییەوە، هەروەها هەندێکجار کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، پارتی و گۆڕانیش هەبووە. بەوەی بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەیەکی چ شاردراوە چ ئاشکرای پەکەکە-یەکێتی-گۆڕان لەدژی پارتی لەئارادا بووە. پەکەکە وەك یەکێك لە زلهێزەکانی کوردستان، هەردەم هەمان سیاسەتی کلاسیکیی "پارتی پێشڕەو"ی بەکارهێناوە. لە تەواوی باکووری کوردستاندا باڵادەستە، هەر هێزێکی فەرمی یان نافەرمیش هەبێت، دەبێ سەر بە پەکەکە بێت و ئەو ئاراستەی سیاسەتەکانی بکات. لە رۆژهەڵاتیش پژاك هەمان رۆڵ لەدژی هەردوو کۆمەڵە"کان" و دیموکرات"ەکان" دەگێڕێت. لە رۆژئاواش بەهەمان شێوە. باشووری کوردستان کایەیەکی گرنگی پەکەکەیە. گرنگترین و زۆرترین گەریلا و بارەگاکانی پەکەکە لە باشووری

کوردستانن. چەندین پارت و ڕێکخراوی سەربەخۆ-ی لە باشووردا هەن، هەڵوێستی پەکەکە لە باشووردا هەردەم پێچەوانەی هەردوو کۆمەڵە و دیموکرات بووە. ئەمان بۆ سەرخستنی دۆزی باکوور و پێشخستنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کەمتر بارودۆخی ناسکی باشووری کوردستانیان لەبەرچاوگرتووە. دیارە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران ڕۆڵی ترسناکیان لەم پەیوەندییانەدا گێڕاوە. هەربۆیە هەندێکجار پەکەکە و یەکێتی یان پەکەکە و پارتی یان پەکەکە و هەردوو یەکێتی و پارتی، پێکدادانی خوێناوییان ئەنجامداوە. ئەم ڕۆڵە ترسناکانەی دەوڵەتانی ناوچەکە شکۆی باشووری کوردستان و تەنانەت عێراقیش کە باشوور بەشێکە لە نەخشەی سیاسییەکەی، خستووەتە مەترسییەوە، بەوەی بەردەوام فڕۆکەکانی تورکیا بەبیانووی بوونی گەریلاکانی پەکەکە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستانی کردووە کە پەکەکە ئەو ناوچانانەی ناوناوە "هەرێمی پاراستنی میدیا".
دەیانجار هێزەکانی تورکیا سنووریان بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە بەزاندووە. لە شەڕی داعشدا، پەکەکە وەك هێزێکی ئامادە لە باشووری کوردستاندا، ویستی ئامادەیی هەبێت. هەرزوو لە ناوچەکانی مەخموور، جەلەولا و پاشان چیای شنگال وەك هێزی سەربەخۆ یان شانبەشانی هێزەکانی باشوور لەدژی داعش بەشداربوون. پاشتر لە سنووری ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بەهۆی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگالەوە کە سەربە پەکەکەن و هەمان سیاسەتی ئاپۆیی پەیڕەودەکەن، ناوچەکانی چیای شنگالیان کۆنترۆڵکرد. ڕەخنە و گازندەیەکی زۆریان لەدژی هێزەکانی باشوور بەتایبەتی پارتی بڵاوکردەوە بەوەی وەك پێویست بەرگریان لە شنگال نەکردووە. ئەم بارودۆخە ململانێی نێوان پەکەکە و پارتی ئاڵۆزتر کرد و تائێستاش بەردەوامە.

● ڕۆژئاوا، ئەم بەشەی کوردستان هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە کایەی کاری پەکەکە بووە. پێش دامەزرانی پارتی یەکێتی دیموکراتی – پەیەدە زۆر لە گەنجانی ڕۆژئاوای کوردستان لەنێو پەکەکەدا کاریان کردووە، ژمارەیەکی زۆریان لە شەڕی تورکیادا شەهید بوبوون کە بە پێنج هەزار شەهید مەزەندە دەکرێن. زۆرترین پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پێشتر نزیکی پارتی بوون. پەکەکە زۆر کاری بۆ نەهێشتنی ئەم نزیکییە کرد و لەوەدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا. دامەزراندنی پەیەدەش لەسەر ڕەوتی ئاپۆیی و نزیکی پەکەکە یەکێك لەم هۆکارانەیە. پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ڕۆژئاوای کوردستانیش خۆپیشاندانی گەورە و گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، ناوچەکە نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەستهێنا. پاشتر کانتۆنەکانی سەربە پەیەدە دامەزران و هاوشێوەی باشووری کوردستان تووشی شەڕی داعش بوون. داعش زەبری کوشندەی لە ڕۆژئاوادا و ئەوەندەش نەمابوو شارۆچکەی کۆبانێ بەتەواوەتی بکەوێتە دەستیان. ئەم شەڕەی داعش هەندێکجار هەردوو باشوور و ڕۆژئاوای لێك نزیکخستووەتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوو سنووری نێودەوڵەتی بڕی و چووە هانای یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە. دیارە ئەمەش هەر دەکرێت بچێتە خانەی سوودەکانی شەڕی داعشەوە. بەڵام پەیوەندییەکان هەر ئاسایی نەبوونەوە. سنووری باشوور و ڕۆژئاوا تەنیا دوو هێز کۆنترۆڵی دەکەن، ئەوانیش پارتی و پەیەدەن. پەیەدە وەك حیزبێکی ئاپۆیی هەردەم پەیوەست بە سیاسەتە گشتییەکانی پەکەکەوەیە. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر پەیوەندی نێوان پارتی و پەکەکە باش بێ، پەیوەندی ئەوانیش باش و پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەربۆیە پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، پەیوەست بە پەیوەندییەکانی باکوور و باشووری کوردستانەوەیە. دیارە لەوەدا تورکیا و بەرژەوەندییەکانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. هەرچەندە

بەهۆی شەڕی داعشەوە سنووری سایکس-پیکۆی نێوان هەردوو عێراق و سووریا نەما و داعش هەر زوو ئەو سنوورەی لابرد! بەڵام هێشتا سنوورەکانی نێوان باشوور و رۆژئاوای کوردستان ماون و کورد خۆی سنوورەکەی چەسپاندووە. زۆرکات هیچ ئاڵوێرێکی ئابووری لەو سنوورەدا نییە، تەنانەت هاتووچۆی کەسانیش لە هەردوو دیوەوە ئاسان نییە.

## نەخشەی دابەشکردنی هێزەکان لە باشووری کوردستاندا




تێبینی: ئەم نەخشەیە بەهۆی ناجێگیری تەرازووی هێزەکانەوە، بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادێت.

## باری ئابووری کوردستان

پێــش هێرشــی داعــش، باشــووری کوردســتان و حکومەتــی ناوەندیــی عێــراق کێشــەی ئابــووری زۆرییــان لەگـەڵ یەکتردا هەبـوو. لـە بودجـەی عێراقـدا ئـەوەی کـە بەشـی کوردسـتان بـوو، لەلایـەن بەغـداوە دەسـتی بەسـەرداگیرا. تەنانـەت مووچـەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانیش کـە دەبووایـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقەوە وەك هێزێکـی دەسـتووریی و نیزامـی بدرێـت، ئەویـش نـەدرا. کێشـەی نـەوت و دەسـکەوتە گومرگییـەکان و داهاتـە نێوخۆییەکانـی دیکـەی باشـووری کوردسـتان، بـووە جێگـەی مشـتومڕ و شـاندناردن و هێنـان لەنێـوان هەولێـر و بەغـداد. سـەرئەنجام کێشـەیەکی سیاسـی و دارایـی قوڵـی لێکەوتـەوە.

ئـەم کێشـەیە و خراپبوونـی بـاری ئابـووری کوردسـتان، بـووە هـۆی خراپتربوونـی بـەرەی نێوخۆیـی. پاشـان کـە داعشـیش هێرشـیکرد، بـەو بـارە ئابوورییـە خراپـەوە ئاسـان نەبـوو لەومـاوە درێـژەدا بەرەیەکـی درێـژی یـەك هـەزار کیلۆمەتـری بەڕێوەببرێـت.

ئێسـتا دەکرێـت بگوترێـت کـە بـاری ئابـووری کوردسـتان خراپـە. چاودێـرە ئابوورییـەکان هۆشـدارییان داوە. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چەندیـن ملیـار دۆلار قـەرزدارە. زۆر لـە پـڕۆژە ئابوورییـەکان وەسـتاون. داهاتی تاکـی کـورد کـە پێشـتر لـە عێراقـدا بەرزتریـن بـووە، زۆر هاتووەتـە خـوارەوە، بـەڵام ئێسـتاش هـەر بەرزتـرە.

زۆرینەی چاودێرانی ئابووری، خراپبوونی ئەم بارودۆخە دەگەڕێننەوە بۆ ئەم خاڵانە:

1. خراپ بەکارهێنانی داهاتی کوردستان و نەبوونی پلانێکی گونجاو
2. شەڕی داعش و تێچووە زۆرەکانی
3. دابەزینـی نرخـی نـەوت بـۆ کەمـتر لـە چارەکـی نرخـی ئاسـایی و خەمڵاندنـی خەرجییەکانـی کوردسـتان بـە نرخـی بـەرزی پێشـتری نـەوت

ئێسـتا پێویسـتییەکی گرنـگ هەیـە بـۆ باشـترکردنی بـاری ئابـووری باشـووری کوردسـتان. حکومـەت چ پلانێکـی هەیـە بـۆ ئـەم باشـترکردنە، هێشـتا بەتـەواوی روون نییـە.

## باشووری کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێی

● عێـراق، لـە شـەڕی داعشـدا، سـنووری نێـوان باشـوور و حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق پچـڕا. باشـوور بـووە خـاوەن دراوسـێیەکی نـوێ لـە بەشـی باشـووریدا ئەویـش دەوڵەتـی ئیسـلامی - داعـش بـوو. پاشـتر ئـەم سـنوورە دیسـان لەنێـوان خورماتـوو و خانەقینـەوە کرایـەوە. لـە دوای رووخاندنـی رژێمـی بەعسـەوە، عەرەبـە شـیعەکان لـە عێراقـدا باڵادەسـتبوون و حکومەتـی ناوەندییـان بەڕێوەبـردووە. سیاسـەتی شـیعەکان هـەردەم لەژێـر بانـدۆری هێڵـی شـیعەی ئێرانیـدا بـووە. دەشـگوترێ عێـراق ئێرانـی عەرەبییـە و بەشـێکی گرنگـی کەوانـەی شـیعەیە کـە بـۆ سـووریا و لوبنـان درێژدەبێتـەوە. هەربۆیـە پەیوەنـدی باشـووری کوردسـتان و عێراقـی عەرەبـی، زۆرتـر ئێـران کۆنتڕۆڵـی دەکات. پەیوەندییـەکان هـەردەم لـە خراپـەوە بـەرەو خراپـتر چـوون. عێـراق، بەهـۆی ئامۆژگارییەکانـی ئێرانـەوە لـەو ماوەیـەدا ویسـتوویەتی بـەرەی "یەکگرتـوو"ی کـورد تێکبـدات. هیـچ کاتێـك حکومەتـی باشـووری کوردسـتانی وەك یەکەیەکـی یەکگرتـووی فەرمـی نەبینیـوە. هـەردەم ویسـتوویەتی پەیوەندییـەکان لەنێـوان پارتـی و یەکێتیـدا و پاشـتریش گـۆڕانـدا تێکبـدات. ئێسـتا دەکـرێ بگوترێـت، پەیوەندییەکانـی باشـووری کوردسـتان و عێـراق لـە خراپتریـن بارداپـە. وتەکانـی عەبـادی لـە کۆنگرەی

میونشـن و سـەرکۆنەکردنی حکومەتـی باشـووری کوردسـتان بەبەرچـاوی دنیـاوە لـە 12ی فێبریـوەری 2016دا، پەیوەندییەکانـی هێندەیـتر خراپکرد. دوای بەزینـی سـوپای عێـراق لـە موسـڵ و داگیرکردنـی لەلایـەن داعشـەوە، کـورد توانـی زۆرینـەی ناوچـە دابڕێنراوەکانـی چوارچێـوەی مـادەی 140 بـە زۆرینـەی پارێـزگای کەرکووکیشـەوە کۆنترۆڵبکاتـەوە. دیـارە ئەمـەش یەکێکـە لـە سـوودەکانی شـەڕی داعـش و کۆنترۆڵکردنـی کەرکـووك هەمیشـە جێگـەی ناکۆکـی باشـوور و عێـراق بـووە کـە ڕەهەندەکانـی دەچێتـە هەنـگاوی پۆسـت-داعشـەوە. دەسـەڵاتی پارێـزگای کەرکـووك، یەکێـك لـە خاڵـە ناکۆکەکانـی پارتـی و یەکێتـی و ڕەهەندێکـی ناوخۆیـی دیکـەی هەنـگاوی پۆسـت-داعشـە. سـەرباری هەمـوو ئەوانـە، بوونـی هێزەکانـی "حەشـدی شـەعبی" لـە ناوچەکانـی خورماتـوو، جەلـەولا و ڕوودانـی چەنـد پێکدادانێـك لەنێـوان ئـەوان و هێـزی پێشـمەرگەدا زۆر بارودۆخەکـەی ئاڵۆزتـر کـردووە و لـە پۆسـت-داعشـدا دەبێتـە ڕۆژەڤێکـی گرنـگ و بـاس لـەوە دەکرێـت کـە پـاش شـەڕی داعـش، ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـورد ناچـار بـێ خـۆی بـۆ شـەڕی حەشـد و شـیعەکان ئامادەبـکات!

- ئێـران، وەك لـە بەشـی عێراقـدا کـورت و چڕکرابـووەوە، ئێـران کاریگـەری بەرچـاوی لەسـەر سیاسـەتی گشـتیی عێـراق هەیـە. ئێسـتا هەوڵەکانـی ئێـران بـۆ زۆرتریـن دەسـکەوتی ئابـووری و سیاسـیی لـە باشـووری کوردسـتانە. بـۆ ئێـران زۆر گرنگـە کـە دراوسـێیەکەی باشـووری کوردسـتان تەنیـا عەرەبـی سـوننە نەبێـت. هەربۆیـە پلانێکـی گـەورەی بوونـی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە خورماتـووەوە تاوەکـو خانەقیـن هەیـە و دەیـەوێ بەهـەر شـێوەیەك بێـت دیمۆگرافیـای پارێـزگای دیالـە لـە سـوننەوە بـۆ شـیعە بگۆڕێـت و ئەمـەش ڕەهەندێکـی ترسـناکی دیکـەی پۆسـت-داعشـە.

- تورکیـا، یـەك لـە ئاڵۆزتریـن پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان هەیـە. باشـوور لـەڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە هـەردەم جێچـاوی تورکیـا بـووە. ئاڵوگـۆڕی ئابـووری لەگـەڵ تورکیـادا تائێسـتاش لەسـەرەوەیە. بوونـی گەریـلا و "هەرێمـی پاراسـتنی میدیـا" لـە باشـووردا یـەك لـە خاڵـە گرنگەکانـی ئـەم پەیوەندییەیـە. سیاسـەتی تاکڕەوانـەی پارتـی داد و گەشـەپێدان –ئاکەپـە و ویسـتی زیندووکردنـەوەی شـکۆی لەنێوچـووی دەوڵەتـی عوسـمانی، کێشـەی موسـڵی لـەلای تورکیـا لەجـاران زۆرتـر ژیاندووەتـەوە. کێشـەی موسـڵ زۆر لـە سـنووری جوگرافـی باشـووری کوردسـتان دەگرێتـەوە. تاچەنـد تورکیـا لـە زیندووکردنـەوەی کێشـەی موسـڵ و بەدەسـتهێنانەوەی سـەرکەوتوو دەبێـت، پەیوەسـتە بـە بەرژەوەندیـی زلهێزەکانـەوە و ڕەهەندێکـی گرنگـی دیکـەی پۆسـت-داعشـە. هەرچەنـدە پەیوەندییەکانـی ڕووسـیا و تورکیـا بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە لـە خراپیدایـە و بەهۆیـەوە بانـدۆری سـەربازیی تورکیـای لـە باشـوور و ڕۆژئاواشـدا کەمکردووەتـەوە، بـەڵام تورکیـا تائێسـتاش کاریگـەری شـێرگیری لەسـەر سیاسـەت و پاشـەڕۆژی هەرسـێك لـە باکـوور، باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان هەیـە. پاشـەڕۆژی تورکیـا و باشـووری کوردسـتان ڕەهەندێکـی گرنگـی دیکـەی پۆسـت-داعشـە.

- سـووریا، لاوازتریـن دراوسـێی باشـووری کوردسـتانە. بەهـۆی کێشـە نێوخۆییەکانییـەوە لـەم سـاڵانەی دواییدا هیـچ کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر باشـووری کوردسـتان نەبـووە. تەنانـەت ئێسـتا ناتوانرێـت پێـی بگوترێـت دراوسـێی باشـووری کوردسـتان، بەهـۆی کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتییـەوە لەلایـەن یەپەگـە و داعشـەوە.

## باشووری کوردستان و پۆست-داعش

پـاش تێپەڕبوونـی نزیکـەی دووسـاڵ بەسـەر شـەڕی باشـووری کوردسـتان و دەوڵەتـی ئیسـلامی -داعـش، ئێسـتا لەگـەڵ ئـەوەی هێشـتا مەترسـی داعـش هـەر مـاوە، بـەڵام دەکـرێ بگوترێـت مەترسـییەکانی کەمبوونەتـەوە. هەربۆیـە ئێسـتا دەتوانرێـت مەزەنـدەی ئـەوە بکرێـت کـە ئایـا باشـووری کوردسـتان لـە پـاش شـەڕی داعـش چـی بەسـەردێت و سـیناریۆکانی چیـن؟

زۆرینـەی کێشـە سیاسـی، ئابـووری، شـکۆییەکانی باشـووری کوردسـتان کـە پێشـتر باسـکران، لـە هەنـگاوی پۆسـت-داعشیشـدا درێژەیـان دەبێـت. هۆکارەکەشـی ئاڵـۆزی کێشـەکانە و چارەسەرەکانیشـیان یـان ئاڵـۆزن یـان درێژخایـەن.

## بەرەی ناوخۆیی

لـە کوردسـتان پێنـج حیزبـی گـەورە هـەن کـە حکومـەت و پەرلەمـان "بەڕێوە"دەبـەن. لەوانـە تەنیـا پارتـی و یەکێتـی شـادەمارە ئابـووری، سـەربازی و سیاسـییەکانیان بەدەسـتەوەیە. هـەر ئەوانیشـن بەرەکانـی شـەڕ لەگـەڵ داعـش بەڕێوەدەبـەن.

ئێسـتا باشـووری کوردسـتان لـە کۆتاییهاتنـی شـەڕی داعـش نزیکدەبێتـەوە و بـە رزگارکردنـی موسـڵ "کۆتایـی"ی پێدێـت. هـەردوو پارتـی و یەکێتـی لەسـەر گەلێـك تـەوەر ناکۆکـن و ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەم ناکۆکیانـە بـۆ قۆناخـی پۆسـت-داعش بگوێزرێنـەوە!

هێڵـی گشـتیی پارتـی بـۆ چارەسـەرکردنی بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان، ئەنجامدانـی گشتپرسـی (ریفرانـدۆم) و راگەیاندنـی سـەربەخۆییە. لەبەرامبەریشـدا یەکێتـی پێیوایـە کـە باشـووری کوردسـتان هێشـتا ئامـادەی گشتپرسـی و سـەربەخۆیی نییـە، هەرچەنـدە بـەم دواییانـە ئەوانیـش خوازیـاری ئـەو گشتپرسـییەن. بەواتایەکـی دیکـە دابەشـبوونێك لـە هەڵوێسـتی یەکێتیـدا هەیـە.

هەرچـی گـۆڕان و پارتـە ئیسـلامییەکانن، هێشـتا هەڵوێسـتی خۆیان لەمـەڕ ئەنجامدانـی گشتپرسـی و راگەیاندنی سـەربەخۆیی رانەگەیانـدووە لەبـەر دوو هـۆکار: یەکەمیـان بەهـۆی ئـەوەی کـە گشتپرسـی دەستپێشـخەریی پارتییـە. دووەم تـەواوی ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتان دابەشـدەکەن دژی گشتپرسـی و جیابوونـەوەی کوردسـتانن و ئەوانیـش بەتایبەتـی پارتـە ئیسـلامییەکان هەڵوێسـتی هەرێمـی بەهەنـد وەردەگـرن. دیـارە هەڵوێسـتی یەکگرتـووی ئیسلامی گۆڕانـکاری بەخۆیـەوە دیـوە و لێکنزیکییەکیـان لەگـەڵ پارتیـدا هەیـە بـۆ ئەنجامدانـی گشتپرسـی و راگەیاندنـی سـەربەخۆیی. گـۆڕان و ئەوانـی دیکـە پێیانوایـە کـە ئێسـتا خەڵکـی باشـووری کوردسـتان پێویسـتیان بـە باشـترکردنی بـاری ئابوورییـە کـە ئەمـەش لـە رێگـەی حکومەتـی ناوەندیـی عێراقـەوە چارەسـەردەبێت نـەك بـە جیابوونـەوە لـە عێـراق. ئـەم حیزبانـە هـەر یـەك لەلایـەن خۆیـەوە پرۆژەی چاکسـازی پێیـە کـە دەکرێـت ئـەم هەنـگاوە ناوبنرێـت قۆناخـی پـڕۆژەکان! بـەڵام تاوەکـو چ رادەیـەك پـڕۆژەکان کارا و سـەرکەوتوو دەبـن، ئـەوە لـە هەنـگاوی پۆسـت-داعشـدا دەردەکەوێـت.

ئـەم دوو هەڵوێسـتییەی بـەرەی ناوخۆیـی کـورد بانـدۆری خراپـی لەسـەر ئەنجامدانـی گشتپرسـی دەبێـت و سـەرکەوتنی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە. بـەڵام ئەگـەر رۆڵـی پەرلەمانـی کوردسـتان کارا بکرێتـەوە، دەکرێـت بڕیارێکـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ ئەنجامدانـی گشتپرسـی بـە زۆرینـەی دەنگـی پێویسـت بەدەسـتبهێنرێت.

هەڵبـەت دابەشـبوونی هەڵوێسـتی کـورد و هێـزە سیاسـییەکان لەسـەر ئەنجامدانـی گشتپرسـی پەیوەنـدی گرنگـی بـە جیۆپۆلیتیکـی دابەشـبوونی هێزەکانـی کوردسـتانەوە هەیـە کـە هــەردەم لەلایــەن وڵاتانــی ناوچەکـەوە ئاراسـتەکراون.
وا مەزەنـدە دەکرێـت کـە پێـش کۆتاییهانـی جەنگـی داعـش، پرسـی کاراکردنـەوەی پەرلەمـان و دابەشـکردنی وەزارەتـەکان دەسـیپێبکرێتەوە. بەمـەش گورێـك بـە بەهێزبوونـی بـەرەی ناوخۆیـی باشـووری کوردسـتان دەدرێـت و کاریگـەری گرنگـی لەسـەر گشتپرسـی و پاشـەڕۆژی باشـووری کوردسـتان لـە دوای نەمانـی داعـش دەبێـت.

## باشوور و عێراقی عەرەبی

زۆرینـەی خاڵـە ناکۆکـە ئابـووری و سیاسـییەکانی باشـوور و عێـراق بـۆ قۆناخـی پۆسـت-داعش دەگوێزرێنـەوە، چونکـە ئەسـتەمە لـە ئێسـتاوە تاوەکـو کۆتایـی شـەڕی داعـش خاڵـە ناکۆکـەکان کـە زۆر ئاڵـۆزن، چارەسـەر بکرێـن.
کێشـەی نـەوت لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، یەکێـك لـەو ناکۆکیانەیـە کـە باشـووری کوردسـتان لـە پۆسـت-داعشـدا دەیبێـت.
حەشـدی شـەعبی و هێزەکانـی سـوپای عێـراق و میلیشـیا شـیعەکانی دیکـە، لـە سـنووری خانەقیـن- خورماتـوو مۆڵـدراون و ترسـی بەریەککەوتنـی کـورد و شـیعە لـەدوای داعـش زۆرە. دیـارە باشـووری کوردسـتان لـە شـەڕی داعشـدا زیانێکـی گیانـی و مـاددی زۆری بەرکەوتـووە. لەبـەر ئـەوە ئایـا بـۆ شـەڕی شـیعە و دەسـتێوەردانەکانی ئێـران ئامادەیـە؟ ئـەوە پرسـیارێکی گرنگـی هەنـگاوی پۆست-داعشـە و باشـووری کوردسـتان دەبـێ باشـتر بیـری لێبکاتـەوە و خـۆی بـۆ ئامادەبـکات. بەتایبەتـی کـە پێشـتریش لەنێـوان پێشـمەرگە و حەشـدی شـەعبی لـە خورماتـوو پێکـدادان روویـداوە و قوربانیشـی لێکەوتووەتـەوە.
حەشـدی شـەعبی وەك ئەلتەرناتیڤێکـی سـوپای عێـراق دروسـتبووە، جێبەجێـکاری سـتراتیژی شـیعەگەرایی ئێرانییـە و هـەر لەلایـەن ئەوانیشـەوە راهێنـان و پاڵپشـتی لۆجیسـتی دەکرێـن و کۆپییەکـی سـوپای پاسـداران و بەسـیجی ئێرانییـە و ئیدیعـای ئـەوە دەکـرێ سـوپای قـودس راسـتەوخۆ حەشـد بەڕێوەدەبـات.
عەرەبـە سـوننەکان هـەر لـە زووەوە هۆشـدارییان داوە لەسـەر ئـەم دەسـتێوەردانەی ئێـران لـە عێراقـدا و بـە پلانێکـی "فراوانخوازیـی سـەفەویی" دەزانـن.
هەرچەنـدە ناوچـە دابڕاوەکانـی مـاددەی 140 بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە هاتنـەوە ژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی باشـووری کوردسـتان و ئێسـتا بووەتـە ئەمـری واقیعـی نێـوان باشـووری کوردسـتان و عێراقـی عەرەبـی، بـەڵام لـە پۆست-داعشـدا دەبێتـە خاڵێکـی سـەرەکی ناکۆکییەکانـی باشـووری کوردسـتان و عێـراق. کۆکردنـەوەی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە خورماتـوو و ناوچەکانـی دیکـەی نزیـك کەرکـووك پێشـەکیی هەڵگیرسـاندنی جەنگـی کـورد و شـیعەیە لەپـاش نەمانـی داعـش.

## باشوور و هێزەکانی پەکەکە و لکوپۆکانی

پەیوەندییەکانـی باشـووری کوردسـتان بـە پەکەکـەوە رەهەندێکـی گرنگـی دیکـەی پۆسـت-داعشـە. ئـەم

پەیوەندییانـە هـەردەم لـە هەڵکشـان و داکشـاندا بـووە. ماوەیەکـی زۆرە خۆشـبەختانە هیـچ بەریەککەوتنێکـی سـەربازی روویـنـەداوە. هێزەکانــی پەکەکــە لــە باشــووری کوردســتاندا لــە قۆناخــی پۆست-داعشــدا هــەر دەمێننــەوە. باشــتربوونی پەیوەندییــەکان، بەتایبەتــی پەیوەندییەکانــی پارتــی و پەکەکــە، دەبێــت لــە توێــی ستراتیژیەکی نەتەوەییـدا یەکلایـی بکرێتـەوە. ئەگـەری ئـەوە هەیـە سـەرکەوتنی گشتپرسـی ئـەو پەیوەندییانـە بـەرەو باشـتر ببـات.

پەیوەندییەکانـی تورکیـا و بارودۆخـی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان هـەردەم بانـدۆری بـاش و خراپـی لەسـەر رەوشـی باشـووری کوردسـتان هەبـووە. ئـەم پەیوەندییانـە کارێکـی وایانکـردووە کـە چەندجارێـك بۆڕییـە نەوتەکـەی باشـووری کوردسـتان-جەیهان بتەقێندرێتـەوە و زیانێکـی ماددیـی گـەورە بـەر ئابـووری باشـووری کوردسـتان بکەوێـت. پرسـی نـەوت و بـۆڕی باشـووری کوردسـتان-جەیهان، کێشـەیەکی هاوکاتـی داعـش و پۆست-داعشیشـە. دەسـەڵاتدارانی باشـوور و پەکەکـە پێویسـتە ژیرانەتـر لەسـەر ئـەم دۆزە بدوێـن بەتایبەتـی کـە ئـەو بۆڕیـە گرنگتریـن شـادەماری ئابووریـی باشـووری کوردسـتانە.

## باری ئابووری

چاکسـازییە ئابوورییـەکان لەسـەرەتای مانگـی فێبریوەریـی 2016دا بـە فەرمـی چ لەلایـەن حکومـەت و چ لەلایـەن سـەرۆکایەتیی باشـووری کوردسـتانەوە بڕیـاری لێـدراوە. ئـەم چاکسـازییانە گرنـگ و درێژخایەنـن، واتـە قۆناغـی پۆست-داعشـیش دەگرێتـەوە. چاکسـازی ئابـووری زۆر پەیوەسـتە بـە هەڵوێسـتی سیاسـی لایەنەکانـی کوردسـتان و پاشـەڕۆژی سیاسـی کوردسـتانەوە. دیـارە هەمـوو لایەنـەکان کـۆك نیـن لەسـەر چاکسـازییەکان و هەندێکیـان چاکسـازییەکان وەك داپۆشـینێك بـۆ قەیرانـی سیاسـی دەبینـن.

## دیمۆگرافیای باشووری کوردستان

بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە دیمۆگرافیـای باشـووری کوردسـتان گۆڕانـکاری زۆری بەسـەرداهاتووە. زۆرتـر لـە ملیۆنێـك ئـاوارەی عـەرەب روویانکردووەتـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان. زۆریـان لـە کەمپەکانـن و ئەوانەش کـە توانـای داراییـان باشـە لـە شـار و شـارۆچکەکاندا نیشـتەجێبوون. مانـەوەی ئـەم عەرەبانـە لـە کوردسـتاندا مەترسـی هەیـە بـۆ ئاساییشـی نەتەوەیـی کوردسـتان، بەتایبەتـی کـە زۆرینـەی ئەوانـە عەرەبـی سـوننەی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکانن.

هـەر بەهـۆی شـەڕەکانەوە، زۆرینـەی گوندنشـینە عەرەبەکانـی ناوچە سـنوورییەکان لەگـەڵ عێراقـی عەرەبی کە زۆرینـەی هـەرە زۆریـان هـاوکار و رێنیشـاندەری داعـش بـوون، لـە شـوێنی خۆیـان هەڵکەنـدران و لـە هەندێـك شـوێنیش بەهـۆی شـەڕەکانەوە گونـد یـان ماڵەکانیـان خاپووربـوون. لـە هەندێـك شـوێن هەندێ هـۆزی عەرەبی بەتـەواوی لـە شـوێنی "خۆیـان" نەمـاون، هـۆزی کـەروی ناوچـەی جەلـەولا وەك نموونـە. ئەمانـە هەموویـان لـەو عەرەبانـە بـوون کـە بەهـۆی پرۆسـەی بەعەرەبکردنـەوە لەسـەر زەوی کـورد نیشـتەجێکرابوون. پـاش شـەڕی داعـش ئەوانـە هەوڵـدەدەن بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچەکان"یـان" و دەبـێ بـە هەمـوو شـێوەیەك رێگرییـان

لێبکرێـت، تاوەکـو سـنوورەکانی باشـووری کوردسـتان پارێزراوبـن و ئاساییشـی نەتەوەیـی پتەوتربکرێـت. ئەمـە کێشـەیەکی گەورەیـە و لـە پۆست-داعشـدا دەبـێ زۆر بەگرنگییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت. بەتایبەتیـش کـە ڕێکخـراوی هیومـان رایتـس ووچ لـە جەنیـوەری 2016دا هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانی بـەوە تۆمەتبارکـرد کـە بەمەبەسـت هـەزاران خانـووی عەرەبیـان رووخانـدووە!

بێجگـە لـە ئـاوارەی عـەرەب، زۆر کـوردی رۆژئـاوای کوردسـتان لـە باشـووری کوردسـتان بەهـۆی شـەڕەکانەوە نیشـتەجێبوون. ئەمانـە لـە وڵاتـی خۆیانـدان و گەڕانـەوە یـان نەگەڕانەوەیـان هیـچ کار ناکاتـە سـەر ئاساییشـی نەتەوەیـی، بگـرە سوودیشـی بـۆ تێکەڵبوونـی یەکانگیریـی نەتەوەیـی دەبێـت.

## شانە نووستووەکانی داعش

داعـش لـە باشـووری کوردسـتاندا بـەرەو پووکانـەوە دەچێـت، بـەڵام شـانە نووسـتووەکانیان لـە زۆر شـوێندا هـەن. ئەمانـە یـان کـوردن یانیـش عـەرەب کـە خۆیانیـان لەنێـو رەوی ئـاوارەکان و کەمپەکانـدا حەشـارداوە و دەبنـە کێشـەیەکی گـەورەی قۆناخـی پۆسـت-داعش لـە باشـووردا و پێویسـتە هـەردوو ئاژانسـی زانیـاری و پاراسـتن هاوئاهەنگـی تەواویـان بـۆ هەڵمالینـی نهێنییەکانیـان و لەنێوبردنیـان هەبێـت.

# سەرچاوەکان


1. 2014نامـە - وەشـانی 1 - رووداوە گرنگەکانـی سـاڵی 2014 یـە کـە رێکخـراوی کوردیپیدیـا بەدەسـتیهێناوە. ئامادەکردنـی: هـاوڕێ باخـەوان، سـاڵی وەشـان – 2015.
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150101161006118594

2. 2015نامـە - وەشـانی 1 - رووداوە گرنگەکانـی سـاڵی 2015 یـە کـە رێکخـراوی کوردیپیدیـا بەدەسـتیهێناوە. ئامادەکردنـی: هـاوڕێ باخـەوان، سـاڵی وەشـان - 2016.
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20160101180029128872

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێك لەبارەی چاکسازی دەردەکات – پۆرتاڵی رووداو -
http://rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=180752

4. چارەسەری قەیرانی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان – بزووتنەوەی گۆڕان، 2016 -
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2016021719595894017

5. فراکسیۆنی گۆڕان: چاکسازییەکانی حکومەت بۆ داپۆشینی قەیرانی سیاسییە -
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2016021714010893999

6. د.بەرهەم ساڵح: هیوادارم لە داهاتوودا عێراق ببێتە دراوسێیەکی باشی کوردستان -
http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/258280

7. نەخشـەڕێگەی دەرهێنانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە قەیـران و بنبەسـتی ئێسـتا - حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری کوردسـتان -
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2016022020281794079

8. مەسروور بارزانی: ئاوارەکان هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروستدەکەن -
http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2015092321253786109

9. ئاوارەکانی کەرکووك 400 هەزار کەسی تێپەڕاند -
http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2014102215064677788

10. Iran's Role in Iraq - Alireza Nader - http://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/perspectives/PE100/PE151/RAND_PE151.pdf

11. ميليشـيات «الحشـد الشـعبى» نسـخه عراقيـه مـن «الباسـيج» الايرانـى، د. خالـد يايمـوت - جامعـه محمـد الخامـس - جريـده الـشرق الاوسـط، العـدد 13215، 02 فبرايـر 2015

12. الاستراتيجية الإيرانية فى مواجهه أميركا في العراق - د. هيثم مزاحم -
http://www.beirutme.com/?p=697&print=pdf

13. أضواء على المشروع الصفوى الإيرانى - عمر خليفه راشد -
http://omarblog.com/media/67.pdf

14. النائب حيدر الملا: محافظه ديالى تتعرض للتغيير الديموغرافى منذ 13 عاما – فيديو -
http://altaghier.tv/2016/01/17/%D8%AD%D9%8A%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%84%D8%A7-%D9%85%D8%AD%D8%A7%D9%81%D8%B8%D8%A9-%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D9%84%D9%89-%D8%AA%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D8%B6-%D9%84%D9%84%D8%AA%D8%BA%D9%8A%D9%8A/%D8%B1

15. تمهيدا لتغيير ديموغرافيه المدينه: تصفيه ممنهجه بين مكونات محافظه ديالى - عايده الخطيب -
http://www.sotaliraq.com/newsitem.php?id=317010#axzz40VLdz600

16. مواجهات بين البيشمركه والحشد الشعبى فى طوزخورماتو – موقع شبكة رووداو -
http://rudaw.net/arabic/kurdistan/1211201524

17. كردستان العراق- تهجير وتطويق واعتقال العرب -
Human Rights Watch - https://www.hrw.org/ar/news/2015/02/25/266992

18. الأمم المتحدة: مليون و800 ألف لاجئ فى العراق -
http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2014090114410577209

تێبینـی: ئـەو سـەرچاوە دیجیتاڵیانـەی بـۆ ئـەم نووسـینە سـوودیان لێوەرگیـراوە و بەسـتەرەکانیان دانـراون، لـە مانگـی فێبریوەریـی 2016دا خوێندراونەتـەوە و ئۆنلایـن بـوون.

# باکووری کوردستان [1]

**مامەند رۆژە**

## بەرایی: یەکەم بەریەککەوتنی جیۆسیاسی

چۆن داعش و هێزە گەورەکەی باکووری کوردستان تووشی پێکداکێشان بوون؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە تۆزێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە. پەکەکە لەدوای ئەوەی لەساڵی 1980ەوە رووی لە سووریا و لوبنان کرد، هەر لەسەرەتاوە گەرای رێکخستنی خۆی لەنێو کوردانی رۆژئاوای کوردستان دانا. لەئەنجامی ئەمەدا هەزاران گەنج لەو بەشەدا چوونە ریزەکانی پەکەکە. ئەمە رێکخستنێکی بەرین و تۆکمەی لێکەوتەوە.[2] لەساڵی 1998 عەبدوڵڵا ئۆجەلان ویستی هاوشێوەی باکووری کوردستان باڵێکی نیمچەفەرمی بۆ ئەم رێکخستنە بدۆزێتەوە. ئەوسا "تەجەموعی دیموکراتی نیشتمانی" بەئاگاداری حکومەتی سووریا دروستکرا. لەساڵی 2004یشەوە بەفەرمی لە قەندیل پارتی یەکێتی دیموکراتی-پەیەدە دامەزرا و بووە پۆششی سەرەکی بۆ کاروخەباتی کەجەکە لە رۆژئاوای کوردستان. [3]

لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و شۆڕشی سووریا، پەیەدە قورساییەکی زیاتری بەچالاییەکانی خۆیدا. لەگەڵ بەچەکداریبوونی شۆڕشە مەدەنییەکە، رژێم زۆربەی داوودەزگاکانی لەشارەکانی رۆژئاوای کوردستان چۆڵکرد، تەنیا لە قامشلۆ بەشێوەی سیمبوولی مایەوە. پەیەدە دەسبەجێ بە دامەزراندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە سەربازی - ئەمنییەی دا.[4] لەو ساڵەدا هێزەکانی ئەحراری شام بەپشتیوانی تورکیا لە سنووری "سەرێکانی"یەوە دەربازی رۆژئاوای کوردستان بوون. یەکەم پێکدادان لەنێوان ئەحراری شام و یەپەگە هاتەکایەوە. دوای ئەوە پێکدادان لەنێوان بەرەی نوسرە و یەپەگە لە "گرێسپی" و دەوروبەری دەسپێکرد. لەگەڵ جیابوونەوەی نوسرە لە داعش، ئەم هێزە شوێنەکانی نوسرەی داگیرکرد. ئەمە داعشی لەگەڵ یەپەگە کردە هاوسنوور.

ئیتر بەریەککەوتن لەنێوان یەپەگە - داعش هەر لە سنوورەکانی شنگالەوە تاوەکو باشووری کۆبانێ هاتەکایەوە. لەساڵی 2013 ئەم پێکدادانانە ئاستێکی توندی بەخۆوەگرت. لەساڵی 2014 بەرفراوان بوو و پەلی بۆ نێو باشووری کوردستان لە شنگالیش هاویشت. لەوێشەوە بۆ مەخموور، کەرکووك تاوەکو جەلەولا لە سنوورێکی بەرفراواندا هێزەکانی سەر بە کەجەکە لەگەڵ داعش رووبەڕووی یەکتر بوونەوە. داعش

1 - ئەم باسە بە کوردیی ناوەڕاست نووسراوە.

2 - چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ ئەبوبەکر (خەلیل ئاتاج) ئەندامی پێشوی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، کۆیە، شوباتی 2007 بە کاسێت.

3 - چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ ماهیر عەفرینی، یەکێك لە کادیرە باڵاکانی کوردی سوریا لەناو پەکەکە، سلێمانی، تەموزی 2013 بەکاسێت.

4 - بیار روباری، اردوغان والحائط الكردي، ولاتی نت، شوبات 2016.

بـەوەوە نەوەسـتا و تەنیـا لـە ڕۆژئـاوا یـان لـە باشـووری کوردسـتان لـەدژی هێزەکانی سـەربە کەجەکـە بجەنگێ، بەڵکـو ڕووبـەری جەنگەکـەی بەرفراوانکـرد و کـردەوە تیرۆرکارییەکانـی گەیانـدە باکـووری کوردسـتانیش. داعـش بەفەرمـی تەقینەوەکـەی دیاربەکـر لـە پێـش هەڵبژاردنەکانـی حەوتـی حوزەیرانـی 2015، تەقینەوەکـەی سروج و تەقینەوەکـەی ئەنکـەرەی خستەئەسـتۆی خـۆی. لـەم تەقینەوانـەدا سـەدان هاوونیشـتمانی کـوردی باکـووری کوردسـتان بوونـە قوربانـی. [5]

بەوشـێوەیە پێکداکێشـانی جیۆسیاسـی لەنێـوان داعـش - یەپەگـە پەلـی بـۆ باشـووری کوردسـتان هاویشـت و لـە شـنگال، مەخمـوور، کەرکـووك و جەلـەولا هێزەکانـی پاراسـتنی گـەل - هەپەگەیـش تێیـدا بەشـداربوون. لێرەشـەوە پەلـی بـۆ باکـوور هاویشـت و داعـش کۆبوونـەوە گرسـەییەکانی هەدەپـەی کـردە ئامانـج. لـە جەنگی کۆبانێیـەوە ئەنکـەرە هەڵوێسـتێکی دنـەدەری هەبـوو و ویسـتی جەنگێکـی وەکالەتـی لەرێگـەی داعشـەوە لـەدژی یەپەگـە بەرپابـکات. ئەمـەش خۆپیشـاندانە ملیۆنییەکانـی نێوەڕاسـتی پاییـزی 2014 لێکەوتـەوە. بۆیـە بەریەککەوتنـە جیۆسیاسـییەکە لەسـێکوچکەی ئەنکـەرە - داعـش - کەجەکـەوە دەسـپێکرد و سـەرئەنجام لـە سـووریا ڕووبەرێکـی سـتراتیژی وای بەخۆیەوەگرتـووە کـە لـە ئاسـتی هەرێمییـەوە پەڕیوەتـەوە و ئاسـتی سـەرووهەرێمی و نێودەوڵەتیشـی بەخۆیەوەگرتـووە. [6]

## داعش - کەجەکە: هێزەکانی پۆست سایکس - پیکۆ

داعـش کاتێـك لـە سـووریا و عێـراق قەڵەمـڕەوی سـەرزەمینی دەسخسـت، لەپـڕ بـووە خـاوەن سـوپایەکی 30 - 40 هـەزار کەسـی. لێـرەوە لـە یەکـەم لێدوانـی دوای داگیرکردنـی موسـڵ بەفەرمـی ڕایگەیانـد کـە ئـەوان کۆتاییـان بـە قۆناخـی سـایکس-پیکۆ هێنـاوە. واتـە داعـش لـە سـووریاوە بـووە هێزێکـی جیۆپۆلیتیکـی کـە پسـپۆڕان لەوەبـەدوا بـە "دیفاکتۆ-دەوڵـەت" ناویـان دەبـرد. لەبەرامبـەردا یەپەگـە لـەدوای زنجیرەیـەك شـەڕی سـەرکەوتووانە، قەڵەمڕەوێکـی سـەرزەوینی گـەورەی بەدەستخسـت. هەتـا دێـت ئـەم قەڵەمـڕەوە زیاتـر دەکشـێ و هـەر لـە سـێمالکا لـە سـنووری باشـووری کوردسـتانەوە بەدەسـت یەپەگەوەیـە هەتاوەکـو کۆبانـێ. لەوێشـەوە دەیـەوێ ناوچەکانـی جەرابلـۆس، ئەعـزاز و مارعیشـی پێوەبلکێنـێ و بـە عەفرینـەوە گرێیانبـدات. بەپێـی تێـزە جیۆپۆلیتیکییـەکان بـۆ ئـەوەی دەوڵەتێـك پێکبـێ، پێویسـتی بـە سـێ پایـەی سـەرەکییە: خەڵـك، خـاك و سـەروەری سیاسـی. [7] ئێسـتا ئەگـەر بەپێـی ئـەم تێزانـە بێیـن دۆخـی سـووریا بەگشـتی و ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەتایبەتـی لێکبدەینـەوە، ئـەوە ئـەم چەنـد ئەنجامەمـان بـۆ یەکلاییدەبێتـەوە: یەکـەم، هـەم دەوڵەتی ئیسـلامی و هـەم ئیدارەی خۆسـەری دیموکراتـی خاکیـان بەدەسـتەوەیە، خەڵـك لەژێـر قەڵەمڕەویاندایـە و بەجۆرێـك سـەروەرییەکی سیاسـیان هەیـە. دووەم، ئـەم دوو هێـزە سـەرچاوەی هێزیـان هـەم لەناوەوەیـە و هـەم لـەدەرەوە. سـێیەم، ئـەم دوو هێـزە هەردووکیـان باوەڕیـان بـە سـنوورە کۆلۆنیالکردەکانـی سـایکس - پیکـۆ نییـە. چـوارەم، هەردووکیـان ئانتـی - تێـزی یەکتریـن و مانـەوەی یەکیـان بـە نەهێشـتنی ئەویتریانـەوە بەنـدە. ئەمەیـش ڕەهەنـدی ئایدیۆلـۆژی، فیکـری، جیۆسیاسـی، سـتراتیژی، سـەربازی و کولتـووری هەیـە. یەکیان

5- . www.Radıkal.com. Cengiz Çandar, Süryede kayıpet – kayıpet politikası, Şubat 2006.

6 - ادیب سیف الدین، ترکیا بقیت وحیدة، موقع ولاتی نت، 23 - 2 - 2016.

7 - مامەند ڕۆژە، چۆن دەبین بە دەوڵەت؟ ئایندەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، چاپی یەکەم، کۆمپانیای شارپرێس، سلێمانی 2014، لا 259.

هێزێکی سەلەفی-جیهادییە و یەکیشیان هێزێکی چەپگری نەتەوەیی سیکۆلارە. لەبەر ئەمە بەشێکی زۆر لە نەبەردە جیۆسیاسییەکانی ئایندەی سووریا لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا یەکلاییدەبنەوە.
بۆ ئەوەی هێزێك بەڕاستی ببێتە هێز، پێویستی بەوەیە یەکەم، ئامرازەکانی زەبروزەنگ کە توندوتیژی دەخەنەوە و "هێز" بەرهەمدەهێنن زەوتبکات. دووەم، لەکاتی خۆیدا ئەم ئامرازانە بقۆزێتەوە و دوودڵی تێدانەکات. سێیەم، لە دوای یەکلاییکردنەوەی نەبەردەکان، دیسان لەرێگەی هێزە چەکدارەکانەوە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و رەوایی هێز یاخود "هەقی هێز" بچەسپێنێت.[8] ئەگەر بێین بەپێی ئەم پێوەرانە دۆخی سووریای ژێردەستی داعش و رۆژئاوای کوردستان هەڵسەنگێنین، ئەوسا رەنگبێ بگەینە ئەو ئەنجامە کە هەردووك هێزەکە تاڕادەیەکی زۆر پایەکانی هێز و دەسەڵاتیان دەستخستوە. هەروەها دەشێ بێژین هەردوو هێزەکە نەزمێکی هاوشێوەی دەوڵەتیان چەسپاندووە کە پشت بە دەزگاسازی دەبەستێت.
دەشێ بتوانین چەند وێکچونێکی دیکە لەنێوان ئەم دوو هێزە ئایدیۆلۆژییە دژبەیەکەدا پۆلێنبکەین: هەردوو هێزەکە خاوەن جیهانبینییەکی گشتگیرن، هەردووکیان خاوەن ئایدیۆلۆژی فراوانخوازن و هەردووکیان سەرچاوەکانی فیکر، سیاسەت و ستراتیژییان لەدەرەوەی سووریا و رۆژئاوای کوردستانەوە وەردەگرن. داعش سەرچاوە فیکری و ستراتیژییەکانی سەرەتا لە قاعیدە و تاڵیبانەوە دەهات. پەیەدە- یەپەگە یش سەرچاوە فکری و سیاسییەکانی لە کەجەکە هێزە سەرەکییەکەی باکووری کوردستان وەردەگرێت. یەکیان گرووپێکی راستگری پەڕگیرە و یەکیشیان گرووپێکی چەپگری پەڕگیرە کە مەیلی بەلای پرسە نەتەوەییەکاندا هەیە.
لەسەرەتای بەهاری عەرەبی و شۆڕشی سووریادا داعش کە ئەوسا بەناوی بەرەی نوسرە لەنێو ململانێ سەربازییەکاندا خەریکی خۆجێگیرکردن بوو، پشتی بە سێ فاکتەری محەلی عەرەبی سوننە، فاکتەری هەرێمی تورکیا - خەلیج و فاکتەری سەرووهەرێمی "ئەتڵەسی" دەبەست. لە 2012دا رۆژئاوا هێشتا هەستەوەرییەکی ئەوتۆی بەرامبەر "نوسرە" نەبوو. کاتێك داعش لە زکی "نوسرە" هاتەدەرەوە، ئەوە بەهۆی ئەو توندڕەوییە وەحشیانەیەوە کە لەدژی مەدەنییەکان، رۆژنامەڤانانی بیانی و دیلەکان ئەنجامیدان، بەرە - بەرە فاکتەری سەرووهەرێمی لێی تاکییەوە و فاکتەری هەرێمیش چیتر نەیوێرا و نەیتوانی وەك پێشتر پشتیوانی لێبکا و لۆجستیك و جبەخانەی بۆ بگوازێتەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا "پەیەدە - یەپەگە" سەرەتا پشتی بەفاکتەری محەلی بەست و بەکەمیش فاکتەری هەرێمی (ئەسەد - ئێران)یشی قۆستەوە. لە دۆزی کۆبانێشەوە بەکردەوە فاکتەری سەرووهەرێمی و نێودەوڵەتیش دەقۆزێتەوە.[9]
ئێستا لەڕووی جیۆسیاسیەوە رووبەڕووی دوو تابلۆی جیاواز دەبینەوە: پەیەدە-یەپەگە خەریکە بەهۆی داعشەوە پەیامێکی فیکری - ستراتیژی بۆخۆی پێناسەدەکات. ئەم هێزە ئێستا خۆی بە پایەیەکی سەرەکی "هاوپەیمانی دژی داعش" دەزانێ کە ئەرکی رووبەڕووبوونەوە و قەڵاچۆکردنی داعشی لەئەستۆیە. ئەم پەیامە ئەو هێزەی کردووەتە هێزی سەرەکی سیکۆلار کە بلۆکی ئەتڵەسی دەیەوێ لە ستراتیژیی نەهێشتنی تیرۆردا پشتی پێببەستێت. هەروەها بلۆکی ئەتڵەسی بۆی دەرکەوتووە هێزی سەرەکی کە دەتوانێ سەرچاوەکانی هێزی داعش وشك بکا "جەنگاوەرانی کورد"ن. بۆیە لە ستراتیژییەکانی خۆیاندا دەیانەوێ ئەم هێزە تۆکمەبکەن و ناشیانەوێ بکەوێتە باوەشی "هێزی ئۆراسیایی"یەوە. لەڕووی راوێژی

8 - Ahmet Davutoğlü, Stratejik Derinlik, Küre Yayınlari, Istanbul, 2009, s.15-.

9 - احمد قاسم، مرة اخرى داعش هي من تغير الاستراتيجيات، موقع ولاتي نت، 27 - -2 2016.

سـەربازی – هەواڵگـری، لۆجسـتی و ئاسمانیشـەوە بـەردەوام پشـتگیری لێدەکـەن.[10]
لـەولاش داعـش بووەتـە "مێمڵ"ی سـتراتیژیی ئەتڵەسـی و تەنانەت سـتراتیژی ئۆراسـیاییش. هەردوو جەمسـەرەکە داعـش بەهێزێکـی ترسـناك وەسـفدەکەن کـە بـۆی هەیـە زیـان بـە پایەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانیان بگەیێنێـت. بۆیـە هـەردوو بلـۆك دەیانـەوێ لەسـەر زەوینـی واقیـع لـە سـووریا لەڕێگـەی هێـزە وەکالەتییەکانیانـەوە بەرەنـگاری ئـەم هێـزە ببنـەوە. داعـش بـۆ هێـزە سـەرووهەرێمییەکان کارکردێکـی دیکەیشـی پێناسـەکردووە: بووەتـە بیانوویەکـی ئامـادە بـۆ ئـەوەی دەسـت لـە کاروبـاری سـووریا وەربـدەن.[11] ئـەم دۆخـەی داعـش هەلێکـی مێژوویـی زێڕینـی بـۆ کەجەکـە رەخسـاندووە کـە کارکـردە سـتراتیژییەکانی خـۆی سـەرلەنوێ پێناسـەبکاتەوە. کەجەکـە دەیـەوێ ئـەم هەلـە مێژووییـە بقۆزێتـەوە و لێرەشـەوە جگـە لـە دەسـکەوتەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریا، تینێکـی دیکـە بەبـەر بزووتنـەوەی باکـووری کوردسـتاندا بکاتـەوە.
تورکیـا سـەرەتا پشـتیوانی لـە داعـش کـردووە. دواتـر ئـەم پشـتیوانییەی بـۆ سـوپای فەتـح (هێـزی هاوبەشـی ئەحـراری شـام و بـەرەی نـوسرە) زیادکـردووە. ئەمـەش لەگـەڵ سـتراتیژی و پێوەرەکانـی رۆژئـاوا و تەنانـەت ناتۆشـدا ناگونجێـت. ئـەم جیاوازییـە درزێکـی لەنێـوان تورکیـا و ناتـۆدا دروسـتکردووە. ئەمریـکا لـە رۆژئـاوا خەریکـە لەسـەر ئەنجوومەنـی سـووریای دیموکراتـی و باڵـە سـەربازییەکەی واتـە هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی سـەرمایەگوزاری دەکات. تورکیـاش ئـەم گرووپانـە بـە درێژکـراوەی پەکەکـە دەزانـێ و چەندیـن جـار رایگەیانـدووە بـا ئەمریـکا لەنێـوان ئەنکـەرە و پەیـەدە یەکێکیـان هەڵبژێرێـت. ئەمریـکا هەمیشـە جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە ئـەوان پەیـەدە بـە تیرۆریسـت نازانـن و بـە هاوپەیمانـی لەقەڵەمـدەدەن. ئەمەیـش هەتـا دێـت هەلـە مێژوییەکـە زیاتـر بـۆ کەجەکـە هەراودەکاتـەوە. ئـەم هەلـە لەنێـو سـینییەکی زێڕینـدا لەبـەر دەسـتی کەجەکـە دایـە.[12]
بەوجـۆرە دوو هێـز لـە سـتراتیژییە محەلـی، هەرێمـی و سـەرووهەرێمییەکاندا جێگیربـوون. یەکیـان بووەتـە ئامانجـی سـتراتیژییە هەرێمـی و سـەرووهەرێمییەکان و یەکیشـیان کـە پێشـتر لەنێـو لیسـتی تیـرۆری زلهێزەکاندا بـووە، ئێسـتا لەسـایەی بەرەنگاربوونـەوەی ملۆزمـە سـەلەفییە جیهادییەکـەی، پێگـەی هێزێکـی وەکالەتـی بـۆ زلهێـزەکان پەیداکـردووە کـە لەجیاتـی ئـەوان لـەڕووی زەوینییـەوە پەلامـاری "دەوڵەتـی ئیسـلامی" دەدات و بەمـەش وەك هێزێکـی رزگاریبەخـش نێوبانگـی پەیداکـردووە. ئـەم هـەردوو هێـزە هێـزی پۆسـت سـایکس – پیکـۆن، دان بـە سـنوورەکاندا نانێـن و خـاوەن کۆمەڵێـك ئایدیـا و سـتراتیژی سەرنجڕاکێشـن. لەگـەڵ ئەمـەش یەکێکیـان لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە بـە "ئەهریمـەن" و یەکێکیشـیان بـە "فریشـتەی رزگارکـەر" لەقەڵەمدەدرێـت.

## کەجەکە: خۆگونجاندن لەگەڵ سێ ئاڵقەی جیۆسیاسی

کۆمـا جڤاکێـن کوردسـتان - کەجەکـە وەك ماکـی بەشـێکی زۆر لـە گرووپـە سیاسـییەکانی باکـوور و رۆژئـاوای کوردسـتان ئەمـڕۆ لەگـەڵ واقیعێکـی نوێـدا رووبەڕووبووەتـەوە. کەجەکـە بەتایبـەت باڵـە سـوورياییەکەی وەك

10 - زارا مستو، هل التحالف الامريكي مع الكورد في سوريا سياسي ام عسكري؟ موعق ولاتي نت، 19 – 12 – 2015.

11 - الازمة السورية: اتجاهات التدافعات الاقليمية و الدولية، تقدير موقف، مركز الجزيرة للدراسات، 31 يناير 2016.

12 - Ural Çalışlar, Bu Akıl dışı durum nereye kadar, radikal gazetesi, 27 – 2- 2016:

هێزێکـی "بکـەری کارا" خـۆی بەشـێکی زۆر لەم واقیعـەی خولْقاندووە. واتـە هەلومەرجی بەپێی سـتراتیژییەکانی خـۆی رێکخسـتووە. تاڕادەیەکـی زۆریـش لـەوەدا فاکتـەرە محەلـی، هەرێمـی و سـەرووهەرێمییەکان لەگەڵیبـوون. لەگـەڵ ئەمـەش ئاینـدەی دەسـکەوت و داوودەزگاکانـی کەجەکـە لـە رۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریا بـە فاکتـەرە محەلـی، هەرێمـی و سـەرووهەرێمییەکانەوە بەنـدە. ئەمـەش گەمەیەکـی هاوئاهەنگـی پێویسـتە کـە تێکـڕای فاکتـەرەکان لەخۆبگرێـت. [13]

**ئاڵقـەی یەکـەم - کەجەکـە لەگـەڵ فاکتـەری کوردسـتانی:** کەجەکـە لـە باکووری کوردسـتان تەنیا هەندێکجـار لەچوارچێـوەی هاوپەیمانـی سیاسـی و بـەم سـاڵانەی دواییـش هاوپەیمانـی هەڵبژاردنـدا ویسـتویەتی لەگـەڵ گرووپـە کوردسـتانییەکاندا هـاوکاری بـکات. لـە باکـووری کوردسـتان ئـەو سـەردەمەی پەکەکـە تـازە خـۆی راگەیاندبـوو، لەگـەڵ زۆربـەی زۆری گرووپـە کوردییەکانـدا پێکدادانـی توونـدی هەبـووە. کاتێکیـش پێگـەی سـەرکردایەتییەکەی بـۆ باشـووری رۆژئـاوای کوردسـتان گواسـتەوە، لەوێـش هەمـان رێبـازی پیادەکـردووە. ناوبەنـاو لەگـەڵ گرووپـە کوردییەکانـدا جۆرێـك لـە دیالۆگـی هەبـووە، بـەڵام بەگشـتی هیچـکات نەیویسـتوە بەشـێوەیەکی شـێلگیرانە هـاوکاری و هاوئاهەنگیـان لەگـەڵ بـکات. [14]
لـەدوای شۆڕشـی سووریاوە پەیوەندییەکانـی تەڤـدەم باڵـی فەرمـی کەجەکـە لـە رۆژئـاوای کوردسـتان لەگـەڵ ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کـورد – ئەنەکەسـە ئاسـت و رووبەرێکـی جیـاوازی بەخۆیەوەگرتـووە. لێـرەوە بـە نێوانگیـری سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان لـە رێککەوتنەکانـی هەولێـر 1، هەولێـر 2 و دهـۆك 1 دا هەردوولا لەسـەر رێچکەیـەك بـۆ کاروبـاری ئـەو پارچەیـەی کوردسـتان رێککەوتـن. رێچکـەی یەکـەم دامەزراندنـی دەسـتەی بـاڵای کـوردی بـوو، بـەڵام بەناکامـی لەدایکبـوو. لـە رێککەوتنـی دهـۆك 1یشـدا "لێڤەگـەڕی سیاسـی" دامـەزرا، بـەڵام ئەمەشـیان بەناکامـی مایـەوە.

**ئاڵقـەی دووەم - کەجەکـە لەگـەڵ فاکتـەری هەرێمـی:** باڵـی رۆژئـاوای کەجەکـە سـەرەتا لەگەڵ ئـەوەی زۆربەی زۆری ناوچەکانـی رۆژئـاوای کوردسـتانی کۆنترۆڵکـرد، تەنیـا لـە قامشـلۆ چەنـد داوودەزگای رژێمـی بەشـێوەیەکی هێمایـی هێشـتەوە. دیـارە پەیـەدە لـە قۆناخـی یەکەمـدا دەیویسـت ئـەم فاکتـەرە هەرێمییـە (رژێمـی ئەسـەد) وەك گەرەنتییـەك لەبەرامبـەر هەرچـی دەسـوەردانێکی هێـزە چەکدارەکانـی تـورك بقۆزێتـەوە. ئەمـەی کـردە فاکتەرێکـی ئاسایشـی بـۆ داوودەزگاکانـی خـۆی. لێـرەوە پەیـەدە بەقۆسـتنەوەی دینامیکـە هەرێمییـەکان بـەرە – بـەرە زەمینـەی بـۆ جێگیرکردنـی دەزگاسـازی خـۆی لـە رۆژئـاوا خۆشـکردووە. پەیـەدە بەپشتبەسـتن بـەم فاکتـەرە توانـی لەمـاوەی دوو سـاڵدا هەمـوو دەسـکەوتەکانی لەشـێوەی ئیـدارەی خۆسـەری دیموکراتیـدا رێکبخاتـەوە و رایبگەیێنێـت. [15]
لـە قۆناخـی دووەمیشـدا پەیـەدە هەنگاوێـك چـووە پێشـەوە. ئەمجـارە دوای جاڕدانـی خۆسـەری دیموکراتـی، بەشـێنەیی فاکتـەری هەرێمـی ئێرانیشـی لـە کێشمەکێشـەکانی رۆژئـاوای کوردسـتاندا قۆسـتەوە. بەمـەش

13 - احمد سليمان، سوريا التي تنتظر اتفاقا اقليميا و دوليا، موقع ولاتی، 23 – -2 2 2016.

14 - چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ بۆتان (نیزامەددین تاش) ئەندامی پێشوی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، سەبارەت بە پەکەکە و خۆرئاوای کوردستان، کۆیە، هاوینی 2008، بەکاسێت.

15 - مامەند رۆژە، دیفاکتۆی خۆرئاوای کوردستان، نامیلکە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی روداو، هەولێر، چاپنەکراو، شوباتی 2016.

ئاسـتەنگێکی دیکـەی لەپێـش دەسـتوەردانی تورکیـا دانـا. هەروەهـا توانـی پشـتیوانی لۆجسـتی ئێـران و تەنانـەت حکومەتـی عێراقیـش بـۆ داوودەزگاکانـی وەربگرێـت. بەتایبـەت لـە رووبەڕووبوونـەوەی داعشـدا، یەپەگـە بـووە خاڵـی پێکگەیاندنـی پاڵپشـتی سـێکوچکەی رژێمـی ئەسـەد - ئێـران - عێـراق. بەگوێـرەی هەندێـك لـە سـەرچاوەکان، یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل یەپەگـە، لـە رووبەڕووبوونـەوەی هێزەکانـی داعشـدا بەباشـی کەڵکیـان لـە هـاوکاری جبەخانـە و لۆجسـتی ئەسـەد، ئێرانییـەکان و عێراقییـەکان وەرگرتـووە. [16]

**ئاڵقـەی سـێیەم - کەجەکـە لەگـەڵ فاکتـەری جیهانـی:** لە تەنگژەی کوبانێیـەوە کەجەکـە پێی ناوەتـە قۆناخێکی نوێـوە. بـۆ یەکەمجـار فاکتـەری جیهانـی ئەتڵەسـیش بەهانـای یەپەگـەوە هاتـوون. ئەمـە سـەرەتا بەدابارانـدنـی چـەك و جبەخانـە بـۆ یەپەگـە لەنێـو شـارەکە دەسـتیپێکرد. پاشـان لـە پشـتیوانییەکی ئاسـمانییەوە بەردەوامبـووە بـۆ ئـەوەی شـاری کۆبانـێ نەکەوێـت. بـەڵام ئـەم پەیوەندییانـە بـەرە - بـەرە رەهەندێکـی سـتراتیژییان وەرگرتـووە و ئەمریـکا لـە سـتراتیژی رووبەڕووبوونـەوەی داعشـدا یەپەگـەی بـە هێـزی هاوپەیمانـی سـەرەکی خـۆی لەقەڵەمـداوە. لـە سـتراتیژی نەهێشـتنی داعشـدا، ئەمریـکا زیاتـر پشـتیوانی ئاسـمانی و هەواڵگـری دەسـتەبەردەکات و دەیـەوێ هێرشـی زەوینـی لەلایـەن هێـزە محەلییـە وەکالەتییەکانـەوە ئەنجامبدرێـت. لـەوەدا پشـکەکە بەنـاوی یەپەگـەوە دەرچـووە، چونکـە: ئـەم لایەنـە هێزێکـی سـیکۆلارە، نەیـاری سرووشـتی سـەلەفیەتی جیهادییـە، دەکـرێ لـە ئاینـدەدا وەك بەدیلـی ئەسـەدیش حسـابی لەسـەر بکرێـت. [17]
کەجەکـە ئـەم سـتراتیژیەی ئەمریـکای قۆسـتووەتەوە. بۆیـە دەسـبەجێ ئامادەسـازی بـۆ دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی سـووریای دیموکراتـی و باڵـە سـەربازییەکەی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی کـردووە. ئێسـتا ئـەم هێـزە بـە دوو ئاراسـتەدا پێشـڕەوی دەکات: یەکـەم، لـە باشـوورەوە بـەرەو ناوچەکانـی شـەداد و دێـرەزور دەکشـێت. دووەم لـە رۆژئاواشـەوە بـەرەو پێکەوەبەسـتنەوەی دوو کەرتـی کۆبانـێ - عەفریـن هەنـگاو دەنێـت.[18] هەروەهـا لـە عەفرینیشـەوە ئـەم هێزانـە بـە ئاراسـتەی گرتنـەوەی ئەعـزاز - مـارع و جەرابلـۆس دەسـتیان بەپێشـڕەوی کـردووە. رووسـیاش لـەم سـتراتیژییەدا بـۆ لێدانـی بنکـەی سـەربازیی بـەرەی نـوسرە - ئەحـراری شـام، پشـتیوانی ئاسـمانیی یەپەگـە دەکات. کەجەکـە لـە شـەڕی کوبانێـوە هاتووەتـە نێـو سـتراتیژییە نێودەوڵەتییەکانـەوە. لێـرەوە توانیویەتـی هـەردوو فاکتـەری پشـتیوانی ئەتڵەسـی و ئۆراسـیایی بـۆ خـۆی مسـۆگەر بـکات.

## ئەنجام، کەجەکە جیۆپۆلیتیکی پۆست-داعش

لەجیۆپۆلیتیـکادا پێگـەی جوگرافـی یەکـە سیاسـییەکان زۆر گرنگـە. پێگـە جوگرافییـەکان بەپێـی تیۆرییەکانـی جیۆپۆلیتیـك بەسـەر ئەوانـەی خـوارەوەدا دابەشـدەکرێن: یەکـەم، پێگـەی دوورگەیـی - دەریایی وەك ئینگلتەرە و ژاپـۆن. دووەم، پێگـەی کیشـوەری - دوورگەیـی وەك ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا. سـێیەم، پێگـەی کیشـوەری وەك رووسـیا. چـوارەم، پێگـەی کەناریـی وەك تورکیـا و ئێـران. پێنجـەم، پێگـەی ناوکیشـوەری وەك ئەفغانسـتان، مەغۆلسـتان و کوردسـتان.

---

16 - مامەند رۆژە، دیفاکتۆی خۆرئاوای کوردستان، سەرچاوەی پێشو.

17 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، دارالحكمة، لندن، الطبعة الاولى 2015، ص 201.

18 - العقيد طلال سلو، انتصاراتنا ضد تنظيم داعش تساهم في ازدياد اسهمنا لدى قوات التحالف الدولي، شبكة ولاتى، الحسكة، 19-11-2015.

بەپێـی تێـزە جیۆسیاسـییەکان باشـترین پێگـە پێگـەی دوورگەیـی دەریاییـە و خراپتریـن پێگـەش پێگـەی ناوکیشـوەرییە. کوردسـتان تائێسـتاش پێگـەی ناوکیشـوەری هەیـە، بۆیـە ئـەم داخرانـە جیۆسیاسـییە هەمیشـە بانـدۆری خراپـی لەسـەر پێگـەی بزووتنـەوە سیاسـییەکەی هەبـووە. [19]

زۆرجاریـش پێگـەی دەوڵـەت گەلێـك باشـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی بـژارەی سیاسـی خـاوەن هوشـیاری جیۆسیاسـی نییـە، ناتوانـێ ئـەم پێگەیـە بخوێنێتـەوە و بەپێـی ئەمـە سـتراتیژەکەی دابڕێژێـت. بەپێچەوانەشـەوە زۆرجـار پێگـەی جیۆسیاسـی وڵات زۆر بـاش نییـە، بـەڵام دەسـتەبژێری سیاسـی توانیویەتـی بـە هەوڵـی خـۆی دۆخـە سـتراتیژییەکان بقۆزێتـەوە و وڵاتەکـەی پـێ تۆکمەبـکات. بـۆ نموونـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە پێگـەی هـەردوو وڵاتـی ئێـران و تورکیـا بدەیـن. لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا عوسـمانی پێگـەی وڵاتەکـەی خوێندبـووەوە، بـەڵام لەبـەر بڕیـاری سـتراتیژی هەڵـەی لایەنگرییـان لـە یەکێـك لـە جەمسـەرەکان بـووە هـۆی ئـەوەی ئیمپراتۆرییەکـە لەبەریـەك هەڵبوەشـێتەوە. ئەمـە لەکاتێکـدا ئێـران لـەم جەنگـەدا بەبێلایەنـی توانـی قـەوارەی خـۆی بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی بپارێزێـت. لـە جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا بەپێچەوانـەوە تورکیـا بێلایـەن مایـەوە کەچـی ئێـران لایەنـی یەکێـك لـە جەمسـەرەکانی گـرت. ئەمـەش بـووە هـۆی دەسـتوەردانی دەرەکـی لـە ئێـران و دوورخسـتنەوەی پادشـاکەی.[20] هەروەهـا دەتوانیـن ئامـاژە بـە پێگـەی جوگرافـی تورکیـا لـەدوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی بدەیـن. لـەم جەنگـەدا دەسـتەبژێری سیاسـی کاتێـك ئەوەیـان زانـی جەمسـەرێك جەنگەکـەی بردووەتـەوە، ئەوسـا بڕیارێکـی یەکلاکـەرەوەی داوە و لەگـەڵ جەمسـەری ئەتڵەسـی پەیمانـی بەسـتووە. بۆیـە بـە ئەندامبوونـی تورکیـا لـە پەیمانـی ئەتڵەسـی لـە خوێندنـەوەی پێگـەی جیۆسیاسـی ئـەم وڵاتـەوە هەڵدەقوڵێ، چونکـە لـە باشـوورەوە هاوسـنووری یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە. ئەمـەش لەتوێـی سـتراتیژی "کۆنتاینمەنـت"دا بـۆ ناتـۆ زۆر گرنـگ بـووە. بەپێـی ئـەم سـترایتژیە دەبووایـە بلۆکـی ڕۆژهـەڵات و یەکێتی سـۆڤیەت لە چـواردەورەوە گەمارۆبدرایـە. بۆیـە پێگـەی تورکیـا نایـاب بـوو. دەسـتەبژێری تورکیـا بـاش ئەمـەی خوێنـدەوە. [21]

ئێسـتا لـە پەنـای ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش هێزێـك بەنـاوی "دەوڵەتـی ئیسـلامی" هاتووەتەکایـەوە. ئـەم هێـزە لەلایـەن بلۆکـی ئەتڵەسـی و هێـزی ئۆراسـیاییەوە بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر پایەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی وەسـفدەکرێت. هـەردوو هێزەکـەش نایانـەوێ بەسـتراتیژی پەلامـاری زەوینـی ڕووبـەڕووی داعـش ببنـەوە و پێویسـتیان بـە هێـزی مەیدانـی محەلـی هەیـە، جەنگـی وەکالەتیـان بـۆ بـکات. کەجەکـە ئـەم دۆخـەی خوێندووەتـەوە و خـۆی وەك بەربژێـری ئـەم هێـزە وەکالەتەییـە نیشـانداوە. ئەمـەش پێگـەی جیۆسیاسـی کەجەکـەی بەیەکجـاری گۆڕیـوە. کەجەکـە توانیویەتـی پێگـەی جیۆسیاسـی باڵەکـەی سـووریای بقۆزێتـەوە. ئەمـە کۆتایـی بـە چەرخـی گەمـارۆی سـتراتیژی لەسـەر ئـەم گرووپـە هێنـاوە و لەنێـو سـتراتیژییە جیهانییەکانـدا بەتایبـەت سـتراتیژی نەهێشـتنی تیـرۆردا، جێگەیەکـی بـۆ دەسـتەبەرکردووە.

ئـەم پێگەیـە بـۆ جیۆپۆلیتیکـی پۆست-داعشـیش گەلێـك یەکلاییکـەرەوە دەبێـت. پێدەچێـت لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە بەپشـتیوانی ئەمریکییـەکان کار بـۆ ئۆپەراسـیۆنی دەرپەڕاندنـی داعـش لـە ڕەققـە و دێـرەزور بکرێـت. ڕەنگـە هێـزی زەوینـی بەربژێـر بـۆ ئـەم ئۆپەراسیۆنە (هێزەکانـی سـووریا ی دیموکراتی)بێـت. ئەمـە لـە قۆناغـی پۆست-داعشـدا پێگەیەکـی جیۆسیاسـی تۆکمەتـر بـە باڵـی سـووریایی کەجەکـە دەبەخشـێت.[22]

---

19 - د.عیززەتوڵلا عیززەتی، جیۆپۆلەتیك، وەرگێڕانی کەمال ڕەشید شەریف، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کورستان، سلێمانی، 2004، لا -97 96.

20 - نجف قلي پسيان، از مهاباد خونين تا كرانەهاى رود ارس، تهران، 1948، ص 103-104.

21- N. Spykman"Americans Strategy in World Politics". 1992. Pp.45.

22 - العقيد طلال سلو، انتصارتنا ضد تنظيم داعش تساهم في ازدياد اسهمنا لدي قوات التحالف الدولي، شبكة ولاتي، الحسكة، 19 – 11 – 2015.

سیناریۆ دارشتن بۆ قۆناغی پۆست – داعش زۆر ئاستەم نییە، بەڵام پێدەچێ داعش وەك دیفاکتۆدەوڵەت لە سووریا نەمێنێت. داعش وەك هێزێکی پەرتوبڵاو کە ستراتیژی جەنگی "ئەسیمەتریك" واتە جەنگی چەتەیی پیادەدەکات، لە بەشێکی بەرینی سووریادا دەمێنێتەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە داعش، بەرەی نوسرە، جوندی ئەقسا و تەنانەت ئەحراری شامیش یەکبگرنەوە. پێشبینیدەکرێت باڵی سووریایی کەجەکە رووبەڕووی جەنگێکی پڕوکێنەری درێژخایەن لەگەڵ گرووپە سەلەفییە جیهادییەکاندا ببێتەوە.

# سەرچاوەکان


1 -  چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ ماهیر عەفرینی، یەکێك لە کادیرە باڵاکانی کوردی سوریا لەناو پەکەکە، سلێمانی، تەموزی 2013 بەکاسێت.

2 -  چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ ئەبوبەکر (خەلیل ئاتاج) ئەندامی پێشوی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، کۆیە، شوباتی 2007 بە کاسێت.

3 -  بیار روباری، اردوغان والحائط الكردي، ولاتی نت، شوباتی 2016.

4-  . www.Radıkal.com. Cengiz Çandar, Süryede kayıpet – kayıpet politikası, Şubat 2006.

5 - اديب سيف الدين، تركيا بقيت وحيدة، موقع ولاتی نت، 23 – 2 – 2016.

6 -  مامەند رۆژە، چۆن دەبین بە دەوڵەت؟ ئایندەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، چاپی یەکەم، کۆمپانیای شارپرێس، سلێمانی 2014، لا 259.

7- Ahmet Davutoğlü, Stratejik Derinlik, Küre Yayınlari, Istanbul, 2009, s.15-.

8 - احمد قاسم، مرة اخرى داعش هي من تغير الاستراتيجيات، موقع ولاتي نت، 27  - -2 2016.

9 - زارا مستو، هل التحالف الامريكي مع الكورد في سوريا سياسي ام عسكري؟ موعق ولاتي نت، 19 – 12 – 2015.

10 - الازمة السورية: اتجاهات التدافعات الاقليمية و الدولية، تقدير موقف، مركز الجزيرة للدراسات، 31 يناير 2016.

11 - Ural Çalışlar, Bu Akıl dışı durum nereye kadar, radikal gazetesi, 27 – 2- 2016:

12 - احمد سليمان، سوريا التي تنتظر اتفاقا اقليميا و دوليا، موقع ولاتی، 23 – -2 2016.

13 - چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ بۆتان (نیزامەددین تاش) ئەندامی پێشوی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، سەبارەت بە پەکەکە و  خۆرئاوای کوردستان، کۆیە، هاوینی 2008، بەکاسێت.

14 - مامەند رۆژە، دیفاکتۆی خۆرئاوای کوردستان، نامیلکە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی روداو، هەولێر، چاپنەکراو، شوباتی 2016.

15 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، دارالحكمة، لندن، الطبعة الاولى 2015، ص 201.

16 - العقيد طلال سلو، انتصاراتنا ضد تنظيم داعش تساهم في ازدياد اسهمنا لدى قوات التحالف الدولي، شبكة ولاتی، الحسكة، 19 – -11 2015.

17 - د.عیززەتوڵلا عیززەتی، جیۆپۆلەتیك، وەرگێڕانی کەمال رەشید شەریف، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کورستان، سلێمانی، 2004، لا -97 96.

18 - نجف قلي پسيان، از مهاباد خونين تا كرانه‌های رود ارس، تهران، 1948، ص 103-104.

19- N. Spykman”Americans Strategy in World Politics”. 1992. Pp.45.

# ئاینده‌ی هێرشی داعش بۆ سه‌ر ڕۆژئاوای کوردستان [1]

**د. ئازاد عه‌لی**

له‌ دوای ڕاپه‌ڕینی کورد له‌ ڕۆژئاوای کوردستان ، که‌ له‌ 12/3/2004ه‌وه‌ ده‌ستیپێکرد، ناوچه‌کانی ڕۆژئاوای کوردستان و هێزه‌ سیاسییه‌کانی به‌کرده‌وه‌ ڕووبه‌ڕووی دۆخێکی سه‌ختی مامه‌ڵه‌ی ڕژێمی ئه‌سه‌د بوونه‌وه‌. بۆیه‌ ده‌سه‌ڵات ده‌ستیکرد به‌ جێبه‌جێکردنی سیاسه‌تی ده‌رکردن، ته‌عریب و بڕینی هۆکاره‌کانی ژیان له‌ لاوانی کورد . ڕژێم له‌وکاته‌وه‌ هه‌ڵمه‌تێکی چڕی بۆ ڕاوه‌دوونانی لایه‌نگر و ئه‌ندامانی حیزبه‌ کوردییه‌کان ده‌ستپێکرد. گرووپه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ، ئه‌وانه‌ی به‌ حیزبه‌ ئه‌ندامه‌کانی "ڕاگه‌یێندراوی دیمه‌شق" ده‌ناسران، جۆریك له‌ هاوسۆزییان بۆ کورد نیشاندا، به‌ڵام ئه‌مه‌ش زۆر به‌لاوازی ده‌هاته‌ به‌رچاو . ئه‌مه‌ش پشتی به‌ "ڕاگه‌یێندراوی دیمه‌شق" بۆ گۆڕانکاری دیموکراسی به‌ستبوو که‌ بزووتنه‌وه‌ی سیاسی کوردی چ له‌ناوه‌وه‌ یان له‌ ده‌ره‌وه‌ بڕبڕه‌ی پشت و هێزی جه‌ماوه‌ری ئه‌و ڕاگه‌یێندراوه‌ی پێکده‌هێنا. له‌سه‌ر ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ چه‌ند ده‌نگێکی په‌شیمانی ده‌رکه‌وتن که‌ له‌کاتی خۆیدا پشتیوانی کوردیان نه‌کرد له‌ ڕاپه‌ڕینه‌که‌ی به‌هاری ساڵی 2004. به‌ڵام ده‌سه‌ڵات چه‌ندین هه‌وڵی جیاوازی خۆی خسته‌گه‌ڕ بۆ به‌تاڵکردنه‌وه‌ی هه‌ر شێوازێك له‌کاری هاوبه‌ش له‌نێوان هێزه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی عه‌ره‌بی و بزووتنه‌وه‌ی کوردی له‌ نێوه‌ڕۆکه‌ تێکۆشه‌رییه‌ گۆڕانخوازیه‌که‌ی.

## سووپایه‌ک له‌ توندڕه‌وه‌ سوورییه‌کان

به‌دواداچوونی ورده‌کارییه‌کان له‌ گۆڕانکارییه‌ سیاسی و ڕێکخراوه‌ییه‌کاندا له‌ سووریا، له‌ ماوه‌ی ده‌ساڵ و ئاشکراکردنی میکانیزمی پێشکه‌وتن و ڕه‌گداکوتانی بزووتنه‌وه‌ی جیهادی له‌نێو سووریا له‌ دوای به‌هاری ساڵی 2011، پێویستی به‌ لێکۆڵینه‌وه‌ی ورد بووه‌ ، سه‌ره‌ڕای ئه‌و به‌ڵگه‌نامه‌ و زانیارییانه‌ی که‌ هه‌ن. بۆیه‌ ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌مان له‌ نزیکترین ئاست له‌ گه‌یاندن و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی وێنه‌ی دیمه‌نی سیاسی و سه‌ربازی که‌ به‌درێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو له‌ سووریا به‌گشتی و له‌ ناوچه‌ کوردییه‌کان به‌تایبه‌تی پێکهاتووه‌ چڕده‌بێته‌وه‌. هه‌روه‌ها ئێمه‌ ئاماژه‌ به‌ نیشانه‌ی دیمه‌نی سه‌ره‌کی و هێڵه‌ گشتییه‌کان ده‌ده‌ین که‌ له‌ به‌ره‌وپێشچوونی ڕووداوه‌کاندا ده‌رده‌که‌ون. پاشان به‌و فاکته‌رانه‌ی که‌ بوونه‌ته‌ هۆکار بۆ دروستکردنی ئه‌م گۆڕانکارییه‌ قوڵانه‌، ئه‌ویش به‌ پشتبه‌ستن به‌ سووپایه‌کی ڕاسته‌قینه‌ له‌ خه‌ڵکی توندڕه‌و که‌ قه‌واره‌ی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی سوورییان سه‌ره‌وژێرکرده‌وه‌.

یه‌کێك له‌و فاکته‌رانه‌ی که‌ زه‌مینه‌یان بۆ پیتاندنی ژینگه‌یه‌کی توندڕه‌وی خۆشکرد له‌نێو سووریادا، بریتیبوو له‌ ململانێی سیاسی له‌نێوان هه‌ردوو بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی عه‌لمانی عه‌ره‌بی و ئیسلامی، پاشان

1 - ئه‌م باسه‌ به‌ زمانی عه‌ره‌بی نووسراوه‌ له‌لایه‌ن به‌ختیار محه‌مه‌د فه‌تحی-یه‌وه‌ کراوه‌ته‌ کوردیی ناوه‌ڕاست.

گەشەسەندنی ململانێی نەژادی تایفەگەری سیاسی بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین کە لەدژی رژێمی بەعسیی حافز ئەسەد دەستیپێکرد و دواتر، گەیشتن بە بڵاوکردنەوەی بیری بانگەوازخوازی سەلەفی و پاشانیش جیهادی تەکفیری لەنێو سووریادا. هاوکات لەگەڵ ئەم فاکتەرانەی بەرهەمهێنانی بیری توندڕەوی، کردەوەی نیزامی تایفەگەری جیاکاری لەدژی پێکهاتەی بەرفراوانی زۆرینەی سوننە لە سووریادا کاریگەری خۆیان هەبووە. هەروەها لەسەر تەشەنەسەندنی خێرا و قوڵبوونەوەی کەشوهەوا کۆمەڵایەتییەکە بۆ توندڕەوی ئیسلامی کاریگەربوون کە باوەشی بۆ کردووەتەوە.
بەدرێژایی مێژووی نوێی سووریا، ململانێ لەنێوان رەوتی سەربازی لەلایەك و سیاسەتمەدارانی لیبراڵ و ئیسلامیی لەلایەکی دیکەوە هەر هەبووە. لە کۆتاییشدا یەکلایی بووەتەوە و بەشێوەیەکی رەمزی خۆی لەنێو ململانێی عەمامە و پۆستاڵدا بینیوەتەوە.
رژێم بەپشتبەستن بە پێکهاتەی سەربازی، توانیویەتی ئەزموونێکی گەورەی هەواڵگری لە بواری بەڕێوبردن و وەبەرهێنانی رێکخراوە سیاسییەکان و رقئەستووری توندڕەوی بەدەستبێنێت و لەم بوارەشدا لە متمانەپێهێنانی هێزە کاراکانی نێو گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتی سەرکەوتووبووە کە وەك باشترین جێگرەوە بۆ توندڕەوی ئیسلامی دەمێنێتەوە.
رژێم ئەم ئەزموون و خەسڵەتەشی خستەگەڕ بۆ راکێشانی رێکخراوە جیهادییەکان و چاوپۆشیکردن لە گەشەکردنی ئەو زەمینەیەی لەنێو سووریادا هەبووە ئەویش لەدوای چەند مانگێکی کەم لە دەستپێکردنی راپەڕینەکانی سووریا. بەهێزترین ئەو رێکخراوانە کە زۆرترین شێوازی توندڕەوی هەبووە بەرەی نوسرە (جبهە النصرە) بووە.

## هێرشی بەرەی نووسرە بۆ سەر ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان و ئامادەکاری بۆ جەنگی داعش:

بەرەی نوسرە لەنێوان دەیان کەتیبە و گرووپی سەربازییدا لە کۆتایی ساڵی 2011 سەریهەڵداوە. ئەمانە سەر بە بیری سەلەفی جیهادی بوون و بەڕاشکاوی وابەستەی رێکخراوی قاعیدە بوون. بۆیە لە مانگی کانونی یەکەمی 2011 بەو ناوەوە رەواجی پەیداکردووە، پەرەی بە تواناکانی داوە بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند مانگێکدا ببێتە یەکێك لە دیارترین هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار . تاوەکو ئەو رادەیەی ژمارەی چەکدارەکانی لە ساڵی 2013 گەیشتە نزیکەی شەش هەزار کە زۆرینەیان لە جیهادییە بیانییەکان بوون[2]. لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا هیچ شێوازێکی رەق و توندوتیژی لەلایەن ئەمانەوە نەنوێنراوە، چونکە بەدرێژایی ساڵی 2012، کاتێك لە شەقامە گشتییەکانی هەردوو پارێزگای رەققە و دێرەزور چاومان بە ئەندامەکانی دەکەوت نەرمی و رەفتاری رێك یەکێك لە شێوازەکانی مامەڵەکردنیان بوو لەگەڵ خەڵکدا ، کە خۆیان نمایشیاندەکرد. بۆیە لە سەرەتادا رەفتاری رێکی ئەمانە بۆچوونێکی ئەرێنی لەو ژینگەیەدا دروستکرد کە پێشوازی لێدەکردن و بەخێوکەریان بوون.

---

2 - پێگەی سەرچاوەکە، هەر چەندێکتان ویست دەربارەی بەرەی نوسرە بزانن لە بەستەرەکەدا بیدۆزنەوە، دوایەمین سەردان 2016/3/24:
http://www.al-masdar.net/

هەروەهـا دیـارە ئەمـە شـێوازێکی نوێبـوو لـە کارکـردن بـۆ ڕاکێشـانی سـۆزی هەندێـك لـە هـۆزە عەرەبییـەکان بـەلای خۆیانـدا، بەتایبەتیـش لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا لەگـەڵ عێـراق کـە لەوێـوە بەشـی سـەرەکی ڕێکخراوەکەیـان بـۆ عێـراق گواسـتەوە و وەبەرهێنانیـان لەسـەر لاوان دەکـرد.
بـە حوکمـی وابەسـتەبوونی زۆرینـەی سـەرکردەو لایەنگرانـی بـەرەی نـووسرە بـە دامەزراوەکانـی هـەردوو حیزبـی بەعـس لەعێـراق و سـووریا، ئـەوە وایکـرد دووبـارە دەسـت بـە گرتنەبـەری هەمـان ئـەو ئامانـج و ڕەفتارانـە بکـەن کـە ڕژێـم پەیڕەوی دەکـردن. بۆیـە بـەرەی نـووسرە پارێـزگاری لـە ژمارەیـەك لـە ئەندامەکانـی کـرد کـە لەنێـو دامـەزراوە حکومییەکانـدا بـوون، لەوانـەش دەزگا ئەمنییەکانی حکومـەت و یەکە سـەربازییەکان.
هەروەهـا خاوەنـی کۆمەڵێـك گرووپـی هەواڵگـری پێشـکەوتوو بـوو، وێـڕای چەندیـن چیرۆکـی جیـاواز کـە بـە هاوتەرییـی لەگـەڵ سـەرکەوتن و بڵاوبونەوەیـدا دەبیسـتران، سـەبارەت بـەوەی کـە زۆرینـەی سـەرکردەکانی بـەرەی نـووسرە لـە ئەفسـەرانی هەواڵگـری سـەربازی سـووری بـوون، ئەمـە سـەرەڕای ئەنجامدانـی چەنـد چالاکییەکـی سـەربازی گـەورە لـەدژی جومگەکانـی حوکـم. بۆیـە بـەرەی نـووسرە دەسـتی بـە ئەنجامدانـی هێرشـی توونـد کـرد بـۆ سـەر ئـەو ئامانجانـە کـە سـەربە ڕژێمـی سـووریا بـوون، تەنانـەت لـە نێوەڕاسـتی سـاڵی 2013 بەرپرسـیارێتی خـۆی لـە ئەنجامدانـی 57 هێرشـی خۆکـوژی لەنێـو سـووریادا ڕاگەیانـد.[3]
بـە چاوپۆشـین لـەم هەلومەرجانـە، بـەرەی نـووسرە دەرفەتەکـەی بـۆ بنیادنانـی پەیوەنـدی بـاش لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا قۆسـتەوە و لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆنی چەکـداری هاوئاهەنگبـوو و دەسـتیدایە پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هاوپەیمانـی سـووری ئۆپۆزیسـیۆن، تاوەکـو ئـەو ڕادەیـەی کـە معـاز خەتیب، سـەرۆکی پێشـووی هاوپەیمانیـی هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا، گوتـی "بانگـی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا دەکـەم، بـۆ دووبـارە چاوخشـاندنەوە بـە دانانـی بـەرەی نـووسرە لـە لیسـتی تیـرۆردا". ئـەو لەبـەردەم زۆرتـر لـە سـەت دەوڵەتـی ئامادەبـوو لـە کۆڕبەنـدی دۆسـتانی گەلـی سـووریا لـە مەغریـب ئەمـەی گـوت! دەیویسـت بڵێـت کـە دەبـێ ئەمریـکا ڕەچـاوی ئـەوە بـکات کـە بـەرەی نـووسرە یەکێکـە لـەو لایەنانـەی کـە ڕووبـەڕووی دەسـەڵات بووەتـەوە و نابـێ بـە تیرۆریسـت دابنرێـت . ئەمـەش پێویسـتی بـە دووبـارە پێداچوونەوەیـە .
هەروەهـا ئـەو گوتی"پێدەچـێ ئێمـە لەگـەڵ هەندێـك لـە لایەنـەکان لـە بیـر و بۆچوونـی سیاسـیدا جیاوازبیـن، بـەڵام دووپاتیدەکەینـەوە کـە تفەنگـی شۆڕشـگێڕان ڕووەو ڕووخاندنـی دەسـەڵات ئاراسـتەکراوەو هیـچ شـوورەیی نییـە بـەلای هیـچ کەسـێکەوە کـە هانـدەری بـۆ ڕزگارکردنـی وڵاتەکـەی دینەکـەی بێـت، چونکـە ئـەو دینـەی میللەتـان ڕزگارنـاکات و زوڵـم و زۆرداریـش لەنێونابـات دینێکـی سـاختەیە". زۆرتریشـی لەسـەر ڕۆیشـت و گوتـی "بوونـی بزووتنـەوەی سـەربازی بەزۆرینـەی ڕەنگـی ئیسـلامی، شـێوازێکی ئەرێنییـە و شـانازی پێوەدەکەیـن، چونکـە شـەهیدبوون لەپێنـاو خـودا هەمیشـە بزووێنـەری سـەرەکی بـۆ ڕزگارکردنـی مـرۆڤ بـووە."[4]
ڕەوتـی سـەلەفی جیهـادی هەلومەرجەکـەی قۆسـتەوە و هاتەنـاوەوە. ڕژێمیـش بـۆ پارسـەنگدانەوەی هێـزە سـەرەکییەکانی شـۆڕش کەڵکـی لـەم گرووپـە سـەلەفییانە وەرگـرت. ڕژێـم بـە بیانـووی بەرپەرچدانـەوە دەسـتی

---

3 - بەرەی نوسرە: جبهة النصرة: «أفغنة» سوريا، بوابة الحركات الإسلامية، بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی 2014/5/1، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/16:
http://www.islamist-movements.com/2526

4 - ناونانی هەینی سبەینێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمریکا: بەرەی نوسرە تیرۆریست نییە، پێگەی اورینت نیوز، لە ڕێکەوتی 2012/12/12، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری: 2016/3/19، http://www.orient-news.net/ar/news_show/1000

بـە هەڵەتێـك كـرد بـۆ ئـەوەی ئەمـە بـۆ هەڵچوونێكـی جەمـاوەری و نەتەوەیـی وەربسـووڕێنێت. بۆیـە بـەرەی نـووسرە یەكـەم لایـەن بـوو كـە سـوودی لـە كەشـی بڵاوكردنـەوەی تووندوتیـژی وەرگـرت بـۆ فراوانكردنـی ئـەو ژینگەیـەی ئامیـزی بـۆ كردبـووەوە لـەڕووی جوگرافـی لەنێـو ئـەو گوندانـەی لەژێـر ركێفـی دەسـەڵات دەربازیان بـوو. نـووسرە هەوڵیـدا دەسـت بەسـەر ناوچەكانـی حـەوزی خابـووری خـواروودا بگرێـت كـە سرووشـتی كۆمەڵایەتـی خێڵەكـی هـەژاری لـكاوی بـە عێراقـەوە هەیـە. هەروەهـا دەسـتی بـە هاندانـی خێڵـەكان بـۆ بەهێزكردنـی ئامادەیـی سـەربازی خـۆی لـە ناوچەكـەدا كـرد. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەوڵیـدا (جیـش الانصـار) لـە رەققـە دابمەزرێنێـت كـە سـووپایەكی خێڵەكییـە بـە تایبەتمەنـدی ئـەم ناوچەیـە، هەروەهـا رەگـی دەسـەڵاتی خـۆی لـە دەوروبـەری گونـدی ئەلشـەحیل لەسـەر فـرات داكوتـا كـە ئیدارەیەكـی بـۆ خـۆی لە ژێـر ناونیشـانێكی گاڵتەجاڕییـدا رێكخسـت لـە كۆتایـی سـاڵی 2012 بەنـاوی دەوڵەتـی شـەحیل.

لەئەنجامـدا بـەرەی نـووسرە بەرنامەڕێـژی بـۆ مەبەسـتی فراوانكردنـی دەسـەڵاتی خـۆی لەنێـو هـۆزە عەرەبییەكانـدا كـرد، واتـە رێگەخۆشـكردن بـۆ نزیكبوونـەوە و گەیشـتن بـە سـنووری توركیـا لـە باكـوورەوە، لەگـەڵ گرتنەبـەری بیرۆكـە و زەمینـەی شۆڤێنیسـتی پێشـوەخت دژ بـە كـورد. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێشـبینی ئەوەیدەكـرد ناوچـە كوردییـەكان بگێڕێتـەوە ژێـر حوكمـی عەرەبـی. سـەرەڕای چاوبڕینـە نـەوت و غـاز كـە هەمـوو ئەمانـە هانـدەری بـەرەی نـووسرە بـوون بـۆ هێرشـكردنە سـەر ناوچـە كوردییـەكان و پێكـدادان لەگـەڵ یەكینەكانـی پاراسـتنی گـەل (یەپەگـە)ی سـەر بـە پارتـی یەكێتـی دیموكراتـی (پەیـەدە).

پێدەچـێ ئـارەزووی دەسـتگرتن بەسـەر ناوچـە كوردییەكانـدا تەنیـا پەیوەسـت نەبووبـێ بـە بـەرەی نـووسرەوە، بەڵكـو ئـەو لایەنانـەی دیكـەش كـە هەوڵیان بـۆ دەدا كەم نەبـوون. هەمـوو پێكەوەبـوون لەگـەڵ بەرزبوونەوەی ئاسـتی گـرژی سیاسـی، بۆیـە هەندێـك لـە یەكـە سـەربازییەكانی سـوپای ئـازاد هێرشـیانكردە سـەر شـارەكانی قامشـلۆ و حەسـەكە. هەروەهـا دەشـێ هێرشـە بەرفراوانەكـە لـە هاوینـی 2012 بـۆ سـەر ناوچـە كوردییـەكان لـە باكـووری سـووریا بـە ئاسـتی بەرەوپێشـچوونی سـەربازی و سیاسـی هێـزە كوردییەكانـەوە ببەسـترێتەوە. سـەرەڕای ناكۆكییەكانیـش یەكگرتنێـك لـە چوارچێـوەی دەسـتەی بـاڵای كوردیـدا هاتەكایـەوە. بۆیـە هەوڵـەكان بـۆ لەباربردنـی ئـەم دەسـكەوتە لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و ناخۆیـی پەرەیانسـەند. بـەڵام وێنەكـە لەنێـو ماڵـی كوردیـدا هیـچ جـوان نەبـوو، چونكـە لایەنێـك هەوڵیـدەدا هەمـوو بارودۆخـە جیـاوازەكان بـۆ بەرژەوەنـدی حیزبیـی خـۆی بقۆزێتـەوە، ئەمـە سـەرەڕای تەقـەلای سـەرۆكایەتی هەرێمـی كوردسـتان بـۆ یەكخسـتنی حیزبـە كوردییـەكان لەنێـو یـەك دامـەزراوەدا، رووداوەكان سـەلمێنەری ئاسـتەنگی بەدەسـتهێنانی ئـەم ئامانجـە بـوون كـە دواتـر لـە بەیاننامەیەكـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی كوردیـدا ئامـاژە بـە خاڵـە لاوازەكانـی نێـو یەكڕیـزی كـوردی كـراوە: "لـە تەممـوزی 2012 و بـە دەستپێشـخەرییەك لەلایـەن سـەرۆكایەتی هەرێمـی كوردسـتان و بەسەرپەرشـتی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی، رێككەوتنـی هەولێـر لەنێـوان ئەنجوومەنـی نیشـتمانی كـوردی و ئەنجوومەنـی گەلـی رۆژئـاوا واژۆكـراوە، بـەو پێیـە دەسـتەی بـاڵای كـوردی پێكهێـنراوە كـە ئەركـی سـەركردایەتی كاری هاوبـەش لـەم قۆناخـە هەسـتیار و نامۆیـەدا بگرێتەئەسـتۆ و لیژنـەی خزمەتگـوزاری، فریاگـوزاری بـۆ دامەزرێنـدراوە. بـەڵام ئـەم رێككەوتنـە وەك پێویسـت كاری پێنەكـراوە و هـەر زوو بەربەسـت و تەگـەرەكان لەبەردەمیـدا چەقیـان بەسـتووە بەهـۆی تاكڕەوی ئەنجوومەنـی گەلـی رۆژئـاوا و قۆرخكردنـی نـاوی دەسـتەی بـاڵای كـوردی بـۆ خـۆی و چالاكنەكردنـی ئـەو سـەركردایەتییە تایبەتمەنـدەی كـە راسـپێردرابوو بـۆ كاروبـاری پاراسـتنی هاوونیشـتمانیانی مەدەنـی و بەرگریكـردن لـە ناوچـە كوردییـەكان . لەبەرئـەوە هێزەكانـی ئاسـایش و یەكینەكانـی پاراسـتنی گـەل كـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی گەلـی رۆژئـاواوە پێكهێنرابـوون لەلایـەن پەیـەدەوە

بەڕێوەدەبرێـن و هیـچ بوارێـك بـۆ هاوبەشـی راسـتەقینە نەهێڵراوەتـەوە".[5]
کەشـی بەهەڵـە لـە یەکترتێگەیشـتن و گومانـاوی، سـەرەڕای ململانێیـەکان و ناکۆکـی حیزبـە کوردییـەکان ، بـووە هـۆی ئـەوەی چەنـد بەیاننامەیـەك دەربکـەن و تێیانـدا ئامانجـە راسـتەقینەکانیان دەربخـەن و ئـارەزووی هەموویـان بـۆ بەرگریکـردن لـە ناوچەکانـی خۆیـان، هەروەهـا بەیاننامـەی دەسـتەی بـاڵای کـوردی ، لـەدژی ئەم هێرشـانە دەرکـرا کـە ئـەوەی تێـدا هاتبـوو : "ماوەیەکـە ناوچـە کوردییـەکان کـردەوە و پێکداپژانـی سـەربازی لەنێـوان یەکـە سـەربازییە جیاوازەکانـدا بەخـۆوە دەبینـن لەژێـر نـاوی سـوپای ئـازاد و سـوپای نیزامـی کـە بەهۆیـەوە تێکـدان و داڕمـان رووی لـە گوندەکانـی جزیـرە کـردووە و جەنگەکـەش بووەتـە هـۆکاری ئاوارەبوونی زۆری دانیشـتوان بـەرەو شـارەکانی حەسـەکە و قامشـلۆ و شـارۆچکەکانی دیکـە . ئـەو هەوڵانـەی دەدرێـن بـۆ پەلکێشـکردنی خەڵـك بـۆ ناوچـە کوردییـەکان هیـچ لـە بەرژەوەنـدی شۆڕشـدا نیـن ، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەم ناوچانـە بوونەتـە بنکەیەکـی پارێـزراو بـۆ ئـەو ئاوارانـەی لـە ناوچەکانـی دیکـەوە روویـان تێدەکـەن کـە جەنگی وێرانـکاری تێیانـدا روویـداوە. دەسـتەی بـاڵای کـوردی پێکـەوە لەگـەڵ نوێنـەری هەمـوو پێکهاتەکانـی دیکـە بـە تـەواوی رەتیدەکاتـەوە کـە ناوچەکەمـان بکرێتـە گۆڕەپانـی جەنـگ یـان دەسـتێوەردان، بەهـۆی هەسـتیاری ناوچەکـە و پێکهاتـەی دانیشـتوانی".[6]
هێرشـی هەندێـك لـە یەکەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا بۆ سـەر شـاری سـەرێکانێ کـە کەوتووەتە سەرسـنووری نێودەوڵەتـی تورکیـا – سـووریا لـە کۆتایـی سـاڵی 2012 دا ، ئاماژەیەکـی ترسـناك و بەڵگـەی دروسـتبوونی گـرژی بـوو لـە پەیوەنـدی عەرەبـی – کـوردی، سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئەمـە پلانێکـی سیاسـی نوێـی ناوەندەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنە بـۆ بانگکردنـی حیزبـە کوردییـەکان و سـوود وەرگرتـن لـە ناکۆکییـە ناوخۆییەکانیـان.
لەگـەڵ ئەمەشـدا هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی چەکداری سـووریا لـە رۆژی 7ی تشرینـی دووەم هێرشـیانکردە سـەر شـاری سـەرێکانێ، بەبـێ ئـەوەی لـەو کاتـدا ئامانجـی ئـەم هێرشـە بـۆ سـەر ئـەم شـارە بزانرێـت کـە ئـەم شـارە هیـچ بارگرانییـەك لەسـەر هاوکێشـەی سـووریا دروسـتناکات، ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا لـە بەیاننامەیەکـدا لەوبـارەوە رایگەیانـد : "دوێنـی سـوپای سـووریای ئـازاد هەڵیکوتایـە سـەر بنکـە ئەمنییەکانـی رژێـم لـە شـاری سـەرێکانێی سـەر بـە پارێـزگای حەسـەکە کـە کەوتووەتـە سەرسـنووری تورکیـا و زۆرینـەی دانیشـتووانی شـارەکە کـوردن. ئـەم هێرشـە پێکدادانـی توونـدی لەنێـوان گرووپـە کوردییـە چەکـدارەکان و هێزەکانـی دەسـەڵات لێکەوتـەوە کـە لـە پارێـزگای حەسـەکەوە دەهاتـن بـەرەو سـەرێکانێ لەسـەر سـنوور لەگـەڵ تورکیـا و لـە دوای شـەڕ و پێکدادانێکـی زۆری هێزەکانـی دەسـەڵات لـە هەوڵێکـدا بـۆ گەیشـتنی هێـزی پاڵپشـت ، پاشەکشـەیان کـرد بـەرەو دەرەوەی شـارەکە. بەگوێـرەی مەزەنـدەی چالاکڤانـان نزیکـەی 90%ی دانیشـتووانی ناوچەکـە کـە نزیکـەی 70 هـەزار کـەس دەبـن بـەرەو دەرەوەی شـارەکە ئـاوارە بـوون و هەندێکیـش چوونەتـە نـاو خاکـی تورکیـاوە. بۆیـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا ، کۆبوونەوەیەکـی بەپەلـەی لـە نـاو شـارەکە لەگـەڵ سـوپای ئـازاد رێکخسـتووە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو هێرشـە سـەربازییە".[7]

---

5 - بەیانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوری، لە رێکەوتی 20 / 2 / 2014 دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/26: http://www.kurdstreet.com/?p=9254

6 - بیان: «الهیئة الكردیة العلیا»، لە رێکەوتی 2013/4/13 دامەزرێنراوە لە تموز 2012، ئەو کاتە نوێنەرێتی هەر یەك لە هێزە سیاسیەکانی کوردی چالاکی سوریای دەکرد، پێگەی گلگامش ، لەسەر بەستەری دوایەمین سەردان: 2016/3/20 http://www.gilgamish.org/viewarticle.30244-php?id=kurds_matters-20130414

7 - جریدة البیان، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/22: http://www.albayan.ae/one-world/1.1763173-08-11-arabs/2012

لەئەنجامی هێرشی کۆمەڵێك لە گرووپە چەکدارەکان لە رۆژی 28/11/2013 بۆ سەر سەرێکانیێ کە بە زۆری لەنێو خاکی تورکیاوە و بە ئاسانکاری هەواڵگری سەربازی دزەیانکردبوو، کێشەی شارەکەی ئاڵۆزترکرد، چونکە: "بزووتنەوەی ئەحراری شام، بەرەی نووسرە و لیواکانی ئەحفاد رەسوڵ رۆژی دووشەممە رایانگەیاند کە دەستیان بە جەنگی پاککردنەوەی شاری سەرێکانیێ کردووە لە پارێزگای حەسەکە لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان".[8]
ئەم هێرشە بە هاوئاهەنگی ئەم گرووپانە لەگەڵ یەکێك لە پیاوماقوڵانی خێڵی ئەلبەکارەی نیشتەجێ لە باشووری ناوچەی سەرێکانیێ ئەنجامدرا. هێرشکردن بۆ سەر شاری سەرێکانیێ خاڵی وەرچەرخان و گۆڕینی ئاراستەی چالاکیە سەربازییەکان لە ناوچە کوردییەکاندا بوو کە کاریگەری سیاسی و سەربازی ترسناکی هەبوو، چونکە هێرشەکان لە دواتریشدا هەر رانەوەستێنران. هەروەها تەقەلای ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەسەر ناوچە کوردییەکان و بە سەربازگرتنی لاوەکانیان بۆ تێکەڵکردنیان لە شەڕێك لە دژی سیستەمی حوکمڕانی لە دیمەشق زۆرتربوو.
نیشانەکانی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە پێشبڕکێی یەکتریدا بوون دەرکەوتن، بە مەبەستی ملکەچکردنی ئەو ناوچە و شوێنانەی لەژێر رکێفی رژێم دەربازببوون، بۆ ئەوەی لەژێر دەستی هێزە کوردییەکان و هاوپەیمانەکانیان دەربهێنرێن، تاوەکو ئەو رادەیەی کە دامەزراوەکانی راگەیاندن ناوی لایەنە هێرشبەرەکانیان بەهۆی یەکگرتوویی و هاوکاریکردنیان لە هێرشکردن و ئامانجەکاندا تێکەڵدەکرد. لەو رووەوە لە رووماڵکردنی رووداوەکاندا کەناڵی (العربیە) ، لەژێر ناونیشانی "داعش و نووسرە لەسەر حیسابی کوردەکان لە حەسەکە لە پێشڕەویدان" و، بە وردی رایگەیاند: "جەنگاوەرانی رێکخراوی دەوڵەتی عێراق و شام (داعش) و بەرەی نووسرە لە دوای شەڕوپێکدادانی سەخت لەگەڵ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی رژێمی سووریا، دەستیان بەسەر شارۆچکەی ئەلسەفا لە پارێزگای حەسەکەدا گرت.. بەرەی نووسرە لە نێوەڕاستی شاری ئەلجەوادییە لە حەسەکەوە هێرشیکردە سەر ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستانی دڵسۆز بۆ رژێمی ئەسەد کە خۆیان لەناو هەریەك لە باڵەخانەکانی ئاودێری و باڵەخانەی شەبیبەی سەورەدا مەڵاسدابوو. بەرامبەر ئەو هێرشە، پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەڵمەتێك لە تۆپبارانکردنی هەریەك لە گوندی محەممەد دیاب کە کەوتووەتە ناو شارۆچکەی ئەلقەحتانییە، سەر بە گوندەکانی قامشلۆ و گوندی کەرهوك و عەلی ئاغا و کریفاتی هاتووەتە دەنگ . بەگوێرەی راگەیاندنی چالاکان، پێکدادانەکان تاوەکو ئێستاش لەنێوان هەردوولایەن لە هەریەك لە تەل خلف و لە سنوورەکانی سەرێکانیێ لە حەسەکە بەردەوامە".[9] بە چاوپۆشین لە نادروستی رووماڵەکە و ناولێنانی ئەو هێزانەی رووبەڕووی یەکتربوونەتەوە، بەڵام ئەو زانیاریانەی لەو چەند مانگەدا هەن، بوونی ژینگەیەك دەسەلمێنن کە هاندەرە بۆ هێرشکردنە سەر دانیشتوانی ناوچەکانی باکوور لە سووریا کە بەزۆری کوردن . ئەمە لەگەڵ ئارەزووی جیهادییەکان بۆ هێرشکردنەسەر کەمینەی کریستیان لە گوندەکانی حەسەکە، یەکدەگرێتەوە!
بەرەی نووسرە بەشداری لە پێکهێنان و بەهێزکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) کردووە، بەڵام ململانێ و جیابوونەوە درزی خستە نێو ریزەکانی و لە یەکتری جیابوونەوە هەروەك لە بەشی

8 - پێگەی الدرر الشامیة، دوو شەممە 2013/11/28، لەسەر بەستەری دوایەمین سەردان 2016/3/25: http://eldorar.com/node/32002
9 - العربیە نت، لەسەر بەستەری، دوایەمین سەردان 2016/3/20: http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/syria/2013/06/10/

یەکەمی کتێبەکەدا لەسەر کۆمەڵێك لە بابەتەکان ئاماژەی پێکراوە، ئەوانیش ناکۆکیان لەسەر سیاسەتی ئاڕاستەکراو سەبارەت بە ناوچە کوردییەکان بوو، چونکە هێزی داعش سیاسەتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر کورد و مەسیحیەکان چڕکردبووەوە. بەوشێوەیەش ئامانجی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و خاڵە سنوورییەکانی باکووری سووریا بوو، بۆیە داعش و بەرەی نووسرە نمایشی هێزەکەیان سنوورەکانی ئاوەزی تێپەڕاند، تاوەکو ژمارەیەکی زۆرتر لە عەرەبی جزیرە بەلای خۆیاندا رابکێشن.

## بەشداریکردنی داعش لە گۆڕینی نەخشەی هێزە سیاسییەکان لە رۆژئاوای کوردستان

ململانێی نێوان داعش و بەرەی نووسرە پەرەینەسەند بۆ ململانێی سەخت و گەورە، چونکە بەرنامەکانیان جیاواز نەبوو، بۆیە داعش پلانەکەی بەرەی نووسرەی لە هێرشکردنە سەر ناوچە کوردییەکان تەواوکرد . لەدوای ئەوەی بەرەی نووسرەی دوورخستەوە و پاڵی پێوەنا بەرەو رۆژئاوا و باشووری سووریا، داعش دەستیکرد بە پتەوکردنی توانا ئابووری و سەربازییەکانی خۆی لە هێرشکردن و دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردییە دەوڵەمەندەکاندا . هەندێك لە سەرچاوەکان هاوئاهەنگی لەنێوان ئەم دووانەدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەچەسپێنن: "بۆچوونی عومەر بەکری، شێخی سەلەفی لوبنانی ئەوەبوو کە لە لێدوانێکی رۆژنامەڤانیدا گوتی ئەوەی دەربارەی پووچەڵکردنەوەی داعش و مانەوەی بەرەی نووسرە بە سەربەخۆ هاتووە ، تەنیا پێشنیازێك بوو کە کاری پێنەکرا و هەردوو رێکخراوەکەی بەرەی نووسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق لە کارکردنی پێکەوەیی و هاوئاهەنگی چالاکییەکانیان بەردەوامبوون. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە سەرکردە جیهادییەکانی ناویان لە نێوانیاندا ئەبو محەممەد ئەلمەقدەسی بە رەگەز ئوردنی و عومەر عوسمانی بە رەگەز فەلەستینی ئوردنی ناسراو بە ئەبو قەتادەی بەندکراو لە ئوردن، پێشنیازی دامەزراندنی ئەنجوومەنی شورای موجاهیدینیان لە سووریا کردووە کە لە دوو نوێنەر لە هەر گرووپێکی جیهادی پێکدێت، بەو مەرجەی ئەبو خالد ئەلسووریی تێدابێت کە زەواهیری بە ناوبژیوانی نێوانیان رایسپاردبوو و هەریەك کە لە گرووپەکان بە سەربەخۆیی بمێننەوە".[10]
سەرئەنجام، داعش ناوچە کوردییەکان و دەروازە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ کێڵگەکانی نەوت و گازی کردە ئامانجی سەرەکی و ستراتیژی خۆی. سەرەتا ئامانجەکەی تل کۆچەر (اليعروبية - الربيعة) بوو، لەسەر رێگەی نێودەوڵەتی کە هەردوو شاری حەلەب و موسڵ پێکەوە دەبەستێتەوە و دیارە لە یەکەم بەریەککەوتن و جیابوونەوەی کرداری لە نێوانیاندا، داعش ئەوێی لەژێر دەسەڵاتی بەرەی نووسرە دەرهێنا :"بەڵام جەنگاوەرانی کورد لە مانگی تشرینی یەکەمی 2013 لەژێر دەستی داعشیان دەرهێنایەوە کە بووە هۆکاری تەقینەوەی ململانێی چەکداری لەنێوان داعش و یەپەگە. لەدوای پێکدادانی سەخت لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام و بەرەی نووسرە و چەندین چەکدار لە کەتیبەی دیکە، لە ماوەی مانگی تشرینی دووەمی 2013دا یەپەگە 19گوندی لە گوندەکانی سەرێکانێی رزگارکردن. لە

10 - نون بوست، لە رێکەوتی 2015/7/3 دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/22: http://www.noonpost.net/

ئەنجامـی سیاسـەتی هاوتەریبـدا، هاوپەیمانیـی هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن و شۆڕشـی سـووریا، پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی (یەپەگـە) یـان بـە ڕێکخراوێکـی دژ بـە شۆڕشـی سـووریا ناوزەدکـرد کـە پێکهاتەیەکـە پاڵپشـتی لـە ڕژێمـی سـەرۆك بەشـار ئەسـەد دەکات".

هەروەهـا لـە بەیاننامەیەکـی دیکـەدا بایەخـی بـە (ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا) داوە بـۆ هاتنـە نێـو ڕیزەکانـی خـۆی و بـە دەسـتکەوتێکی دانـاوە کـە یەکڕیـزی نیشـتمانی پتـەودەکات . بـەرە بـەرە بارودۆخەکـە بـەرەو دامەزرانـی کانتۆنـەکان لـە جزیـرە، کۆبانـێ و عەفریـن ڕۆیشـت کـە ژمارەیـەك وەزیـری هـەن پایتەختەکەشـی شـاری ئامودەیـە. هەروەهـا بەگوێـرەی لێدوانـی سـەرکردەکانی کـورد، ناتوانـرێ چاوەڕێـی سـازان لەسـەر چارەسـەری سیاسـی بـۆ قەیرانـی سـووریا بکرێـت و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری هاونیشـتمانیان لەسـەر زەوی بـۆ ئـەو کاتـە دوابخرێـن .[11]

## کاریگەری داعش لەسەر هەڵوێستی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان

ڕووداوەکانـی ئـەم ساڵانەی ڕابـردوو دەریانخسـت کـە لایەنـە کوردییـەکان تەنیـا لەنێـوان خۆیانـدا لە پێشـبڕکێدا نیـن، بەڵکـو لەگـەڵ لایەنـی ئۆپۆزیسـیۆنی غەیـری کوردیـش، بەهـۆی ململانـێ بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە سـەرچاوەکان و فراوانکردنـی ناوچەکانـی دەسـەڵات لـە کێشمەکێشـدان . ئـەو لێدوانـەی کـە ستەمی پێوەدیـارە ڕەنگـی ئیسـلامی و نەتەوەیـی عەرەبـی بـوو کـە بـووە هـۆکاری دوورکەوتنـەوەی زۆرتریـن کـورد، بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە پارتـی یەکێتـی دیموکراتییـەوە نزیکتـرن زیاتـر لـە ئۆپۆزیسـیۆنی عەرەبـی. لەگـەڵ بەردەوامبوونـی ململانـێ و ئەگـەری گۆڕیـن بـۆ شـەڕی ناوخۆیـی گشـتگیر، چونکـە تەنگـژەی نـەژادی و تایفەگـەری لـە هەڵکشـانێکی بەردەوامدایـە. بۆیـە وڵات ڕووبەڕووبوونـەوەی لەنێـوان هێزەکانـی پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی و گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی چەکـداری بەخۆیـەوە بینـی. ئـەو شـەڕانە تائێسـتا هـەر ململانـێ بـوون لەپێنـاو ناوچـەی دەسـەڵاتدا، بـەڵام دەشـێ بەشـێوەیەکی بەرفراوانـتر هەڵبکشـێ بـۆ پێکهێنانـی ململانێیـەك لەسـەر بارودۆخـی ئاینـدەی کـورد.[12]

پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی کەڵکـی لـە هەڵوێسـتەکانی خـۆی لـە بەرگریکـردن لـە ناوچـە کوردییـەکان و بەرەنگاربوونـەوەی توونـدڕەوی وەرگـرت و تاکڕەوانـە گۆڕەپانـی کـوردی قۆرخکـرد کـە بەشـێوەی سـەربازی حوکمـی تێـدا دەکات: "سـەرەڕای چەندیـن هەوڵـی دووبـارە بـۆ ڕێگریکـردن لـە جیابوونـەوە و گەڕاندنـەوەی بارودۆخەکـە بـۆ شـوێنی خـۆی و چالاککردنـی ڕێککەوتنـی هەولێـر کـە ئەمانـە بەکـردەوە جێبەجێنەکـران و هەمیشـە ئەنجوومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوا بـە تاکڕەوی بەڕێوەیدەبـرد و تاکلایەنـە نـاوی دەسـتەی بـاڵای کـوردی بەکاردەهێنـا بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕا و بۆچـوون و ڕۆڵـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـوردی هاوبەشـی خـۆی کـە لـە زۆرتـر لـە پەڕەیـەك لـە پێشـێلکاری و سـەرپێچی و داپڵۆسـینی پێشکەشـکردووە و پابەندنەبوونیـان بـە

---

11 - الجزيرة  نت، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/20: http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterview

12 - أكراد سورية: ململانێ ناو ململانێ. مركز الشام بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، پشتبەست بە کۆمەڵێك لە قەیرانی نێودەوڵەتی. نسخه pdf، ل 5

هاوبەشبوونی راستەقینە بەگوێرەی دەق و نێوەڕۆکی رێککەوتنەکە، هەروەها لەژێر سێبەری بارودۆخی ئەمنی نالەبار و لەکارخستنی ئەرکی دەستەی باڵای کوردی و لیژنەکان لەلایەن ئەنجوومەنی گەل هەر لە ئازاری 2013 و لەژێر گوشاری بارودۆخی گوزەرانی سەخت و نەمانی کەرەستەی خۆراکی لەئەنجامی ئابلۆقەی دوولایەنە لەسەر ناوچە کوردییەکان لەلایەن رژێم و لەلایەن گرووپە چەکدارەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی کۆچکردن بەشێوەیەکی ترسناك و ئەو بۆشاییە کارگێڕی و ئەمنیەی لە زۆربەی شار و شارۆچکە کوردییەکاندا هەبوون، هەموو ئەمانە بوونە هۆکار بۆ پێشنیازکردنی قۆناخی ئیدارەی کاتی بۆ ناوچە کوردییەکان و بۆ ناوچە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و ئەنجوومەنی گەلی رۆژئاوا بەهۆی زنجیرەیەك چاوپێکەوتنەوە بتوانن لەسەر رەشنووسی ئەم پڕۆژەیە رێبکەون بە مەرجێك گوتوبێژ لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بکەن و لەمەڕ گرنگی و پێویستی بنیادنانی ئەم ئیدارەیە بڕوایان پێبێنن بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی گوزەران و ئاسایش و باری ئابووری خەڵك پڕبکەنەوە و ئەو دامەزراوانە بنیادبنێن کە خزمەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن. بەڵام ئەوەی کە روویدا ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی گەلی رۆژئاوا تاکلایەنە دەستی بە بانگەواز کرد بۆ کۆبوونەوەی دامەزرێنەر بۆ ئەم ئیدارەیە کرد و بانگەوازی بۆ هەندێك لە گرووپە کوردی و کەسایەتییە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی دیکە کرد کە هیچ بوونێکی راستەقینەیان لەسەر گۆڕەپانی کوردی و کوردستانیدا نەبووە. سەرەڕای بەرپەرچدانەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردییەوە، بەڵام ئەنجوومەنی گەلی رۆژئاوا ئەم بەرپەرچدانەوەیەی فەرامۆشکرد ، هەرچەندە رێککەوتنی هەولێر کە لە 23/12/2013 واژۆکرابوو، سەرلەنوێ بانگەوازی بۆ گوتوبێژ لەسەر ئەم بابەتە کرد، بەڵام ئەنجوومەن لەسەر چالاکییەکە بەردەوامبووە و بەرێوەبەریەکەی لە شەوی رێکخستنی کۆڕبەندی جنێڤ 2 لە 21/1/2014 راگەیاند." [13] راگەیاندنی سێ کانتۆن ، جیابوونەوەی پارتە کوردییەکانی لێکەوتەوە، بۆیە بەسەر دوو تەوەری سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریدا دابەشبوون، هاوپەیمانێتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەستەی هاوئاهەنگی ( هیئە التنسیق)، بەڵام هەموو پارتە کوردییەکان هەمیشە بەدەست ئاستەنگی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیانەوە گیرۆدە بوون. بەهەمان شێوە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی بە هەستیارییەکی زۆرەوە رووبەڕووی ئومێدە نەتەوەییەکانی کورد بووەوە کە پێشتر هیچ گرنگی پێنەدابوو. بۆیە پێشبینی بەردەوامبوونی کێشمەکێشی زیاتر دەکرێت.

## کۆبانێ و بەجیهانیکردنی دۆزی کوردی سووریا

زۆربەی لایەنە عەرەبییە چەکدارەکان، ناوچە کوردییەکانیان کردووەتە ئامانج و، ئامانج لە هێرشکردن لە نێوەڕاستی ساڵی 2013ەوە بۆ مەبەستی دەستبەسەرداگرتن گۆڕاوە. جگە لەوە هەندێك لە لایەنەکان زێدەگۆییان کردووە لەوەی کورد دەستیکردووە بە دەرکردن لەو ناوچانەی کە کورد تێیاندا زۆرینەی رەها پێکناهێنن . ئەمەش لە هێرشەکانی گرێسپی و رووداوی گەمارۆدانی کۆبانێدا دەرکەوت! بەوشێوەیە: "لایەنە عەرەبییە چەکدارەکان لە 21ی تەمموزی 2013ەوە دەستیانکردووە بە یەکەم هێرش بۆ سەر گوندەکانی

13 - بەیانی پارتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە رێکەوتی 20 / 2 / 2014، سەرچاوەی پێشتر.

ڕۆژئـاوای کۆبانـێ و هێرشـیانکردووەتە سـەر گرێسـپی کـە تێیـدا دەسـتیانکردووە بـە پاکتـاوی نـەژادی لـە دژی کـورد . هەروەهـا گرووپـە چەکدارەکان دەسـتیانکردووە بـە سـەپاندنی ئابڵۆقـە لـە مانگـی ئابـی 2013 لەسـەر شـاری کۆبانـێ و لـە دوای مانگێـك هەمـوو ئـەو لایەنانـە ڕێککەوتـن و بەشـێك لـە ئابڵۆقەکەیـان هەڵگـرت تەنیـا داعـش نەبـێ کـە ئاگربەسـتەکەی ڕەتکـردەوە".[14]

یەکـەم هێرشـی سـەرەکی داعـش بـۆ کۆبانـێ لەمانگـی ئەیلولـی 2014 بـوو بـە کرۆکـی ململانێـی سـەربازی و سیاسـی لەسـەر هـەردوو گۆڕەپانـی سـووری و هەرێمـی. ئـەم هێرشـە لەلایـەك لـە بەرژەوەنـدی ڕێـڕەوی ئاشـتیانەی شۆڕشـی سـووریادا نەبـوو و لەلایەکـی دیکـەوە لـە بەرژەوەنـدی برایەتـی کـوردی – عەرەبیـدا نەبـوو. بۆیـە لـە دواییـدا ئامانجەکانـی شۆڕشـی سـووریای بەلاڕێـدا بـرد سـەبارەت بـە گۆڕینـی دەسـەڵات. داعـش کاتێـك هێرشـەکانی لەسـەر کۆبانـێ چڕکـردەوە و ڕژێمـی سـووریای لەبیرکـرد، لـەم پلانـەدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا و شۆڕشـی لـە ڕێبازەکـەی دوورخسـتەوە. بەوشـێوەیە داعـش وەك خـۆی و لەجیاتـی لایەنەکانـی دیکـە هێرشـیکردە سـەر کۆبانـێ. لـە هەمانکاتـدا هاوسـۆزی و هـەرەوەزی هەمـوو کـوردی بـۆ هێزەکانـی یەپەگـە زیاتـر کـرد، بـەو ڕادەیـەی کـە ژمارەیـەك لـە خۆبەخشـانی کـورد بەڕێکەوتـن لـە باکـووری کوردسـتان و تورکیـاوە بـۆ بەرگـری لێکردنـی.

لـەدوای گرتنـی موسـڵ و ڕاگەیاندنـی خەلافـەت لـە هاوینی 2014 لەلایـەن داعشـەوە ، پرۆسـەی بەجیهانیکردنی جیهـادی سـەلەفی تەواوبـووە و هەڕەشـە لەسـەر ناوچەکـە و جیهانـی دوورتریـش پەرەیسـەندووە. لـە جەنگـی کۆبانـێ و بەرگـری کـچ و کـوڕە جەنگاوەرەکانـی کـورد لەبەرامبـەر داعـش و ڕزگارکردنـی لـە کۆتایـی کانوونـی دووەمـی 2015، سـەرکەوتنێك تۆمارکـراوە کـە هێمایەکـی گـەورەی سـەرکەوتنە بەسـەر تیرۆریزمـدا . ئەمـە تایبـەت بـە هەمـوو دنیـای پێشـکەوتوو بـووە. بەوهۆیـەوە دۆزی کـورد چـووە ئاسـتێکی جیهانییـەوەو کۆبانـێ تەنیـا بـە هێـمای بەرخـۆدان و ڕزگاری کـورد نەمایـەوە، بەڵکـو بـووە هێـمای بەرگریـی جیهانیـی دیموکراسـی لـەدژی تیرۆریـزم.

هەروەهـا جەنگـی کۆبانـێ چەندیـن هێـمای سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی جیـاوازی خوڵقانـدووە: "جەنگـی کۆبانـێ لـە مـاوەی چەندیـن هەفتـەی ڕابـردوودا پێشـکەوتنی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە بـۆ ورووژانـدن و دانانـی چەندیـن نیشـانەی پرسـیار سـەبارەت بـە کـۆی پەیوەندییـەکان و هاوپەیمانییەکانـی هاوشـێوە لـە ناوچەکـەدا کـە دەتوانرێـت بگوترێـت ئەمـە چەندیـن ئامـاژەی لەگەڵدابـووە سـەبارەت بـە گۆڕینـی هەندێـك لـە بنەمـا و مەرجەعیـات لەسـەر ئـەم باسـە. چونکـە کـە داعـش هێرشـیکردە سـەر ئـەم شـارە گیانـی بەرەنگاربوونـەوە وەکو سـیمبوول لەنێـو سـووریادا لـە دژی ئەم ڕێکخراوە سـەریهەڵداوە و لەسەرتاسـەری ناوچەکەشـدا پەرەیسـەندووە. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە کـورد و هێزەکانـی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتی بـە جۆرێـك یەکیانگـرت دژی داعش"[15] بەشـداریکردنی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و تێپەڕینیـان بەنێـو خاکـی تورکیـادا، بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی کوردسـتاندا خاڵـی وەرچەرخـان بـووە. ئەمـە بـە برایەتـی نەتەوەیـی کـوردی لەژێـر سـایەی شـەرعیەتی نێودەوڵەتیـدا لێکدرایـەوە، چونکـە یەکـەم هێـزی نیزامـی بـوو کـە لەلایـەن دەوڵەتێکـی هاوسـێ –چونکـە هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی دەسـتوور بەشـێکە لەعێـراق– تێکەڵـی جەنگـی ناوخۆیـی سـووریا دەبێـت. 150 لـە

---

14 - مستەفا عەبدی، شبکە ولاتي نت، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24:
http://www.welati.info/nuce.php?ziman=ar&id=26681&niviskar=818&cure=5&kijan

15 - مروة نظير.المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة: دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/23
http://www.futurecenter.ae/analys.php?analys=267

هێزەکانی پێشمەرگە لە رۆژی 28/10/2014 گەیشتنە کۆبانێ بۆ وەدەرنانی چەکدارانی داعش.[16] سەرەڕای نارەزایی فەرمیی دیمەشق بەرامبەر ئەم هەنگاوە، بەڵام لە نێوەڕۆکدا ئەنجامەکانی بەلاوە پەسەندبوو، چونکە پێشمەرگە بە چەکی قورسەوە، بە هاوبەشییەکی چالاك لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە، توانی جەنگەکە بەسوودی هێزە کوردییە هاوبەشەکان بشکێنێتەوە.

## ئابڵۆقەی عەفرین

لەمێژە عەفرین پارێزگاری لە تایبەتمەندی خۆی دەکات. بەردەوام نەیهێشتووە ناوچەکە بکرێتە سەربازگە و توندوتیژی تێیدا پەرەبستێنێت. هەمیشە هەوڵی دابینکردنی گوزەران، خزمەتگوزارییەکان و پێداویستی رۆژانەی داوە. هەروەها دەسەڵاتدارانی خۆجێی عەفرین و دامەزراوە میللییەکان لە رێکخستنی خزمەتگوزارییەکان و مسۆگەرکردن و دابینکردنی پێداویستی هەژاران و ئاوارەکان بەشداربوونە . وێڕای سەقامگیری باری ئەمنی ، بەهۆی هەوڵی بەردەوامی هێزەکانی ئاسایش.
سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی داعش ناگاتە ناوچەی عەفرین، بەڵام بارودۆخەکە بەدڵی رێکخراوە جیهادییە توندڕەوەکانی هاوشێوەی داعش بووە. بۆیە ئابڵۆقەیان لەسەر ناوچەکە چڕکردووەتەوە و دەستیان بە برسیکردن و کوشتنی ئەوانە کردووە کە لە ئابڵۆقەکە دەردەچوون. بەوشێوەیە چوار لە هاونیشتمانیانی شارۆچکەی کفرجەنەی سەر بە قەزای عەفرین بە دەستی چەکدارانی داعش کوژران، لەکاتێکدا هەوڵی بە قاچاخبردنی خۆراکیان دەدا بەناو چەند زەویەکی کشتوکاڵیدا لە شاری ئەعزازەوە بۆ شاری عەفرین. داعش لەوبارەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و هەموولایەکی ئاگادارکردەوە کە هەوڵی بردنی شتومەك بۆ ناو شاری عەفرین و کۆبانێ نەدەن ، بەو پاساوەی کە ئەم ناوچانە کەوتوونەتە ژێر رکێفی پارتی کرێکارانی کوردستان ، کە وەك داعش دەڵێ ئەو پارتە لەسەر بنەمای بیری چەپڕەوی سۆسیالیستی دروستبووە و یارمەتی ئەوانە کە دژی ئەوانن ، واتە هاونیشتمانیانی نوبل و زەهرا کە لەدژی موجاهدین دەجەنگن! سەرئەنجام جیهادییەکان رایانگەیاند کە رۆژی 7/12/2013 وادەی جێبەجێکردنی ئابڵۆقەیە لەسەر عەفرین دادەنرێت.[17]
هێرشەکان بەردەوامبوون و ئابڵۆقە لەسەر ناوچەی عەفرین تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015 درێژەی کێشا. هەروەها ئۆپۆزیسیۆن دەستی بە ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازیکرد بۆ سەر گەڕەکی شێخ مەقسود لە حەلەب کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، ئەویش بە پاساوی ئەوەی کە هێزەکانی یەپەگەی تێدان. پێدەچێ عەفرین لەنێو گێژاوی جەنگی سووریادا حاڵەتێکی نمونەیی بێت و پێوەرێك لە ناکۆکییە کوردی - عەرەبییەکان بێت، چونکە چەندین جار رێککەوتن لەسەر ئاگربەست کراوە و پێشێلیان کردووە. ئەمە نیشانەی بێمتمانەیی و بوونی ناکۆکی جەوهەرییە لەنێوان لایەنەکانی ململانێیەکە. لە سەرەتای ساڵی

16 - پۆرتاڵی رووداو، لەسەر بەستەری: http://rudaw.net/arabic/kurdistan/251020141

17 - لیندا ئەحمەد، پەیامنێری puk میدیا لە عەفرین، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=24521

2016، شەڕ دەستپێکردووەتەوە و ئاستی ناکۆکییەکان بەرەو هەڵکشان چووە چ لە عەفرین یان لە گەڕەکی شێخ مەقسود.
ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی لە بەیاننامەیەکدا هێزە کوردییەکانی بە پێشێلکردنی بەندەکانی ڕێککەوتن و بەرپرسیاربوون بەرامبەر ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە بە مەبەست و هاوکات لەگەڵ بۆمبابارانی رووسی بۆ سەر پێگەکانی ئۆپۆزیسیۆن تۆمەتبارکرد کە ئەمە هۆشدارییە لەسەر پێکدادانی ئایندە! لەگەڵ هەڵکشانی ڕووداوەکانیش ، تورکیا راستەوخۆ هاتە سەر خەتی ململانێ و دەستی بە تۆپبارانی ناوچەکانی عەفرین کرد. لەبەرئەوە هاوپەیمانیی نیشتمانیی کوردی لە سووریا کە لە پارتی کوردی دەرکراو لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی پێکهاتوون، ئەوان بانگەوازیان بۆ راگرتنی هێرشەکان و هەڵگرتنی ئابلۆقە کرد، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە کە لە رۆژی 8/3/2016 دەریانکرد، تێیدا هاتبوو:
"لەم دواییانەدا ئاستی هێرشی وەحشیانە لە گەڕەکی شێخ مەقسود لە شاری حەلەب رووی لە هەڵکشان کردووە کە دەیان هەزار خێزانی کورد و عەرەب و مەسیحی تێیدا نیشتەجێن. هەر لە سەرەتای ئاگربەستەوە لە سووریا هێشتا تۆپباران و موشەکباران لەلایەن گرووپە توندڕەوەکان بە نوێنەرایەتی بەرەی نووسرە ، ئەحرارولشام ، لیوای نوورەدین زەنگی ، محەممەد ئەلفاتح ، فەیلەقولشام و ڕێکخراوەکانی دیکە بەردەوامە. لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا دەیان کوردی بێتاوان کوژراون کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون و بیناکان بەسەر سەری نیشتەجێبووەکانیدا داڕمێنراون و ئەم دژایەتییە وەحشیانەیە لەژێر پەردەی سوپای سووریای ئازاد و راستەوخۆ لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە لەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەنجامدەدرێت. هەر دەڵێی ئاگربەست گەڕەکە کوردییەکان ناگرێتەوە! ئەم پێشێلکارییانە هاوکاتن لەگەڵ تۆپبارانی بەردەوامی تورکیا بۆ ناوچەی کورداخ و ناوچە کوردییەکانی دیکەی سەر سنووری تورکیا."[18]
پێشبینیدەکرێت پارچەبوون لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی رووبدات. ئەویش دوای ئەوەی لیژنەی باڵای دانوستاندن لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ریاز دروستبوو ، پێشبینیدەکرێت ئەو عەرەبانەی دژی دانوستاندن لەگەڵ رژێمی ئەسەد ، بچنە پاڵ داعش و بەرەی نووسرە . سەرەڕای ئەوەی داعش و بەرەی نووسرە لەلایەك و ناکۆکی نێوان زۆرینەی هێزە کوردییەکان لەلایەکی دیکە، دەرگا بەڕووی قۆناخی نوێی پەیوەندی و ململانێ لەسەر هەموو ئەگەرەکاندا دەکاتەوە.
لە کۆتاییدا هێرشی لایەنە ئیسلامییە چەکدارەکان و بەتایبەتیش ئەحرارولشام و بەرەی نووسرە و داعش بوونە هۆکار بۆ گۆڕینی دیمەنی سیاسی و، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان و سێ رەوتی سەرەکی جیاواز لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا سەریانهەڵدا بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتی یان ئەو رەوتەی خۆی لە دەوری تەڤدەم ئاڵاندبوو لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی کە ئەندامە لەنێو هاوپەیمانیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا . لە کۆتاییشدا، دوبارە ڕێکخستنەوەی ڕەوتی سێیەم بە نوێنەرێتی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردی.
ئەم هێرشانە بوونە هۆکار بۆ قووڵکردنەوەی ململانێی سیاسی عەرەبی - کوردی و لەبەرەی رژێمی حوکمڕانەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ و دەیان ساڵەی رابردوودا گواستیانەوە بۆ نێو بەرەی بزووتنەوەی میللی، پاشان بۆ نێو ئۆپۆزیسیۆنی سووری عەرەبی. ئەمە سەرەڕای بەسەربازیکردنی ململانێیەکە و رشتنی خوێنی زۆرتر. لەمەوە چیتر ناکۆکی سیاسی کورد تەنیا لەگەڵ حکومەتی دیمەشق و رەوتی حیزبی

18 - التحالف الوطني الكردي في سوريا، بيان دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.yek-dem.com/?p=3193

بەعسی حاکمدا نییە، بەڵکو ناکۆکییەکە زۆرتر فراوانبووە و کولتووری داگیرکاری، تەکفیری و کوشتار کە داعش و هاوپەیمانەکانی پەیڕەوی دەکەن، زیاتر دۆخەکەی سەختکردووە.

## کاریگەری نەرێنی هێرشی داعش بۆسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان

### ● گۆڕینی دیمۆگرافی

جەنگی داعش بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا کاریگەری لەسەر قووڵکردنەوەی ناکۆکی عەرەبی – کوردی نەبووە، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردی راچڵەکاندووە و پەردەی لەسەر خاڵەکانی کەموکورتیش لاداوە کە یەکەمجار لە لاوازی پەیوەندی بە خاك، حەزی زۆر بۆ کۆچ و ئاوارەبووندا خۆیان دەبیننەوە، چونکە نزیکەی دوو ملیۆن هاونیشتمانی کورد لە ناوچەی دێرك و گوندەکانی دیجلە لە ڕۆژهەڵات تاوەکو گوندەکانی عەفرین لەسەر سنووری لیوای ئەسکەندەروون لە ڕۆژئاوا ئاوارەبوون یان کۆچیان کردووە. چارەکە ملیۆنێك لەوانە لەنێو کەمپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبوون و زۆرتریشیان لەنێو خێوەتگەکان و شارەکانی تورکیادان . چەندینی دیکە کۆچیانکردووە بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا و ئوستراليا. شوێنی ئەوانە بە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاونیشتمانی عەرەبی ئاوارە پڕکراوەتەوە کە ناوچەکانی خۆیان شوێنی گەرمی جەنگبوونە و کەوتوونەتە باشووری ناوچە کوردییەکانەوە.
هەروەها لە شارەکانی دێرەزوور، حەلەب، ئیدلب و رەققە دەیان هەزار ئاوارەی عەرەب هاتوونەتە کوردستان و سوودیان لە باری ئەمنی سەقامگیری ناوچە کوردییەکان وەرگرتووە. ئەمە سەرەڕای پەیوەندی هاوسێیەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان و هۆز و تەنانەت هێزە سیاسیە کوردییەکان. ڕاپەڕینی سووریا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا پێکهاتەی دانیشتووانی لەنێو سووریادا گۆڕیوە و جەنگی داعشیش زیاتر گۆڕیویەتی. سەرئەنجام پێکهاتەی دیمۆگرافی ناوچە کوردییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە.

### ● زیانە ئابووریەکان

جەنگ بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ڕاپەڕینی سووریا و هێرشەکانی بەرەی نووسرە و بەتایبەتیش بەهۆی داعشەوە بووەتە هۆکاری زیانی گەورە بۆ بوارەکانی ئابووری، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بازرگانی، بیناکردن و چالاکییەکانی دیکە کە بە نزیکەی دەیان ملیار دۆلار دەخەملێنرێن . بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی شارەزایەکی بواری ئابووری زیانەکانی ناوچەی کۆبانێ بە تەنیا لەهەردوو ساڵی 2014 – 2015 گەیشتە نزیکەی دە ملیار دۆلار. دەتوانرێت کۆی زیانەکان لە ناوچە کوردییەکانی دیکە کە نەوت و گازی تیدا بەفیڕۆدراوە، کە بە ملیۆنان دۆلار [19] مەزەندە دەکرێت.

---

19 - مسلم طالاس، كوباني الخسائر الاقتصادية لغزو داعش، مدارات کورد، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.medaratkurd.com/?p=901

## • بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی و ڕەقبوونی کردەوەکانی تەڤدەم

هەر لەسەرەتای ساڵی 2013، هێرشەکانی داعش و بەرەی نووسرە ئاستی بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی کوردییان بەرزترکردەوە کە بووە هۆی بەشداربوونی هەزاران لاو لە کاری سەربازیدا ، بە مەبەستی بەرگریکردن لە ناوچەکان و کۆمەڵگەی خۆیان. سەربازی بووە سەرچاوەی نان پەیداکردن، بەهۆی نەمانی دەرفەتی کار و پاشەکشەکردنی بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی. کاریگەری داعش تەنیا لەسەر ئەم بوارە نەبوو، بەڵکو تووندبوون و ڕەقبوونی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەتیش پەیەدە و تەڤدەمی زۆرترکردووە ، ئەوان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و بوونەتە دەسەڵاتێکی جێبەجێکار بە فەرمانی گرووپێکی سەربازی کە لە پشت پەردەوە کاردەکات . بۆیە بواری ئازادییەکان تەسکبووەتەوە و پەراوێزی ژیانی سیاسی کوردی بەتاڵکراوەتەوە . ئەمەش لە چەندین حاڵەتدا بەرجەستەبووە.

سیاسەتی دەرکردن، بەپاساوی بەرگریکردن لە ناوچە کوردییەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، پەرەیسەندووە . لەکاتێکدا کە سیاسەتێکی ژیرانە پێویستە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی هەموو هێزە کوردییەکان لەدژی داعش ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویداوە و ئەو بەرەیەی کە بەرەنگاری داعش بووەتەوە، دەسەڵاتێکی ستەمکاری نوێی لە ناوچە کوردییەکاندا بەرهەمهێناوە کە هەموو هاوبەشییەك بەتایبەتی لەگەڵ پارتە کوردییە نەریتییەکاندا ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش لەوانەیە ئەگەری دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و بنیادنانی دامەزراوەی دیموکراتی لەجیاتی ئەوانەی ڕژێمی بەعس دروستیکردوون، لەنێوبەرێت.

وەك هەڵسەنگاندنێك بۆ حاڵەتە سیاسییە گشتییەکە کە بەرهەمی ڕاپەڕینی سووریا و هێرشەکانی داعشن، هەموو سەرئەنجامەکان لە هێرشەکانی داعش نەرێنی و وێرانکاری نەبوون، بەڵکو دەرئەنجامی سەرەکی لە هێرشەکانی جیهادییە سەلەفییە داعشییەکان لەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دیارە ئەرێنی دەبێت و لە بەرژەوەندی پڕۆژەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستاندا دەبێت. هەروەها بە پشتبەستن بە یەکێك لە ئەنجامەکانی هێرشەکە، دیارە دۆزی کورد و ڕاستی دادپەروەری بە جیهانیکراوە و ناسێنراوە. بەتایبەتی ئیسلامی میانڕەوی کورد و وێنەی کاریگەری ئافرەت لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە لەسەر ئاستی دنیا ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها دۆزی کورد گرنگی پێدراوە بەوەی باسدەکرێت کە کێشەی گەورەترین گەلی ڕۆژهەڵات و جیهانە کە تائێستا بڕیار لەسەر چارەنووسە سیاسییەکەی نەدراوە و خاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆی نییە.

جگە لەوە لەوانەیە کورد پشتیوانی و یارمەتی زۆرتری دەستبکەوێت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی عەولەمەی جیهاد و پەرینەوەی تیرۆریزم بۆ وڵاتان و کیشوەرەکانی دیکە . هێزە گەورەکان ناچاری وەستاندنی بوونە لەسەر سنووری ناوچە کوردییەکان، چونکە کورد ئازایانە توانییان بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن و ئەفسانەی تیرۆر بشکێنن. بۆیە وێنەی بەرخۆدانی کورد ڕەگی داکوتا و بڵاوبووەوە نەك تەنیا بەشێوەی گێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆمانسی کە بە تیۆری دەگێڕدرێنەوە، بەڵکو بەهۆی وێنە و ڤیدیۆی ئەو جەنگانەی کە کورد کردوویەتی و لەپێناویدا هەزاران قوربانیداوە.

# ئایندەی ڕۆژئاوای کوردستان دوای بەزاندنی داعش

لەگەڵ بڕیاری یەکخستنی سێ کانتۆنە کوردییەکە و ڕاگەیاندنی یەکخستنیان لەنێو سیستەمێکی فیدراڵیدا بەپێی ڕەشنووسی (بڕوانامەی سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی ڕۆژئاڤا - باکووری سووریا "[20] لەدوای هەموارکردنەوەی کە لە ڕۆژانی 16 و 17/3/2016 لە ڕومێلان، گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەسایەی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتی، دیمەنی سیاسی سووریا لەگەڵ داواکارییەکانی کورد تێکدەئاڵێ و ئاڵۆزتردەبێت. ئەم ڕووداوە بە دووەم دانیشتن لە دانوستاندنی جنێڤ 3 لەنێوان هەردوو شاندی ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی دیمەشقەوە لکێنراوە. کات ئەوە نیشاندەدات کە فیدراڵی پێشنیازکراو پاشەکشەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەوەش بەشێکە لە ململانێ و پێشبڕکێی هەرێمی - نێودەوڵەتی لەنێو گۆڕەپانی سووریا و دەربڕینێکی ڕوون نییە لە ئامانج و داواکارییەکانی کورد. بەپێی کاردانەوە سەرەتاییەکان، پشتیوانە سەرەکییەکانی دانوستاندن و لە هەمانکاتدا هەڵگری فایلی چارەسەری دۆزی سووریا (ڕووسیا و ئەمریکا) پێشوازییان لە ڕاگەیاندنی فیدراڵیی یەکلایەنە نەکردووە. هەروەها ڕژێمی حوکمڕان لە دیمەشق ڕەتیکردەوەو بەهەمان توانا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی دژایەتی دەکەن، بەڵام هەموو هێزەکان و پارتە کوردییەکانی دیکە خۆیان بە پارێزکاری هێشتووەتەوە لەسەر شێواز و کاتی ڕاگەیاندنەکە، سەرەڕای دژایەتیکردنی توندی لەلایەن تورکیاوە. بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەوان فیدرالی بە چارەسەر دەبینن بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی خۆی بۆ چارەسەری فیدرالی لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند .[21]

بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا شێوازی چارەسەرکردنی دۆزی کورد چۆن دەبێت و ئاسۆکانی چی دەبن؟ کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی فیدراڵی یەك لایەنە چۆن دەبێت؟

بۆمان دەردەکەوێت کە ململانێی سووریا لەم دواییانەدا لەسەر دوو خاڵی بنەڕەتی چڕبووەتەوە: یەکەمیان چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەڵات و میکانیزمی گواستنەوەی حوکمڕانی ئێستا بۆ ئۆپۆزیسیۆن و دووەم کێ لە قۆناخی داهاتوودا دەسەڵاتی بەسەر ئەو شوێنانەدا دەسەپێنێت کە لە دەستی داعش دەردەهێنرێنەوە. چونکە تائێستا ئاماژەکان دڵخۆشکەرنین لەمەڕ پێشبینیکردنی ئەوەی کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دان بەو ناوچانە دابنێن کە ئێستا لەبندەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندان و ئەو ناوچانەش کە لە داهاتوودا لە دەستی داعش دەریاندەهێنن . چونکە لە ئاسۆدا هیچ شتێك ڕوون نییە کە کێ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە کورد ڕەوا دەبینێ و تەنانەت پشتگیری تیۆری لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بنەمای فیدراڵی لە سووریا وەك ڕێگەچارە بەپێی پێویست دان پێدانان نییە بە فیدراڵی دیموکراتی لە باکووری سووریا. بەڵام ئەمە لە گرنگی ڕاگەیاندن و ئەگەری گۆڕینی بۆ ئەمری واقیعیش لەسەر زەوی کەمناکاتەوە. بەومەرجەی ژینگەی بەردەوامی و سەرکەوتنی

20 - التفاصيل على موقع وكالة هاوار، لەسەر بەستەری: http://www.hawarnews.com/

21 - تفاصيل الموقف من الفدرالية في ملف مركز الشرق العربي للدراسات ، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/27: http:// www.asharqalarabi.org.uk/%D8%A7%D9 88%D8%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF-%D9%84%D8%A3%D9% 8%8A%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D9%84%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%%A5%D8%B9%D9 84-%84%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%88%D8%B1%D8%AF%D9%8A%D8%A9-%D9%4%D9 87%8A%D9%84%D9%%D8%B9%D9 ad-id!343645.ks#.Vve2a-J96Uk_

کردەیـی بـۆ مسـۆگەر بکرێـت و فاکتـەرە سـەرەکییەکانی ئەمـەش، یەکخسـتنی هەڵوێسـتی کوردسـتانی و دووبـارە پێکـەوە هاوبەشـیکردنی هەمـوو پارتـەکان لـە بـواری سیاسـی و سـەربازی لەنێـو گۆڕەپانـی رۆژئـاوای کوردسـتان و باشـترکردنی پەیوەندییـەکان و رێکخسـتنەوەیان لەسـەر بنەمـای روون لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە بـواری ئابـووری، بـە کردنـەوەی دەروازە سـنوورییەکان و کارئاسـانی هاتووچـۆ لەنێـوان رۆژئـاوای کوردسـتان و باشـووری کوردسـتان و هاوردەکـردن و ناردنـی شـتومەك و خزمەتگـوزاری و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی دەبێـت.

# سەرچاوەکان

1 - پێگەی سەرچاوەکە، هەر چەندێکتان ویست دەربارەی بەرەی نوسرە بزانن لە بەستەرەکەدا بیدۆزنەوە، دوایەمین سەردان 2016/3/24:
%85%D8%A7-%D8%A3%D8%B1%D8%AF%84-%D9%83%D9%http://www.al-masdar.net/%D9

2 - بەرەی نوسرە: جبهة النصرة: «أفغنة» سوريا، بوابة الحركات الإسلامية، بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی 2014/5/1، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/16:
http://www.islamist-movements.com/2526

3 - ناوانی هەینی سبەینێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمریکا: بەرەی نوسرە تیرۆریست نییە، پێگەی اورینت نیوز، لە ڕێکەوتی 2012/12/12، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری: 2016/3/19، http://www.orient-news.net/ar/news_show/1000

4 - بەیانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوری، لە ڕێکەوتی 20 / 2 / 2014 دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/26: http://www.kurdstreet.com/?p=9254

5 - بيان: «الهيئة الكردية العليا»، لە ڕێکەوتی 2013/4/13 ئەنجومەنی دامەزرێنراوە لە تموز 2012، ئەو کاتە نوێنەرێتی هەر یەك لە هێزە سیاسیەکانی کوردی چالاکی سوریای دەکرد، پێگەی گلگامش ، لەسەر بەستەری دوایەمین سەردان: 2016/3/20 http://www.gilgamish.org/30244-viewarticle.php?id=kurds_matters-20130414

6 - جريدة البيان، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/22: http://www.albayan.ae/one-world/1.1763173-08-11-arabs/2012

7 - پێگەی الدرر الشامية، دوو شەممە 2013/11/28، لەسەر بەستەری دوایەمین سەردان 2016/3/25: http://eldorar.com/node/32002

8 - العربيە نت، لەسەر بەستەری، دوایەمین سەردان 2016/3/20: http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/syria/2013/06/10/

9 - نون بوست، لە ڕێکەوتی 2015/7/3 دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/22: http://www.noonpost.net/%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%%84%D9%D8%A7%D9%/86%88%D9%8A%D9%85%D9%84%D8%A7%D9%%D8%A5%D8%B3%D9%86B1%D8%A9

10 - الجزيرة نت، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/20: http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterview/2014/12/3/s/8A-%84%D9%85%D8%A7%D9%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF-%D8%B4%D9%D8%A3%D9%%D8%B3%D9%85%D8%B1-%84%D8%B7%D8%A9-%D8%A3%D9%8A%D8%A7-%D8%B3%D9%88%D8%B1%D9%%D8%B3%D9%D9%82%D8%B9%88%D8%A7%D9%%D9

11 - أكراد سورية: ململانێ ناو ململانێ. مركز الشام بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، پشتبەست بە کۆمەڵێك لە قەیرانی نێودەوڵەتی. نسخە pdf، ل 5

12 - بەیانی پارتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە ڕێکەوتی 20 / 2 / 2014، سەرچاوەی پێشتر.

13 - مستەفا عەبدی، شبکە ولاتي نت، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24:
http://www.welati.info/nuce.php?ziman=ar&id=26681&niviskar=818&cure=5&kijan

14 - مروة نظير.المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة: دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/23
http://www.futurecenter.ae/analys.php?analys=267

15 - پۆرتاڵی ڕووداو، لەسەر بەستەری: http://rudaw.net/arabic/kurdistan/251020141

16 - لیندا ئەحمەد، پەیامنێری puk میدیا لە عفرین، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=24521

17 - التحالف الوطني الكردي في سوريا، بيان دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.yek-dem.com/?p=3193

18 - مسلم طالاس، كوباني الخسائر الاقتصادية لغزو داعش، مدارات كورد، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/24: http://www.medaratkurd.com/?p=901

19 - التفاصيل على موقع وكالة هاوار، لەسەر بەستەری: http://www.hawarnews.com/

20 - تفاصيل الموقف من الفدرالية في ملف مركز الشرق العربي للدراسات ، دوایەمین سەردان لەسەر بەستەری 2016/3/27: http://www.asharqalarabi.org.uk/%D8%A7%D9%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF-%D9%84%D8%A3%D9%8A%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D%84%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%88%D8%A5%D8%B9%D9%84-%84%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%88%D8%B1%D8%AF%D9%8A%D8%A9-%D9%84%D9%9ad-id!343645.ks#.Vve2a-J96Uk_87%8A%D9%84%D9%%D8%B9%D9

# داعش و ئاسایشی نیشتمانی کوردستان [1]

مامەند رۆژە

## بەرایی: داعش چۆن دەرکەوت و چیکرد؟

داعش رۆژی 3 ئۆگۆستی 2014 بەشێوەیەکی کتوپڕ لە چەند بەرەیەکەوە لە زومار، شنگال، بەنداوی موسڵ و مەخموور پەلاماری باشووری کوردستانیدا. داعش لەم هێرشەدا توانی لەماوەیەکی کەمدا زومار، رەبیعە، شنگال و تەنانەت بەنداوی موسڵ و مەخموور داگیربکات. ئەم هێرشەی داعش کە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا بەناوی "فتوحات" ناویدەهێنێت، زیانێکی گەورەی بە پێکهاتی سەربازی، ئەمنی، سیاسی، ئابووری و مۆراڵی کوردستان گەیاندووە. بەقسەی هەندێك لە پسپۆڕانی سیاسی، هێرشی داعش ئەوەندە کتوپڕ و پێشبینینەکراو بوو کە زۆربەی سەرکردە سیاسی، هەواڵگری و سەربازییەکانی کوردستانی خافڵگیرکرد. [2]

داعش بۆ ئەم هێرشەی کەڵکی لەدوو تاکتیك وەرگرت: یەکەم، لەگەڵ گرتنی موسڵ کاتێك هێزەکانی داعش و پێشمەرگە هاوسنوور بوون، بەبیانووی پێشمەرگە دیلەکانەوە پەیتا - پەیتا پەیامی وای بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەگەیاند کە ئەوان نایانەوێ پەلاماری کوردستان بدەن و بەتەمای بەغدان، بۆیە خوازیاری دراوسێیەتی و گفتوگۆن! دووەم، داعش بە جەنگێکی هەمەلایەنەی رەوانی کە لەرێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەرەیپێدەدا، پێش سەرکەوتنی سەربازی سەرکەوتنی دەروونی بەدەستهێنابوو. بۆیە کاتێك پەلاماری کوردستانیدا بە ژمارەیەکی کەم رووبەرێکی بەرفراوانی لە کوردستان داگیرکرد.[3]

ئەم پەلامارەی داعش، زۆر ئاکامی نەخوازاوەی بۆ هەرێمی کوردستان بەجێهێشت: پەلامارەکە دەریخست کە ژێرخانی هەواڵگری - ئەمنی کوردستان فشۆڵە، چونکە تەنیا یەك سیناریۆش بۆ هێرشی داعش حیساب نەکرابوو، دەریخست کە ژێرخانی سەربازی هەرێمی کوردستان تۆکمە نییە، دۆکتۆرینی سەربازی لەئارادا نییە، ستراتیژیی سەربازی بوونی نییە، خاوەنی پلانسازی جەنگی نییە، هێزێکی بێدیسیپلینی پچڕ - پچڕ و پەرتوبڵاوی هەیە، رۆحی بەرگری و مۆراڵی هێزەکان ئەوەندە لەرزۆك بووە کە بەشێکی زۆر لە فەرماندەکان پێش خەڵکەکە ناوچەکانیان بەجێهێشت، کشانەوەیەکی بێسەروبەریان رێکخست و تەنیا بەشێك لە فەرماندە و هێزەکانی پێشمەرگە لە گۆڕەپانەکەدا مانەوە و لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە پێشگیریان لە پێشڕەوی زیاتری داعش بۆ چیاکانی شنگال کرد و لەوێشەوە بەهاوکاری شەڕڤانان ڕاڕەوێکی مرۆییان بۆ ئاوارەکانی جەنگ کردەوە.

"فتوحات"ی داعش لە کوردستان زۆر ئاکامی ترسناکی ستراتیژی و سەربازی لێکەوتەوە. ئەم پرۆسەیە لە "فتوحات" جگە لەوەی بە شکستێکی سەربازی بۆ کورد لەقەڵەمدرا، جگە لەوەی کاریکردەسەر نێوبانگی

1 - ئەم باسە بە کوردیی ناوەڕاست نووسراوە.

2 - www.Radıkal.com, Murat Yetkin, Turkyeyi Suriye Denkleminden çıkarmak, 25 – 2- 2016.

3 - www.Posta.com, DAEŞ ve Pisikolijik Savaş, rapor, şubat 2014.

پێشـمەرگە، ئەوەیشـی دەرخسـت کـە دەزگاکانـی حوکمـداری لـە هەرێمـی کوردسـتان هیـچ سـتراتیژییەکیان لەمـەڕ ناوچەکانـی عەرەبـی سـوننە پـێ نییـە. نـە سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان، نـە سـەرۆکایەتی حکومـەت، نـە ئاژانسـی پاراسـتن و زانیـاری هەرێمـی کوردسـتان، نـە وەزارەتـی پێشـمەرگە، نـە وەزارەتـی ناوخـۆ و نـە هیـچ دەزگایەکـی دیکـە پێشـبینی پەلامـاری داعشـیان نەدەکـرد! ئـەم هەڵوێسـتە هەرێمـی کوردسـتانی لەبەرانبـەر داعشـدا کـردە "بەرکارێکـی کەمـکارا". لەکاتێکـدا دەبووایـە "بکەرێکـی کارا" بووایـە و پێشـتر خـۆی گۆڕەپانـی جەنگـی بـۆ پەلامارەدەرەکـە دیاریبکردایـە. [4]

"فتوحـات"ی داعـش زۆر ئەنجامـی دڵتەزێنـی مرۆییشـی خسـتەوە: سـەدان هەزار هاوونیشـتمانی کـوردی ئێزدی ناچاربـوون زێـدی خۆیـان بەجێبهێڵـن، سـەدان هـەزار ئـاوارە لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان گیرسـانەوە، هـەزاران کـوردی ئێـزدی بەدەسـتی چەکدارانـی داعـش کۆمەڵکوژکـران کـە تائێسـتاش گـۆڕە بەکۆمەڵەکانیـان هەڵنەدراونەتـەوە، چەنـد هـەزار ژن و کچـی کـوردی ئێـزدی بەپشتبەسـتن بـە دەقـە پیـرۆزەکان بەدیلـی بەنـاوی کەنیـزەك رەوانـەی خێوەتـی ئەمیـرەکان و شـەڕکەرەکانی داعـش کـران. ژێرخانـی دیمۆگرافـی شـنگال زیانێکـی گـەورەی بەرکـەوت کـە بەهۆیـەوە دەیـان هـەزار کـوردی ئێـزدی بەیەکجـاری زێدیـان بەجێهێشـت و روویانکردە تورکیـا، وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەمریـکا، کـە تائێسـتاش ئـەم کـۆڕەوە بەبێدەنگـی درێـژەی هەیـە! نزیکـەی هـەزار و پێنجسـەت پێشـمەرگە شـەهیدبوون، چەنـد هەزارێکێـش برینـدار هـەن، چەندیـن پێشـمەرگەش بەدیـل گیـراون کـە داعـش ژمارەیەکـی لـێ سـەربڕیون. [5]

"فتوحـات"ی داعـش زیانێکـی زۆری بـە ژێرخانـی دارایـی و ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان گەیانـدووە: لـە ناوچـە "فەتح"کراوەکانـدا کەرتـی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری پەکیکـەوت و سـەدان هـەزار دۆنمـی کێڵدراو بەفیڕۆچـوون کـە بەبـڕی ملیۆنـان دۆلار مەزەنـدە دەکرێـن، قەبـارەی زۆری ئـاوارەکان گوشـارێکی زۆری خستەسـەر بودجـەی پارێـزگاکان، جەنگەکـە پشـکێکی زۆری بودجـەی هەڵلوشـی، لەپەنـای گەمـارۆی دارایـی بەغـدا لەسـەر کوردسـتان، داعشـیش بـە گرتنـی بیـرە نەوتـەکان و پاڵاوگـەکان بەتایبەتـی پاڵاوگـەی بێجـی گەمارۆیەکـی دیکـەی خستەسـەر هەرێمـی کوردسـتان، زیانێکـی زۆری بـە کەرتـی وزەی کوردسـتان گەیانـد و تەنگژەیەکـی سـووتەمەنی کوردسـتانی گرتـەوە، پەلامـاری داعـش لەگـەڵ هۆکارەکانـی بڕینـی بودجـە لەلایـەن بەغـدا و دابەزینـی بێوێنـەی نرخـی نـەوت بوونـە سـێ هـۆکار کـە تەنگـژەی دارایـی و ئابـووری هەرێمـی کوردسـتانیان چەندقاتێـك زیادکـرد.

بەکورتـی فتوحاتـی داعـش زەبرێکـی گـەورەی لـە پایەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی هەرێمـی کوردسـتان وەشـاندووە کـە پێدەچـێ شـوێنەوارەکانی سـاڵانێکی زۆر نەڕەوێنــەوە.

## چەمکەکان: پێناسە و بوارەکانی ئاسایشی نیشتمانی

تائێسـتا ئاسایشـی نیشـتمانی پێناسـەیەکی سـتانداردی وای بـۆ نەکـراوە کـە هەمـوو لایـەك لەسـەری کـۆك بـن. ئـەم زاراوەیـە پـڕ رەهەنـدە و تاڕادەیەکیـش پێچەڵپێـچ و تێکئاڵۆسـکاوە. ئـەم چەمکـە بەتایبەتـی لـەدوای جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە پەیدابـووە و لەنێـو ئەدەبیاتـی سیاسـیدا جێگـەی خـۆی کردووەتـەوە. ئـەوەی

4 - مامەند رۆژە، کوردستان دراوسێی قاعیدەیە، گۆڤاری سڤیل، ژمارەی ....، هاوینی 2013.

5 - چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحما خەلیل پەرلەمانتاری پێشوی ئێراق لەسەر پێکهاتەی ئێزدی و قایمقامی ئێستای شارۆچکەی شنگال، هاوینی 2015، بەکاسێت.

تائێستاش هەیە بریتییە لە چەند تایبەتمەندییەك: بەشێكی بەگشتی لە پەیدابوونی چەمكی ئاسایشی نیشتمانی دەدوێت. بەشی دووەمیشی باس لە سەرچاوەكانی هەڕەشەی دەرەكی دەكات كە راستەوخۆ باندۆری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەیە.(6) بەشی سێیەمیشی لە هەوڵی چارەسەركردنی ئاسایشی نیشتمانی بەگشت رەهەندییەكانیەوەیەتی بەتایبەت لێرە جەخت لەسەر سەرچاوەكانی هەڕەشەی دەرەكی دەكرێتەوە.(7)

نیوسەدەی رابردوو چەند شتێكی لەمەڕ چەمكی ئاسایشی نیشتمانی دەرخستووە: بابەتی ئاسایش خۆی لەڕووی چەمكەوە فرەڕەهەند و فرەجۆرە، زۆربەی ئەنجامەكانیش ئەمەی پێوەدیارە كە هاودەنگییەك لەسەر ئەم چەمكە بەدیناكرێت، ئەمەش جۆرە تەمێكی لەمەڕ وتەزاكانی هێناوەتەكایەوە. بۆیە خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەی ئەم چەمكە گەلێك ئاستەم و دەربڕینی سنوورەكانیشی سەختە.(8) ماكی ئاسایش لەمەڕ دەوڵەتەكان لە مانەوە، سنوورەكان، بەرژەوەندییە باڵاكانی میللەت و دەوڵەتدا چڕدەبێتەوە. واتە ئاسایش بریتییە لە كۆمەڵێك ئیجرائاتی ئەمنی كە بۆ پاراستنی نهێنییەكانی دەوڵەت، هاوونیشتمانیان، داوودەزگاكان و بەرژەوەندییە ژیانییەكانی لەناوەوە و دەرەوە دەگیرێنەبەر.(9)

بەرە - بەرە ئەوە رۆشندەبێتەوە كە ئەم زاراوەیە گەلێك رەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت لەوانەش واتاكانی گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتیش هەڵدەگرێت.(10) لێرەدا هەست بەوە دەكرێت كە سنوورەكانی ئەم چەمكە لەپەنای هێزی سەربازی و ئەمنی لایەنی كۆمەڵایەتی و ئابووریش دەگرێتەوە. ئەم تێكئاڵانە بەشێكی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خودی چەمكسازییەكە تازەیە و بەشێكیشی بۆ ئەو گۆشەنیگایە دەگەڕێتەوە كە لێكۆلینڤانەكە خوێندنەوەی بۆ دەكات. لەبەر ئەوە لای هەندێك چەمكێكی سەربازییە، هەندێك بە هاوتەریبێكی چەمكی سیاسەتی دەرەوەی دەزانن و هەندێكیش پێیانوایە ئەمە دۆزێكی كۆمەڵایەتییە. (11)

چەمكی ئاساییشی نیشتمانی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لە فەرهەنگی سیاسی ئەمریكادا بەكارهێنراوە. ئەمەش پەیوەندی بە پێناسەكردنی هەڕەشە دەرەكییەكان و خۆدەرخستن لەژێر نیری هێزەكانی دیكەوە هەبووە.(12) بەپێی ئەم پیناسەیە پێویستە دەوڵەت هەموو ژێرخانە سەربازی، بەرگری و ئەمنییەكانی خۆی لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەكییەكان تۆكمەبكات.(13) هەروەها دەبێ دەوڵەت توانای بەرگری، بەرپەرچدانەوە و باڵادەستی سەربازی خۆی پێشبخات. هارۆڵد براون وەزیری بەرگری ئەمریكا لەسەردەمی جیمی كارتر پێناسەكردنی ئەم چەمكەی گۆڕی و دوو هۆكاری ئابووری و ژینگەیشی بۆ زیادكرد و رایگەیاند ئەم دوو هۆكارە ئاسایشی نیشتمانی گەرەنتی دەكەن.

---

6 - Ahmet Davutoğlu, Staratejik Derinlik, Küre Yayinlari, 38.baskı, Istanbul, 2009, s.15-.

7 - د. غازی صالح نهار، الامن القومی العربي، ط 1، دارالمل، عمان 1993، لا 3.

8 - د.پیروز مجتهدزاده، جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی، سازمان تدوین كتب علوم انسانی دانشگاهها - سمت، تهران 1381، ص 127.

9 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، دارالحكمة، لندن، طبعة الاولى 2015، لا 30.

10 - Robert Mcnmara. The Essence of Security. Harpert and Row. New York. 1968. P.P 149150-.

11 - د.يسرى الجوهري، الجغرافيا السياسية، جامعة سانت كليمنتس العالمية، بغداد 2009، ص 3.

12 - . هيثم الكيلاني، مفهوم الامن القومي العربي «دراسة في جانبيه السياسي و العسكري»، مركز دراسات العربي الاوروبي، باريس 1996، لا 70 – 71.

13 - محمد عاكف جمال، متغيرات في مفهوم الامن القومي، جريدة بيان الاماراتية، 7 نوفمبر 2014.

لێرەوە بەشێنەیی زۆر ڕەهەندی دیکە بۆ چەمکەکە زیادکراوە و ڕەهەندی محەلی، هەرێمی و نێودەوڵەتیشی پێوەنوسێنراوە. ئەمەیان وەك چوارچێوە سەرەکییەکانی ئاساییشی نەتەوەیی لێکداوەتەوە کە هەموویان پێکەوە ئاسایشی دەوڵەت دابیندەکەن.[14] بەوجۆرە ئاسایشی نیشتمانی بریتییە لە پێشخستنی سەرچاوە دەرەکی و ناوخۆییەکانی هێز لەبەرامبەر ئەو هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە قەوارەی سیاسی بە ئامانج دەگرن. بەواتایەك ئاسایشی نیشتمانی بریتییە لە گەشەپێدانی چالاکییە سیاسی، سەربازی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەوڵەت و بەرپەرچدانەوەی خێرای هەموو هەڕەشەیەك کە زیان بە مانەوەی بگەیێنێت. [15]

دەشێ چەمکی ئاسایشی نیشتمانی زۆر ڕەهەندی جیاواز لەخۆبگرێت، چونکە هێشتا پێناسەیەکی ستانداردی بۆ نەکراوە. لەبەرئەوە دەڵێن ئاسایشی نیشتمانی بریتییە لەو ڕێکارانەی کەوا دەوڵەت بۆ پاراستنی قەوارەی خۆی بە ڕەچاوکردنی گۆڕاوە محەلی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەیانگرێتەبەر. بۆیە ئاسایشی نیشتمانی گەشەپێدانی دەرفەتەکانی قەوارەی سیاسی بۆ پاراستن و پێشخستنی ئامرازەکانی خۆبەڕێوەبردن و خۆپاراستنی دەگرێتەوە. کەوابوو ئاسایشی نیشتمانی خۆی پرۆسەیە، بەو مانایەی گشت هۆکارە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆدەگرێت و ئەمەش بەگشتی پشت بە فەلسەفەی نیشتمانی قەوارە سیاسییەکە دەبەستێت. فەلسەفەی نیشتمانی بەئاسانی بەهاکان و ڕێساکانی دەوڵەت دەسنیشاندەکات و ئەو ئامرازانەی هێزیش دەستەبەردەکات کە بەها نیشتمانییەکانی نەتەوە و دەوڵەت لەبەرامبەر سەرچاوەکانی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی دەپارێزن. [16]

ئاسایشی نیشتمانی بەگشتی بریتییە لە میکانیزمێك کە ئاسایشی دانیشتووانی وڵات دابینبکات و سەقامیگری، ئارامی، سەربەخۆیی و سەروەری دەوڵەت گەرەنتی بکات. ئەمەیش بە سێ ڕێکار بەدیدێت: یەکەم، دابینکردنی پێداویستییە ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازییەکان. دووەم: پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری دەوڵەت . سێیەم: پێشخستنی تواناکانی سەربەخۆیی بڕیارسازی نەتەوەیی.

کەوابوو لێرە ئەم چەند بابەتە بۆ ئاسایشی نیشتمانی گرنگن: سەربەخۆیی، سەروەری و سەقامیگری. بەدەربڕینێکی دیکەش وەك والتر لیپمان نووسەری کتێبی (سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دەڵێ، ئاسایشی نیشتمانی تواناکانی دەوڵەت بۆ بەرگریکردن لە بەها ناوخۆییەکانی دەگرێتەوە. [17] باری بۆزانیش دەنووسێ " ئاسایشی نیشتمانی لەڕووی ناوخۆییەوە بریتییە لە خۆ ڕزگارکردن لە سەرچاوەکانی هەڕەشە و لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی ناسنامەی سەربەخۆی خۆی." [18]

لێرەدا زۆر ڕەهەندی ناوخۆیی بۆ چەمکی ئاسایشی نیشتمانی زیادبوون، وەك: گەندەڵی ئیداری، دارایی و ئابووری، کارەساتی سرووشتی گەورە، بێکاری، ئاوسانی ئابووی، مادده بێهۆشکەرەکان، تاوانکاری، ململانێی

---

14 - Denis Retaille; Tarihte Jeopolitik, Çeviren Emre Sayin, Avrasiya Dosıyası, Cilt 8, Sayi 4. 2002, s.2223-.

15 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، مصدر سابق، لا 32.

16 - مامەند ڕۆژە، چۆن دەبین بە دەوڵەت؟ ئایندەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس، سلێمانی 2014، لا 20.

17 - حسين جاسم الخزاعي، داعش، سەرچاوەی پێشوو، لا 34 لەگەڵ جاري محمد، القدرة في التنظيم الدولي المعاصر، المجلة العربية للدراسات الدولية، السنة الاولى، عدد 2، واشنتن 1988، لا 50.

18 - حسين جاسم الخزاعي، داعش، سەرچاوەی پێشوو، لا 35 لەگەڵ جون بيلسي، الامن الدولي في حقبة مابعد الحرب الباردة، ترجمة مركز الخليج للابحاث، دبي 2008، لا 414.

کۆمەڵایەتـی، سـەرکوتکاری سیاسـی.[19] هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـش ئـەم دیاردانـە بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاسایشـی مرۆیـی دادەنرێـن: تووندوتیـژی کۆمەڵایەتـی، مـاددە بێهۆشـکەرەکان، بازرگانـی مـرۆڤ، قاچاخـی مـرۆڤ، کۆچـی نایاسـایی، پێشـێلکاری مافەکانـی مـرۆڤ، پیسـکردنی ژینگـە، تاوانکارییەکانـی جەنـگ، پاکتـاوی نـەژادی، ئەتنـی و کۆچبەرکردنـی زۆرەملـێ. رووبەڕووبوونـەوەی ئـەم دیاردەیـەش تەنیـا بـە دەوڵەتـان ناکـرێ و بـە رێـکاری سـەربازی و ئاسایشـی نەریتیـش لەبارنابرێـن، بەڵکـو پێویسـتیان بـە کۆدەنگـی هەرێمـی، نێودەوڵەتـی و جیهانییـە و لەوانەیـە بـۆ بەشـێك لەمانـە، دەزگا نێودەوڵەتییـە حکومییەکانـی وەك نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دەزگا پەیوەسـتەکانی چارەسـەری بـۆ بدۆزنـەوە و بەمـەش دەڵێـن ئاسایشـی هەرێمـی و جیهانـی.

## پایەکانی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان

پێـش ئـەوەی تاوتوێـی ئـەو زیانـە ئاسایشـییە بکەیـن کـە داعـش بـە هەرێمـی کوردسـتانی گەیانـدووە، پێویسـتە لێـرە چەنـد بابەتێکـی وەك هۆکارەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی، تایبەتمەندییەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی، رەهەندەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی، هەڕەشـە و تەحەداکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی لەگـەڵ سـتراتیژییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی شـیبکەینەوە کـە بەبـێ ئەمانـە ئاسـتەمە پۆلێنبەندییەکـی زانسـتی بـۆ دیـاردەی داعـش، پۆسـت – داعـش و ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بکرێـت.
یەکـەم، هۆکارەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی : لێـرەدا چەنـد هۆکارێـك هـەن کـە کاریگـەری یەکلاییکەرەوەیـان لەسـەر ئاسایشـی نیشـتمانی هەیـە کـە بۆخۆیـان توخمـی بەرهەمهێنـی ئامرازەکانـی هێـزی دەوڵەتـن کـە بریتیـن لـە: یەکـەم، خـاك، دووەم، خەڵـك کـە دەکـرێ بـە سـەرزەمین و دانیشـتوانیش وەسـفی بکەیـن.[20] سـەرزەوین و خاکـی دەوڵـەت لـەڕووی رووبـەر، سـامانە سرووشـتییەکان، قەبـارە و جـۆری تۆپۆگرافـی و بـوون یـان نەبوونـی سـنووری دەریایـی، بانـدۆڕی لەسـەر ئاسایشـی دەوڵـەت هەیـە. هەروەهـا پرسـی خەڵـك و دانیشـتوانیش لـەڕووی ژمـارە، پێکهاتـی تەمـەن، پێکهاتـی دیمۆگرافـی وەك پێکهاتـەی دینـی، مەزهەبـی و ئەتنـی – نـەژادی و پێکهاتـەی رەگـەزی کاریگەریـان لەسـەر پایەکانـی هێـزی دەوڵـەت هەیـە.[21]
دووەم، رەهەندەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی - ئەمـە بـە واتایەکیـش گرێژەنـەی ئاسایشـی دەوڵـەت پێکدەهێنـێ و رەنگـە بشـێ بێژیـن توخمەکانـی ئاسایشـی دەوڵەتیـش دەگرێتـەوە. گرنگتریـن رەهەندەکانـی ئاسایشـی دەوڵەتیـش بریتیـن لـە:
رەهەنـدی سیاسـی: ئیـرادەی نیشـتمانی، ئـازادی وەرگرتنـی بڕیـاری سیاسـی و دابینکردنی سیاسـەتە گشـتییەکانی دەوڵـەت لـە بەرامبـەر هەڕەشـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان دەگرێتـەوە. رەهەنـدی ئابـووری: دەسـتەبەرکردنی پێویسـتییە سـەرەکییەکان و دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی خەڵـك دەگرێتـەوە کـە ئاسایشـی خۆراکـی تێدایـە و

---

19 - چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆر دۆغو ئەرگیل سەبارەت بە چەمکەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە کوردستان، هاوینی 2011، بەکاسێت.

20 - دکتر عزت الله عزتی، ژئوپلیتیك در قرن بیستویکم، چاپ چهارم، سازمان تدوین کتب دانشگاهی (سمت)، تهران 1390، ص 9091.

21 - Dr. Bulent Ülaş, Jeopolitik, Başlık Yayinlari, 1.Baskı, İstanbul, 2011, s.228229-.

ڕەهەنـدی ئـاو، کشـتوکاڵ، بازرگانییـش دەگرێتـەوە. ڕەهەنـدی سـەربازی: پاراسـتنی دەوڵـەت لـەو هەڕەشـەیە دەگرێتـەوە کـە ئەگـەری پارچەکـردن یاخـود داگیرکردنـی وڵات لەخۆدەگرێـت. ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتـی: بریتییـە لـە دابینکردنـی ئاسایشـی هاوونیشـتمانیان بەشـێوەیەك وەلا و ئینتمایـان بـۆ نیشـتمان پێشـبخات کـە خـۆی ڕەهەنـدی فیکـری، ڕاگەیانـدن و ئایدیۆلۆژیشـی تێدایـە. ڕەهەنـدی جیۆسیاسـی: خوێندنـەوەی دروسـتی ڕاسـتییەکانی پێگـەی جیۆسیاسـی دەوڵـەت و قۆسـتنەوەی لەپێنـاو ئامانجـە سیاسـییەکان. ڕەهەنـدی تەکنۆلۆژی: بریتییـە لـە بنیاتنانـی توانسـتی زانسـتی و تەکنۆلـۆژی دەوڵـەت بـۆ تۆکمەکردنـی ڕەهەندەکانـی دیکـە. (22)

سـێیەم، تایبەتمەندییەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی: ئاسایشـی نیشـتمانی چەنـد تایبەتمەندییـەك لەخۆدەگرێـت کـە لەبەرچاوگرتنیـان بـۆ بڕیارسـازان زۆر گرنگـە. ئەمانـەش بریتیـن لـە:

- ئاسایشـی نیشـتمانی چەمکێکـی دینامیکییـە واتـە بەپێـی گۆڕانـکاری محەلـی، هەرێمـی و نێودەوڵەتـی دەگۆڕدرێـت. هەروەهـا بەگوێـرەی تەنگـژەی سیاسـی، ئەمنـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی دەگۆڕدرێـت. جگـە لـەوە بەگوێـرەی ئـەو ڕێکارەکانـەش کـە دەوڵـەت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەرەشـەکان دەیانقۆزێتـەوە، گۆڕانـی بەسـەردا دێـت.
- ئاسایشـی نیشـتمانی چەمکێکـی ڕێژەییـە واتـە ڕەهـا نییـە و بەگوێـرەی لێکدانـەوەی بەرژەوەندییـە حەیاتییەکانـی دەوڵـەت و قەبـارەی هەڕەشـەکان گۆڕانـی بەسـەردا دێـت. (23)

چـوارەم، هەڕەشـەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی: ئاسایشـی نیشـتمانی بـە دژبـەری واتـە "هەڕەشـەکان" پێناسـەدەکرێت. هەڕەشـەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی بەسـەر دوو لکـدا دابەشـدەکرێن:

- **هەڕەشـە ناوخۆییـەکان:** ئەمانـە ئـەو هەڕەشـانەن کـە بەهـۆی دینامیکـە ناوخۆییەکانـەوە سـەرهەڵدەدەن و پەیوەسـتن بـە ئاسایشـی ناوخۆیـی. زۆر جـار ئـەم هەڕەشـانە بەپێـی دووبەرەکییـە سیاسـی، ئەتنـی و مەزهەبییەکانـەوە سـەرهەڵدەدەن و ئەگـەر ئـەم ململانێیـە ڕەهەنـدی تەنگـژەی گـەرم و چەکـداری بەخۆیـەوە بگرێـت، ئـەوا دەبێتـە هـۆی پارچەکردنـی وڵات.

- **هەڕەشـە دەرەکییـەکان:** ئـەو هەڕەشـانەن کـە لـە دەرەوەی سـنوورەکانەوە سـەرهەڵدەدەن و لەگـەڵ بەرژەوەندییـە باڵاکانـی وڵاتـدا پێکدادەکێشـن وەك دووژمنایەتـی، پەلامـار و دەسـتوەردانی دەرەکـی. (24)

پێنجـەم، سـتراتیژییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی: بریتییـە لـەو پرۆسـەیە کـە بڕیاربەدەسـتان تێکڕای سـەرچاوەکانی هێـزی سیاسـی، ئابـووری، سـەربازی، کولتـووری، کۆمەڵایەتـی، ڕاگەیانـدن، زانسـتی و تەکنۆلـۆژی دەوڵـەت لەپێنـاو ئامانجـە نەتەوەییـەکان و بەرژەوەندییـە باڵاکانـدا دەقۆزنـەوە. هەروەهـا داڕشـتنی ئـەم سـتراتیژییە بـە پشتبەسـتن بـەم خاڵانـەی خـوارەوە دەسـتەبەردەبێت:

- پۆلێنکردنی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان
- داڕشتنی ستراتیژییەکانی هێزی دەوڵەت

22 - Suat İlhan, Jeopolitik Duyarlılık, Otuken Yayinlari, İstanbul, 2003, s.4243-.

23 - حسین جاسم الخزاعي، سەرچاوەی پێشوو و قدوین اندریا سعد اللة، مهددات الامن القومي السوداني، بحث تكميلي لنيل زمالة الامن الوطني، الدفعة الاولى (الخرطوم، الاكاديمية العليا للدراسات الاستراتيجية و الامنية، 2007، لا 38.

24 - حسين جاسم الخزاعي، داعش، سەرچاوەی پێشوو لا 43 و عادل حسن محمد احمد، تحديات الامن القومي السوداني بعد نهاية الحرب الباردة و استراتيجية مواجهتها، شركة السودان للعملة المحدودة، الخرطوم 2013، لا 81.

- تۆکمەکردنی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی هەڕەشەکان
- داڕشتنی سیناریۆکان و دەستەبەرکردنی ئامرازی قەڵاچۆکردنی هەڕەشەکان

دیـارە دەوڵەتـان لەپەنـای داڕشـتنی سـتراتیژییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی، بایـەخ بـە داڕشـتنی ئامانجەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانیش دەدەن. ئەمانـە پشـت بـە سێ ڕەهەنـدی سـەرەکی دەبەسـتن کـە کرۆکـی ئامانجەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی دەوڵـەت پێکدەهێنـن. ئـەم سـیانەش:

- دەبێ ئامانجەکە گشتگیر بێ و تێکڕای هاونیشتمانیان بایەخی پێبدەن
- دەبێ ئامانجەکە پەیوەست بێت بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتەوە
- دەبێ حکومەت ئامانجەکە جێبەجێبکات و سەرچاوەی پێویست بۆ پیادەکردنی دابینبکات

داڕشـتنی سـتراتیژییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی دەوڵەتیـش بەپێـی ئـەم هەنگاوانـەی خـوارەوە دێتەکایـەوە: دیاریکردنـی ئامانجـی نەتەوەیـی، دیاریکردنـی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان، پۆلێنکـردن بەپێـی گرنگـی ئامانجە نەتەوەییـەکان، دیاریکردنـی دەرفـەت و توانـا ڕێژەییەکانـی دەوڵـەت، دیاریکردنـی دوورنمایەکـی گشـتگیر لەمەڕ ڕەوشـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی، داڕشـتنی سیاسـەت، سـتراتیژی، بەرنامـە و پـڕۆژەکان.

## داعش: تەحەدییەکانی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان

هێرشـەکانی داعـش بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان کـە لەمـەولا ئێمـە بەپێـی ئەدەبیاتـی داعـش بـە "فتوحـات"ی ناودەبەیـن، گەلێـك دیـاردەی لەژێـر بـەڕە خسـتەدەرەوە. جارێـك ئـەم پەلامـارە دەریخسـت کـە ژێرخانـی هەواڵگـری وڵات زۆر لاوازە و هیـچ پۆلێنێکـی بـۆ دووژمنێکـی جیۆسیاسـی تـازە هەڵتۆقیـو نەکـردووە و هیـچ تەدبیرێکـی پێشوەختیشـی نەبـووە. هەروەهـا دەریخسـت کـە ژێرخانـی سـەربازی و بەرگـری وڵات زۆر لاوازە. هێـزە چەکدارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان نەیانتوانـی لەکاتـی هەڵمەتـی یەکەمـدا بەرپەرچـی داعـش بدەنـەوە. واتـە داعـش هێزەکانـی خافڵیگـر کـرد و لـە پاشەکشـێیەکی بێسـەروبەردا سـەدان هـەزار هاونیشـتمانیش ناچاربـوون رو لـە ئاوارەیـی بکـەن.
فتوحاتـی داعـش لـە چەنـد ڕەهەندێکـەوە زیانـی بـە پایەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی هەرێمـی کوردسـتان گەیانـدووە. ئەوەشـی دەرخسـت کـە بابەتـی ئاسایشـی نیشـتمانی لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆر ناکامیـی تێـدا هەیـە. هەروەهـا لـەدوو لاوە هەرێمـی کوردسـتانی رووبـەڕووی تەحـەدی کـردەوە یەکێکیـان، کوردسـتانی خافڵگیرکـرد و لـە هەفتـەی یەکەمـدا هەمـوو دەسپێشـکەرییەکی لێسـەند. دووەمیـان، ئەمرێکـی واقیعـی بەسـەردا سـەپاند کـە ئەگـەر "هـۆکاری پشـتیوانی دەرەکـی" نەبووایـە زۆر ئەسـتەم بـوو تەنیـا بەپشتبەسـتن بـە "هـۆکاری ناوخۆیـی" ئـەم هەڕەشـەیە بڕەوێندرایەتـەوە. لێـرەوە خـراپ نییـە بزانیـن کـە گرنگتریـن ناتەواوییەکان بریتیـن لەوانـەی خـوارەوە:
**یەکـەم،** دانەڕشـتنی غایـەت و ئامانجەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی کوردسـتان (نەبوونـی دۆکتۆرینـی ئاسایشـی). داعـش دەریخسـت کـە هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی دۆکتۆرینـی ئاسیاشـی نیشـتمانی خـۆی نییـە. هەروەهـا ئەوەشـی سـەلماند کـە لـە کوردسـتان بەڵگەنامـەی ئارمـان و ئامانجـی درێژخایەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی بوونـی

نییـە. واتـە وڵاتێکـە کـە هێشـتا ئەولەویەتـە سـتراتیژییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی دیارنیـن!
**دووەم،** نەبوونـی سـتراتیژی ئاسایشـی نیشـتمانی لـە هەرێمـی کوردسـتان: بـەم پەلامـارە راسـتییەکی دیکەشـمان بـۆ یەکلاییبـووەوە کـە چالاکـی و پرۆسـەی کاری ئەمنـی – هەواڵگـری لـە کوردسـتان پشـت بـە سـتراتیژییەکی دارشـتوی ئاسایشـی نیشـتمانی نابەسـتێت. واتـە نـەك سـتراتیژی ئاسایشـی نیشـتمانی کوردسـتانی بوونـی نییـە، بەڵکـو ئـەم پرسـە بەپێـی هەندێـك پلانسـازی محەلـی – حیزبـی لەجیاتـی سـتراتیژی ئاسایشـی، بەڕێوەدەبرێـت کـە بەرپرسـە حیزبییـەکان ئەمـە دادەڕێـژن نـەك پسـپۆڕەکان!
**سـێیەم،** نەبوونـی پلانسـازی سـاڵانەی ئاسایشـی نیشـتمانی، نەبوونـی دەزگاسـازی و نەبوونـی پۆلێنـکاری هەڕەشـە دەرەکـی و ناوخۆییـەکان: داعـش بـەم پەلامـارەی راسـتییەکی دیکەیشـی بەڕوومانـدا تەقانـدەوە کـە لە کوردسـتان لەلایـەن ئاژانسـی ئاسایشـەوە کۆنفرانـس و کۆنگـرەی تایبـەت بـە ئاسایشـی نیشـتمانی بەڕێوەناچـن، بۆیـە بەڵگەنامـە و پلانسـازی سـاڵانەی ئاسایشـی نیشـتمانی لەئـارادا نییـە. لەگـەڵ ئـەوەی ئاژانسـێکی گـەورە، چەنـد دەزگایەکـی پاراسـتن، زانیـاری، دژەتیـرۆر و ئاسایشـی گشـتی هـەن، لەگـەڵ ئـەوەی پشـکێکی قەبـەی سامانی مـاددی و مرۆیـی ئـەم وڵاتەشـیان بـۆ تەرخانکـراوە، کەچـی لەئاسـت پێشـبینیکردنی دووژمنـی ئامـادە و دووژمنـی خەوتـوو کەمتوانـا بـوون. هۆیەکیشـی ئەوەیـە کـە تائێسـتا ئـەم دامەزراوانـە پرۆسـەی دەزگاسـازییان نەبڕیـوە.
**چـوارەم،** داعـش زەبـری لـە رەهەندەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی وەك رەهەنـدی سیاسـی، رەهەنـدی سـەربازی، رەهەنـدی ئابـووری، رەهەنـدی کۆمەڵایەتـی و رەهەنـدی دەروونـی وەشـاندووە. لـەڕووی سیاسـییەوە لـە بەرەکانـی جەنـگ درزە حیزبییـەکان دەمیـان کـردەوە و ململانێـی ناوخۆیـی سـەریهەڵدا. ئەمـە لـەڕووی سەربازیشـەوە رەنگیدایـەوە و لـە رۆژەکانـی یەکەمـدا بانـدۆری لەسـەر شـکانی بەرەکانیـش هەبـووە (ناکۆکییەکانـی پ.د.ك – پەکەکـە و ی.ن.ك). لـەڕووی ئابوورییـەوە زیانێکـی چەنـد ملیـار دۆلاری بـەر وڵات کـەوت. لـەڕەوی کۆمەڵایەتییـەوە زیانـی گـەورە وەك ئەنفالـی کوردانـی ئێـزدی، ئاوارەبوونـی چەندسـەت هـەزاری، تێداچوونـی چەنـد هەزارێـك و بەکۆیلەکردنـی زۆرتـر لـە دووهـەزار ژنـی کـوردی ئێـزدی لێکەوتـەوە. لـەڕووی دەروونیشـەوە داعـش پێـش ئـەوەی بەرەکانـی جەنـگ بباتـەوە لـە بـەرەی جەنگـی دەروونیـدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنابوو.
**پێنجەم،** داعش دوو تەحەدی ناوخۆیی و دەرەکی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردەوە:
- لـە نـاوەوە خانـە نووسـتووەکانی سـەلەفیەتی جیهـادی بزوانـد کـە نزیکـەی چەندسـەت هاونیشـتمانی کوردسـتان روویـان لـە ریزەکانـی ئـەم گرووپـە کـردووە و لـەدژی وڵاتەکەیـان جەنگیـون. لەوانەیـە هێنـدەی ئـەو ژمارەیـەش لـە نـاوەوە چاوەڕوانـی کاژێـری سـفریان کردبێـت!
- لـە دەرەوەش پەلامـاری پەیتـا – پەیتـای جنـودی خەلافـەت لـە هەمـوو بەرەکانـەوە زیانـی شـێرگیری بـە پێکهاتـە و ژێرخانـی سـەربازیی کوردسـتان گەیانـدووە. داعـش لـە تێزەکانـی خۆیـدا لـەدوای شـام و عێـراق، "کوردسـتان" بـە ویلایەتـی سـێیەم دەزانێـت و لەنێـو سـتراتیژییە یەکەمەکانیدایـە، بۆیـە دەبـێ چاوەڕوانـی هێرشـی زیاتریشـی لێبکرێـت!

**شەشەم،** داعش هۆکارە سەرەکییەکانی ئاسایشی نیشتمانی کوردستانی پێکاوە:
- خاکـی داگیرکـردوە و بەشـێکی زۆری لێدابڕیـوە. داعـش ئەمـەی بـە فتوحـات لەقەڵەمـداوە و دەزانرێـت لـە ئەدەبیاتـی ئیسـلامیدا فتوحـات بـۆ داگیرکردنـی سـەرزەوینی کافـرەکان بەکاردەهێنرێـت! لەوەشـەوە خـاك و سـەرزەوینی کوردسـتان جارێکـی دیکـە رووبـەڕووی پرۆسـەیەکی داگیـرکاری نـوێ بـووەوە.

● پێکهاتــی دانیشــتوانی گۆڕیــوە واتــە بووەتــە هــۆی کارەســاتێکی گــەورەی مرۆیــی. "هەیئەتــی شــەرعی" داعـش کاتێـك فەتـوای بـۆ ئێزدییـەکان دەرکـرد رایگەیانـد "بۆمـان دەرکەوتـووە ئەمانـە ئەسـڵەن موسـڵمان نیـن و نابـێ حسـابی مورتەدیـان بـۆ بکرێـت، بەڵکـو موشریکـن و دینیـان قبوڵنەکـردووە. بۆیـە بەپێـی فەرمانەکانـی ئەڵـڵا مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت"! ، ئەمەیـش بـووە هـۆی لەنێوچونـی چەنـد هـەزار هاونیشـتمانی کـوردی ئێـزدی، بەکەنیزەککردنـی دوو هـەزار کچـی کـوردی ئێـزدی و چەندیـن گـۆڕی بەکۆمـەڵ.


لێـرەدا باشـە بزانرێـت لێکۆڵینـەوە لـە ئاسایشـی نیشـتمانی واتـە تێگەیشـتن لـە رەهەنـدەکان و پێکهاتەکانـی کوردسـتان. هەروەهـا پێویسـتە توخمەکانـی هێـز، پایەکانـی دەسـەڵات و هۆکارەکانـی هەڕەشـە بـۆ سـەر کوردسـتان بناسـین. کاتێـك بـاس لـە ئاسایشـی نیشـتمانی کوردسـتان دەکەیـن مەبەسـتمان لـە ئاسایشـی دەرەکی و ناوخۆیـی دەسـەڵاتی سیاسـییە کـە خـۆی لـە پاراسـتنی سـێ پایـەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی واتـە خەڵـك، خـاك و سـەروەریدا دەبینێتـەوە.

چەمکـی ئاسایشـی نیشـتمانی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان واتـە پاراسـتنی تاکـەکان، گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان و داوودەزگا نەتەوەییـەکان لـە هەمـوو جـۆرە سـەرچاوەیەکی هەڕەشـەی دەرەکـی و ناوخۆیـی. لێـرەدا بەپلـەی یەکـەم سـنوورەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ دراوسـێیەکان سـەرچاوەی هەڕەشـەی دەرەکیـن. بۆمـان دەردەکەوێـت کـە هەمیشـە بەدرێژایـی 90 سـاڵی رابـردوو سـنوورەکانی باشـوور بەتایبـەت باشـووری رۆژئـاوا و باشـووری رۆژهەڵاتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەرچاوەی هەڕەشـەی بەردەوامبـوون. لـە نێوەڕاسـتی عێراقـەوە چەندیـن شـەپۆلی داگیـرکاری و پاکتـاوکاری نـەژادی رووبـەڕووی هەرێمـی کوردسـتان کراوەتـەوە. لەبەرئـەوە سـنوورەکانی لای خـواروو هەمیشـە سـەرچاوەی هەڕەشـەی ئاسایشـی بـوون.

جاروبـار سـنوورەکانی باکـوور لەگـەڵ تورکیـا دەبنـە سـەرچاوەی هەڕەشـەی دەرەکـی. زۆرجـار تورکیـا لـەم سـنوورانەوە بەبیانـووی پەکەکـە سـەروەری ئاسـمانی و زەوینـی هەرێمـی کوردسـتانی بەزانـدووە. زۆرجاریـش راسـتەوخۆ هەڕەشـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان کـردووە وەك ئـەوەی لـە سـاڵی 2007 روویـدا. جارجاریـش سـنوورەکانی رۆژهـەڵات لەگـەڵ ئێـران دەبێتـە سـەرچاوەی هەڕەشـەی دەرەکـی. ئێرانیـش بەبیانـووی ئۆپۆزیسـیۆنی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە چەندینجـار سـنووری ئاسـمانی و زەوینـی هەرێمـی کوردسـتانی بەزانـدووە. زۆرجاریـش راستەوخۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی تۆپبارانکردووە بۆ ئەوەی گوشاربخاتەسـەر هەولێـر یـان سـلێمانی. پیشـتریش لەڕێگـەی ئەنسارولئیسـلام و گرووپـە ئیسـلامییە چەکدارەکانـەوە گوشـاری بـۆ هەرێمـی کوردسـتان هێنـاوە.

لەگـەڵ ئـەم سـەرچاوە هەڕەشـە دەرەکیانـە گرنگتریـن سـنوور کـە سـەرچاوەی هەڕەشـەی دەرەکییـە، سـنوورەکانی کوردسـتان لەگـەڵ عەرەبسـتانی عێراقـە. لـەو سـنوورانەوە هەمیشـە کوردسـتان لەژێـر هەڕەشـەی بەردەوامدایـە و ئەمـەش مێژوویەکـی 1400 سـاڵەی هەیـە. لەسـەردەمی حوکمـی بەریتانیـا بەسـەر عێراقـدا، لـەم سـنوورانەوە پەلامـاری کوردسـتان دراوە و داگیرکراوەتـەوە. لەسـەردەمی پاشایەتیشـدا هـەروا بـووە. لەسـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم، هـەردوو برایانـی عـارف و سـەردەمی بەعسـدا کوردسـتان بـەردەوام پەلامـاردراوە. دژوارتریـن هەڕەشـە لەسـەردەمی سـەدام حوسـێنەوە بـووە کـە لەڕێگـەی پرۆسـەیەکی پاکتـاوی نەژادییـەوە سـەدان هـەزار هاونیشـتمانی کـورد بەکۆمەڵکـوژران، سـەدان هـەزار دوورخراونەتـەوە و نزیکـەی ملیۆنێکیـش بـە کۆچبـەری و کـۆڕەو لـە زێـدی خۆیـان دوورکەوتوونەتـەوە.

## نەخشەی هەڕەشە دەرەکییەکان بۆسەر باشووری کوردستان




سنوورەکانی باشووری کوردستان، جارێکیتر لەلایەن ناوچەی عەرەبستانی عێراقەوە رووبەڕووی هەڕەشە بووەتەوە. ئەمجارە رەوتی "سەلەفیەتی بەعسی" پەلاماری کوردستانی داوە. سەرلەنوێ بە تەفسیرێکی دینی سەدان هەزار هاونیشتمانی کوردی ئێزدی لە زێدی خۆیان هەڵکەنراون، چەندین هەزار بەدیلی و بەکەنیزەکی براون، چەندین هەزاریش کوژراون. ئەم هەڕەشەیە کە رەوتی سەلەفیەتی بەعسی واتە داعش نوێنەرایەتی دەکات، تائێستاش بەردەوامە. لەم سنوورانەوە دەشێ چاوەڕێی سەرچاوەی هەڕەشەی جیاوازیش بکەین. هەر لەئیستاوە رەوتی شیعەی عەرەبی بەناوی "حەشدی شەعبی" و بەبیانووی تورکمانە شیعەکانەوە لە کەنار سنوورەکانی باشوورەوە خۆیان مەڵاسداوە و دەشێ پێشبینی زنجیرەیەك پێکدادانی سەخت لەنێوان کورد و ئەم رەوتە تازەیەشدا بکرێت.

## ئەنجام پۆست - داعش و هەڕەشەکان

لەوانەیە نەتوانین بە ئاسانی زاراوەی پۆست – داعش بەکاربێنین، چونکە ئاستەمە داعش بەیەکجاری لەنێوبچێت. ئەوەندە هەیە لە 2016 پێدەچێ لە سووریاوە پەلاماری رەققە بدرێت و لە عێراقیشەوە

پەلامـاری موسـڵ بدرێـت کـە هەردووکیـان بـە پایتەختـی داعـش دادەنرێـن. بۆیـە داعـش بـە ئەگـەری زۆر دەسـەڵاتی خـۆی وەك دەوڵەتێکـی دیفاکتـۆ لەدەسـتدەدا، بـەڵام وەك گرووپێکـی سـەلەفی جیهـادی چ لـە عێـراق و چ لـە سـووریا ئامادەیـی دەبێـت. ئەگـەری زۆریـش ئەوەیـە داعـش لـە زۆربـەی بیابانەکانـی سـووریا و عێـراق خـۆی تۆکمەبکاتـەوە و لەگـەڵ دەرکەوتنـی تەنگـژەی سیاسـی، سـەرلەنوێ پەلامـاری شـارە گـەورەکان بداتـەوە.

پێدەچـێ داعـش دوای ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ بـۆ ماوەیـەك لەنـاو شـارەکە بەرگـری بـکات و بیـەوێ خەڵکەکـە بکاتـە مەرتاڵـی مرۆیـی. ئەگـەری زۆریـش ئەوەیـە دوای ماوەیـەك بـۆ ئـەوەی شـەڕکەرەکانی بپارێزێـت لـە شـارەکە بکشـێتەوە. پـاش ئەمـە پێدەچـێ داعـش وەك گرووپێکـی چەکـداری، "جەنگـی چەتەیـی" درێژەپێبـدا و لەناوچـە سـنوورییەکانی نێـوان کوردسـتان و عێراقـی عەرەبـدا ئامادەیـی هەبێـت. پێدەچـێ لـە ناوچەکانـی حـەوزی سـیروان (دیالـە)، زنجیـرەی حەمریـن هـەر لـە خانەقینـەوە تاوەکـو باشـووری کەرکـووك، لـە حـەوزی دیجلـە و تەلانەکانـی نێـوان موسـڵ و کوردسـتاندا پێگـەی خـۆی پەرەپێبـدات. لێـرەوە دەتوانرێـت پێشـبینی هەڵمەتـی تیرۆریسـتی توونـدی داعـش دژی داوودەزگاکان، هێـزە چەکـدارەکان و هاونیشـتمانیانی هەرێمـی کوردسـتان بکرێـت.

ئەگـەری ئـەوە هەیـە هەرێمـی کوردسـتان لـە قۆناخـی پۆسـت داعشـدا رووبـەڕووی دووجـۆر هەڕەشـەی ئاسایشـی ببێتـەوە: یەکێکیـان هەڕەشـە ناوخۆییەکانە: هەڕەشـە ناوخۆییەکان لە سـێ دیـاردەدا پوختەدەکرێنەوە: گەندەڵـی ئیـداری، تەنگـژەی سیاسـی و تەنگـژەی دارایـی – ئابـووری. لـە هەرێمـی کوردسـتان گەندەڵییەکـی سیسـتەماتیکی رێکخـراوی ئیـداری هەیـە کـە سیسـتەمی سیاسـی گیرۆدەکـردوە. تائێسـتا ئیرادەیەکـی ئەوتـۆ بـۆ ریشەکێشـکردنی ئـەم دیاردەیـە نەهاتووەتـە ئـاراوە. لەوەتـەی تەنگـژەی دارایـی و تەنگـژەی سیاسـی بەرۆکـی هەرێمـی کوردسـتانی گرتـووە، وەك پسـپۆڕان دەڵێـن کێـرد گەیشـتووەتە سـەر ئێسـقانی دەسـەڵات و هاونیشـتمانی. تەنگـژەی داراییـش رۆژ دوای رۆژ زیاتـر تەشـەنەدەکات. ئەمـەش تەنگـژەی سیاسـی توونـدتـر کـردووە.

گەندەڵـی ئیـداری، تەنگـژەی دارایـی و تەنگـژەی سیاسـی ئەگـەر چارەسـەرنەکرێن، دەبنەهـۆی دروسـتبوونی گەلێـك هەڕەشـەی ئاسایشـی ناوخۆیـی وەك: دروسـتبوونی پشـێوی ناوخۆیـی (کێشمەکێشـی نێـوان گـۆڕان – پ.د.ك، پەکەکـە – پ.د.ك، پ.د.ك – ی.ن.ك)، تێکچوونـی سـەقامیگری، تێکچوونـی ئارامـی و نەزمـی گشـتی، دروسـتبوونەوەی نەزمـی دووجەمسـەری کـە ئەمـەش نەزمـی دوو ئیدارەیـی لێدەکەوێتـەوە و ئەگـەری جەنـگ و پێکدادانـی ناوخۆیـی زیـاددەکات. ئەمـە بەنـۆرەی خـۆی کۆمـەك بـەوە دەکات گرووپـی وەك داعـش سـەرمایەگوزاری سیاسـی لەسـەر بـکات و لەپێنـاو ئەجێنـدا سـتراتیژییەکانی خۆیـدا بیقۆزێـتەوە. بۆیـە پێـش هەمـوو شـتێك هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتی بـە هەڵمەتێکـی نیشـتمانییە بـۆ ئـەوەی رووبـەڕووی گەندەڵـی ئیـداری ببێتـەوە. ئەمـە دەبـێ لەگـەڵ "ئاشـتەواییەکی کوردسـتانی"دا هاوتەریـب بێـت بـۆ ئـەوەی بـە نەهێشـتنی تەنگـژەی سیاسـی کار بـۆ نەهێشـتنی تەنگـژەی داراییـش بکرێـت.

دووەمیـان هەڕەشـە دەرەکییەکانـە: ئـەم هەڕەشـانەش لـەدەرەوەی سـنوورەکانەوە هەڵدەقوڵێـن. جار-جـار لـە سـنوورەکانی تورکیـاوە، جاروبـار لـە سـنوورەکانی ئێرانـەوە و بەزۆریـش لـە سـنوورەکانی عەرەبسـتانی عێراقـەوە سـەرهەڵدەدەن. ئێسـتا ئـەم هەڕەشـەیە لـە سـنووری عەرەبسـتانی عێراقـەوە رووبـەڕووی هەرێمـی کوردسـتان بووەتـەوە کـە خـودی داعشـە. بـۆ قۆناخـی پۆسـت-داعش دەشـێ پیشـبینی چەنـد سـیناریۆیەك بکەیـن:

یەکـەم، داعـش وەك دیفاکتۆدەوڵـەت نامێنـێ، بـەڵام وەك گرووپێکـی تیـرۆرکاری کـە جەنگـی چەتەیـی

دەکات دەمێنـێ و هەمیشـە وەك هەڕەشـەیەکی زینـدوو لەبەرامبـەر کوردسـتان دەمێنێتـەوە. دووەم، داعـش بچووکدەبێتــەوە و ئەگــەری ئــەوە هەیــە گرووپەکانــی وەك ئەنسارولســوننە، ســوپای نەقشــبەندی، ســوپای ئیسـلامی و ئەفسـەرە بەعسـییەکان لێـی بتەکێنـەوە و سـەرلەنوێ بەناسـنامەی خۆیانـەوە سـەرهەڵبدەنەوە. سـیناریۆی سـێیەم، ئەگـەری ئـەوە هەیـە دۆخێکـی جیـاواز بێــتەکایەوە و تەنانـەت گرووپـی سـوننەی جیـاواز و قەبەتـر سـەرهەڵبدا وەك حەشـدی نیشـتمانی و ڕەنگـە پێکـدادان لەنێـوان حەشـدی نیشـتمانی و حەشـدی شـەعبیش بێتەکایـەوە! سـیناریۆی چـوارەم، حەشـدی شـەعبی بـە لاوازبونـی داعـش سـەر لـە سـەری هەرێمـی کوردسـتان دەنـێ و هـەر لـە نەفتخانـەوە تاوەکـو دەوروبـەری موسـڵ کێشـەی ئاسایشـی نیشـتمانی و کێشـەی جیۆسیاسـی بـۆ کوردسـتان دەنێتـەوە. دەشـێ چاوەڕێـی زۆر پێکـدادان لەنێـوان هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و حەشـدی شـەعبییش بکرێـت.

# سەرچاوەکان


1 - www.Radıkal.com, Murat Yetkin, Turkyeyi Suriye Denkleminden çıkarmak, 25 – 2- 2016.

2 - www.Posta.com, DAEŞ ve Pisikolijik Savaş, rapor, şubat 2014.

3 - مامەند رۆژە، کوردستان دراوسێی قاعیدەیە، گۆڤاری سڤیل، ژمارەی ....، هاوینی 2013.

4 - چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحما خەلیل پەرلەمانتاری پێشوی ئێراق لەسەر پێکهاتەی ئێزدی و قایمقامی ئێستای شارۆچکەی شنگال، هاوینی 2015، بەکاسێت.

5 - Ahmet Davutoğlu, Staratejik Derinlik, Küre Yayinlari, 38.baskı, Istanbul, 2009, s.15-.

6 - د. غازى صالح نهار، الامن القومى العربي، ط 1، دارالمل، عمان 1993، لا 3.

7 - د.پيروز مجتهدزاده، جغرافياى سياسى و سياست جغرافيايى، سازمان تدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها - سمت، تهران 1381، ص 127.

8 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، دارالحكمة، لندن، طبعة الاولى 2015، لا 30.

9 - Robert Mcnmara. The Essence of Security. Harpert and Row. New York. 1968. P.P 149150-.

10 - د.يسرى الجوهري، الجغرافيا السياسية، جامعة سانت كليمنتس العالمية، بغداد 2009، ص 3.

11 - . هيثم الكيلاني، مفهوم الامن القومي العربي «دراسة في جانبيه السياسي و العسكري»، مركز دراسات العربي الاوروبي، باريس 1996، لا 70 – 71.

12 - محمد عاكف جمال، متغيرات في مفهوم الامن القومي، جريدة بيان الاماراتية، 7 نوفمبر 2014.

13 - Denis Retaille; Tarihte Jeopolitik, Çeviren Emre Sayin, Avrasiya Dosıyası, Cilt 8, Sayi 4. 2002, s.2223-.

14 - حسين جاسم الخزاعي، داعش و اثره على الامن القومي العراقي، مصدر سابق، لا 32.

15 - مامەند رۆژە، چۆن دەبین بە دەوڵەت؟ ئایندەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس، سلێمانی 2014، لا 20.

16 - جاري محمد، القدرة في التنظيم الدولي المعاصر، المجلة العربية للدراسات الدولية، السنة الاولى، عدد 2، واشنتن 1988، لا 50.

17 - جون بيلسي، الامن الدولي في حقبة مابعد الحرب الباردة، ترجمة مركز الخليج للابحاث، دبي 2008، لا 414.

18 - چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆر دۆغو ئەرگیل سەبارەت بە چەمکەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە کوردستان، هاوینی 2011، بەکاسێت.

19 - دكتر عزت الله عزتى، ژئوپليتيك در قرن بيستويكم، چاپ چهارم، سازمان تدوين كتب دانشگاهى (سمت)، تهران 1390، ص 9091.

20 - Dr. Bulent Ülaş, Jeopolitik, Başlık Yayinlari, 1.Baskı, İstanbul, 2011, s.228229-.

21 - Suat İlhan, Jeopolitik Duyarlılık, Otuken Yayinlari, İstanbul, 2003, s.4243-.

22 - قدوين اندريا سعد اللة، مهددات الامن القومي السوداني، بحث تكميلي لنيل زمالة الامن الوطني، الدفعة الاولى (الخرطوم، الاكاديمية العليا للدراسات الاستراتيجية و الامنية، 2007، لا 38.

23 - عادل حسن محمد احمد، تحديات الامن القومي السودانى بعد نهاية الحرب الباردة و استراتيجية مواجهتها، شركة السودان للعملة المحدودة، الخرطوم 2013، لا 81.

# بەشی 3

## فاکتەرە هەرێمییەکان و
## کوردستان پۆست-داعش

# ئایا کوردستان دەتوانێت لەنێوان تورکیا و داعشدا سەربەخۆیی وەربگرێت؟ [1]

پرۆفیسۆر بیلال سامبوور

## پێشەکی

کورد وەك یەکێك لە کۆنترین گەلانی ناوچەکە لە جوگرافیای مێزۆپۆتامیا، بە چوارەم گەورەترین گەلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێن. کورد خاوەنی زمان، کولتوور، شێوازی ژیان، مێژوو، فۆلکلۆر و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیانن. هاوکات داهاتووی گەلی کورد بەشێوەیەکی بەربڵاو لە گشت جیهان تاوتوێی لەسەر دەکرێت. هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد هەمیشە لە ڕۆژەڤدابووە. کورد وەك گەلێکی نزیکەی 50 ملیۆن کەسی، لەنێوان خاکی دەوڵەتەکانی تورکیا، سووریا، عێراق و ئێران بڵاوبوونەتەوە. بەدەر لە جوگرافیای سرووشتی خۆیان، کورد ئەمڕۆ خاوەنی ڕەوەندێکی سەرووی دوو ملیۆن کەسین لە ئەورووپا. کورد لە شارە گەورەکانی وەك، ئیستەنبووڵ، تاران، ئیزمیر و دیمەشق دەژین. ئەمڕۆ نێوبردنی ئیستەنبووڵ وەك گەورەترین شاری کورد، بە تایبەتمەندییەکی گرنگی کورد دەردەخرێت. کورد لەڕووی کولتووری، سیاسەت و کۆمەڵایەتی وەك هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، خاوەن پێکهاتەیەکی دەوڵەمەندن. لایەنە جیاوازەکانی گەلی کورد وەك پێویستییەکی بۆچوونی پێکەوەژیان، لە هەوڵی جێبەجێکردنی خواستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی خۆیانن.
کورد، لە جیهان بە یەکێك لە گەورەترین گەلانی بێدەوڵەت دادەنرێن. لەوەتەی سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کۆکوژی، گوشار، گۆڕینی ناسنامە بوونەتەوە لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین. کورد بەرامبەر ئەو گوشارانەی کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، هەوڵی جیاوازیان داوە بۆ فراوانکردنی مافەکانی مرۆڤ، پێکهێنانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری و دەوڵەت لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین.

## هەست بە بوونی کورد دەکرێت!

لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستویەکەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەست بە گرنگی کورد دەکرێت. ئیتر چوونەتە نێو ژینگەیەك کە خواست و داواکارییەکانیان بە ڕەوا دەبینرێت. بەشێوەیەکی چڕ ئاماژە بەوە دەکرێت کە سەدەی بیستویەکەم دەبێتە سەدەی کوردان. ئەمڕۆ دەوڵەتانی وەك سووریا و عێراق بەشێوەیەکی کرداری بوونیان نییە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم دەوڵەتە دروستکراوانە، ڕوونتر هەست بەڕاستیی کورد دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا بەڕوونی هەست بە دۆزی کورد دەکرێت، شتێکی زۆر سەیرە بەوەی کە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە بەردەوامە کە پێداگیری لەوە دەکات کورد پەیوەستبن

1 - ئەم باسە بە زمانی تورکی نووسراوە و لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەوە کراوەتە کوردیی ناوەڕاست.

بـە دەوڵەتـە دروسـتکراوەکانی وەك عێـراق و سـووریاوە.

## مەزهەبگەرایی و بەرزبوونەوەی هەڕەشەی داعش

مەزهـەب بووەتـە بابەتـی لێـك جیاکردنـەوەی کۆمەڵگـە و پێکهێنانـی جیـاوازی قـوڵ لـەو وڵاتانـەی کـە کـورد تێیـدا دەژیـت. ئـەو بنەمـا دینامیکییـەی کـە ئەمـڕۆ عێـراق و سـووریای لێـك جیاکردووەتـەوە بۆچوونـی مەزهەبـە. لەکاتێکـدا کـە کـورد، لـە چوارچێـوەی چەمکـی ناسـنامە، نەتـەوە و سـەربەخۆیی بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان بەرخـۆدان دەکـەن، شـیعە و سـوننەکان لەسـەر بنەمـای مەزهـەب لـە پێکدادانـدان. لـە عێراقیـش لەنێـو شـیعە و سـوننەکان گیریـان خـواردووە.
گۆڕانـکاری گرنـگ لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەتایبەتـی لەعێـراق و سـووریا لـە ئـارادان. هـاوکات هەمـوو گۆڕانگاریەکیـش کێشـە، مەترسـی و هەڕەشـەی نـوێ بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت. ئـەو شـەڕ و پێکدادانـەی کـە لەعێـراق و سـووریا بوونـی هەیـە، نیشـاندەری ئەوەیـە کـە مەزهەبگەرایـی وەك مەترسـییەکی جـددی چەنـد بەربـڵاو بووەتـەوە. داعـش بەدەرفـەت وەرگرتـن لـە بارگـرژی نێـوان شـیعە و سـوننە لەعێـراق و سـووریا لـە جێگیرکردنـی خـۆی لـەو ناوچانـە سـەرکەوتووبووە. هـاوکات ئێسـتا بارگـرژی مەزهەبگەرایـی و توونـدڕەوی لـە ناوچـەی کوردسـتان لـە رەهەنـدی هەڕەشـەدا نییـە. بـەڵام ئەمـە، بـە مانـای ئـەوە نایێـت کـە توونـدڕەوی و مەزهەبگەرایـی مەترسـی و هەڕەشـە بـۆ کوردسـتان دروسـتناکات. لـە بەرامبـەر مەترسـی داعـش، دەتوانیـن بڵێیـن گرووپـە کوردییـەکان بەمەبەسـتی بەرەنگاربوونـەوەی دوژمنـی هاوبـەش یەکڕیزیـان دروسـتکردووە.
لەگـەڵ راگەیاندنـی سـەربەخۆیی و جیابوونـەوەی کوردسـتان لەعێـراق بانگەشـەی ئەگـەری پێکدادانـی نـوێ لەگـەڵ عێـراق و دووژمنایەتـی سـوننە و شـیعە عەرەبـەکان بـە ئاراسـتەی کوردسـتان بەشـێوەیەکی بـەردەوام لەلایـەن هێـزە ناوچەییـەکان و جیهانییـەکان ئامـاژەی پێدەکرێـت. دەتوانیـن بڵێیـن کـە لەنێـو عەرەبە سـوننەکان بۆچوونێکـی نەرێنـی لەبـارەی هەرێمـی کوردسـتان وەك سـەرچاوەی گشـت کێشـەکان هەیـە. لـەدوای کەمکردنـەوەی کاریگـەری داعـش، هەڕەشـەی عەرەبـە سـوننەکان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بـەردەوام دەبێـت.

## بەرخۆدانی رزگاری کوردستان لە دژی داعش

لەسـاڵی 2014ەوە کوردانـی سـووریا و عێـراق لـە بەرخۆدانێکـی گـەورەدان دژی داعـش . دەسـەڵاتدارێتی هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی زیاتـر لـە 900 کیلۆمەتـر سـنووری هاوبەشـە لەگـەڵ داعـش. زیاتـر لـە 1500 پێشـمەرگە لـە شـەڕی دژی داعـش گیانیـان لەدەسـتداوە. گەورەتریـن دووژمنـی داعـش، هەرێمـی کوردسـتان و کـوردن. وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەمریـکا هـاوکاری سـەربازیی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن. بـەڵام ئـەم هاوکارییـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لـەدژی داعـش وەك پێویسـت نییـە. حکومەتـی بەغـدا دژی ناردنـی هاوکاری سـەربازییە بـۆ پێشـمەرگە و نایەوێـت پێشـمەرگە لـەدژی داعـش بەهێزببێـت. هـاوکات هەڵوێسـتی بەغـدا لـە دژایەتـی بەهێزبوونـی پێشـمەرگە وەك هێزێکـی کاریگـەر لـەدژی داعـش رەنگدانـەوەی ئـەو ناڕەزاییەیـە کـە بەرامبـەر بـە بوونـی کوردسـتان هەیەتـی. بەرخۆدانـی بـاڵای دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان لـەدژی داعـش، پێگـە و متمانەپێکـراوی کوردسـتانی لـە جیهـان بەشـێوەیەکی ریشـەیی بەرزکردووەتـەوە.
رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، کـورد و جیهانیـش بەرامبـەر دڕندەیـی و داگیـرکاری داعـش هـەژاون. کـورد گەورەتریـن

بەرخۆدانیـان بەرامبـەر هێرشـەکانی داعـش کـە ریشـەی ئـەو گرووپـە بـۆ رێکخـراوی قاعیـدە دەگەڕێتـەوە نیشـانداوە. هێزەکانـی پێشـمەرگە رۆڵێکـی گرنگیـان هەبـووە لـە ئازادکردنـی شـنگال و هـاوکات رێگریکـردن لـە داگیرکردنـی کۆبانـێ لەلایـەن داعشـەوە. بەوشـێوەیەش پێشـمەرگە، رێـز و شـانازی گشـت جیهانـی بەدەسـتهێناوە. پێشـمەرگە تاکـە هێـزە کـە توانیویەتـی ئەنجـام لـە دژی داعـش بەدەسـتبێنێت. لەکاتێکـدا کـە سـوپای عێـراق توانـای بەرەنـگاری و لەنێوبردنـی داعشـی نییـە، ئەمەشـی لـە کەوتنـی موسـڵ و زۆربـەی رووداوەکانـی دیکـەدا نیشـانداوە. بەوشـێوەیەش پێشـمەرگە وەك کاریگەرتریـن هێـزی دژی داعـش، بووەتـە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی چاویـان بکەوێتـە سـەر پێشـمەرگە و کوردسـتان. ئەمـڕۆ زۆر وڵات لـە هاوکاریکـردن و راهێنـان و پڕچەککردنـی پێشـمەرگەدا بەشـدارن. ئەمریـکاش لـەدژی داعـش بـە ئۆپەراسـیۆنی ئاسـمانی پاڵپشـتی لـە پێشـمەرگە دەکات.

## رۆژەڤی نەگۆڕ لە هەرێمی کوردستان: سەربەخۆیی

کـورد گەلێکـە لـە هـەر چـوار دەوڵەتـی ئێـران، عێـراق، سـووریا و تورکیـا دەژیـت. لـە هـەردوو وڵاتـی ئێـران و تورکیـا، کـورد خاوەنـی هیـچ پێگەیـەك نیـن. هـاوکات بەهـۆی شـەڕی سـووریاوە کـورد، لـە رۆژئـاوا سـێ کانتۆنـی: عەفریـن، کۆبانـێ و جزیرەیـان بـە سـیفەتی خۆبەرێوبـەری پێکهێنـاوە. لـە قۆناخـی مۆدێرنـدا، فراوانتریـن پێکهاتـەی سیاسـی کـە کـورد تائێسـتا پێکیانهێنابێـت، دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتانە. کوردانـی عێـراق لەسـاڵی 1991ەوە بەشـێوەیەکی کردەیـی خاوەنـی ئۆتۆنۆمـی خۆیانـن. لەسـاڵی 2005دا دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەسـتووری عێـراق وەك ناوچەیەکـی ئۆتۆنـۆم بـە فەرمـی ناسـێنراوە. بـەڵام لەسـەر شـاری کەرکـووك و بەشـێك لـە ناوچەکانـی دیکـە، ناکۆکـی لەنێـوان عێـراق و کوردسـتان لەئارادایـە.
سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی بـەردەوام گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێـت و سـەرۆك مەسـعود بارزانیـش بـە گەورەتریـن سـەرۆکی ئـەو سـەربەخۆییە دەژمێردرێـت. سـەرۆك بارزانـی لـە ناوچەکـە و جیهـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان هەوڵێکـی زۆر دەدات. سـەرۆك بارزانـی دەڵێـت " کاتـی بڕیـاردان بـۆ داهاتوومـان هاتـووە. ناتوانیـن چاوەڕێـی بڕیـاری گەلانـی دیکـە بیـن بـۆ ئێمـە". ئیتر کـورد ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن خۆیـان بڕیـار لەسـەر داهاتـووی خۆیـان بـدەن. ئـارەزووی سـەربەخۆیی لەنێـو کوردانـدا پەیوەنـدی قوڵـی بـە بابەتـی دەروونـی، کۆمەڵایەتـی، مێژوویـی، سیاسـی و کولتوورییـەوە هەیـە. کوردسـتان لـە هەوڵـی ئەوەدایـە کـە بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە و دیموکراتـی لەعێـراق جیاببێتـەوە و سـەربەخۆ بێـت. بـەڵام دەوڵەتەکانـی ناوچەکـە رێگـە بەمـە نـادەن و دەیانـەوێ پێکـدادان و قەیـران لەنێـوان عێـراق و هەولێـر سـەرهەڵبدات.

## کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان

بـۆ بەردەوامـی کوردسـتان، کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ناوچانـەی کـە گاز و نەوتیـان لێیـە بەتایبەتـی کەرکووك پێویسـتە. لەگـەڵ سـەرهەڵدانی هەڕەشـەی داعـش و گەڕاندنـەوەی ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکان بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن پێشـمەرگە، بـووە هـۆکاری سـەرهەڵدانی چەندیـن گفتوگـۆ و دەمەقاڵـێ. تورکیا نیگەرانـە بـە کۆنترۆڵکردنـی ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکان بەتایبەتـی کەرکـووك لەلایـەن دەسـەڵاتی هەرێمی کوردسـتانەوە. کەرکـووك وەك گرنگتریـن ناوچـەی ناکۆکـی لەسـەر دەژمێردرێـت. لەکاتێکـدا کەرکـووك بـە ناوەنـدی مێژوویـی

کوردسـتان و بـە قودسـی کـورد دادەنرێـت. سـەرەڕای ئـەوەی کـە رژێمـی سـەددام بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیکی هەوڵـی بەعەرەبکردنـی کەرکووکـی داوە، بـەڵام نەتوانـرا پێگـەی کەرکـووك وەك ناوەنـدی کوردسـتان بگۆڕدرێت. لـە سـاڵی 2014دا، داعـش لـە هێرشـکردنە سـەر کوردسـتان و کەرکـووك لەبەرامبـەر پێشـمەرگە رووبـەڕووی شکسـت و زیانـی گـەورە بـووەوە. ئەمـڕۆ کەرکـووك بەشـێوەیەکی کردەیـی لەلایـەن دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەڕێوەدەبردرێـت. ئەمـڕۆ بەشـێوەیەکی کردەیـی سـنووری هەرێمـی کوردسـتان دیاریکـراوە.
تورکیـا بەرگـری لـەوە دەکات کـە دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان بەبیانـووی هەڕەشـەی داعـش، دەسـتی بەسـەر کەرکـووك و ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکانی نێـو مـاددەی 140دا گرتـووە و لەسـایەی داعـش گەیشـتووەتە کۆتایـی سـنوورەکانی خـۆی. لەوانەیـە تورکیـا لـە داهاتـوودا بەرگـری لـەوە بـکات کـە دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان، دەبـێ کەرکـووك و ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکانی دیکـە رادەسـتی عێـراق بکاتـەوە. تورکیـا، بەهیـچ شـێوەیەك نایـەوێ کەرکـووك بچێتـە ژێـر کۆنترۆڵـی کوردسـتانەوە.

## دابەشبوونی سیاسی لە کوردستان

ماوەیەکـی درێـژە هەرێمـی کوردسـتان بابەتـی سـەربەخۆیی خسـتووەتە رۆژەڤـی خۆیـەوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا ئامـاژە بەوەدەکرێـت کـە ژمارەیەکـی زۆر رێگـری لەبـەردەم سـەربەخۆیی کوردسـتاندا هـەن. لـە هەرێمـی کوردسـتان پارتـە سیاسـییەکانی وەك پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، بزووتنـەوەی گـۆڕان، یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان هەروەهـا کۆمەڵـی ئیسـلامی هـەن. هـاوکات بارگـرژی و جیـاوازی زۆر لەنێـو ئـەو پارتـە سیاسـیانەدا هەیـە. پێکدادانـی سیاسـی و بوونـی جیـاوازی لەنێـو کـوردان بەگرنگتریـن رێگـر لەبـەردەم سـەربەخۆیی کوردسـتان دادەنرێـت. بەمانایەکـی دیکـە، لـە بابەتـی سـەربەخۆیی نەتوانـراوە یەکڕیـزی کـورد دەسـتەبەربکرێت. پێکهاتـەی میلیشـیایی نێـو هەرێمـی کوردسـتان، بـە گەورەتریـن رێگـری بـەردەم پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دادەنرێـت. تورکیـا پێشـبینی ئـەوە دەکات کـە هەوڵـی بارزانـی بـۆ سـەربەخۆیی، هەوڵێکـی تاکـە کەسـییە و پارتەکانـی دیکـە بەتایبەتـی یەکێتـی و گـۆڕان پاڵپشـتی پێویسـت نابـن و دانوسـتاندن لەنێـو پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەبـارەی سـەربەخۆییەوە ئەنجامنادرێـت.

## وڵاتانی ناوچەکە و هێڵی دژە-کوردستان

لەبـارەی سـەربەخۆیی، هەڵوێسـتی دژە-کوردسـتان لەلایـەن وڵاتانـی ناوچەکـە بـە هـۆکاری رێگـری سـەرەکی دادەنرێـت. ئێـران و تورکیـا دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانن. سـەرەڕای ئـەوەی ئێـران بەئاشـکرا دژایەتـی خـۆی بەرامبـەر سـەربەخۆیی کوردسـتان دەرخسـتووە، تورکیـا زیاتـر بـە ئامـاژە و لەرێگـەی دیپلۆماتـی لـە هەوڵـی ئەوەدایـە کـە بڵێـت دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانە. تورکیـا لـە بابەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان هێزێکـی هاوسـەنگ نییـە بەرامبـەر ئێـران، بەڵکـو لـە پێگـەی هێزێکدایـە کـە پاڵپشـتی لـەو ئۆپۆزیسـیۆنە دەکات کـە دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانە. لەگـەڵ ئەمەشـدا تورکیـا واز لـە هاوئاهەنگیـی خـۆی لەگـەڵ کورسـتان ناهێنێـت. بەڵکـو مەرجـی ئـەو هاوئاهەنگییـە بـە نەبوونـی سـەربەخۆیی بەسـتووەتەوە. هەوڵـدان بـۆ سـەربەخۆیی بـە متمانەکـردن بـەو وڵاتانـەی کـە دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانن، کۆتاییەکـی بێئەنجامـە. کـورد رووبـەڕووی ئـەوە بوونەتـەوە کـە دەبـێ بابەتـی سـەربەخۆیی لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەی کـە تێیـدا دەژیـن و دەوڵەتانـی دراوسـێ

تاوتوێ بکەن. بەمانایەکی دیکە کورد ناچارکراون کە ڕکابەرانی خۆیان بە سەربەخۆیی ڕازیبکەن. دابەشبوونی عێراق و سووریا بەهۆی شەڕەوە، بەمانای ئاساییبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان نایێت. هەر پێشهاتێکی توندوتیژی و پێکدادان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەری نەرێنی لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەیە. هاوکات دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەنێو شەپۆلی قووڵی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات. لە مەرجی ئێستادا گرنگترین شت بۆ هەرێمی کوردستان پارێزگاریکردن لە بوونی خۆیەتی.

پاڵپشتی ناوچەیی و جیهانی مەرجێکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بەڵام تاوەکو عێراق بەشێوەیەکی فەرمی مێنێتەوە، تورکیا و ئێران لە بەرهەڵستکاری سەربەخۆیی بەردەوامدەبن. لەدوای پەرتەوازەبوونی عێراق و هەنگاوهاویشتن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەتوانین پێشبینی بەرهەڵستکاری کەمتر بۆ ئەو سەربەخۆییە بکەین. هاوکات قۆناخی دوای داعش و بەتایبەتی قۆناخی دوای عێراق، دەتوانرێت بە قۆناخێکی گونجاو بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابنرێت.

## ناوچەی کوردستانی پەیوەست بە تورکیا

هەندێجار لە تورکیا بەدەر لە سەربەخۆیی کوردستان باس لە ناوچەیەکی فیدرالی کوردی سەر بە تورکیا دەکرێت. سەرەڕای باسکردنی کوردستان وەك ویلایەتی تورکیا لەلایەن تورکە موحافزکارەکانەوە، ئەمە نەبووەتە تێزێکی گشتگیر و سیاسی بۆ جێبەجێکردن. هاوکات بانگەشەی پاراستنی کورد لەلایەن تورکیا و یەکگرتنی تورکیا و کوردستان، سیناریۆیەکی لەراستی بەدەرە. هەروەك چۆن تورکیا هیچ کاتێك سەربەخۆیی کوردستانی پەسندنەکردووە، بەهیچ شێوەیەك بە ئەرێنی نەیڕوانیوەتە نزیکبوونەوەیەك لە ئاستی یەکگرتن لەنێوان خۆی و کوردستان.

تورکیا بەدەر لە سەربەخۆیی، دەیەوێت پارێزگاری لە دۆخی ئێستا بکرێت. بە مانایەکی دیکە، تورکیا پێداگیری لە مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق دەکات. تاوەکو ئەوکاتەی کە سەرۆك بارزانی درێژە بەو پێگەیە بدات، ئەوا لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیدەکرێت. داواکردنی بارزانی بۆ گشتپرسی سەربەخۆیی بە نەرێنی لە تورکیا پێشوازی لێدەکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

## ترسی هەمیشەیی تورکیا: دابەشبوون

تورکیا لەو باوەڕەدایە کە سەربەخۆیی کوردستان، شەپۆلی سەربەخۆیی لەنێو کوردانی تورکیاش دروستدەکات. بەمانایەکی دیکە، تورکیا سەربەخۆیی کوردستان بە مۆدێلێکی جیاخواز بۆ تورکیا دەبینێت. لەپاڵ ئەمەشدا تورکیا سەرەڕای پێشخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ کوردستان، تائێستا دوورە لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان. بەدرێژایی هەتا کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا چارەسەرنەکرێت، بە ئەستەم دەشێ پێشبینی پاڵپشتی تورکیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکرێت.

تورکیا، نیگەرانە لە هەڕەشەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان. (پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە) سەرچاوەی نیگەرانی سەرەکییە بۆ تورکیا. هاوکات تورکیا پرسی جێگیربوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایش و بوونی خۆی دەزانێت. تورکیا بە زیادکردنی هێزی

سـەربازی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەدوای دۆزینـەوەی ڕێگەیەکـە بـۆ کەمکردنـەوەی هەڕەشـەی پەکەکـە. لـەدوای ئـەوەی پرۆسـەی چارەسـەری بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە تورکیـا دەسـتپێکرد، ئێسـتا گـۆڕاوە بـۆ قۆناخـی شـەڕ و پێکـدادان. سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا، ئەردۆغـان ڕایگەیاندبـوو کـە کێشـەی کـورد بوونـی نییـە. لەدۆخـی ئێسـتادا تورکیـا، سیاسـەتی نەبوونـی کێشـەی کـورد بەڵکـو هەبوونـی کێشـەی تیـرۆر پەیـڕەودەکات. تورکیـا بـە گوێـرەی مەرجەکانـی یەکێتـی ئەوروپـا و لەچوارچێـوەی مافەکانـی مـرۆڤ نەیتوانیـوە کێشـەی کـورد چارەسـەربکات. قۆناخـی شـەڕ و پێکـدادان دووبـارە دەسـتپێکردووەتەوە. ئەمـەش وایکـردووە کـە تورکیـا زۆر لـە خاڵـی پێشـوازیکردن لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان دووربکەوێتـەوە.

## هەڵەی گەورەی تورکیا: "باکووری عێراق"

بەسەرپەرشـتی ئەمریـکا، لەسـاڵی 1992 حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێکهێـنرا. تورکیـا لەوکاتـەوە تائێسـتا بـە مانـای ڕاسـتی و تەواوکـەر، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان (یەنەکـە)ی قبوڵنەکـردووە. ڕێگرینەکـردن لـە دامەزراندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن تورکیـاوە وەك هەڵەیەکـی گـەورە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت. ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرکۆماری تورکیـا، ڕایگەیاندبـوو "ئێمـە عێراقێکـی نوێـمان ناوێـت. ئەمـەش چییـە؟ هەڵبەتـە باکـووری عێراقـە، ئێسـتاش دەڵێـن باکـووری سـووریا پێکبهێنرێـت؟ قبوڵکردنـی ئەمـە ئەسـتەمە". بەوپێیـەش ڕێگرینەکـردن لـە پێکهێنانـی باکـووری عێراق(هەرێمـی کوردسـتان) وەك هەڵەیەکـی گـەورە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت. سیاسـەتی سـتراتیژیی تورکیـا بـە ئاراسـتەی ئەوەیـە کـە کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نەبنـە خاوەنـی هیـچ پێگەیـەك. ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا، بەشـێوەیەکی ئاشـکرا ڕایگەیانـدووە کـە قبوڵکردنـی باکـووری عێـراق وەك هەرێمـی کوردسـتان هەڵەیەکـی گەورەیـە. بەوپێیـەش پەیامـی ئـەوەی بەئاشـکرا گەیانـدووە کـە سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبێتـە هەڵەیەکـی گەورەتـر. تورکیـا لـە دۆخـی ئێسـتادا دەیەوێـت "دوو هەڵـەی گـەورە" دووبارەنەکاتـەوە. تورکیـا پێـش هەمـوو شـتێك بـۆ ڕێگریکـردن لـە پێکهێنانـی ڕۆژئـاوا (باکـووری سـووریا) لەلایـەن کـوردەوە هەمـوو شـتێك دەکات. لـەدوای ئەمـەش هەوڵـی زۆر بـۆ ڕێگریکـردن لـە سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان دەدات. لەگـەڵ خسـتنە ڕۆژەڤـی بابەتـی گشتپرسـیی سـەربەخۆیی لەلایـەن دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان، دووبـارە هێڵـی ڕەسـمی تورکیـای لەبـارەی دژایەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان چالاککردووەتـەوە و بووەتـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی قۆناخێکـی دیکـە.

لـەدوای ئـەوەی سـەرۆك بارزانـی بابەتـی گشتپرسـیی خسـتە ڕۆژەڤـەوە، تورکیـا بـۆ ڕاگرتنـی ئـەم هەوڵـە داوای لـە وڵاتانـی ئەوروپـا کـردووە. بەوپێیـەش مێـرکڵ بـە سـەرۆك بارزانـی ڕاگەیانـدووە کـە سـەربەخۆیی هۆکارێکـە بـۆ ناسـەقامگیری ناوچەکـە و بەوشـێوەیەش دژی ئـەوەن. هـاوکات بانگەشـەی ئـەوە هەیـە کـە تورکیـا بـۆ ڕێگریکـردن لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان، وەك گوشـارێك کارتـی ڕەوتـی پەنابەرانـی دژی ئەوروپـا بەکارهێنـاوە. لەکاتێکـدا کـە ئەڵمانیـا بـە گرفتـی پەنابەرانـەوە گیـری خـواردووە، ئەگەرێکـی بەهێـزە کـە تورکیـا لـەم بابەتـە گوشـاری خسـتبێتە سـەر ئـەو وڵاتـە.

تورکیـا زۆر خۆشـحاڵە بـەوەی کـە ئەمریـکا، ئەوروپـا و رووسـیا لەبـارەی سـەربەخۆیی کوردسـتانەوە ڕێکنەکەوتـوون. تورکیـا وابیردەکاتـەوە کـە تاوەکـو ئـەم ڕێککەوتنـە ئەنجامنەدرێـت، کوردسـتان سـەربەخۆ نابێـت. تورکیـا نایەوێـت هاوسـۆزی جیهـان بـۆ پێشـمەرگە بەهـۆی بەرەنگاربوونـەوەی داعش ببێتـە زەمینەیەکـی

پێویست بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

## سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵگەی تورکیا

لە تورکیا دژایەتییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە. لەئەنجامی ئەو پڕوپاگەندانەی کە ساڵانێکە دەکرێن، هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکەکانەوو وەك ئیسرائیلی دووەم ناودەبرێت. ئەم بۆچوونە لەنێو چینی موحافزکاران و ناسیۆنالیستەکان هەیە. هاوکات پرسی ڕاگەیاندنی پاڵپشتی لە ئەنجامدانی گشتپرسی و پاشان سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئیسرائیلەوە وەك پروپاگاندەی ئەم بۆچوونە بەکارهێنراوە. لەپاڵ ئەمەش سەربەخۆیی کوردستان وەك پڕۆژەیەکی جوولەکە و ئیسرائیل ناودەبرێت.

زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگەی تورکیا بەشێوەیەکی توند دژی سەربەخۆیی کوردستانن. هەندێك لە چینی کۆمەڵگە لەو بڕوایەدان کە پێویستە دەوڵەت هەموو ڕێگەیەکی سەربازی و دیپلۆماتی بۆ ڕێگریکردن لە سەربەخۆیی بەکاربێنێت. بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بەهۆی بەرژەوەندی ئابوورییەوە لەبەرانبەر پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بێدەنگن. لەلایەکی دیکەش سەربەخۆیی کوردستان وەك بابەتی ئاسایشی دەبینن.

بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بەدەر لە گرووپە ناسیۆنالیستەکان، سەرباری دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام کاردانەوەیەکی توند پیشاننادەن. بەشێوەیەکی گشتی کاردانەوەی کۆمەڵگە پەیوەستە بە لێدوانەکانی دەوڵەت لەوبارەوە. دەتوانین بڵێین ئەگەر دەوڵەت دژی سەربەخۆیی نەبێت ئەوا بەشی زۆری کۆمەڵگەش دژی سەربەخۆیی کوردستان نابن. ئیتر کۆمەڵگە لەگەڵ بوونی کوردستان ڕاهاتووە. لە تورکیا، لەنێو چینێکی فراوانی کۆمەڵگە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەت قبوڵکراوە. بەڵام هەمیشە وابیردەکرێتەوە کە نابێ ئەم قبوڵکردنە بگۆڕدرێت بۆ دانپێدانانی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی. بەچەمککردنی باکووری عێراق، ئاماژەیە بۆ چەمکێك لەبارەی نەناساندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. لە وڵاتی تورکیا لەبارەی گۆڕینی باکووری عێراق بۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕێگەیەکی درێژ بڕدراوە. تورکیا ئاماژەی باکووری عێراق بەهەمان شێوە ئێستا بۆ باکووری سووریا دووبارە دەکاتەوە. هاوکات لەبارەی گۆڕینی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کوردستانی سەربەخۆ، تورکیا ڕێگەیەکی زۆر درێژی ماوە بیبڕێت.

## ترسی هەمیشەیی تورکیا: کوردستانی سەربەخۆ

بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ گەورەترین ترسە لە مێژووی کۆماری تورکیادا. لەدوای ساڵەکانی دووهەزار ئیتر باس لە گۆڕانی قەدەخەی کوردستانی سەربەخۆ لە تورکیا دەکرێت. بەڵام پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیە تائێستا قەدەخەی کوردستانی سەربەخۆ لە تورکیا بەردەوامە. تورکیا، بەرگری لەوە دەکات کە بەدرێژایی مانەوەی حکومەتی بەغدا پێویستە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بمێنێتەوە. تورکیا ئیتر ڕاهاتووە لە هەرێمی کوردستان کە پەیوەست بە حکومەتی بەغدا بێت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك قبوڵی بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ ناکات.

ئەردۆغـان لەکاتـی سـەردانەکەی مەسـعود بارزانـی بـۆ یەکەمجـار نـاوی "هەرێمـی کوردسـتان"ی بەکارهێنـا. لـەدوای ئـەم وتەیـەی ئەردۆغـان ناتوانرێـت بیرۆکـەی بوونـی میانـڕەوی لـە بابەتـی کوردسـتانی سـەربەخۆ بخرێتـەڕوو. بەڵکـو تەنیـا ئاماژەیەکـە بـۆ قبوڵکردنـی هەرێمـی کوردسـتان. لـە سـەردانەکەی بارزانیدا ئـاڵای کوردسـتان لەپـاڵ ئـاڵای عێـراق لەنێـو کۆشـکی سـەرۆکایەتی کۆماریـدا دانـرا. بـەڵام ئەمـە بەهیـچ شێوەیەك بەمانـای ئـەوە نایێـت کـە تورکیـا سـەربەخۆیی کوردسـتان پەسـنددەکات. بەڵکـو ڕەنگدانـەوەی ئـەو بۆچوونەیـە کـە تورکیـا لایەنگـری هەرێمێکـە سـەربە عێـراق و لـە هەمانکاتـدا پەیوەسـت بـە تورکیـا بێـت. هـاوکات ڕێککەوتنـی ئابـووری و سیاسـی تورکیـا و کوردسـتان ناتوانرێـت بەمانـای قبوڵکردنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان لەلایـەن تورکیـاوە لێکبدرێتـەوە. ئەمـە تەنیـا بەمانـای ئـەوە دێـت کـە سـەربە بەغـدا بـە و تەنیـا لەگـەڵ منیـش پەیوەندیـت هەبێـت. تورکیـا بـە تـەواوی تائێسـتا بوونـی کـوردی قبوڵنەکـردووە و بیرۆکـەی کوردستانیشـی بەهیـچ شـێوەیەك پـێ قبـوڵ نییـە. دەتوانیـن بڵێیـن قەدەخـەی بیرۆکـەی کوردسـتان لـە تورکیـا بەردەوامـە.

## پڕوپاگەندەی نوێی تورکیا:
## لەبەر سەقامگیری نەخێر بۆ کوردستان!

دەوڵەتـی تورکیـا، لـە هەڵوێسـتی نەرێنـی لەبـارەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بەردەوامـە. باشـترین چارەسـەر بـۆ تورکیـا بەهێزبوونـی هەرێمـی کوردسـتان و مانەوەیەتـی لەگـەڵ بەغـدا. ئەحمـەد داودئۆغڵـو سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا، لـە لێدوانێکیـدا بـۆ ڕۆژنامـەی فرانکفـورت ئالگێمیـن زایتونگـی ئەڵمانـی لـە وەڵامـی پرسـیاری "پەنجەرەیـەك بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، بـۆ کوردەکانـی عێـراق دەکرێتـەوە. ئایـا ئەمـە هیـچ مەترسییەکی بـۆ سـەر تورکیـا هەیـە"؟ گوتوویەتـی: "بـۆ تورکیـا نەخێـر، بـەڵام بـۆ سـەقامگیری ناوچەکـە بەڵـێ". داودئۆغڵـو ئامـاژەی بـەوەداوە کـە گـۆڕانـی سـنووری عێـراق و سـووریا، شـەڕ و پێکدادانـی دەوڵەتـەکان زیـاددەکات و هـاوکات مانـەوەی سـنووری ئێسـتای بەباشـتر زانیـوە. ئـەم لێدوانـەی داودئۆغڵـو ئامـاژە بـە بنەمـای سیاسـەتی دژایەتـی تورکیـا بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەردەخـات. بەجۆرێـك تورکیـا دەسـتیکردووە بـە بەکارهێنانـی بانگەشـەی سـەربەخۆنەبوونی کوردسـتان بەمەبەسـتی سـەقامگیری ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت. بەوشـێوەیەش بانگەشـەی بەسـتنەوەی سـەربەخۆنەبوونی کوردسـتان بـە سـەقامگیری بەشـێوەیەکی ئاشـکرا و ڕوون لەلایـەن گوتەبێـژی ئاکپارتـی عومـەر چەلیـك بەوشـێوەیە خراوەتـەڕوو: "سـەرهەڵدانی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـەم ناوچەیـەدا ئاسـوودەیی ناوچەکـە پێشـناخات، ئەمـە نـەك تەنیـا بـۆ ناوچـەی کـوردی یـان ناوچەیەکـی دیکـە بڵێـم. هـاوکات ئێسـتا ئەگـەر بـاس لـەوە بکەیـن لەوانەیـە بگوترێـت کەسـانی دیکـە مافـی ئەوەیـان هەیـە و بـۆ کـورد مافـی ئـەوەی نییـە؟ ئەمـە بابەتـی ئەمـڕۆ، بابەتـی جیهـان و بابەتـی سـەدەیە ... ئـەوەی کـە ڕۆحـی کات فەرمانـی بـە ئێمـە کـردووە ئەوەیـە: بابـەت دروسـتبوونی چەنـد دەوڵەتێـك نییـە، بەڵکو پێویسـتە ڕێـز لـە سـنوورەکانی نێـو ئـەو دەوڵەتانـە بگیرێـت و یەکێتی سیاسـی و ئابـووری پێکبهێنرێـت. هاوکات بتوانرێـت لـەڕووی سیاسـی، کولتـووری و ئابوورییـەوە گەلانـی ئـەم ناوچانـە لێـك نزیکبکرێنـەوە. هەروەهـا بتوانرێـت خەڵکـی ئەنـادۆڵ و مێزۆپۆتامیـا یەکبخرێـن لەنێـو حـەوزی کولتووری هاوبەش، ئاسـوودەیی، ئاسـایش و ئـازادی هاوبـەش. بەوشـێوەیەش ئەگـەر بابەتەکـە وەك بابەتـی دەوڵـەت لێکبدەینـەوە ئـەوا ڕووبـەڕووی سـەرهەڵدانی بۆچوونـی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی سـەرەتایی وەك سـەدەی 19یـەم دەبینـەوە. ئـەم بۆچوونـەش

سوود بە هیچ لایەنێك ناگەیێنێت و ئازادی و ئاسوودەیی کەس فراوان ناکات. هاوکات بانگەشەی بوونی دەوڵەت یان نەبوونی هیچ شتێك نییە بەدەر لە جێگیرکردنی ئەو ڕۆژەڤە دروستکراوەی سایکس-پیکۆ. ئەوەی لەم ناوچەیەدا پێویستە خۆمانی پێوە سەرقاڵبکەین ئەوەیە کە چۆن گشت گرووپە ئەتنیکی و مەزهەبییەکان ڕێز لە سنووری دەوڵەتان بگرن و هەروەها چۆن بۆچوونی سیاسی و پێکەوەبەستنی کولتووری نوێ بەرهەمبێنن. بۆیە پێموایە بۆچوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆچوونێکی زۆر ڕاست نییە".
پێویست بە بۆچوونێکی جیاواز هەیە لەبارەی ئەوەی کە کوردستانی سەربەخۆ سەقامگیری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تۆکمەدەکات. پرسەکانی سەقامگیری و دادپەروەری، سەربەخۆیی کوردستان بەپێویست دەزانێت. تورکیا داوادەکات کە کوردستان واز لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێنێت. تورکیا بەپێویستی دەزانێت کە ڕێگە لە سەربەخۆیی کوردستان بگیرێت. دەیەوێت تەنیا خۆی ببێتە خاوەنی دواوتە لەبارەی هەموو شتێکی کوردستان. تورکیا وەك دۆڕاندنی خۆی و سوودمەندبوونی کورد دەڕوانێتە بابەتی سەربەخۆیی.
هاوکات بانگەشەی ئەوە دەکرا کە سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دابەشبوونی سووریا و عێراق دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی داعش. سەرەڕای بوونی دەوڵەتی عێراق و سووریا، بەناو دەوڵەتێکی داعش دانراوە. بەرامبەر دەوڵەتی داعش، هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق دەستەوەستانن. تاکە هێزی کاریگەر بەرامبەر داعش کوردستانە. ئەو ئەزموونەی کە هاتووەتەپێش نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە بۆ سەر هیچ وڵاتێك نییە. دروستکردنی هەڕەشە لەلایەن هەرێمی کوردستان هەڵەیە و بەپێچەوانەوە دروستبوونی هەڕەشە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕاستییە. سەرۆك بارزانی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ کە بەر لە 100 ساڵ واژۆکراوە ئیتر کۆتاییهاتووە و پێویستە ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە واژۆبکرێت. سەرۆك بارزانی بە گرنگییەوە جەختی لەوە کردووەتەوە کە بیرۆکەی پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا هەڵەیە. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کە بارزانی باسی لێوە دەکات تائێستا جیهان پێی نەگەیشتووە و بۆچوونی مانەوەی کورد بە ناچاری لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا و دیمەشق لەژێر ناوی سەقامگیری ناوچەکەدا بەردەوامە. شەڕی دژی داعش ئیتر سەربەخۆیی کوردستان بە پێویست دەزانێت.

## کوردستان وەک بەشێک لە تەوەری سوننی

تورکیا زۆر گرنگی بە تایبەتمەندێتی سوننی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەدات. تورکیا پێیوایە کە دەسەڵاتی بەغدای شیعی بەرێگەی هەولێری سوننی هاوسەنگ دەکات. تورکیا لەنێو شەڕی مەزهەبگەرایی ئەمڕۆی ناوچەکەدا پێیوایە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەبێ لەگەڵ تەوەری سوننی بمێنێتەوە.
لەدوای زیادبوونی کاریگەری داعش لە عێراق و سووریا، ئەگەری پێکدادانی سەربازیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق جێگەی باس نییە. هاوکات عێراق لە بواری ئابووری گوشاری خستووەتەسەر هەرێمی کوردستان و بەشی بودجەی پێویستی بڕیوە. لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی داعش، سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە بابەتی سەرەکی. لەپاڵ ئەمەشدا لە ژینگەیەك کە کاریگەری داعشی تێدا کەمببێتەوە، بە ڕوونی ئاماژە بە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان لەنێوان کوردستان، بەغدا و عەرەبە سوننەکان دەکرێت.

تورکیا لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات. لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر شەڕێك تورکیا لە جیاتی کوردستان، پاڵپشتی لە عەرەبە سوننەکان دەکات. عەرەبە سوننەکان لە عێراق هاوپەیمانی ستراتیژی تورکیان. دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر شەڕێك، عەرەبە سوننەکان بەوەکالەتی تورکیا شەڕەکە بەرێوەدەبەن. لەدوای قۆناخی داعش، ملیشیا شیعەکان لەوانەیە هێرش بکەنەسەر کوردستان بەتایبەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. لەم دۆخەشدا بەشێوەیەکی بەهێز دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە تورکیا لەلای دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نابێت. پێویستە ئەوە لەبیرنەکرێت کە تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر هێرشەکانی حەشدی شەعبی بۆسەر خورماتوو نەبووە.
هەروەکو چۆن تورکیا سەربەخۆیی کوردستان پەسندناکات، چاوەڕێی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەجیاتی کورد و ناسنامەی کوردستان، ناسنامەی ئیسلام و سوننی وەپێشبخات. تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە کوردستان وەك ناسنامەیەکی سوننی بخاتە تەوەری تورکیا-قەتەر-سعودییەوە.

## تورکیا، ئەمریکا و ئێران

ئەمریکا، لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان سیاسەتێکی روونی رانەگەیاندووە. لەوبارەیەوەش هەوڵیداوە دوورەپەرێزبێت. تورکیا ئەم هەوڵە دوورەپەرێزییەی ئەمریکا وەك دژایەتی بەرانبەر سەربەخۆیی کوردستان لێکدەداتەوە. لە تورکیا بۆچوونێکی بەوشێوەیە لەئارادایە کەوا ئەمریکا دەیەوێت کوردستان سەربەخۆ نەبێت و لەهەمانکاتیش بێ ئەوەی لەناوچەکەدا کێشە دروستبکات، لەژێر کۆنترۆڵی خۆی بێت.
لەدوای کەمبوونەوەی کاریگەری و هێزی داعش، تورکیا بەهیچ شێوەیەك پاڵپشتی لە کوردستانێکی سەربەخۆ ناکات. تورکیا هەرێمی کوردستان ناچاردەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە. تورکیا بە گەرمییەوە پێشوازی لە دروستکردنی هیچ بنکەیەکی سەربازیی لەلایەن ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ناکات. بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە لەجیاتی ئەمریکا خۆی هێزی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان زیادبکات. هاوکات دەیەوێت کاریگەری خۆی لەسەر گاز و نەوتی هەرێمی کوردستان زیادبکات.
لەپاڵ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ببێتە هاوپەیمانی ستراتیژیی تورکیا، بەڵام تورکیا بەدەر لەمە دەیەوێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری-سیاسی-سەربازیی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستبکات. بەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرامبەر یەکتر جیاوازە، تورکیا لەبارەی سەربەخۆیی نەبووەتە پاڵپشتی پێویست بۆ هەرێمی کوردستان.
ئەمریکا و تورکیا، نیگەرانن بەرامبەر دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان. هاوکات تورکیا خۆشحاڵە بەوەی کە ئێران دژی سەربەخۆیی کوردستانە. تورکیا نایەوێ ئێران ببێتە ئەکتەرێکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی کە ئێران و بەغدا نیگەرانن بەرامبەر زیادبوونی هێزی سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆشحاڵن بە سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ مانەوەیان لەگەڵ بەغدا. لەگەڵ ئەمەشدا رێگریکردن لە نزیکبوونەوەی پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و هەرێمی کوردستان یان هەر ئەگەرێکی یەکگرتنەوەیان لە داهاتوو، ئامانجی ستراتیژی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیایە. تورکیا دەیەوێت هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی سەربە بەغدا، رۆڵی هاوسەنگ لەنێوان بەغدا، دیمەشق، تاران ببینێت. بەڵام بە پێگەی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەمە

ئەستەمە. لە کاتێکدا بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان و ڕۆڵی هاوسەنگی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا لەلایەن تورکیاوە فەرامۆشکراوە.

## ڕۆژەڤی تورکیا سەربەخۆیی کوردستانی تێدا نییە

تورکیا هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینە و پێویست بۆ داوای سەربەخۆی کوردستان ناکات. بەهیچ شێوەیەك لەوادەی نزیك، ناوەند و درێژ هەڵسەنگاندن بۆ سەربەخۆیی کوردستان ناکرێت. تورکیا خاوەنی هیچ ئامادەکارییەك نییە بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان. لەگەڵ ئەوەی هیچ بەرپرسێکی باڵای تورکی پاڵپشتی کوردستان نییە، پارتە سیاسییەکانی نێو پەرلەمانیش (پارتی داد و گەشەپێدان، پارتی کۆماری گەل، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست ) دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

## کوردستان وەک هەڕەشەیەک

تورکیا بوونی هەرێمی کوردستانی بەهۆی ئابووری و بازرگانی قبوڵکردووە. تورکیا لە هەوڵی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستەبەرکردنی بەشی خۆیەتی لە سەرچاوەکانی گاز و وزەی هەرێمی کوردستان. تورکیا دەیەوێ ببێتە هێزی سەرەکی لە گەیاندنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ جیهان. تورکیا سەربەخۆیی کوردستانی وەك بنەمایەك وەرنەگرتووە، بەڵکو دەیەوێت ببێتە خاوەن بڕیار لە سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان.
تورکیا پاڵپشتی کوردستان دەبێ بەقەد ئەو بەشەی کە خۆی دەیەوێت. تورکیا لە پەیوەندی نزیکدایە لە بواری ئابووری، سەربازیی، دیپلۆماسی لەگەڵ هەرێمی کودستاندا. بەڵام لە هەر هەوڵێکی سەربەخۆیی ڕەنگی ئەم پەیوەندییانە ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت. تورکیا بەردەوامە لە دیتنی سەربەخۆیی کوردستان وەك هەڕەشەیەك.
تورکیا باوەڕناکات کە کوردستان نابێتە هەڕەشە لەسەری. تورکیا هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە بەرامبەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینێت. هاوکات سەربەخۆیی کوردستان وەك بابەتێکی ناوخۆیی عێراق نابینێت. لە پەیوەندییەکانی خۆشی لەگەڵ کوردستان تەنیا بۆچوونێکی لۆکاڵی نییە، بەڵکو ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور و گشت بنەماکانی دینامیکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهەند هەڵدەگرێت و پەیوەندییەکانی خۆی فراواندەکات. تورکیا بابەتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان وەك بابەتی گۆڕانگای لە پارچەکانی دیکەی جوگرافیای کوردی هەڵدەسەنگێنێت. تورکیا بەگوێرەی ڕووخانی عێراق و پێشهاتەکانی ناوچەکانی دیکەی جوگرافیای کوردی، دەیەوێت هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نەبێت. هاوکات خستنەڕووی هەڵوێستی تورکیا لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان، پرسی شەڕی ناوخۆی سووریا و پێشهاتەکانی ڕۆژئاوا گرنگییان زۆرە. داهاتووی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا بەیەکەوە بەستراوەتەوە. سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەو پێگەیەی کە ڕۆژئاوا لە شەڕی دوای سووریا بەدەستیدێنێت. تورکیا بەمەبەستی ڕێگری لە پێکهێنانی پێکهاتەیەکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوا، ڕێگەی سەربازیی و گشت ڕێگەکانی دیکە بەکاردێنێت. هاوکات بانگهێشتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا بەمەبەستی پاڵپشتی لە تێزی فیدراڵی، لەلایەن

تورکیـاوە بـە نەرێنـی پێشـوازی لێکـراوە. تورکیـا ئەگـەری یەکگرتنـەوەی ڕۆژئـاوا و هەرێمـی کوردسـتان لـە داهاتـوو وەك هەڕەشـەیەکی جیـدی هەژمـاردەکات.

## ئایا تورکیا سەربەخۆیی کوردستان قبوڵدەکات؟

لـە دۆخـی ئێسـتادا تورکیـا بەهیـچ شـێوەیەك سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان قبوڵنـاکات. لـە چوارچێـوەی ئـەو هەڵسـەنگاندنانەی کـە کردوومانـە، تاکـە سـیناریۆ بـۆ تورکیـا، وازهێنانـی هەرێمـی کوردسـتانە لـە پرسـی سـەربەخۆیی. ئەگـەری وازنەهێنانیشـی، ڕێگریکردنـە لـەم بیرۆکەیـە. دەتوانیـن بـە چەنـد بژاردەیـەك ئامـاژە بـەم بابەتـە سـەرەکییە بکەیـن:

1 -لـەدوای کەمکردنـەوەی کاریگـەری داعـش و کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ڕێکخـراوە، تورکیـا داوادەکات کە دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا بمێنێتـەوە. بـە گوێـرەی تورکیـا ئەگـەر هەڕەشـەی داعـش کۆتایـی پێبێـت، ئیـتر هیـچ بەهانەیـەك نامێنێـت بـۆ ئـەوەی کوردسـتان داوای سـەربەخۆیی بـکات.

2 -لـەدوای کۆتاییهاتنـی هەڕەشـەی داعـش ئەگـەری پارچەبوونـی عێـراق لەوانەیـە ببێتـە جێگـەی بـاس، هاوکات لـەدوای نەمانـی عێـراق بەشـێوەیەکی کـرداری و سـەربەخۆبوونی کوردسـتان، تورکیـا لەوانەیـە بەرامبـەر ئـەم دۆخـە بێدەنـگ بێـت. بـەڵام ئەمـە بەمانـای ئـەوە نایێـت کـە تورکیـا پشـتیوانی لـەم سـەربەخۆییە دەکات.

3 -لـەدوای کۆتاییهاتنـی هەڕەشـەی داعـش، لەوانەیـە ئێـران هەوڵـی زیادکردنـی کاریگـەری خـۆی لەسـەر عێـراق و کوردسـتان بـدات و پـەرە بـە سیاسـەتی ڕەوتـی شـیعی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـدات. لـە ئەگـەری بوونـی ئێـران وەك هێزێکـی ناوچەیـی لەوانەیـە تورکیـا سـەربەخۆیی کوردسـتان پەسـندبکات.

4 -لـەدوای کۆنترۆڵکردنـی هەڕەشـەی داعـش، لەوانەیـە سـووریا نەمێنێـت و پێکهاتەیەکیـش لـە ڕۆژئـاوا دابمەزرێـت. تورکیـا بەمەرجـی دژایەتـی پەکەکـە لەوانەیـە بەرانبـەر سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بێدەنـگ بێـت.

5 -لـە ئەگـەری کۆنترۆڵکردنـی هەڕەشـەی داعـش، لەوانەیـە سـەربەخۆیی کوردسـتان ببێتـە ئەگەرێکـی زۆر بەهێـز. لەگـەڵ قبوڵکردنـی ڕووسـیا و ئەمریـکاش لەوانەیـە کوردسـتان سـەربەخۆیی ڕابگەیێنێـت. هـاوکات تورکیـاش بەرامبـەر ئـەم قۆناخـە کـە توانـای کۆنترۆڵکردنـی نییـە، بەشـێوەی هەنـگاو بـە هەنـگاو لەوانەیـە سـەربەخۆیی کورسـتان پەسـندبکات. لـەم دۆخەشـدا تورکیـا لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان هەوڵـی زیادکردنـی بەرژەوەنـدی سـەربازیی، ئابـووری و سیاسـی خـۆی دەدات. تورکیـا هەمیشـە دژایەتـی خـۆی بـۆ سـەربەخۆیی وەك کارتێـك بـۆ بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بەکاردەهێنێـت.

## ئەنجام

متمانەکـردن بـە تورکیـا وەك یەکێـك لـە دوو وڵاتـی دراوسـێ بەمەبەسـتی پەسـندکردنی سـەربەخۆیی کوردسـتان بەهەڵەداچوونێکـی گەورەیـە. هەرچەنـد گشتپرسـی سـەربەخۆییش ئەنجامبدرێـت، بـەڵام چارەنووسـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بەنـدە بـەو پێشـهاتانەی کـە تاوەکـو سـاڵی 2020 دێنەئـاراوە. سـەربەخۆیی کوردسـتان بەشـێوەیەکی بەهێـز بەنـدە بـەو پێشـهاتانەی کـە لـە سـووریا دێنەئـاراوە. بوونـی داعـش بەشێوەیەکی پارادۆکسـی، زەمینەیەکـی گرنـگ بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان پێکدێنێـت و هـاوکات نەبوونیشـی

دەبێتــە هۆکارێــك بــۆ گۆڕانــی پرســی ســەربەخۆیی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕۆژهەڤــدا.
کوردســتان لەڕێگــەی ســەربەخۆیی رووبــەڕووی پارادۆکســی داعــش بووەتــەوە. لــەدوای دەســتپێکردنی هێرشــەکانی داعــش تاوتوێکردنــی ســەربەخۆیی کوردســتان بەبیانــووی ئــەوەی کــە ئێســتا کاتــی نییــە، لــە ڕۆژهەڤ هەڵگیــراوە. هــاوکات دوای نەمانــی کاریگــەری داعــش، بەهیــچ شــێوەیەك بــە کاتێکــی گونجــاو بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان نابینرێــت. ئەوکاتیــش بەبیانــووی دروســتبوونی کێشــە و تێکچوونــی ســەقامگیری ناوچەکــە دژایەتــی ســەربەخۆیی کوردســتان دەکرێــت. بەمانایەکــی دیکــە، بیرۆکــەی کاتــی گونجــاو و پــلان بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان لــە ڕۆژهەڤــی دەوڵەتەکانــی جیهــان و ناوچەکــەدا نییــە.
پێویســتە بابەتــی ســەربەخۆیی کوردســتان بکرێتــە بابەتێکــی نێودەوڵەتــی. کوردســتانێك کــە لەنێــو تورکیــا و ئێــران گیریخــواردووە بەهیــچ شــێوەیەك ســەربەخۆ نابێــت. مەحکومــی چارەســەرنەکردن دەبێــت. دەســەڵاتی کوردســتان، پێویســتە جیهــان بــە ســەربەخۆیی کوردســتان رازیبــکات. پێویســتە تاوتوێکردنــی ســەربەخۆیی کوردســتان بەگوێــرەی بۆچوونــی دەوڵەتانــی ناوچەکــە بێتــەدەرەوە و لــە چوارچێــوەی ئاشــتی، دیموکراســی و مــاف ببێتــە بابەتێکــی جیهانــی.

# ئێران: سیاسەتی هەژموونی گوتاری

د.مەسعود رۆستەمی

## ئابستراکت

ئێـران لەپـاڵ سـعودیە و تورکیـا، سـێ هێـزی سـەرەکی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتن کـە لـە کێبڕکێـدان بـۆ پەرەپێدانـی قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی خۆیـان و کۆنترۆڵکردنـی ئـەم ناوچەیـە. بەوەشـەوە کـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دوورگەیەکـە لەنێـو دەریـای دەسـەڵاتدارێتییەکانی سـوننە، بـەڵام توانیویەتـی کاریگـەری بەرچـاوی لەسـەر جیۆپۆلیتیکـی ناوچەکـە هەبـێ، تاوەکـو جێگەیـەك کـە وەکـو هێزێکـی سـەرەکی دەرکەوێـت. یەکێـك لـە هۆکارەکانـی ئـەم کاریگەرییـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سیاسـەتی گوتاریـی ئێـران. دەسـەڵاتی ئێـران لەلایەکـەوە بەکەڵـك وەرگرتـن لـە سیاسـەتی ناسـنامە و لەلایەکیتریشـەوە نەبوونـی دیموکراسـی لـە وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، کەلێنـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کـردووە بـە ئامـراز بـۆ پـەرەدان بـە قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی. ئـەم وڵاتـە، لەڕێگـەی سیاسـەتی گوتارییـەوە، بـەدوای مانادارکردنـی جیهانەوەیـە بـۆ مژارێـك لـە دەقـی ئێرانیگەرایـی و شـیعەگەری. لێـرەدا دەمانـەوێ بەپێـی تیـۆری شـانتاڵ مووفـە و ئەرنسـت لاکلاو، وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە کـە: کـورد و کوردسـتان وەك ناسـنامە و ناوچەیەکـی جوگرافـی، لـە قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی سیاسـەتی گوتـاری ئێـران، چ پێگەیەکـی هەیـە و چـۆن پێناسـەدەکرێت؟
**چەمکـە کلیلییـەکان:** گوتـار، سیاسـەتی گوتـاری، کوردسـتان و کـورد، جیۆپۆلیتیکـی شـیعە، جیۆپۆلیتیکـی شارسـتانیی ئێرانـی.

## پێشەکی

دوای پەیماننامـەی سـایکس-پیکۆ، جیۆپۆلیتیکـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت تووشـی گۆڕانـکاری بـووە لـە دوو رەهەنـدی بابەتـی و خودییـەوە. یەکـەم داڕشـتنی سـنوورەکان بەپێـی خواسـتی وڵاتانـی رۆژئـاوا و پێکهێنانـی دەوڵـەت، دووەم نەتەوەسـازی. بەپێچەوانـەی خـودی رۆژئـاوا کـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی ژێرخانـی دەوڵـەت و نەتـەوە بـووە، لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نـە رەهەنـدی بابەتـی و نـە رەهەنـدی خـودی پێکهێنـان و دامەزراندنـی دەوڵـەت لەچەشـنی رۆژئـاوا، بەدینەکـراوە. سـنوورەکان لـە رۆژهـەڵات، بەبـێ ئاوڕدانـەوە لـە جیاوازییـە فەرهەنگییـەکان لەسـەر خواسـت و بەرژەوەنـدی رۆژئـاوا دیاریکـراون و هێـز و دەسـەڵاتی سیاسـی لەنێـو هەریـەك لـەم وڵاتانـە، رادەسـتی قـەوم یـان پەیڕەوانـی ئایینێکـی تایبـەت کـراوە. شـێوازی دامەزراندنـی

دەوڵەتـی شوناسـخواز، لەلایەکـەوە بـووە هـۆی بەرهەمهێنانـەوەی ئایینـی سیاسـی و سیاسـەتی ئایینـی کـە لووتکەکـەی شـەڕی شـیعەی سـەفەوی و سـوننەی عوسـمانی بـووە. لەلایەکـی دیکەشـەوە دەوڵەت-نەتـەوەی هێنایـە نێـو ئەدەبیاتـی سیاسـی ئـەم ناوچەیـە. لەشـێوازی نوێـی دەسـەڵاتدارێتیدا، هـەر دەوڵەتێکـی ناوچەکـە بـۆ ئیـدارەی سیاسـی ناوخـۆ و پەرەپێدانـی قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی خـۆی، بـەدوای پێناسـەکردنی جیهـان لـە پەنجـەرەی نەتـەوە یـان ئایینـەوە بـووە تاوەکـو لـەو ڕێگەیـەوە مژارسـازی بکـەن و زەینـەکان بـەرەو سیاسـەتی دیاریکـراو ئاراسـتەبکەن. بۆیـە لـە ڕەهەنـدی سیاسـەتی نـەرم، سیاسـەتی گوتـاری بنچینـەی سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەکـی ئـەم دەسـەڵاتانەی پێکهێنـاوە. لـەم نێوەنـدەدا، سیاسـەتی گوتـاری ئێـران لـە دوو تـەوەری ناسـنامەی شـیعەگەری و ئێرانگـەری جومگەبەنـدی بـۆ کـراوە. ئـەوان بـەو جومگەبەندییـە گوتارییـە، لەلایەکـەوە تاڕادەیەکـی زۆر توانیویانـە مانـا و پێناسـەیەك لەنێـوان سـابجێکت و کۆمەڵگـەی ئێـران پێکبێنـن. لەلایەکـی دیکەشـەوە قەڵەمـڕەوەی جیۆپۆلیتیکـی خۆیـان پەرەپێبـدەن. ئـەم دوو تـەوەرە کـە لـەدوای شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران بناخـەی سیاسـەتی گوتـاری فارسـەکانی پێکهێنـاوە، سێ تایبەتمەندیـی هەیـە: یەکـەم، داڕشـتنەوەی بابـەت لـە دەقێکـی مانـاداری ئێرانگـەری. دووەم، هەوڵـدان بـۆ داڕشـتنی سـابجێکتی دەرەوەی سـنوور و پەرەپێدانـی بازنـەی قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی. سـێیەم، بەرجەسـتەکردنی سیاسـەتی دژبـەری و ڕووبەڕووبوونـەوە لەسـەر بنچینـەی ناسـنامەی نەتەوەیـی و ئایینـی. ئـەم سـتراتیژییە، بەپێـی دۆخـی ناوچەکـە و فراوانخـوازی ئێـران و تایبەتمەندییەکانـی کوردسـتانی گـەورە، یـەك لـەو مەترسـییانەیە کـە هەڕەشـەی لەسـەر ناسـنامەی کـورد و کوردسـتان دروسـتکردووە.

## چوارچێوەی تیۆری

گوتـار، پەیوەنـدی نێـوان زمـان و میتازمانـە. لای فۆکـۆ، گوفتـمان زنجیـرەی پەیوەنـدی نێـوان زانسـت و هێـزە. کێشـەی گوتـار لـەم حاڵەتـەدا (گوتـاری فۆکۆیـی) هـەروەك ژێـژەك دەبێـژێ، گرنگینـەدان یـان بێبایەخکردنـی ئایدیۆلۆژیایـە. بـەڵام شـانتاڵ moوفـە و ئەرنسـت لاکلاو هەوڵیانداوە ڕەهەنـدی ئایدیۆلۆژیایی گوتـار ڕەچاوبکەن. بۆیـە ئـەم دوو بیرمەنـدە، بـاس لـە سیاسـەتی گوتـاری دەکـەن. پێویسـتە گوتـاری سیاسـی و سیاسـەتی گوتـاری لێـك جیابکرێنـەوە. ئەمـڕۆ کـە سیاسـەتی گوتـاری یەکێکـە لـە گرنگتریـن کۆڵەکەکانـی سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەکـی کـە پشـت پێبەسـتنی لەلایـەن دەوڵەتەکانـەوە، بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن بەرژەوەندییـە بەکەمتریـن تێچـوو. لەپشـت گوتـاری سیاسـیدا ئایدیۆلۆژیایـەك هەیـە. لـە ڕوانگـەی moوفـە و لاکلاودا، ئایدیۆلۆژیـا لـە گوتاردا نابێ وەك ڕوانینـی کلاسیك بـە ئایدیۆلۆژیـا کـە ڕاسـتیخوازە سـەیربکرێت. بەڵکـوو لێـرەدا ئایدیۆلۆژیـا ئامرازێکـە کـە بـە نێوبژێوانـی ئـەوە، گرووپـە سیاسـییەکان (یـان حکومەتـەکان) ڕەگەزەکانـی تایبـەت بـە خۆیـان لەنێـو گوتارێکـدا یەکدەخـەن، تاوەکـو لـەو ڕێگەیـەوە ئاراسـتەی بڕیاردانـی کۆمەڵگـە یـان هـۆکاری کۆمەڵایەتـی پێناسـەبکەن. بۆیـە سیاسـەتی گوتـاری سیاسـەتێکی هەژموونییـە. بەواتایەکیـتر، لـە تیـۆری سیاسـی موفـە و لاکلاو، هەژموونـی پارادایمێکـە کـە نێوەڕۆکـی گوتـار پێناسـە دەکات. لای ئـەوان، "ڕێبـەری سیاسـی و بەهەمـان ئەنـدازەش ڕێبـەری زەینی-دەروونـی هێزێکـی هەژموونییـە کـە لەسـەر بنچینـەی فۆڕماسـیۆنێکی گوتـاری ڕاوەسـتاوە". بـۆ ئـەم دوو بیرمەنـدە، چەمکـی دژبـەری و دژایەتیـش لـە دەقـی گوتاردا خـۆی پێناسـەدەکات و لـەو ڕێگەیەوەیـە کـە سیاسـەتی گوتـار، سـنوورە سیاسـییەکانی نێـوان ئێمـە و ئەویـدی، ناسـنامەی خـۆی بەدەسـتدێنێ و پێناسـەی دەکات. گرنگـی ئـەم ڕوانینـەی موفـە و لاکلاو لەوەدایـە کـە بابـەت بەپێچەوانـەی

بابەتـی مۆدێـڕن کـە گەوهـەری و نەگـۆڕە، لـە دەقـی گوتـاردا شـکڵدەگرێت. بۆیـە، تایبەتمەنـدی گوتـاری ئۆبجێکتێـك، بەهیـچ شـێوەیەك هەڕەشـە لـە بوونی نـاکات، بەڵکو لە بەسـتێنێکی تێکـەڵاوی گوتاریـدا، دەلالەت لـە وێنایەکـی تایبـەت دەکات. کەوابـوو ئـەوە گوتـارە کـە دۆخـی زەینـی شـێوە بـە بابەتێکی کۆمەڵایەتـی دەدات نـەك بەپێچەوانـەوە. ئـەم تایبەتمەندییـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ناسـنامە وەك پرۆسـەیەکی گوتـاری بناسـێندرێت. بەمانایەکـی دیکـە، ناسـنامە کارێکـی رەهـا و لەپێشـدا دارێـژڕاو نییـە، بەڵکـو ئـەوە گوتـارە کـە ئاراسـتەی رێبـازی بابەتـەکان دیاریـدەکات. بەواتایەکـی دیکـە، پەیوەندەییەکـی نەپچـڕاو لەنێـوان رەگـەزی زمـان و رەگـەزی میتازمـان هەیـە کـە گوتـار هەردووکیـان لەخۆدەگرێـت، تاوەکـو لەسـەر زەمینـەی "زمـان" ئاراسـتەی "کـردار" بخولقێنێـت. بۆیـە، سیاسـەتێکی گوتـاری هەرچەنـد زمان-تـەوەرە، بـەڵام کردارخوڵقێنـە، لـەوەش زیاتـر، جیهـان بـۆ بابـەت لـە دەقێکـی زمانـی تایبەتـدا پێناسـە دەکات.

## جێۆپۆلیتیکی کوردستان و ناسنامەی کورد

پێـش ئـەوەی بچینـە سـەر سیاسـەتی گوتـاری ئێـران لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، پێویسـتە وەسـتانێکی کورتمـان دەربـارەی جێۆپۆلیتیکـی کوردسـتان و ناسـنامەی کـوردی هەبێـت، تاوەکـو پێگـە و گرنگـی جیۆپۆلیتیکی کوردسـتانمان بـۆ دەرکـەوێ و لەهەمـان حاڵیشـدا وێنایـەك لـە بابەتـی کـوردی و تایبەتمەندیـی ناسـنامەی کوردیـمان لـە ئاسـتی ئـەم گوتـارە بـۆ روون ببێتـەوە. رۆژهەلاتـی نێوەڕاسـت ناوچەیەکـی جیۆپۆلیتیکییـە کـە ئێسـتاش دوای یەکەمیـن رووبەڕووبوونـەوەی شارسـتانیی رۆژئـاوا و رۆژهـەڵات لـە سـەردەمی داریۆشـی یەکـەم، خـاوەن پێگەیەکـی گرنگـە. لـە دڵـی ئـەم ناوچەیـەدا، زنجیـرە چیـای زاگـرۆس هەڵکەوتـووە کـە لـە دێرزەمانـەوە سـەرزەمینی گەلێـك بـووە بەنـاوی میدیـا یـان میتانـی یـان بەوجـۆرە کـە لـە دەقـە ئاشـوورییەکاندا هاتـووە مـاد. نـاوی ئـەم شارسـتانییە لـە دینەکەیانـەوە وەرگیـراوە کـە هەمـان ئایینـی میترایـی بـووە. تاوەکـو ئـەو جێگەیـە کـە بـە روونـی دەکـرێ باسـی لێبکەیـن و لـە دەقەکانـدا هەیـە، تاوەکـو سـەدەی شەشـی زایینـی ئـەم ناوچەیـە بـە هەمـان نـاو لـە دەقەکانـدا هاتـووە. پێـش شکسـتی میدییـەکان بەدەسـتی پارسـەکان، پایتەختـی ئـەم شارسـتانییە شـاری هەنگمەتانـە یـان هەمـان هەمەدانـی ئەمڕۆکـە لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـووە. پاشـان لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان، نـاوی کوردسـتان بـۆ ئـەم جوگرافیایـە بەکارهێـنراوە. کوردسـتان سـەرچاوەی زۆربـەی روبـارەکان و کانگاکانـی ئـاوی شـیرینی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاستە. رووبارگەلێکـی بەنێوبانـگ وەك دیجلـە، فـرات، ئـاراس و زێـی گـەورە و بچـووك لـە کوردسـتان سـەرچاوە دەگـرن. ئـەم رووبارانـە دەڕژێنـە نێـو دەریـای قەزویـن، کەنـداو، دەریاچـەی ورمـێ و دەریـای رەش و وڵاتانـی تورکیـا، ئازەربایجـان، ئەرمەنسـتان، عێـراق، سـووریا و کوێـت وابەسـتەی ئـاوی کوردسـتانن. بەوشـێوەیە، کوردسـتان یەکێـك لـە دەوڵەمەندتریـن سـەرچاوەکانی ئـاوی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی لەژێـر دەسـتدایە و لەبـواری جێۆپۆلیتیکـی ئـاوەوە گرنگییەکـی زۆری لـە داهاتـوودا هەیـە. هەروەهـا، کوردسـتان لەنێـوان چـوار پێکهاتـەی شارسـتانی و فەرهەنگـی ئێـران، عەرەبسـتان، ئەنـادۆڵ و قەفقازدایـە و دەروازەی نێـوان سـێ کیشـوەری ئاسـیا، ئەوروپـا و ئەفریقیایـە. جگـە لەوانـەی کـە گوتـرا، کوردسـتان پـردی پیکەوەبەسـتنی ئێـران لەگـەڵ تورکیـا و ئەوروپایـە بـۆ راگواسـتنی لولەکانی نـەوت و گازی دەریـای قەزویـن و میزۆپۆتامیـا لەگـەڵ دەریـای نێوەڕاسـت. زیاتـر لەوانـەش، کوردسـتان خـۆی لـە هـەر چوارپارچـە دەوڵەمەنـدە بـە نـەوت و گازی سرووشـتی. ئـەم تایبەتمەندیانـەی کوردسـتان وایکـردووە نووسـەرێکی ئەمریکـی بەنێـوی رۆبـەرت ئێڵسـن بڵـێ: هـۆکاری سـەرەکی پێکنەهاتنـی دەوڵەتـی کـوردی

کۆمەڵناسی سیاسی کورد نییە، بەڵکو تایبەتمەندی جیۆپۆلیتیکیی کوردستانە. دەوڵەمەندی و گرنگی پێگەی جیۆستراتیژیی کوردستان وایکردووە دراوسێیەکان کە نیشتمانی کورد لەنێوانیاندا دابەشکراوە، جگە لەوەی لەبەرامبەر هەر دەسکەوتێکی کورد بوەستنەوە، لەهەمانکاتیشدا لە نێوانیاندا کێبرکێیەك بۆ هێنانەژێر هەژموونی قەڵەمڕەوی جیۆپۆلیتیکی باقی بەشەکانی دیکە بەدیبکرێت.

لە سەر جوگرافیای کوردستان نەتەوەیەك بەناوی کورد دەژیت. ناوی کورد پێشتر بۆ گەلی میدی نە لەلایەن خودی میدییەکانەوە و نە لەلایەن نەتەوەکانی دەوروبەرەوە بەکارنەهێنراوە. گەزنەفۆن لە کتێبی پاشەکشەی (دەهەزار کەسی) باس لەوە دەکات کاتی کشانەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی میدیا لەگەڵ شەڕکەری بەتوانا رووبەڕووبوونەتەوە کە پێیاندەگوترا کوردۆئین. ئەمە خۆی گەواهیدەرە بۆ ئەوەی گەلی میدیا واژەی کوردیان بەشێوەی گشتی بۆخۆیان بەکارنەهێناوە. تورەج دەریایی لە کتێبی (ساسانییەکانی پارس) دەبێژێ لە سەردەمی ساسانییەکان، واژەی کورد بۆ خێڵە کۆچەرەکان بەکارهاتووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە مووسا خوڕنی، نووسەرێکی ئەرمەنی سەدەی شەش و حەفتی زایینی کە هاوکاتبووە لەگەڵ ساسانییەکان، لە کتێبی مێژووی ئەرمەنییەکان باس لە جوگرافیای میدیا و گەلی میدی دەکات. هەروەها کە لە سەردەمی سەلجوقییەکان، ناوی کوردستان بۆ جوگرافیای میدیا بەکارهێنراوە، بەهەمان شێوەش بۆ هەموو گەلی میدی نیشتەجێی میدیا، وشەی کورد بووە ناسنامەیەکی نەتەوەیی. تاوەکو ئەم دواییانەش باوەڕی زۆربەی مێژوونووسەکان وابووە کە میدی/کورد وەك فارسەکان کۆچەرگەلێکن کە لە ئاسیای نێوەڕاستەوە بەرەو چیاکانی زاگرۆس کۆچیانکردووە. بەڵام لە توێژینەوەیەکی DNAدا کە لەلایەن فیردیناند هینیربیشلێر لەژێر ناوی کوردە رەسەنەکان بڵاوکرایەوە، ئەو راستییە سەلمێنراوە کە کورد کۆچەر نین، بەڵکو نەتەوەیەکی خۆجێیین کە لە پاڵ جوولەکەکان لە کۆنترین نەتەوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. جیا لە ئیدیعای فارسەکان بۆ ئێرانیبوونی کورد، سەدان ساڵ دراوسێبوونی کورد لەگەڵ شارستانیی جۆراوجۆر، بووەتە هۆی ئەوەی کورد نەتەوەیەکی فرەرەنگ بێت. ئەم فرەرەنگییە هەرچەندە جوانیەکی ئەوتۆی بە کوردستان بەخشیوە، بەڵام لەهەمانکاتدا، کارتێکراوی کوردستان لەبەرامبەر سیاسەتی گوتاری دراوسێیەکانی ئاسان کردووە. بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە سەت ساڵی رابردوودا، کە پێناسەیەك بۆ ناسنامەی کوردی لە دەقێکی مێژووییدا گەڵاڵەبکات، بابەتی کوردی بابەتێکی لەرزۆکە. تەنیا توخمی ناسنامەی کوردی ئێستا، زمان و خاکە. جگە لەم دوو رەهەندە کە هەردووکیشیان بابەتین، بابەتی کوردی هیچ وێنایەکی لە ناسنامەی خۆی نییە. بابەتێکی لەرزۆك، زەمینەیەکیی رەخساوە بۆ سیاسەتی گوتاری وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، تاوەکو لەو رێگەیەوە هەرچەند ئۆبجێکتێك بەناوی کورد هەبێ، بەڵام لە زەین و کرداردا، بابەتی سیاسەتی گوتاری وڵاتێکی دیکە بێت و لەدەرەوەی سیاسەتی کوردی و بەرژەوەندی کوردی هەڵسوکەوت بکات. بێگومان هەر سێ وڵاتی تورکیا، سعودیە و ئێران سیاسەتی گوتاری خۆیان بۆ ناوچەکە هەیە. تورکیای پارتی داد و گەشەپێدان، برەو بە گوتاری ئیخوانی و سعودیە گوتاری وەهابی دەدەن و ئێرانیش بایەخ بە گوتاری ئێرانی فەرهەنگی و شیعەگەری دەدات.

# ئێران و سیاسەتی داگیرکردنی جیۆپۆلیتیکی مێشکەکان

ئێـران ئەگـەر زلهێزتریـن وڵاتـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نەبـێ، بێگومـان یەکێکـە لـە زلهێزەکانـی ناوچەکـە. مانـای زلهێزبـوون ئەوەیـە کـە لـەدەرەوەی سـنوورەکانی خـۆی، کاریگـەری و نفـوزی لەسـەر ئاراسـتەکردنی ڕووداوەکان هەیـە. بـەڵام لـەوەش گرنگـتر، توانـای ئاراسـتەکردنی مێشکەکانیشـی هەیـە. هەربۆیـە نووسـەری ئەمریکـی، مایـکڵ ئەکۆرسـی ناوینـاوە ئیمپراتۆریـای زەیـن. دوای پێکهێنانـی دەوڵەت لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، لـە مـاوەی سـەت سـاڵی ڕابـردوودا، جگـە لە شـەڕی ئێـران و عێـراق کـە ئەویـش لەلایەن سـەدامەوە هەڵگیرسا، ئێـران خـۆی تووشـی شـەڕ لەگـەڵ هیـچ دراوسـێیەك نەکـردووە. بەوەشـەوە، زۆرترین کاریگـەری لەسـەر وڵاتانی ناوچەکـە هەیـە، بەتایبـەت دوای هەرەسـهێنانی دەسـەڵاتی پێشـوو و دامەزراندنـی کۆمـاری ئیسـلامی. دوای شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ دابینکردنـی بەرژەوەندییەکانـی، قەڵەمڕەوێکـی جیۆپۆلیتیکـی لەژێـر نـاوی "کەوانـەی شـیعە" پێناسـەکردووە. دواتـر لـە سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی کۆمـاری ئیسـلامی، قەڵەمـڕەوی دیکەیـش زیادکـراون. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، لـە چـوارده قەڵەمـڕەوی جێۆپۆلیتیکـی پێناسـەکراوی سیاسـەتی ئێـران، دووانیـان دەکەونـە بازنـەی سیاسـەتی گوتارییـەوە. کـە لـە هـەردوو گوتـاردا سـێ پارچەکـەی دیکـەی کوردسـتانی دەرەوەی سـنوورەکانی ئێرانیـش دەگرێتـەوە. بنەمـای سیاسـەتی گوتـاری ئێـران ئـەم بیرۆکەیەیـە کـە جوگرافیـا، سـەرزەمینێکی بەتـاڵ لـە مـرۆڤ نییـە، بەڵکـو لـەم قەڵەمـڕەوە ژمارەیـەك نەتـەوە دەژیـن کـە بـۆ سـەپاندنی هەژموونـی خۆمـان بـە سـەریاندا، پێویسـتە فەرهەنـگ و ناسـنامەکەیان تێکبدەیـن و بابەتێـک یـان سـابجێکتێک لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی گوتـاری خۆمـان دابڕێژینـەوە. بـۆ ئەمـەش سیاسـەتی گوتـاری جیۆپۆلیتیکـی ئێـران لـە دوو قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی ناسـنامەیی ئێسـکبەندی کـراوە: قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی شارسـتانیی و فەرهەنگـی ئێرانـی، قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی شـیعەی سیاسـی. بـۆ بەرچاوڕوونـی زۆرتـر، لێـرەدا ئـەم دوو قەڵەمـڕەوە جیۆپۆلیتیکییـە پێناسـە دەکەیـن:

قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی شارسـتانی و فەرهەنگـی ئێرانـی: ئێرانـی فەرهەنگـی ئامـاژە بـە جوگرافیایـەك دەکات کـە لـە ناویـدا تایبەتمەندییـەکان و هێماکانـی فەرهەنـگ و شارسـتانیی ئێرانـی هەبێـت. ئـەم جوگرافیایـە کـە بانـی ئێرانـی پێدەڵێـن، ئاسـیای ڕۆژئـاوا، ئێرانـی ئێسـتا، ئەفغانسـتان، سـەرزمینەکانی ئاسـیای نێوەڕاسـت، ناوچـەی قەفقـاز، ناوچـەی مێزۆپۆتامیـا و کەنارەکانـی کەنـداو و بەشـێکی زۆری هیندسـتان لەخۆدەگرێـت.

قەڵەمـڕەوی جێۆپۆلیتیکـی شـیعە: جوگرافیـای شـیعەکان کـە دەکەوێتـە سـەنتەری جیهانـی ئیسـلام واتـە سـەرزەمینێك کـە لـە میسرەوە دەسپیدەکات تاوەکـو دەگاتـە هیندسـتان. لـەم ناوچەیـەدا زۆربـەی شـیعەکان لـە وڵاتانـی وەك ئێـران، عێـراق، ئازەربایجـان، بەحرەیـن و لوبنـان دەژیـن و کەمینەیەکـی بەرچاویـش لـە هیندسـتان، پاکسـتان، ئەفغانسـتان، سـووریا، سـعودیە و وڵاتانـی کەنـاری کەنـداودا دەژیـن.

هەروەهـا لـەو دوو پێناسـەیە لـە قەڵەمـڕەوی جێۆپۆلیتیکـی ئێرانـدا هاتـووە و کوردسـتانی گـەورەش بـە گشـتی دەگرێتـەوە، نێوەرۆکـی سـتراتیژی فارسـەکان، گرنگیدانـە بـە تایبەتمەنـدی فەرهەنـگ و ناسـنامەی نەتەوەکانـی دەرەوی سـنوورەکانی خـۆی. بـەڵام نابـێ بـە هەڵـە لـەم گرنگیپێدانـە تێبگەیـن، چونکـە ئـەوە سیاسـەتی ئـەوان لـە قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکی ناسـنامەیی بریتییـە لـە فەرهەنگسـازی و ناسنامەسـازی بەپێـی ئایدیۆلۆژیایـەك کـە لەپشـت سیاسـەتە گوتارییەکەیاندایـە. جومگەبەنـدی ناسنامەسـازی ئێـران، سـەرەتا بـە جیۆپۆلیتیکـی شـیعە دەسـپێکردووە. لـەم جومگەبەندییـەدا، ناسـنامەی نەتەوەیـی زمان-تـەوەری عـەرەب، لەلایـەن ئێرانـەوە بـۆ بابـەت و سـابجێکتیی شـیعە لەمانا هەڵماڵـراوە و لەهەمانکاتـدا ناسـنامەی مەزهـەب-

تـەوەری شـیعە بەرجەسـتەکراوە. بەوشـێوەیە دژبـەر و دووژمـن بـۆ بابەتیـی شـیعەی عـەرەب، بووەتـە سـوننەی عـەرەب و دۆسـت و هاوپەیمانیـش بووەتـە ئێرانـی شـیعە. ئـەم سیاسـەتە گوتارییـە تاوەکـو ئـەو جێگایـە سـەرکەوتوو بـووە کـە هەنووکـە هەژموونـی ئێـران لـە لوبنانـەوە بگـرە تاوەکـو دەگاتـە یەمـەن، بەحرێـن و تەنانـەت خـودی سـعودیە پەرەیسـەندووە. لـەم جومگەبەندییـە گوتارییـەدا، ئاخافـتن، بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتی بابەتـی عەرەبـی شـیعە، لـە دەقـی سیاسـەتی ئێرانـی پێناسـە دەکرێـت، ئەمـە تاوەکـو ئـەوێ دەڕوات کـە نووسـەرێکی فـارس دەڵێـت: "ریملانـدی شـیعە شـوێنێکە کـە لـە کۆنترۆڵـی سیاسـەتەکانی شیعەدایە". بەپێچەوانـەی سیاسـەتی گوتـاری شیعە، سیاسـەتی گوتـاری ئێرانگـەری بـۆ پەرەپێدانـی قەڵەمڕەوی جیۆپۆلیتیکـی، پێشـینەیەکی دوورودرێـژی نییـە. هەرچەنـدە مـاوەی نزیکـەی یـەك سـەدەیە بـاس لـە چەمکـی وەك ئێرانزەمیـن و ئێرانشـار دەکرێـت، بـەڵام هەوڵـدان بـۆ خوڵقاندنـی بابەتێکـی ئێرانـی بەهەمـان شـێوەی بابەتیـی شـیعە لـەدەرەوەی سـنوورەکانی ئێـران، سـتراتیژێکە تازەبەتـازە هاتووەتـە ئـاراوە. لێـرەدا، ئامانـج مانادارکردنـی جیهـان بـۆ بابەتێکـە کـە دەقـی شیعەگەری ناتوانـێ هەمـان مانـای پێببەخشـێت. بەپێچەوانـەی جومگەبەنـدی گوتـاری شـیعەگەری کـە لـە چەنـد جومگەیـەك وەك سـتەمکاریی و سـتەملێکراوی، ئیمامـەت و خەلافـەت، ئەولەوییەتـی مەزهـەب بەسـەر زمـان، ئوممـەت لەجیاتـی نەتـەوە و هتـد، بنیاتـنراوە. جومگەبەنـدی گوتـاری ئێرانگـەری لەسـەر بنچینـەی زمانـی ئێرانـی، مێـژووی هاوبـەش، ئێرانزەمیـن، ناسنامەی ئێرانـی لەجیاتی ئوممـەت و هەندێـك داوونەریـت، پێناسـەکراوە. گەورەتریـن و گرنگتریـن تیۆریسـتی ئـەو بـوارە، جـەوادی تەباتەبایـی لەوبـارەوە دەڵێـت: "دەکـرێ بڵێیـن لـە سـنووری چیـن تاوەکـو دەگاتـە هەندێـك بەشـی وڵاتـی ئێسـتای عێـراق سـنووری ئێرانـی گـەورەی فەرهەنگییـە". لـە سـیمینارێکی تایبـەت بـە قەفقـاز، تەباتەبایـی گوتـی: "قەفقـاز بـۆ ئێرانـی فەرهەنگـی زۆر گرنگـە. دووبـارە دووپاتیدەکەمـەوە کـە مەبەسـتی مـن ئێرانـی گـەورەی فەرهەنگییـە. ئێمـە نابـێ هیـچ ئیدیعایەکـمان سـەبارەت بـە جوگرافیـای دەرەوەی سـنوورەکانمان هەبێـت". هەرچەنـد تەباتەبایـی بـاس لـەوە دەکات کـە نابـێ چـاوی تەمـاح ببڕینـە خاکـی وڵاتانـی دیکـە، بـەڵام لـە هەڤپەیڤینێکـدا، کاتێـك باسـی هەرەسـهێنانی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکات، دەبێژێـت : "کاتێـك یەکێتـی سـۆڤیەت هەرەسـیهێنا ئێمـە نەمانتوانـی کارێکـی گرنـگ بکەیـن لەگـەڵ کۆمارەکانـی سـۆڤێتی پێشـوو. مـن هـەر ئـەوکات گوتـم ئێمـە بـۆ جـاری دووەم ویلایەتەکانـی پێشـووی ئێرانمـان لەدەسـتداوە. بەشـێکی گرنـگ لـە وڵاتانـی باکـووری ئێـران لەنێـوان ئێـران تاوەکـو دەگاتـە سـنوورەکانی باشـووری رووسـیا، بەشـێکن لـە ئێرانـی گـەورەی فەرهەنگـی". هەرچەنـد دیـارە تەباتەبایـی وەك تیۆریسـتی ئێرانـی فەرهەنگـی، ئـەوەی قبوڵکـردووە کـە بەپێـی قانونـی نێونەتەوەیـی گەڕاندنـەوەی سـەرزەمینە لەدەسـتچووەکانی سـەردەمی ئیمپراتۆریـای قاجـار گونجـاو نییـە، بـەڵام دواتـر بـاس لـەوە دەکات کـە "ئێـران تیۆرییەکـە کـە توانـای پێکهێنانـی یەکێتـی نـەك تەنیـا لـە ناوخـۆ بەڵکـو لـە ئێرانـی فەرهەنگیشـی هەیـە". تاڕادەیەکـی نزیـك لـە تەباتەبایـی، بیرمەندێکـی دیکـەی فـارس بەنـاوی داریۆشـی شـایگان دەربـارەی ئێرانـی فەرهەنگـی وا بیردەکاتـەوە: "ئێرانـی فەرهەنگـی رەنگدانـەوە و هەڵکـولاوی ناسـنامەی فەرهەنگییـە و خۆیبوونـی ئـەم ناسـنامەی فەرهەنگییـە زمـان و هونـەر و بیرکردنەوەیـە". ئەمیر حوسـێنی خونەجیش دەڵـێ: "ئێرانزەمیـن، سـەرزمینێکە کـە لـە تاجیکسـتانی ئێسـتاوە دەسـتپێدەکات تاوەکـو دەگاتـە میزۆپۆتامیـا... لـە رۆژئـاواش کوێسـتانەکانی کوردسـتانی گـەورە دەگرێتـەوە". هـەروا کـە ئامـاژەی پێکـرا، روانینـی فارسـەکان بـۆ قەڵەمـڕەوی جیۆپۆلیتیکـی ئێرانـی فەرهەنگـی و شـیعە، لـە هـەردوو گوتارەکـەدا کوردسـتانی گـەورەش دەگرێتـەوە. ئەمـە سیاسـەتێکی ناسـنامەییە. ئەگـەر ئـەو بۆچوونانـە لـە ئاسـتی نووسـینی چەنـد نووسـەرێکدا مابووانـەوە هێنـدە گرنـگ نەدەبـوو.

بەڵام کاتێك دەبینین کە ئەم روانینە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا وەك ستراتیژی سەیردەکرێت، گرنگی بابەتەکەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. بێگومان سیاسەتێکی وا لەرێگەی چەك و شەڕەوە بەدینایێت، بەڵکو پێویستی بە رێبەری و ئیدارەی زەینەکانە لەپێناو سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ داڕشتنەوەی بابەت و کۆمەڵگە تاوەکو لە دەقی سیاسەتی گوتاری ئەواندا بیربکەنەوە و هەڵبسوڕێن.

## ئەنجام

**لە گوتاری شانتاڵ مووفە و ئەرنست لاکلاودا، بابەت و کۆمەڵگە بەپێچەوانەی روانینی مۆدێرن، شتێکی رەها و جێگیر نین، بەڵکو ئەوە گوتارە کە جیهان بۆ بابەت و کۆمەڵگە مانادار دەکات. ئەم دوو بیرمەندە، سیاسەتی گوتاری لە گوتاری سیاسی جیادەکەنەوە و لەوباوەڕەدان کە لەپشت سیاسەتی گوتاری ئایدیۆلۆژیایەك خەوتووە. بەشی هەرە گرنگی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کوردستانی گەورەش دەگرێتەوە، بەپێی سیاسەتی گوتاری داڕێژراوە. لەم ستراتیژیەدا، دوو قەڵەمڕەوەی جیۆپۆلیتکی ناسنامەیی پێناسەکراون کە بریتین لە: قەڵەمڕەوی جیۆپۆلیتیکی شیعە و قەڵەمڕەوی جیۆپۆلیتیکی شارستانی و فەرهەنگی ئێرانی. لە هەردوو تەوەرەکەدا، کوردستانی گەورە بەشێکە لە سیاسەتی گوتاریی فارسەکان. ئەوان بەدوای داڕشتنی بابەتێکی کوردییەوەن کە لە دەقی گوتاری ئەواندا بیربکاتەوە و بجوڵێتەوە. کوردستان لە هەردوو تەوەرەکەدا، زەمینە و بەستێنی وەرگرتنی ئەم گوتارەی هەیە، چونکە جگە لەوەی کۆمەڵگەیەکی فرەدین و ئایینە، لەهەمانکاتیشدا بابەتی کوردی، بەهۆی نەبوونی وێنایەکی مێژوویی لە ناسنامەی خۆی، بابەتێکی لەرزۆکە. جوگرافیایەك کە ئێستا بەناوی کوردستان و گەلێك کە بەناوی کورد ناسراوە، تاوەکو سەردەمی سەدەکانی شەش و حەفتی زایینی، لە دەقە مێژووییەکاندا بەناوی میدیا و گەلی میدی ناسراوە کە ناوەکەی لە ئایینی میتراوە وەگیراوە. بەڵام سەلجوقییەکان بە ناونانی کورد و کوردستان، مێژووی ئەم گەلەیان تووشی دابڕان کرد و هەموو داستان، ئەفسانە و مێژووی ئەم گەلە، لەژێر ناوی ئێران و شارستانی ئێراندا، خرایە خانەی فارسەکانەوە. بەم دابڕانە، ناسنامەی کوردی بەپێی دوو رەگەزی بابەتیی زمان و خاك پێناسە دەکرێت. سابجێکتێکی وا لەرزۆکە و بەستێنێکی گونجاو بۆ سیاسەتی گوتاری ئێران و سعودیە و تورکیایە. ئاوڕدانەوەیەك لە دۆخی ئێستای چوارپارچەی کوردستان-بە تایبەت باشوور- خۆی گەواهیدەری ئەم پرسەیە.**

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1. Ferdinand Hennerbichler، The Origin of Kurds. Lang Verlag، Frankfurt am Main 2010، 269 S.

2. A.d.H. Bivar. Mithraism: A Riligion For The Ancient Medes. Iranica Antiqua، Vol XL. 2005.

3. Touraj Daryaee. Sassanian Persia. Palgrave Macmillan. 2009.

4. Ernest Laklau and Chantal mouffe. Hegemonie and Socialist Strategy. Verso، 1992.


## سەرچاوە فارسییەکان


1. ایران فرهنگی در اندیشه‌های داریوش شایگان. پژوهشنامه‌ی علوم سیاسی، سال پنجم، شماره چهارم. پاییز 1389

2. رابرت السن. مسئله کرد و روابط ایران و ترکیه، ترجمه ابراهیم یونسی. تهران: پانیژ. 1380

3. پژوهشنامه ایرانی سیاست بین الملل، محمد رضا حافظ نیا و دیگران، سال اول، شماره اول، پاییز و زمستان 1391

4. پژوهش علوم سیاسی، محمد رضا تاجیك، شماره دوم، بهار و تابستان 1385

5. موسی خورنی، تاریخ ارمنیان، ترجمه ادیك باغداسیان. تهران:احسان. 1380

6. http://www.tarikhirani.ir/fa/news/36/bodyView/5273

7. http://www.ibna.ir/fa/doc/tolidi/234209/

# هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و ئاسۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان [1]

د. ئازاد عەلی

دوای ئـەوەی داعـش شـاری موسـڵ و دەشـتەکانی باکـوور و رۆژهەڵاتـی نەینـەوای داگیرکـرد، پێشـبینی ئـەوە دەکـرا داعـش بـەرەو پێشـەوە بـێ و پەلامـاری کوردسـتانیش بـدات. لەگـەڵ ئـەوەی کەشـێکی پـڕ لـە گومـان لەمـەڕ راسـتی ئامانجەکانـی داعـش و بڵاوکردنـەوەی ئـەو نەخشـەیەی کوردسـتانی گـەورە کـە دابەشـکاری سـایکس – پیکـۆی تێدەپەڕانـد (بڕوانـە نەخشـەکە)، مشـتومڕێکی چـڕ لەمـەڕ کاتبەنـدی هێرشـی داعـش بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـپێکردبوو: هەندێـك لایەنـی کـوردی بەڕۆشـنی دەیانزانـی کـە ئاگربـڕی نێـوان داعـش و هەرێمـی کوردسـتان زۆر ناخایێنـێ، بۆیـە ئامـادەکاری رووبەڕووبوونەوەیـان دەکـرد. لـەو چوارچێوەیـەدا مەسعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان رۆژی 17 حوزەیرانـی 2014 دانیشـتنی لەگـەڵ تێکـڕای گرووپـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـۆ تاوتوێکردنـی سـتراتیژیەتی مامەڵەکـردن لەگـەڵ قۆناخـی نـوێ دەسـتپێکرد.




**داعش ئەو نەخشەیەی لە نێوەڕاستی 2014دا بڵاوکردەوە**

1 - ئەم باسە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی رووداوەوە کراوەتە کوردیی ناوەڕاست.

لەوبارەیـەوە بەیاننامەیـەك بڵاوکرایـەوە کـە تێیـدا هاتـووە "هەمـوو لایـەك لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە نابـێ لەگـەڵ ڕێکخـراوە تیرۆریسـتی و تەکفیرییـەکان نەرمـی بنوێنرێـت". لەبەرامبـەر ئەمەشـدا داعـش ئامـادەکاری ئەوەیدەکـرد جەنگەکـەی بـۆ نـاو کوردسـتان بگوازێتـەوە. سـەرئەنجامیش بەفەرمـی هەڕەشـەی کرد کـە دەیەوێ کوردسـتان داگیـر بـکات،[2] ئـەوەش لـە سـەرەتاکانی ئابـی 2014 روویـدا. هێرشـی داعـش بـۆ سـەر کوردسـتان بـووە تێسـتێکی کردەیـی بـۆ تاقیکردنـەوەی هەڵوێسـتی دەوڵەتـان، هێـز و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان لەمـەڕ مەینەتەکانـی گەلـی کوردسـتان. هـاوکاری و بەرگریکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتان بـووە هـاوکاری و راگەیاندنـی جەنـگ لـەدژی تیـرۆر. پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانیش لەگـەڵ بەغـدا دوائاسـتی تەنگوچەڵەمـەی خـۆی تێپەڕانـد. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە ئـەم پەلامـارە بـووە سـەرەتایەك بـۆ دەسـتپێکردنی گۆڕانـکاری سیاسـی لەسـەر ئاسـتی نێوخۆیـی و نێودەوڵەتـی. لەسـەرەتای ئـەم گۆرانکارییانـەدا قۆناخێکـی نـوێ لـە پەیوەندییـە کوردسـتانی – عەرەبییەکانـدا هاتەکایـەوە کـە لەپێشـەوەیان دەتوانیـن ئامـاژە بـە پەیوەندییەکانـی کوردسـتان و دەوڵەتانـی ئەنجوومەنـی هاریـکاری کەنـداو بکەیـن.

## 1 – جیهادی سەلەفی لە کۆمەڵگە خەلیجییەکان لەنێوان هەناردەکردن و کاریگەریدا

لەماوەیەکـی کەمـدا وڵاتانـی عەرەبـی و خەلیجـی هەوڵیانـدا کـە جیهـادی جیهانگیـری سـەلەفی بقۆزنـەوە و ڕێکخراوەکانـی هەڵگـری بیـری توونـدڕەوی لـە ململانێیـە هەرێمـی و جیهانییەکانـدا بەکاربێنـن. بـەڵام پلـەی حەماسـی ئـەو دەوڵەتانـە لـە قۆسـتنەوەی ئـەم گرووپانـە جگـە لـە پاڵنـەری ئەمنـی، یاخـود زیـادی چالاکـی هەندێـك لـە دەوڵەتانـی کەنـداو لەچـاو ئەوانیـتر، رووی لـە کـزی نـاوە. ئەمـەش لـە مەترسـی قۆسـتنەوەی ئـەو هێـزە بڵاوەپێکـراوەی جیهادییـەکان لـەدژی دەوڵەتـە گـەورەکان سـەچاوەی گرتـووە کـە لـە رووبەڕووبوونـەوەی یەکێتـی سـۆڤیەتی لـە ئەفغانسـتانەوە دەسـتپێدەکات تاوەکـو بەرەنگاربوونـەوەی هێـزە ئەمریکییـەکان لـەدوای 2003 لـە عێـراق.

بێگومـان لەدووتوێـی گۆڕانکارییـەکان و تێکچوونـی هاوسـەنگییەکان، بـۆ بڕیارسـازانی خەلیجیـی روونبـووەوە کـە مەترسـی جیهـادی تاوەکـو نێـو ئامێزیـان شـۆڕبووەتەوە و ئـەو ژینگەیـەی گرتووەتـەوە کـە بەرهەمیهێنـاون. بەتایبـەت ئەمـە دوای دامەزراندنـی داعـش و راگەیاندنـی بێباکانـەی بەرامبـەر بـە تێسرەواندنـی حوکمدارانـی کەنـداو، بەتایبـەت لەپێشـی پێشیشـیانەوە بنەماڵـەی پادشـایی سـعودیە گەیشـتە ترۆپکـی خـۆی. بێگومـان راگەیێندراوەکانـی داعـش لـە 2013 – 2015 بـووە هـۆی ئەسـپەردەکردنی بیرۆکـەی قۆسـتنەوەی سـەلەفییەکان لـەلای خەلیجییەکانـەوە. ئـەوەی روونکـردەوە کـە تێچـوی بەکارهێنانـی توندوتیـژی سـەلەفی زۆر گرانـە و دەستکەوتەکانیشـی زۆر کەمـن.

---

2 - . زانكو أحمد، هل سيتعايش الأكراد مع جارتهم الجديدة طويلا؟ موقع : نقاش، 2014/6/19،لينك:
http://www.niqash.org/ar/articles/politics/3468/

## 2 – وەرچەرخانی کارکردی جیهادی سەلەفی و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی خەلیجی

لەنێوەڕاستی 2014 داعش خۆی لەهەموو ڕوویەکەوە لەبەرامبەر سعودیەدا بینییەوە، تەنانەت لەڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە. بەشێوەی تاکلایەنە خەلافەتی جاڕدا و هاوکات لەگەڵ ئەمەش جەنگی لەدژی شانشینی سعودی ڕاگەیاند. تەنانەت پسپۆڕەکان ڕایانگەیاند ململانێی سعودیە و داعش تەنیا سیاسی رووت نییە، بەڵکو بووەتە ئایدیۆلۆژیش. بەشێوەیەکیش بووەتە شێوازێك بۆ تەتبیقی رۆحی وەهابیەت. بە قسەی پۆل بوانزل:" دەوڵەتی ئیسلامی ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئەو میراتگری ڕاستەقینەی وەهابیەتە نەك سعودیە. وەهابییەکان سەرەتا نوسخەیەك لە ئیسلامی سوننەیان پێشکەشکرد کە لە هەموو ڕویەکەوە بەشتێکی دانسقە دادەنرێت. ئەمانە جەنگێکی تەشەنەکاریان لەدژی برایانی موسڵمانی سوننەیان ڕاگەیاند. موسڵمانانی شیعەیان بەو بیانووەوە دەکوشت گوایە ئەمانە موشریکن و لێیان نائومێد بوونە. داعش ڕێك ئەم تاوانانەی بە هەمان تۆمەت ئەنجامداوەتەوە". [(3)]

ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژییە کە داعش ڕایگەیاندبوو، جگە لەوەی بووە کێشمەکێشێکی ڕاستەقینە، بەرەو دووژمنایەتییەکی ئاشکراش وەرچەرخا و سەرئەنجام بووە هۆی ئامانجی چالاکی دژی بنەماڵەی سعودیە. سەرباری ئەمە داعش خۆی بە نموونەی وەهابیەتی سەرەتایی دەزانێ کە ئەمە هەمان سیغەیە کە دەڵێ سعودیە جۆرێکی ناسەرکەوتووی دەوڵەتی ئیسلامی نموونەییە. ئەمەش بۆ دووژمنایەتیی زۆرتری سعودیە و جەمسەرگیری زۆرتری سەلەفیەکانی کەنداو بەسوودی خۆی ئەنجامدەدات.

بەپێی ئەو پێداوانەی پێشتر، داعش نەیتوانیوە ململانێی بابەتیی سعودیە بکات. ئەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی و ژینگەی جیۆسیاسی خۆیەتی. ئەگەری ئەوە هەیە داعش بەشێوەیەکی تایبەت بەرەنگاری بنەماڵەی پادشایی سعودیە ببێتەوە و ئەمە لەدژی ئەو بنەماڵەیە و تێکڕای وڵاتانی خەلیج بقۆزێتەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دەوڵەتانی کەنداو بە هێز لەدژی داعش بوەستنەوە. ئەمە وایان لێدەکات کە بە گوڕی زیاترەوە لەگەڵ ئەو زلهێزانە کار بۆ نەهێشتنی داعش بکەن کە بەرەنگاری بوونەتەوە.

## 3 – پێگەی وڵاتانی عەرەبی سوننە و بلۆکی کەنداو لەدژی داعش

لە ئەنجامی پەرەسەندنی داعش و دەستگرتنی بەسەر بەشێکی زۆر لە سووریا و عێراقدا لە هاوینی 2014 و گەیشتنی بە سنوورەکانی سعودیە و نزیکبوونەوەی تاڕادەیەك لەسنورەکانی ئوردن و کوێت، عەرەبی سوننە و بەتایبەت وڵاتانی کەنداو هەستیان بە مەترسی شێرگێری ئەم هەڕەشە تازەیە کرد. بەتایبەت دوای پاشەکشێی میسر لەسەر گۆڕەپانی عەرەبی و بەخۆوە سەرقاڵبوونی و بەرزبوونەوەی ئەو ڕەخنانەی

3 - كول بوانزل، المملكة ودولة الخلافة: مبارزة الدولتين الإسلاميتين، مركز كارنيغي . دراسة نشرت 18 شباط 2016، لينك:
http://carnegie-mec.org/201626/02//ar-62893/iumx?mkt_tok=3RkMMJWWfF9wsRovvanMZKp0aPyQAgobGp5I5FEIQ7XYTLB2t60MWA%3D%3D

کە لە دەوڵەتانی پشتیوانی جیهادییەکان دەگیران، گوایە دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەت سعودیە لە ساڵانی رابردوودا بەملیاران دۆلاریان بۆ داعش و هاوشێوەکانیان سەرفکردووە![4] ئەمەش بە خێرایی پاڵی بە دەزگاکانی بڕیاری خەلیجییەوە ناوە کە زووتر لەدژی داعش بوەستنەوە.
لەگەڵ هەموو ئەمانە، دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لەگەڵ راگەیاندنی هاوپەیمانی لەدژی داعش لەساڵی 2014، دەسبەجێ بڕیاریاندا بەو پەیمانەوە پەیوەست بن و رووبەڕووی داعش ببنەوە.
بەشێوەی کردەیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە لێدانی داعش لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوە لەکاتی پەلاماریان بۆ سەر هەولێر دەستپێکرد. رۆژی 7ی ئابی 2014 ئیدارەی ئەمریکی جەختی لەوە کردەوە کە بۆ پاراستنی هاونیشتمانیانی ئەمریکی و کەمینەی ئێزدی پێویستە دەسبەجێ دەستوەردان بکەن بۆ ئەوەی رێگە لە هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر بگرن.
لێرە رۆڵی سعودیەش زۆر گرنگ بوو، چونکە یەکێك لە کۆبوونەوە گەورەکانی دامەزراندنی هاوپەیمانی لە رۆژی11ی سێپتەمبەر لە شاری جددە بەرێوەچوو. ئەم کۆبوونەوەیە لەڕووی سیمبوولییەوە و لەڕووی ئاستی بەشداری وەزیرانی دەرەوەش زۆر گرنگبوو و تێکڕا بڕیاریاندا بەرەنگاری داعش ببنەوە و رێگە لە گەیشتنی پارە و جیهادی بۆ ناو ئەو گرووپە بگرن و هەوڵی بنیاتنانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە بدەن کە داعش بە کردەوەی وەحشیانە تێکیداون.[5] بەوجۆرە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی - عەرەبی لەدژی داعش بەبەشداری 40 وڵات هاتەکایەوە. تورکیا لەگەڵ ئەوەی لە کۆبوونەوەکە بەشداربوو، بەڵام خۆی دوورەپەرێزگرت و لەدواییشدا خۆی لە واژۆکردنی بەیاننامەی کۆتایی بوارد!
هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لەرۆژی دەستپێکردنی ئەم هەڵمەتەوە واتە لە23ی سێپتەمبەری 2014ەوە سەدان هێرشی ئاسمانیان کردە سەر پێگەکانی داعش. ئەمەش بووە دەسپێکی فەرمی بۆ هاوپەیمانی لەدژی داعش.
لە هەفتەی یەکەمی هێرشی داعش بۆسەر هەولێر، هێزی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا بەرپەرچی داعشیان دایەوە و بەردەوام کوتایان. هەر لەوکاتەدا زۆر خوێندنەوەی پێشوەخت هاتنەکایەوە کەوا پێویستە هاوپەیمانی سوننی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێتەکایەوە: "ئەوەی بۆ ئەمریکا گرنگە بەردەوامبوونی هاوپەیمانییە لەدژی داعش. ئەمەش بەو واتایەیە کە پێویستە هاوپەیمانانی ئەمریکا وەك تورکیا، سعودیە و حکومەتی کوردی پابەندی بەڵێنەکانیان بن بۆ ئەوەی گوشاری زیاتر بخرێتە سەر داعش .[6]

4 - لوري بلوتكين بوغارت، التمويل السعودي لـ تنظيم «الدولة الإسلامية في العراق والشام، 24 حزيران 2014، معهد واشنطن، لینک: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/saudi-funding-of-isis
دوا سەردان: 11-3-2016

5 - الجزيرة نت: http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015/6/1/

6 - . غريغوري غوس، داعش وحرب الشرق الأوسط الباردة الجديدة، 25 /8/ 2014، مركز بروكنجز: http://www.brookings.edu/ar/blogs/markaz/posts/2014/08/25-isis-new-middle-east-cold-war

## 4 - ژینگەی پێکگەیشتنی وڵاتانی عەرەبی سوننە بەرابەرایەتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لەگەڵ هەرێمی کوردستان

بەرەنگاربوونـەوەی داعـش لـە سـووریا و عێـراق زەمینەیەکـی تۆکمـەی بـۆ هاوپەیمانـی کوردی-عەرەبـی هینایەکایـەوە. ئەمـە پەیوەنـدی هاوسـێیەتی مێژوویـی کوردسـتان و عەرەبەکانـی پێشخسـت و بـووە هـۆی زیادکردنـی باوەڕبەخۆبـوون لـە هەرێمـی کوردسـتان. هـەر ئـەم باوەربەخۆییـە بـوو کـە سـەرئەنجام لـە سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگەدا رەنگیدایـەوە.

لەگـەڵ تێکچوونـی پەیوەندییـەکان لەنێـوان بلۆکـی خەلیجـی و دیمەشـق و بەغـدا، هاوپەیمانـی لـەدژی داعـش بـووە سـەرەتا بـۆ هاوپەیمانـی خەلیجـی - کوردسـتانی. ئەمـەش بـە سـەرەتایەك بـۆ چاككردنـەوەی پەیوەندییـە کـوردی - سـوننەکان لـە قەڵەمدەدرێـت دوای ئـەو سـتەمەی رژێمـی بەعسـی عێراقـی دەرهـەق بـە کـورد کـردی. ئەمـە بـاوەڕ و متمانـەی زیادکـرد و دوای ئاوارەبوونـی دەیـان هـەزار ئـاوارەی عەرەبـی سـوننە بـەرەو شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان، ژێرخانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئەمـە لەباربـووە، دوای ئـەوەی بـە باشـی پێشـوازییان لێکـراوە و ئاسایشـی خۆیـان و خێزانەکانیـان دابینکـراوە.

ئەمـە بـەرەو قۆناخێکـی نـوێ رۆیشـتووە کاتێـك کۆنگـرەی هـەر پێنـج پارێـزگا سـوننەکان لـە کۆتایـی 2014 لـە شـاری هەولێـر بەرێوەچـوو. هـەر ئـەوکات میدیـاکان باسـی ئەوەیـان کـرد کـە ئەمریـکا و وڵاتـە عەرەبییـەکان هەوڵـی ئـەوە دەدەن گرووپـە سـوننە چەکدارەکان و خێڵـەکان یەکبخـەن و ئامادەیـان بکـەن. هـەر ئـەوکات شـاندێك سـەردانی ئەمریـکای کـرد کـە چەندیـن گرووپـی سـوننی تێیـدا بەشـداربوون بـۆ ئـەوەی سـەبارەت بـە هاوئاهەنگیکـردن لەگـەڵ ئەمریکییـەکان قسـە بکـەن. هەروەهـا ئوسامە نوجێفـی جێگـری سـەرۆك کۆمـار، گوتارێکـی لـە کۆنگرەکـە پێشکەشـکرد و بـە ئاشـکرایی باسـی لـە "هەرێمـی پارێـزگا سـوننەکان" کـرد و هەمـوو تۆمەتێکـی پێشـوەختەی رەتدەکـردەوە. بۆیـە هەندێـك نوجێفـی بـە جێبەجێـکاری پلانـی جـۆ بایـدن بـۆ دابەشـکردنی عێـراق بەسەرسـێ هەرێمـدا دادەنێـن. [7]

ئـەم کۆنگرەیـە بەتوونـدی لەلایـەن حکومەتـی بەغـدا و تێکـڕای گرووپـە شـیعەکانەوە رەخنـەی لێگیـراوە، ئەوانـەی کـە بەڕێـز مەسـعود بارزانـی بـە تایفەگـەری تۆمەتبـار دەکـەن گوایـە لایەنـی سـوننە دەگـرێ و هـاوکاری دامەزرانـی هەرێمـی سـوننە دەکات..

## 5 - گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کوردی - خەلیجییەکان دوای رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران

کۆمەڵێـك هـۆکار کاریانکردووەتـە سـەر پێشـکەوتنی بەرژەوەنـدی و پەیوەندییـە کوردسـتانی - خەلیجییـەکان. لەپێـش هەموویانـەوە زیادبوونـی نفـوزی ئێرانـی لـە عێـراق و نیگەرانییەکانی خەلیـج دوای دامەزرانی حەشـدی شـەعبی و پەرەسـەندنی رۆڵـی حیزبوڵـڵای لوبنـان و قورسـبوونی سـەنگی ئێـران لـە مەلەفـی سـووریا. لەبەرئەوە بیـر لـە پێکەوەنانـی کۆمەڵێـك هاوپەیمانـی تـازە لەلایـەن خەلیجییەکانـەوە کرایـەوە و بـووە یەکێـك لـە بژاردە

7 - عبد الامير الركابي، مؤتمر أربيل: المأزق السني مستمر. المدن:
http://www.almodon.com/arabworld/2014 - 12 - 20

و ئاراستە خەلیجییەکان. یەکێك لە نووسەرە ناسراوەکانی شەرقی ئەوسەت دەنووسێت: "ئێران ئەمڕۆ لە هێرشێکی بێوێنەدایە کە لە مێژووی هاوچەرخماندا نموونەی نەبووە. راستەوخۆ لە سووریا و عێراق شەڕدەکات، چەندین ساڵە بەنیابەت کار لەسەر لوبنان، غەزە، حوسییەکان لە یەمەن و بەحرەین دەکات. لە عێراقیش زۆر بە ئیلتیزامەوە کاری کردووە، بەشێوەیەك کە زیاتر لە حکومەت، پشتیوانی میلیشیا لایەنگرەکانی خۆی دەکات. لێرە بیرۆکەی دامەزراندنی حەشدی شەعبی وەك بەدیلی ئەو سوپایەیە کە بەشێکیان لەگەڵ ئێران نین".[8]

لەم ماوەیەی دواییدا هەندێك ئەنجام بڵاوبوونەوە کە ئاماژە بەوە دەکەن گوایە رۆژئاوا ئاراستەیەك پێشدەخات و دەیەوێ رژێمی مەلاکانی ئێران لەڕووی سیاسییەوە ماڵی بکات، لەڕووی ئابوورییەوە رزگاری بکات و کۆتایی بە گۆشەگیری ئەم وڵاتە بێنێ نەك بیگۆڕێت. چینی باڵادەستی ئێران دوای 30ساڵ، لە جێبەجێکردنی شاکارێکی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسی نزیك دەبێتەوە کە بریتییە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەنێوان ئێران و دەوڵەتە گەورەکان. ئەمە لەلایەن زلهێزەکانەوە بە دەروازەی دەستەمۆکردنی ئێران دادەنرێت و رۆژئاواش لەم قۆناخەی مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بایەخی زیاتر بە تاران دەدات. ئەم بایەخە رۆژئاواییە بە تاران لە ئەنجامی شکستی نموونەی تورکی وەك سەرمەشقێك بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دێت. هەروەها هەڵەکانی ئیخوان موسلمین لە میسر بووە هۆی ئەوەی هێزە گەورەکان بە پرۆژەی جێگیرکردنی ئیسلامی میانڕەو لە وڵاتانی عەرەبیدا بچنەوە. ئەمە بووە هۆی پارچەکردنی جیهانی ئیسلامی لەنێوان مەرجەعییەتە نەریتییەکان وەك "تورکیا، سعودیە و میسر" لەلایەك و، گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان- بەمۆری ئیسلامی سوننی- لەلایەکی دیکەوە. ئێستا ئێران وەك جەمسەرێکی ئیسلامی میانڕەوتر و وەك مەرجەعییەتێکی سیاسی و رۆحی دەرکەوتووە کە لەڕووی فیکرییەوە کراوەیە و ناوەندگەرا و رێکخراوتریشە.

لەم دە ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی بابەتی خۆی وەك جەمسەرێکی مەزهەبی تۆکمە پیشانداوە کە دەتوانێ دووبەندی ئیسلامی مەزهەبی بەڕێوەبەرێت و توانای ئەوەی هەیە لەرێگەی ئەجێندا و دروشمی هەڵخەڵەتێنەرەوە خواستە قۆناخییەکانی رۆژئاوا دابین بکات.

ئێران هەڵەی وڵاتانی عەرەبی و خەلیجی قۆستووەتەوە لەکاتیکدا رۆژئاوا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تووشی دڵەڕاوکێ بووە. ئێران ئەمەی بەکارهێناوە بۆ بازاڕکردنی جەمسەربەندی و چالاکی ئیسلامی خۆی بۆ ئەوەی هێزی عەرەبی سوننی خەلیجی هاوسەنگ بکات. تاران تێگەیشت رۆژئاوا پیویستی پێیەتی بۆ ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا رۆڵی هاوسەنگی بگێڕێت. بەبێ هەموو دەسکەوتێکی سیاسی لە ناوچەکە، کەم و زۆر نفوزی خۆی بەرفراوان دەکات و کارتەکان تێکەڵدەکات و لە چالاکی جۆربەجۆردا بەشێوەی سەیروسەمەرە دەیانقۆزێتەوە.[9]

دوای جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنی ئەتۆمی بەتایبەت دوای گێڕانەوە بەشێك لە داراییە بلۆککراوەکانی ئێران لەلایەن رۆژئاواوە، بیرۆکەی رێککەوتنی درێژخایەنی رۆژئاوایی – ئێرانی بەریگرتووە. لەگەڵ پەرەسەندنی نفوزی ئێرانی لە سووریا، عێراق، لوبنان و یەمەن، هەڕەشەی ئێرانی بەرفراوانبووە.

8 - عبد الرحمن الراشد، رۆژنامەی الشرق الأوسط، ژمارە 13243،

-http://aawsat.com/home/article/301671/%D8%B9%D8%A8%D8%AF:2015/3/2

9 - آزاد أحمد علي، إيران بين الدور والانتصار، 2015/3/21، پۆرتاڵی رووداو:

http://rudaw.net/arabic/opinion/21032015

بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەم هەڕەشـەیە بەتایبـەت لـە عێـراق و سـووریا، بیرۆکـەی پێکەوەنانـی هاوپەیمانـی عەرەبـی سـوننی - کـوردی هاتووەتـە کایـەوە.

## 6 - پێگەی کوردستان لەنێو هاوپەیمانی ئیسلامی بە پێشەنگیی سعودیە

لێـرە هەندێـك نێوەنـدی ڕۆژئاوایـی سـێ وێنـە بـۆ داڕشـتنەوەی ئاینـدەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەکێشـن: ئـەم سیانەش بریتیـن لـە ڕۆڵـی تورکـی، نفـوزی ئێرانـی و ئاسایشـی ئیسرائیل. لێـرەدا زۆرینـەی بەرژەوەنـدی عەرەبی غاییبـە. ئـەم هۆکارانـە لەگـەڵ پشـێوی کارای دوای بەهـاری عەرەبـی، هـاوکات لەگـەڵ پرۆژەی ئیسـلامی سـوننی تورکـی - ئیخوانـی لەگـەڵ ئـارەزووی فراوانخـوازی ئێرانـی لـە جیهانـی عەرەبیـدا لەگـەڵ یەکلاییەکردنـەوەی کێشـەی فەڵەسـتین، پاڵـی بـە ریـازەوە نـا بـۆ ئـەوەی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی و بەرژەوەندییـە هاوبەشـە عەرەبییـەکان بپارێزێـت، لەجیاتـی سیاسـەتی خۆپارێـزی، بـەرەو کاراکردنـی سیاسـەتی دەرەوە بکشـێت. بۆیـە هاوشـێوەی ئەکتـەرە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـەکان کـە لـەدژی ڕێسـا نێودەوڵەتییـەکان وەسـتاونەتەوە، بڕیاریـدا چیـتر گـوێ بـەو ڕێسـا مێژووییانـە نـەدات کـە بەسـەر هاوکێشـەکانی ناوچەکـەدا حوکمدەکـەن.
ریـاز بڕیاریـدا توانـا و دەرفەتەکانـی چـالاك بـکات بـۆ ئـەوەی ئەجێنداکانـی کـە خـاوەن ڕەهەنـدی عەرەبـی و خەلیجیـن، بەسـەر هەمـوو لایەکـدا بسـەپێنێت. هەروەهـا هەوڵیـدا بۆشـایی ئەمریـکا لـە ناوچەکـە پڕبکاتـەوە و تاوەکـو کۆتاییهاتنـی حوکمـی بـاراك ئۆبامـا گوشـار بـۆ یەکلاییکردنـەوەی کێشـە گـەورەکان بهێنێـت. جگـە لـەوە دەیـەوێ دیدێکـی هەرێمـی عەرەبـی هاوبـەش بەدیبێنـێ کـە تێیـدا ئاینـدەی سـووریا، عێـراق و یەمـەن دیـاری بـکات و مامەڵـە لەگـەڵ مەلەفـی ئەتۆمـی ئێرانـی بـکات و ئەنجامـە ئایندەییەکانـی بخوێنێتـەوە.[10]
ئـەو بۆشـاییەی کـە لەبەریەکترازانـی هەندێـك دەوڵەتـی عەرەبـی وەك عێـراق، سـووریا، یەمـەن و لیبیـا هێناویەتەکایـەوە، بوونـی بیرکردنەوەیەکـی وا دەسـەپێنێ کـە دەبـێ ئامادەیـی هەبـێ بـۆ پڕکردنـەوەی هەمووجـۆرە بۆشـاییەکی کتوپـڕی جیۆسیاسـی کـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان دەیخولقێنـن. بەتایبـەت داعـش کـە وەك دەوڵـەت - ڕێکخراوێکـی توونـدڕەوی سـنووربەزێن، خەریکـە خـۆی لـە سـنوورەکانی باکووری نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـدا تۆکمـە دەکات. هەروەهـا لـە سـنوورەکانی باشـووری ئـەم نیمچـە دوورگەیـەدا هێزێکـی دیکـە خەریکـە پەرەدەسـێنێت کـە ئەویـش حیزبـی ئەنسـاروڵلای حوسـییە کـە بەفەرمـی دەوڵەتـی یەمەنـی هەڵوەشـاندەوە و سـەنعای پایتەختیشـی داگیرکـرد.
زۆربـەی خوێندنـەوە بابەتییـەکان بـۆ هەڵوێسـتی تاقـە هێـزی مـاوەی عەرەبـی دەچـوو کـە هێشـتا لـەڕووی دارایـی و کۆمەڵایەتییـەوە یەکپارچەیـە، کـە شانشـینی عەرەبـی سـعودییە. دوای ئـەو بۆشـاییەی ڕمانـی دەوڵەتەکانـی دەوروبـەری دروسـتیانکردووە، لەنوێـوە پێگـەی خـۆی دەخوێنێتـەوە. شانشـینی سـعودی وەنەبـێ تەنیـا بەشـێوەی سـەربازی و هەڵچوونـی ئایدیۆلـۆژی هەڕەشـەی لێبکرێـت، بەڵکو هەڕەشـەی ئەوەشـی لەسـەرە کـە ڕۆڵـی بـۆ نزمتریـن ئاسـت دابەزێـت. بۆیـە هەوڵـدەدات ڕۆڵـی عەرەبـی خـۆی بەرزبکاتـەوە وەك مافێکـی سرووشـتی و جوگرافـی خـۆی، بەتایبـەت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆڵـی ئێرانـی کـە ناوچەکـەی گرتووەتـەوە.

---

10 - مصطفى فحص، الرياض وأقلمة السياسية الدولية، ڕۆژنامەی الشرق الوسط، 13619، 2014/12/29: http://aawsat.com/home/ /article/253671

وەنەبێ ئێران وەك هاوسێیەکی عێراق سنوورەکانی گەمارۆدابێت، بەڵکو بووەتە مەنزومەیەکی یەکگرتووی هێرشبەری سەربازی - ئایدیۆلۆژی کە پێویستە هێزەکەی هاوسەنگ بکرێت و کاراییەکەی لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لاوازبکرێت. [11]

سعودیە هەنگاوێکی بۆ پێشەوەنا بۆ ئەوەی رۆڵێکی یەکجار گەورە بگێڕێت. هەروەها دوای ئەوەی لە رۆژی 26/3/2015دا رابەرایەتی ئۆپەراسیۆنی "باهۆزی یەکلاکەرەوە"ی لەدژی حوسییەکان لە یەمەن کرد، هاوکێشەی هێزەکانی سەراوژوور کرد. بەمە ناوچەکە کەوتە قۆناخێکی سیاسی تازەوە و سعودیە 10 دەوڵەتی عەرەبی دیکەی لەگەڵ خۆی خست بۆ ئەوەی نەهێڵن حوسییەکان دەست بەسەر هەموو یەمەندا بگرن. بەمە ئەوەی نیشاندا کە ئەم جەنگە شێوەی نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕێت و هاوکێشەی هێزەکان لەناوچەکە سەروبن دەکات. جگە لەوە پێگەکانی دەپارێزێت و نفوزیشی زیاد دەکات. بەشێوەیەك ئەم جەنگە جەنگی سعودیە لەدژی رێککەوتنی ئەمریکا - ئێرانە کە زۆر سیاسەت و پرۆژەی ئایندەیی جیاوازی لێ دەستەبەر دەبێت.

بێگومان "باهۆزی یەکلاکەرەوە" بە رووداوێکی کلیلی دەزانرێت. ناوەندی گفتوگۆی ستراتیژی سەر بە ئەکادیمی ناتانیای تەلەبیب پێیوایە کە رووداوەکانی یەمەن دەبنە هۆی بنیاتنانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە. ئەم ناوەندە پێیوایە سعودیە لە ژێر فەرمانی شاسەلماندا رۆڵێکی گەورەی پێشەنگی لە ناوچەکەدا دەگێڕێت و بەشێنەیی لەژێر نفوزی ئەمریکا دێتەدەرەوە و وەك هێزێکی لێهاتوو مامەڵە دەکات. لەدوای باهۆزی یەکلاکەرەوە سعودیە بەشێنەیی خۆی لە نفوزی ئەمریکا دەرخستووە و پشت بەخۆی و هاوبەشە راستەقینەکانی دەبەستێت. هەروەها دەڵێن باهۆزی یەکلاییکەرەوە رووخساری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە دەکێشێت. [12]

رووداوەکانی 2015 ئەوەیان سەلماند کە باهۆزی یەکلاییکەرەوە هاوکێشەی هێزەکان و کولتووری باوی سیاسی ناوچەکەی گۆڕیوە. ئەو بیرە چەقبەستووەی لە ناوچەکە گۆڕی کە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو ناتوانێ بەبێ ئەمریکا هیچ کارێك و دەسپێشکەرییەك بکات چ جای کاری سەربازی! لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی باهۆزی یەکلاییکەرەوە زەمینەی بۆ پێکەوەنانی هاوپەیمانییەکی ئیسلامی گەورە خۆشکرد کە سعودیە سەرپەرشتیدەکات. میر محەممەد بن سەلمان وەلی شازادەی جێنشین و وەزیری بەرگری لە کۆبوونەوەی رۆژنامەڤانی رۆژی سێشەممە 15/12/2015 دا رایگەیاند: هاوپەیمانییەکی ئیسلامی بە سەرکردایەتی سعودیە هاتووەتەکایەوە کە بارەگاکەی لە شاری ریازە و بەو زووانە ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیش دروستدەکرێت. لەم بارەگایەدا کار بۆ هاوئاهەنگی و رێکخستنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی تیرۆر دەکرێت. لەتەنیشت ئەمەدا میکانیزم و بەرنامەی ئەم ئەرکە لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پێشدەخرێت. بەشێوەی کردەیی ئەم دەوڵەتانە هەندێکیان بەشداری لە هاوپەیمانییەکەدا دەکەن و هەندێکیشیان پاڵپشتیدەکەن کە 35 دەوڵەتی ئیسلامین، لەوانە: میسر، ئوردن، ئیمارات، پاکستان، بەنگلادش، تورکیا، تونس، سنیگال، سودان، فەڵەستین، قەتەر، کوێت، لوبنان، مەغریب، موریتانیا، نایجیریا. ئەمە لەگەڵ ئەوەی 10 دەوڵەتی ئیسلامی دیکەش ئەم هاوپەیمانییەیان پەسەندکردووە کە ئەندۆنیزیای تێدایە.

---

11 - آزاد أحمد علي، حول ضرورة تنامي دور المملكة العربية السعودية، پۆرتاڵی رووداو، 2015/3/27: http://rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=115647

12 - محمد خالد، السعودية نفضت عن كاهلها التبعية المطلقة للولايات المتحدة، الخليج الجديد: http://www.thenewkhalij.net/ar/node/12223. دوا سەردان 2016/3/14

لـە بەیاننامـەی هاوپەیمانییەکـدا هاتـووە کـە هەمـوو کارەکانـی بەپێـی پەیمانـە نێودەوڵەتییـەکان دەبێـت. تێیدا جەخـت لـە رووبەڕووبونـەوەی تیـرۆر دەکرێـت کـە تەنیـا داعـش نـا بەڵکـو هەمـوو گرووپێکـی تیرۆریسـتی دەگرێتـەوە، جـا لەژێـر هـەر ناوێکـدا بـن. لـەڕووی فکریشـەوە بەرەنـگاری تیـرۆر دەبنـەوە. هاوپەیمانـی شـەرعیەتی خـۆی بـە شـەرعیەتی پەیمانـە نێودەوڵەتییـەکان و رێکخـراوی هـاوکاری ئیسـلامی دەبەسـتێتەوە بەپێـی ئـەم دەقـەی بەیاننامەکـە:" بەپێـی بەندەکانـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان و بەپێـی بەندەکانـی رێککەوتنـی رێکخـراوی هـاوکاری ئیسـلامی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هەمـوو جۆرەکانـی تیـرۆر و زاڵبـوون بەسـەر هـۆکار و ئامانجەکانـی، هەروەهـا لەپێنـاو جێبەجێکردنـی ئەرکـی پاراسـتنی میللـەت لـە وەیشـومەی گشـت گرووپـە تیرۆریسـتییەکان کـە لەسـەر زەوی شـەڕ و فەسـاد بڵاودەکەنـەوە، ئـەم هاوپەیمانییـە دێتەکایـەوە".[13]

لەگـەڵ ئەمـە وڵاتانـی جەزاییـر، سـووریا و عێـراق لـە هاوپەیمانییەکـەدا بەشـدارنەبوون. هەروەهـا ئـەو پرسـیارە خـۆی دەوروژێنـێ کـە هەرێمـی کوردسـتان چـۆن چۆنـی بەشـداری ئـەم هاوپەیمانییـە دەکات؟ جگـە لـەوە ئـەم پەیمانـە و پیادەکردنـی لەسـەر زەوی بەبـێ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان چـۆن دێتەکایـەوە؟

لێـرە دەتوانرێـت بگوترێـت کـەوا سـەرکردایەتی کوردسـتانی چ بەئاشـکرا و چ بەنهێنـی پشـتیوانی لـەم هاوپەیمانییـە دەکات. ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـە سـەرباری هەڵویسـتی بەغـدا، جێگەیـەك بـۆ هەرێمـی کوردسـتان نەکرێتـەوە. دەتوانرێـت کاتـی سـەردانی مەسـعود بارزانـی بـۆ سـعودیە ئـاوا بخوێنرێتـەوە: مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان وایدەبینـێ کـە بەرژەوەنـدی هەرێمـی کوردسـتان لەوەدایـە بـەم هاوپەیمانییـەوە پەیوەسـت ببـێ بـۆ ئـەوەی سـنووریك بـۆ نەیارییەکانـی ئێـران بەرامبـەر خـۆی و هەرێمـی کوردسـتان دابنـێ کـە بـەو دووایـە رووی لـە زیادبـوون کـردووە و بووەتـە هـۆی گـرژی لـە پەیوەندییەکانـی نێوانیـان. ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە کـورد پێداگیـری خـۆی بـۆ ئەنجامدانـی گشتپرسـی نیشـانداوە بـۆ ئـەوەی چارەنووسـی هەرێمـی کوردسـتان یەکلایـی بکرێتـەوە کـە ئەمـە بووەتـە هـۆی تووڕەیـی ئێـران و هاوپەیمانـە شـیعەکانی.[14]

بەشـێوەیەك تەرجەمـەی کردەیـی ئـەم پەیمانـە لـە دەرکردنـی بڕیـاری ناسـاندنی حیزبوڵـڵای لوبنانـی وەك گرووپێکـی تیرۆریسـتی تاقیکراوەتـەوە. هەروەهـا دەشـێ ئەمـە لـە مانـۆڕی "برووسـکی باکوور"یشـدا بخوێنینـەوە کـە بـە ئامادەیـی بـۆ دەسـتوەردانی زەوینـی لەکاتـی پێویسـت بـۆ نێـو سـووریا لەقەڵەمدەدرێـت. ئەمـە یـەك شـت یەکلاییدەکاتـەوە کـە سـعودیە لـە هەرێمەکـەدا جەمسـەری دژی ئێرانـە.

لـەڕووی جیۆسیاسـییەوە مانـۆڕی بروسـکی باکـوور کە لە رۆژی 27ی شـوباتی 2016دەسـتپێکرد، بـە هەنگاوێکـی بوێرانـە دادەنرێـت. ئـەم مانـۆڕە لەلایـەك لـە بیابانـی سـووریا نزیکـە و لەلایەکیـش لەتەنیشـت و لاپاڵـی عێـراق هاتووەتەکایـەوە! واتـە لەنزیـك سـنوورەکانی "دەوڵەتـی ئیسـلامی". تەرجەمـەی ئەمیـش ئاوایـە کـە "ئـەم بابەتـە قوڵایـی سـتراتیژی هەرێمـی و عەرەبییـە". بەتایبـەت دوای ئـەو هەمـوو هەڕەشـە و رووداوانـەی کـە ناوچەکـە بەخۆیـەوەی بینیـوە. ئەمـە یەکـەم مانـۆڕ و ئۆپەراسـیۆنی راهێنانـە لەمێـژووی دەوڵەتانـی عەرەبیـدا و یەکەمیشـە لەوەتـی هاوپەیمانـی ئیسـلامی لـەدژی تیـرۆر راگەیێنـدراوە. ژمـارەی سـەربازانی بەشـدار لـەم مانـۆڕەدا گەیشـتووەتە 150 هـەزار. ئەمـە کاراکردنـی سـەربازی هاوپەیمانییەکەیـە و راگەیاندنـی هاوسـۆزی

---

13 - آنادية راضي، المرسال:http://www.almrsal.com/post/295354. دوا سەردان 2016/3/14

14 - وحدة الدراسات العراقية، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية. 2015/12/5:
http://rawabetcenter.com/archives/15983

وڵاتانی بەشدار لە مانۆڕەکەیە لەدژی ئێران. جگە لەوە نیشاندانی هێزی سەربازی عەرەبیشە بەتایبەت لەسایەی بەشداریکردنی هەردوو هێزی عەرەبی سعودیە و میسر. [15]

دوای کۆتاییهاتنی مانۆڕەکانی بروسکی باکوور کە 20 دەوڵەت بەشداری تێدا کردووە، سەرباری هێزەکانی سپەری جەزیرە – هێزی هاوبەشی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو- کە لەنێو لیستی 57 ئەندامی هاوپەیمانی ئیسلامی لەدژی تیرۆردان، غیابی دوو دەوڵەتی هەرێمی گرنگ سەرنجی چاودێرانی راکێشا کە جەزاییر و تورکیان! دیارە ئەمە دەیسەلمێنێ کە تورکیا لەبەرئەوە بەشداری نەکردووە کە بەنیازە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران پێشبخات. [16]

برووسکی باکوور لووتکەی بەرزبوونەوەی سیاسی و سەربازی کەنداو پێکدەهێنێت. لە بنەڕەتدا ئەمە لەدژی ئێرانە و تورکیا تێیدا بەشداری نەبووە. دەشێ لێرەدا خوێندنەوەیەکی کوردی بۆ بکرێت، بەشێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییە کوردستانییەکاندا دەگونجێت. باشتریشە بەشێوەی سیمبوولی پێشمەرگە بەشداری تێدا بکات.

## 7 -ئاسۆکانی ئایندەی پەیوەندییە کوردستانی - خەلیجییەکان لە دوای داعش

لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بلۆکی عەرەبی سوننە پێشکەوتوون. سەرباری کارەسات و وەیشومەی داعش، بەڵام ئەم پەیوەندییانە بەرەو پێشەوە دەچن. بەتایبەت دوای پەلاماری داعش بۆ سەر کوردستان، هەڵوێستی عەرەبی سوننە بەرامبەر کورد و مەسەلەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەتایبەت دەوڵەتانی خەلیجی لەوەدا لەپێشی پێشەوەن. لەم ساڵانەدا 7 کۆنسوڵخانەی عەرەبی لە هەولێر کراونەتەوە کە دواترینیان کۆنسوڵخانەی سعودییە بوو کە لەنێوەڕاستی شوباتی 2016دا کرایەوە.[17] ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی بەرەو پێشەوە دەڕۆن. لەنێو نێوەندی رووناکبیران و نووسەرانی عەرەبیشدا هاوسۆزی بۆ رزگاری کوردستان وا زۆربووە کە لەژماردن نایەن. بۆ نموونە هەندێك لەسەر بایەخی جیۆسیاسی کوردستان وایان نووسیوە: "لەڕووی جیۆسیاسییەوە هەرێمی کوردستانی عێراق بە پەرژینێکی سرووشتی و سیاسی لەبەرامبەر کشانی ئێران و تورکیا لە ناوچەکە دەزانرێت. زۆر باشە کە لەسەر بناخەی هاوبەش بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ببەستینەوە. ئەگەر ئەم دەوڵەتە دامەزرێت، ئەوە بە زەبرێکی کاریگەر لەپشتی ئێران لەقەڵەمدەدرێت. ئەمەش ئەوکاتە خۆی نمایشدەکات کە نفوزی کوردی بەهێزەوە بۆ ناو ئێران شۆڕببێتەوە و لەوێ داوای سەربەخۆیی بکات". [18]

---

15 - شؤون خليجية: http://alkhaleejaffairs.info/c-32302/

16 - . نصر المجالي، لماذا لم تشارك تركيا والجزائر في «رعد الشمال»؟، إيلاف:

http://elaph.com/Web/News/2016/3/1077027.html، دوا سەردان 2016/3/14

17 - رۆژی 2016/2/22 کرایەوە، رووداو: http://rudaw.net/arabic/kurdistan/220220162

18 - سعود كابلي، هل يصب استقلال كردستان العراق في مصلحة المملكة؟ جريدة الوطن أون لاين السعودية، 2015-03-25

هەڵوێسـت و بانگـەوازەکان بـۆ پشـتیوانی لـە کوردسـتان بەرزدەبنـەوە و جەخـت لـەوە دەکرێتـەوە کـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بەسـودی سـعودیەیە: "ئایـا سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بەسـوودی سـعودیەیە یـان نـا؟ بـەڵام ئیـتر درەنـگ نییـە ئەگـەر پەیوەندییـەکان لەگـەڵ ئـەم هەرێمـە پێشـبخرێن کـە لەبـەردەم دەروازەکانـی سـەربەخۆییدایە. ئەگـەر ئەمـڕۆ ئەمـە بەئیـرادەی خۆمـان نەیێتـەدی، ئـەوا سـبەی بەبـێ ئیـرادەی خۆمـان بەدیدێـت ".[19]

چالاکـی و ڕۆڵـی ناوەنـدی هێـزە کوردسـتانییەکان لـەدژی داعـش، بـووە هـۆی پڕچەککردنـی دەیـان هـەزار چەکـداری کـورد. لانیکـەم نزیکـەی 200هـەزار جەنـگاوەری کـورد لـە بەرەکانـی جەنـگ لـە سـووریا و عێـراق دەجەنگـن. ئـەم جەنگـە درەنـگ یـان زوو هاوتـای سیاسـی خـۆی لەسـەر زەوی دەسـتەبەر دەکات. ئـەوەش بریتییـە لـە بەرزبوونـەوەی دەوری سیاسـی و سـەربازی کـورد. ئەمـە لەسـەر حیسـابی پاشەکشـێی ڕۆڵـی دیمەشـق و بەغـدا و بگـرە لاوازبوونـی ڕۆڵـی تـاران و ئەنکـەرەش دێتەکایـەوە.

توێـژەران ئەوەیـان زانیـوە کـە کـورد لـە جەنگـی دژبـە داعشـدا بـە ژمارەیەکـی گرنـگ لەقەڵەمدەدرێـن، بۆیـە بـاس لـە پەیوەندییـە جوگرافـی و کۆمەڵایەتییەکانیـان دەکرێـت. سـەرئەنجام ئەمـە دەبێتـە دەرئەنجامێکـی جیۆسیاسـی نـوێ لـەلای دەوڵەتانـی ناوچەکـە بەگشـتی و وڵاتانـی ئەنجوومەنـی هاریـکاری کەنـداو. وەك دەزانیـن گۆڕانکارییەکانـی ناوچەکـە زۆر زیاتـر لـە جـاران کورد و گەلانـی کەنـداوی عەرەبی لێـك نزیکدەکاتەوە. هەروەهـا ناکۆکـی بەرژەوەنـدی و هەسـتیاری مێژوویـی لەنێـوان کـورد و گەلانـی کەنـداودا نییـە. بگـرە بەرژەوەنـدی هاوبەشـی بێسـنوور لەنێوانیانـدا هەیـە و لەوانەیـە ڕۆژێـك ڕۆڵـی ئێـران و تورکیـاش تێپەڕێنـن و بتوانـن کاریگـەری لەسـەر ناوەنـدی بڕیاریـان بکـەن و تەنانـەت دەوری سیسـتەمی باڵادەسـت لـە بەغـدا و دیمەشـق کزبکـەن. ئەمانـە هەمـووی، پێشخسـتنی شـێوەکانی پەیوەنـدی لەنێـوان هاوپەیمانـی خەلیجـی و هەرێمـی کوردسـتان بەسـەر بڕیارسـازانی سیاسـیدا دەسـەپێنن.

بەڕاسـتی کـورد هاوسـێی ڕاسـتەقینەی گەلانـی خەلیجـن. ڕوانینـی کـورد بـۆ وڵاتانـی خەلیـج لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، بەتایبـەت لـەڕووی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و چالاکـی سیاسـی و ئابـووری ناحکومییـەوە، بـەرەو پێشـەوە دەڕوات. لەکاتیکـدا ئێـران و تورکیـا تەنیـا لـەڕووی فەرمـی و قانونییـەوە هاوسـێی کەنـداون. زۆربـەی پردەکانـی پێـك گەیاندنـی مرۆیـی و جوگرافـی لەنێـوان دەوڵەتانـی ئەنجوومەنـی هاریـکاری کەنـداو و ئێـران و تورکیـا تێکـڕای بەسـەر کوردسـتاندا تێدەپەڕێـت. کـورد تائێسـتاش دەروازەی دەربازبـوون و کلیلـی گەیشـتن بـۆ نـاو ئـەم دوو دەوڵەتـەن. کاتێـك دەتوانیـن بەباشـی لـە کارکـردی ئـەم پـردە جوگرافییـە بگەیـن کـە هەرێمـی سـوننی لـە عێـراق و سـووریا دامەزرێـت.

**بەپێـی نرخاندنـی سـتراتیژی بـۆ پەیوەندییەکانـی کوردسـتان و خەلیـج، ئـەوە سـاخدبێتەوە کـە پێویسـتە هەرێمـی کوردسـتان بـە هاوپەیمانـی ئیسـلامی بـە پێشـەنگی سـعودی پەیوەسـت ببـێ و لەگـەڵ ئـەم دەوڵەتانـە کار بـۆ کاراکردنـی پڕۆژەیەکـی سیاسـی تـازە بـکات کـە ببێتـە بەدیـل و تەریبـی سیاسـەتی دەوڵەتەکانـی ناوچەکـە وەك ئێـران، تورکیـا و عێراقـی شیعە. بـۆ سەرخسـتنی ئـەم پڕۆژەیـە پێویسـتە جەخـت لەسـەر ئـەم دوو شـتە بکرێتـەوە: یەکـەم، پێکەوەنانـی هەرێمـی فیدراڵـی یـان کۆنفیدراڵـی سـوننە کـە پەیوەنـدی تایبەتـی لەگـەڵ کوردسـتان هەیـە. دووەم، دەسـتەبەرکردنی پـڕۆژەی هاوبـەش لـە بـواری وزە و ئـاو، گەیانـدن و گواسـتنەوە. کارکردنـی شـێلگیرانە بـۆ پەیوەسـتکردنی ئـەم پڕۆژانـە لەگـەڵ پـڕۆژەی ئابـووری**

---

19 - سەرچاوەی پێشوو.

و گەشەسەندنی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و ئوردنیش. پیادەکردنی ستراتیژیەتی تازەی سیاسی، ئابووری - کۆمەڵایەتی پاڵ بە هەرێمی کوردستانەوە دەنێ بۆ دەسخستنی سەربەخۆیی و ئازادی زیاتر. هەروەها بناخەی پەیوەندی تۆکمە و جیاواز لەگەڵ هاوسێ عەرەبەکان دادەنێ و کۆتایی بەو چەمبەرە ئاگرە دەهێنێ کە کە سەت ساڵە کوردستانی تەنیوەتەوە.

# سەرچاوەکان


1 - زانكو أحمد، هل سيتعايش الأكراد مع جارتهم الجديدة طويلا؟ موقع : نقاش، 2014/6/19،لينک:
/http://www.niqash.org/ar/articles/politics/3468

2 - كول بوانزل، المملكة ودولة الخلافة: مبارزة الدولتين الإسلاميتين، مركز كارنيغي . دراسة نشرت 18 شباط 2016، لينک: -http://carnegie
ar-62893/iumx?mkt_tok=3RkMMJWWfF9wsRovvanMZKp0aPyQAgobGp5I5FEIQ7XYTLB2t60M/26/02/mec.org/2016
WA%3D%3D

3 - لوري بلوتكين بوغارت، التمويل السعودي لـ تنظيم «الدولة الإسلامية في العراق والشام، 24 حزيران 2014، معهد واشنطن،
لينک: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/saudi-funding-of-isis
دوا سەردان: 11-3-2016

4 - الجزيرة نت: /6/1/http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015

5 - غريغوري غوس، داعش وحرب الشرق الأوسط الباردة الجديدة، 25 /8/ 2014، مركز بروكنجز:
25-isis-new-middle-east-cold-war/08/http://www.brookings.edu/ar/blogs/markaz/posts/2014

6 - عبد الامير الركابي، مؤتمر أربيل: المأزق السني مستمر. المدن:
/20/12/http://www.almodon.com/arabworld/2014

7 - عبد الرحمن الراشد، رۆژنامەی الشرق الأوسط، ژمارە 13243،
-http://aawsat.com/home/article/301671/%D8%B9%D8%A8%D8%AF:2015/3/2

8 - آزاد أحمد علي، إيران بين الدور والانتصار، 2015/3/21، پۆرتاڵی ڕووداو:
http://rudaw.net/arabic/opinion/21032015

9 - مصطفى فحص، الرياض وأقلمة السياسية الدولية، رۆژنامەی الشرق الوسط، 13619، 2014/12/29: /http://aawsat.com/home
/article/253671

10 - آزاد أحمد علي، حول ضرورة تنامي دور المملكة العربية السعودية، پۆرتاڵی ڕووداو، 2015/3/27: .http://rudaw.net/NewsDetails
aspx?pageid=115647

11 - محمد خالد، السعودية نفضت عن كاهلها التبعية المطلقة للولايات المتحدة، الخليج الجديد: /http://www.thenewkhalij.net/ar
node/12223. دوا سەردان 2016/3/14

12 - آنادية راضي، المرسال:http://www.almrsal.com/post/295354. دوا سەردان 2016/3/14

13 - وحدة الدراسات العراقية، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية. 2015/12/5:
http://rawabetcenter.com/archives/15983

14 - شؤون خليجية: /http://alkhaleejaffairs.info/c-32302

15 - نصر المجالي، لماذا لم تشارك تركيا والجزائر في «رعد الشمال»؟، إيلاف:
html.1077027/3/http://elaph.com/Web/News/2016، دوا سەردان 2016/3/14

16 - رۆژی 2016/2/22 کرایەوە، ڕووداو: http://rudaw.net/arabic/kurdistan/220220162

17 - سعود كابلي، هل يصب استقلال كردستان العراق في مصلحة المملكة؟ جريدة الوطن أون لاين السعودية، 2015-03-25

# بەشی 4

# فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان و کوردستان پۆست-داعش

# کاریگەری ستراتیژی ئۆراسیایی رووسیا لەسەر دۆخی کوردستان پۆست-داعش

**عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش**

## پێشەکی

کوردستان رووبەڕووی جەنگێکی دڕندە دەبێتەوە لەو کاتەوەی داعش هێرشیکردە سەری و چەندین شالاوی کۆمەڵکوژی دەرهەق خەڵکی سیڤیلی بێتاوان ئەنجامدا. ئەم جەنگە کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە خەسڵەتێکی جیهانی هەیە. زۆربەی زلهێزەکانی جیهان ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداریان تێداکردووە. هەریەك لەو وڵاتانە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کوردستان، چونکە کوردستان لەم جەنگەدا بووەتە لایەنێکی سەرەکی.

جەنگی داعش سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە ناوچەکە دادەمەزرێنێت، چەندین پرسیاریش گەڵاڵە دەبێ سەبارەت بە: ئایا کاریگەری وڵاتانی زلهێز لە جەنگی دژبە داعش لەسەر کوردستان چ دەبێت؟ داعش چ کاریگەریەکی لەسەر رووسیا کرد؟ چی لەرووسیا گۆڕی؟ ئایا هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر کورد بەهۆی ئەو کاریگەرییە چۆن بووە؟ تاوەکو چەند رووسیا وەك زلهێزێك کاریگەری لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی پۆست-داعشدا دەبێت؟ ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە هەوڵی ناسینەوەی کاریگەری گریمانەکراوی ستراتیژی ئۆراسیایی رووسیا لەسەر دۆخی کوردستان پاش-داعش. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدرێت میتۆدی لێکۆلینەوەی گریمانەی ئایندەیی (استشراف مستقبلی) بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی گریمانەی ئایندەی کاریگەری ستراتیژی ئۆراسیایی رووسیا لەسەر دۆخی کوردستان پۆست-داعش بکەین. ئەم لێکۆلینەوەیە بریتییە لە چەند تەوەرێك و هەر تەوەرێك پرسێکی گرێدراو دەکاتە سەرباسی سەرەکی و بەکۆی هەموو تەوەرەکانی، تەواوی وێناکەی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت. لەکۆتاییدا ئەنجامێکی گشتی دەخرێتەڕوو کە جێگەی ئەنجامی تەوەرەکان ناگرێتەوە.

# جەنگی داعش وکاریگەرییەکانی رووسیا
## یەکەم: جەنگی داعش

جەنگی داعش،[1] ئاماژەیە بەو جەنگەی کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەریهەڵدا، کاتێك رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەشێوەیەکی دڕندانە هێرشیکردە سەر ناوچەیەکی بەرفراوان لە عێراق و سووریا و لەسەر چەندین وڵاتی دیکە هەڕەشەی دروستکرد. لە چەندین وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقایی لقیان دامەزراندووە و خەریکن کاری تیرۆریستی ئەنجامدەدەن. لەچەندین وڵاتی رۆژئاوایی کاری تیرۆریستی ئەنجامدەدەن. ئەم رێکخراوە جەنگی لەئاست جیهان راگەیاندووە، لەسەر چەندین بەرەی جیاواز لەگەڵ چەندین سوپا دەجەنگێت، لەوانەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بووەتە سەرمەشقی ئەو هێزانەی کە لەنزیکەوە رووبەڕووی داعش دەبنەوە. لەئەنجامی جەنگی داعشدا چەندین هاوپەیمانی لۆکالی، هەرێمی و نێودەوڵەتی پێکەوەنراون لەوانە:

- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە رابەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
- هاوپەیمانی چوارقۆڵی لەنێوان رووسیا، ئێران، عێراق و سووریا
- هاوپەیمانی ئیسلامی لەلایەن بەشێکی زۆری وڵاتە ئیسلامییەکان بە رابەرایەتی سعودیە
- هاوپەیمانی دەرعی عەرەبی لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو بەرابەرایەتی سعودیە

لەئەنجامی جەنگی داعش گرژی و ئاڵۆزی لەناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە یەکجاری پەرەیسەندووە و چەندین جەنگی دیکەیشی تەقاندووەتەوە لەنێوان لایەنەکانی دیکە وەك جەنگی یەمەن، لیبیا و ئاگری چەندین ململانێی دیکەشی خۆشکردووە. بەشێوەیەکی گشتی هەستی ناڕەزایی لەنێو گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستکردووە بەوەی چیتر بەدۆخی پێش جەنگی داعش رازی نابن. لەم جەنگەدا تاوەکو نووسینی ئەم دێڕانە چەندین شاڵاوی جینۆساید و دەرکردنی بەکۆمەڵ دەرهەق بە میللەتانی ناوچەکە روویداوە بەتایبەت ئەوانەی کەمینەیەکی ئایینی یان ئایینزایی یان نەتەوەیی پێکدێنن (دەرکردنی مەسیحییەکان، کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی دیارترین نموونەن و چەندین نموونەی دیکەش هەن).
بەوشێوەیەش و لەبەر چەندین هۆی دیکە، جەنگی داعش بە جەنگێکی قۆناخبەر دەژمێردرێت، بۆیە قسەکردن لەسەر قۆناخی دوای جەنگی داعش بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دۆخی رۆژهەڵات بنەمایەکی پتەوی هەیە و چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵوێست و سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەرێمی و ناوخۆیی سەرجەم هێزە کاراکانی سەر شانۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستببێت. بەو شێوەیەش سەرهەڵدانی داعش، سەرەتایەك بوو بۆ زنجیرەیەك گۆڕانکاری تراژیدی لەناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی و

1 - کورتکراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) (الدولة الاسلامية فى العراق والشام) کەدواتر گۆردرا بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، بەڵام لەزۆر لە ئەدەبیاتی ناوچەیی وجیهانی هەر بە داعش ناسراوە بۆیە لەم تۆیژینەوەویە زاراوەی داعش بەکاردەهێنین بۆ ئاماژەدان بە رێکخراوێکی تیرۆرستی کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە عێراق وسوریای داگیرکردوە وبانگەشەی ئەوەدەکاکە نوێنەری راستەقینەی موسلمانە لە هەموو جیهان وئەرکی نەهێشتنی غەیرە موسڵمانی خستۆتە ئەستۆی خۆی وسیستەمی خەلافەتی دامەزراندوە وشاری رەققە لەسوریای وەك پایتەخت بۆخۆی هەڵبژاردوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بنەوریشەی ئەم رێکخراوە بروانە:عبدالباری عطوان، الدولة الاسلامية (الجذور، التوحش، المستقبل)، دار الساقي، بيروت، 2015.

لـە کوردسـتان بەشـێوەیەکی تایبەتـی. هـەر یـەك لـە هەرێمـی کوردسـتان، باکـووری کوردسـتان[2] و رۆژئـاوای کوردسـتان، بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان رووبـەڕووی جەنگێکـی کوشـندە دەبنـەوە. داعـش راسـتەوخۆ هێرشـیکردە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و رۆژئـاوای کوردسـتان، چەندیـن رووبەڕووبونـەوەی خوێنـاوی بـەرۆکـی کوردسـتانی گـرت. رۆژئـاوای کوردسـتان و هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی ئـەم جەنگـە تووشـی چەندیـن گۆڕانـکاری ناوخۆیـی بوونـەوە، پێگـە و کاریگـەری و کارتێکردنـی دەرەکـی لەسـەریان گۆڕانـکاری بەسـەرهات. دیـارە ئـەم گۆڕانکارییە تەنیـا کوردسـتان ناگرێتـەوە بەڵکـو هەمـوو ناوچەکـەش دەگرێتـەوە.

## دووەم: بنیاتی ستراتیژی ئۆراسیایی رووسیا

رووسـیا وڵاتێکـی مەزنـەو لـەڕووی رووبـەرەوە بەگەورەتریـن وڵاتـی جیهـان دەژمێردرێـت. پانتاییەکـی بەرفراوان لـە کیشـوەری ئاسـیا و ئەوروپـا پێکدێنێـت، چەندیـن ئاییـن و ئایینـزا و نەتـەوەی جیـاوازی تێـدا دەژیـن. ناسـنامەی رووسـی بـە ناسـنامەیەکی سیاسـی - ژیـاری دانـراوە و هەمـوو کەسـێك قبوڵـی بـکات دەبێتـە رووسـی. زمانـی رووسـی زمانـی فەرمییـە لەگـەڵ بوونـی چەندیـن زمانـی جۆراوجـۆر. سیسـتەمی سیاسـی لـەو وڵاتـە سیسـتەمێکی فیدرالـی دیموکراسـییە و لـە 84 یەکـەی فیدرالـی و ئۆتۆنۆمـی پێکدێـت.[3] ناسـنامەی ئاسایشـی نەتەوەیـی رووسـیا لەسـەر رووسـیابوون بنیاتـنراوە کـە رووسـیا وەك رووسـیا دەناسـێتەوە بەبـێ ئـەوەی رۆژهەڵاتـی بێـت یـان رۆژئاوایـی. ئەمـەش دەبێتـە بنەمـا بـۆ بنیاتـی تیـۆری سـتراتیژی ئۆراسـیایی. ئـەم سـتراتیژیەتە پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی پتـەو لەگـەڵ ناسـنامەی ئەوروپایـی و ئاسیایی لەیـەك کاتـدا بەپێـی ناسـنامەی رووسـیایی پێکدەهێنێـت، بەبـێ ئـەوەی بەشـێك بێـت لەهیـچ کامیـان لەبەرامبـەر ئـەوەی دیکـە. ئەمـەش دەروازەی مامەڵـەی سـتراتیژی خـودی بـۆ رووسـەکان بـە دوو ئاسـت دەکاتـەوە ئەویـش دەروازەی هەرێمـی (کـە چەنـد هەرێمـی هەیـە و هـەر هەرێمێـك ناسـنامەی سـتراتیژی تایبـەت بەخـۆی هەیـە) و دەروازەی نێودەوڵەتـی کـە پایـە سـەرەکییەکانی بـۆ رووسـیا فرەرەهەنـدن.

ئـەم سـتراتیژییە تاقانـە نییـە لـە رووسـیا بەڵکـو چەندیـن قوتابخانـەی تیـۆری لـە رووسـیا هـەن هەریـەك لەوانـەش پێگـە و بنەمـای تایبەتـی خـۆی هەیـە. [4] تیـۆری ئۆراسـیایی بنیاتێکـی جیۆپۆلیتیکی نوێـی بـۆ رووسـیا گەڵاڵەکـردووە. تێروانینـی نوێـی بـۆ بازنـە جیۆپۆلیتیکییەکانـی دەوروبـەری رووسـیا بەتایبـەت رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەیـە. تیـۆری ئۆراسـیایی لەبـەر گەڵاڵەبوونـی لەسـەر بنەمـای نیشـتمانی رووسـی نەبەسـتراوەتەوە بـە ئاییـن یـان بیروبـاوەری ئایدیۆلـۆژی، بۆیـە بەپێـی سیاسـەتی ناوخۆیـی و دەرەکـی لەسـەر بنەمـای پراگماتـی

2 - باکووری کوردستان تووشی جەنگ بۆتەوە لەگەڵ ئەرتەشی تورکیا. بەمەش چەندین شاری کوردستان رووبەرووی جەنگی کۆڵان بەکۆڵان دەبێتەوە. سەرهەڵدانی ئەم جەنگە پەیوەندییەکی زۆری هەیە لەگەڵ جەنگی داعش. تورکیا وەك بەشێك لە جەنگی دژی تیرۆر هەژماریدەکات.

3 - بۆ زانیاری زیاتر وپشتراستکردنەوەی ئەم زانیاریەیانە بڕوانە:

- Ronald Grigor Suny, The Cambridge History of Russia, VIII, Cambridge University Press,2006

- دستور الاتحاد الروسي 1993 (المعدل 2014 ) 35صفحة، 16:23 2015/09/28 :PDF أنشئ الملف بصيغة constituteproject.org

4 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- S.V. Utechin, Russian Political Thought, Aconcise History, Frederick A.praeger Publisher,University of Florida, New York-London ,www.archive.org

نەتەوەیی بنیادنراوە.[5] تیۆری ئۆراسیایی ئاسایشی نەتەوەیی رووسیای لەسەر چەندین بازنەی کاریگەری و کارتێکردنی جۆراوجۆر نەخشاندووە. یەکێك لەو بازنانەی کە وەك هەڕەشە و لەهەمانکاتیشدا وەك دەرفەت لێیدەڕوانرێت بازنەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەلکسەندەر دووگین (یەکێك لە بیرمەندە هاوچەرخەکانی رووسیایە) دەڵێ چارەنووسی رووسیا بوونە بە دەوڵەتێکی مەزن و هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە ئەگەرنا تێدادەچێت.[6] بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە گریمانە دەکرێت ستراتیژی رووسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو چەسپاندنی رۆڵێکی بەرفراوان و جێگیرتر بێت، بۆیە چاوەڕواندەکرێت دەستتێوەردان و ئامادەبوونی لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووری، سەربازی و تەنانەت کولتووریش گەشەبکات. ئەم گریمانەیە کوردستان دەگرێتەوە. چالاکی رووسیا بەمەبەستی ئاراستەکردنی کوردستان، بەرەو پێشەوە دەڕوات.

## سێیەم: کاریگەری رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ململانێی جیهانیدا خاوەن پێگەیەکی سەرەکییە. ئەم پێگەیەش لە ماوەی سەدەی رابردوودا نەگۆڕ بووە.[7] لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە هاوکێشەکە بۆ بەرژەوەندی بەهێزکردنی پێگەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕدرا تاوەکو وەك ناوچەی دڵی جیهان هەژماربکرێت. ئەم پێگە نوێیەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆخێکی ململانێی ترسناکی لەسەری دروستکردووە و پڕ لە ناسەقامگیری و تیرۆرە. لەڕاستیدا رەنگدانەوەی ململانێی ستراتیژی زلهێزەکانە.[8] رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئێستا خاوەن رۆڵێکی گەورەیە و خوازیاری رۆڵێکی زیاترە و لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ جێگیرکردنی پێگەی بەهێز لەم ناوچەیە. هەرچەندە لە زۆربەی کاتەکاندا رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەیتوانیوە پێگەیەکی بەهێزتری هەبێت لە رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا، بەڵام رووسەکان کۆڵیاننەداوە و تائێستا بەردەوامن لە گەڕان بەدوای ئەگەرێك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگەیان بەهێزبکات.[9] رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەم ناوچەیەدا سیاسەتی کردووە، پەیوەندیەکی جوگرافی لەنێوانیاندا هەیە و زۆربەی بەخاکی کوردستاندا تێدەپەرێت[10].

---

5 - بۆ زانینی زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان ئیشکالیەتی جیوپۆلیتیکی ئۆراسیایی وسیاسەتی پراگماتی نەتەوەیی بروانە:

Argot Light. Foreign Policy Thinking,(in)Neil Malcolm, Internal Factors in Russian foreign policy, oxford - UniversityPress,Oxford,1996.

Natalia Morozova, Geopolitics,Eurasianism and Russian Foreign Policy Under Putin,Taylor&francis Group, Central - European University, Budapest,Hangary.2009

6 - الفكر السياسي الروسي، المنتدى العربي للدفاع والتسليح «القسم العام»، الدراسات والتحاليل الإستراتيجية، الجمعة نوفمبر 19, 2010 http:// alfateh.yoo7.com/t274-topic

7 - بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

- يحيى احمد الكعكى، الشرق الاوسط والصراع الدولى، دار النهضة العربية، بيروت، 1986.

8 - د. عبدالحفيظ عبدالرحيم محبوب، واقع جيوسياسى جديد فى الشرق الاوسط يغذيه الصراع والارهاب، دار ناشرى للنشر الالكترونى، 2015. ص 24-37

9 -. بروانە: د. ناصر زيدان، دور روسيا فى الشرق الاوسط وشمال افريقيا من بطرس الامبر حتى فلاديمير بوتين، الدار العربيه للعلوم ناشرون، 2013.

10 - . د. ناصر زيدان، دور روسيا فى الشرق الاوسط وشمال افريقيا ، مصدر سابق، ص 250-258.

ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت گرنگـی ئابـووری و سیاسـی زۆری هەیـە بـۆ رووسـیا و جگـە لـەوەش بـۆ رووسـیا "بنکەیەکـی" سـەرەکی ئیشـکالیەتی سـتراتیژیەتی وزەیـە.

رووسـیا لەلایـەن ناتـۆوە ئابلۆقـە دراوە و هەمـوو پەلکێشـییەکی جیۆپۆلیتیکـی لـێ قەدەخەکـراوە. تەنیـا هەندێـك دەرفەتـی جوڵـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ ماوەتـەوە ئەویـش لـە بەشـێك لـە ڕۆژهەڵاتـی دەریـای نێوەڕاسـت کـە لەسـەر کەنارەکانـی سـووریا قەتیسـکراوە. ئەمـەش هاندەرێکـی سـەرەکییە بـۆ رووسـیا بـۆ ئـەوەی ڕێگەنـەدات سـووریا لەڕێـی ململانێـوە ببێتـە بەشـێك لـە ناوچـەی هەژموونـی ڕۆژئـاوا.[11] لەڕاسـتیدا بەرفراوانبوونـی ناتـۆ لەمـاوەی پێنـج ساڵەی رابـردوو و پلانەکانـی دیکـەی بـۆ پێنـج سـاڵەی داهاتـوو، ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی لـە ناوچـەی پێکدادانـەوە بـۆ ناوچـەی "دڵـی نـوێ" گواسـتەوە. لـە ناوچەیـەك کـە زلهێـزەکان لەناویـدا ململانێیـان دەکـرد بـۆ ناوچەیـەك کـە ململانـێ بـۆ داگیرکردنـی دەکرێـت. رووسـیا وەك وڵاتانـی عەرەبـی لـە قەیرانێکـی مێژوویدایـە بەرامبـەر مەترسـییە پاوانخوازییەکانـی ناتـۆ، چونکـە هەڕەشـەی نەمـان و پەرتبـوون ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. [12]

بەمـەش رووسـیا چاوەڕێـدەکات بەهاوپەیمانـی و یارمەتـی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی وڵاتانـی ناوچەکـە، ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دژی ڕۆژئـاوا ڕێکبخرێتـەوە تاوەکـو ئاسایشـی نەتەوەیـی خـۆی بپارێزێـت. بەواتـای ئـەوەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت وەك هەڕەشـە بـۆ رووسـیا نەمێنێـت. لەڕاسـتیدا ئەمـەش گریمانـەی ئەوەمـان بـۆ دەکات کـە رووسـیا وەك کارەکتەرێکـی سـەرەکی لـە ململانێیەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا بمێنێتـەوە.

## چوارەم: کاریگەری رووسیا و ئیشکالیەتی ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ

لـە مەودایەکـی بەرفـراوان و راسـتەوخۆدا رووسـیا ئیشـکالیەتێکی گـەورەی لەگـەڵ ئیسـلامی سیاسـی توندڕەودا هەبـووە و هەیـە. ململانـێ، گومـان و دژایەتـی تێڕوانیـن لەنێـوان رووسـیا و ئیسـلامی رادیـکاڵ جێگیربـووە و ئەمـەش لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە:

- سـەرهەڵدانی چەندیـن جەنـگ لەگـەڵ وڵاتانـی قاجـاری و عوسـمانی بەهـۆی هاندانـی ئایینـی لەلایـەن قاجارییـەکان و عوسـمانییەکان دژی رووسـیا. بەمـەش کولتـووری دژایەتیکردنێکـی ئایینـی دژی رووسـیا لـەم میللەتانـەدا پەیدابـووە.
- سـەرهەڵدانی چەندیـن شـۆڕش لەلایـەن پیاوانـی ئایینـی موسـڵمان دژی فەرمانڕەوایـی رووسـی وەك شۆڕشـی چەرکەسـییەکان و داغسـتانییەکان کـە بەپشـتیوانی راسـتەوخۆی عوسـمانییەکان بـووە.
- بەکارهێنانـی هەسـتی ئایینـی لای میللەتانـی موسـڵمان دژی رووسـیای شـیوعی بۆئـەوەی ڕێگـە لەبـەردەم بڵاوبوونـەوەی بیروبـاوەڕی کۆمۆنیـزم لەنێـو ئـەو وڵاتانـەدا بگیرێـت. بەمـە ئاراسـتەی تێڕوانینـی میللەتانـی موسـڵمان دژی رووسـیا دانـرا، ئەمـەش زیانێکـی زۆری بـە وێنـای رووسـیا لەنێـو موسـڵمانەکان گەیانـدووە و

---

11 - تقدير موقف» الحرب الروسيه فى سوريا: الاسباب والمالات، مركز الجزيره للدراسات، دوحه، 2015.

12 - عاطف معتمد عبد الحميد، من روسيا الى العراق.. جغرافيا سياسية جديده، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، اذار، 2016، http://www. aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2004/3/10/%D9%D9%85%869

بەپلان و ئاراستەی راستەوخۆی وڵاتانی رۆژئاوا ئەنجامدراوە. [13]

- جەنگی ئەفغانستان و دەستێوەردانی رووسی وایکرد کە ئیسلامی رادیکاڵی فەتوای جیهاد دژی رووس دەربکات و لەمەودایەکی زۆردا جەنگێکی خوێناوی گیانی دەیان هەزار کەسی فەوتاند کە لەنیوان رووسیا و ئیسلامییەکان دروستبووە. هەر لەو جەنگەشدا رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە سەریهەڵداوە.
- هەرچەندە پرسی چیچان پرسێکی نەتەوەییە، بەڵام بەهۆیەکی ئاڵۆز سەرکردەکانیان بەناوی ئایینییەوە هێرشیانکردە سەر رووسیا و بەمەش ئەزموونێکی تاڵ هاتەکایەوە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پەیوەندی سیاسی ئیسلامی رادیکاڵی و رووسیا هەبووە و چەندین کردەوەی تیرۆریستی گەورە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئەنجامدراوە.
- وڵاتانی دەوروبەر و ئەوانەی ناوەندی ئاسیاش ئایینی ئیسلام بەکاردێنن بۆ ئەوەی لایەنگری بۆ رووسیا کەمبکەنەوە یان خەڵك دژی رووسیا هانبدەن.

ئیسلامییە رادیکالییەکانی رووسیا هەزاران چەکداریان لەنێو داعش هەیە و لە چەندین شاڵاوی کۆکوژی لە ناوچەکە بەرپرسن، تەنانەت چەندین ناوچە لە عێراق و لە سووریا بەدەستی ئەوان داگیرکراوە. رووسەکان ئەزموونی جەنگیان لەگەڵ ئەم گرووپە تیرۆریستییە لە چیچان، داغستان و جۆرجیا هەیە. پێیان باشە ئەم جەنگە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (سووریا و عێراق) ئەنجامبدرێت نەوەك دووبارە لە وڵاتی خۆیان ئەنجامیبدەن.[14] بەوشێوەیەش دەتوانین بڵێین جەنگی ناوخۆیی رووسیا لەسەر خاکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەنجامدەدرێت. بۆیە رووسیا زۆر بەگرنگی دەزانێ ئەو هێزانەی دژی داعش دەجەنگن لەم جەنگە سەرکەوتوو بن. گریمانەش دەکرێ رووسیا هەنگاوێکی زۆرتر بنێت بۆ یارمەتیدانی ئەو هێزانەی دژی داعش دەجەنگن. لەبەرئەوەی رووسیا متمانەی بە هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان نییە و باشترین بژاردەی هێزی دژەداعش لای ئەوان بەوشێوەیەیە:

- سوپای سووریا (یارمەتیداوە و بەهاوبەشی لەبەرەکانی جەنگ لەگەڵیدا دەجەنگێت)
- سوپای عێراق و حەشدی شەعبی (یارمەتی لوجستی، پرچەککردن و راوێژکردن)
- پێشمەرگە (یارمەتی ناردنی چەك و راوێژکاری)
- شەڕڤانانی رۆژئاوای کوردستان (یارمەتی ناردنی چەك و راوێژکاری)

## پێنجەم: رۆڵ و کاریگەری رووسیا لە جەنگی داعش

سەدان چەکداری داعش کە بە رەگەز رووسین یان خەڵکی رووسیان راستەوخۆ لەهێرشکردن بۆ سەر کوردستان بەشداربوون. حکومەتی رووسیاش راستەوخۆ بەشداری لەم جەنگەدا کردووە، بەڵام وەك هاوپەیمانی نیودەوڵەتی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کرداره سەربازییەکانی دژی داعش بەڕێوەنابات. لەگەڵ

---

13 - بۆ زانیاری زیاتر بروانە» ئیلحاد وەك دێوەزمەی ترساندنی موسڵمانەکان لە رووسیا، بروانە:

- د. ناصر زيدان، دور روسيا فی الشرق الاوسط وشمال افريقيا من بطرس الامبر حتى فلاديمير بوتين، الدار العربيه للعلوم ناشرون، 2013،لا 101-110.

14 - ساطع نور الدين الانتداب الروسي على سوريا» | الجمعة 2015/09/18 http://www.almodon.com/opinion/c78b63a2-0f36--400a-ac5e-8cd41c04582e#sthash.by1pYqaP.dpuf

ئەوەشدا چەندین جار حکومەتی رووسیا ناردنی یارمەتی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان راگەیاندووە. رووسیا لەگەڵ حکومەتی سووریا هێرش بۆ سەر داعش ئەنجامدەدات. لە بەرەکانی دوور لە کوردستان گورز دەوەشێنن. لە حەمیمین و تەرتوس بنکەی سەربازی دامەزراندووە. لەلایەکی دیکەشەوە رووسیا راستەوخۆ راوێژکارەکانی و یارمەتییە سەربازییەکانی بۆ حکومەتی عێراق دەنێرێ و لە بەرەکانی جەنگ یارمەتی هێزە عێراقییەکان دەدات. ئەمەشی بۆ کوردستان ئەنجامنەداوە، بەڵام هەڵوێستێکی نەرێنی راستەوخۆشی بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەبووە. کوردستان رووبەڕووی هەڵوێستی نەرێنی حکومەتی سووریا و عێراق دەبێتەوە کە لەلایەن رووسیاوە پشتیوانی دەکرێن.
رووسیا لەگەڵ عێراق، ئێران و سووریا هاوپەیمانییەکی چوارلایەنەی بۆ دژایەتیکردنی داعش دامەزراندووە. ئەم هاوپەیمانییە کوردستانی نەگرتووەتەوە. ئەم رێککەوتنامەیە بەزۆری لایەنێکی سەربازی و هەواڵگری بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری سەربازی - هەواڵگری دژی داعش هەیە. دەبووایە کوردستان ئامادەیی راستەوخۆی تیدا هەبووایە. رووسیا بە لە دەریای قەزوینەوە مووشکی دوورهاوێژی ئاراستەی داعش دەکرد و زۆربەی ئاراستەی ئەو مووشەکانە لەئاسمانی کوردستانەوە بووە. ئەمەش لەچەندین رووەوە زیانی گەورەی بە کوردستان گەیاندووە. دەبووایە رووسیا تەنسیقی سەربازی لەگەڵ پێشمەرگە هەبووایە بۆ ئەوەی ئاسمانی کوردستان بەکاربێنێت.

## شەشەم: کاریگەری جیۆپۆلیتیکی ناوەندی ئاسیا و قەزوین لەسەر هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان

لە تیۆری ئۆراسیایی رووسی ناوەندی ئاسیا و دەریای قەزوین گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە بۆ رووسیا، چونکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی رووسیا هەیە و چەمکی تەنیشتی نزیك لەسەریان جێبەجێدەبێت، بۆیە رووسیا بەردەوام کاریکردووە و کاریش دەکات بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی لەوێ جێگیربکات و رێگەنەدا رۆژئاوا هەژموونی لەو ناچانەدا بچەسپێنێت. جگە لەوەش ناوەندی ئاسیا و دەریای قەزوین لە جیوپۆلیتیکی وزە پێگەیەکی گرنگن، بۆیە رووسیا بەبایەخەوە دەیەوی بەشێك لە ستراتیژی وزە بێت. رووسەکان دەزانن بەپێی تیۆرییە جیۆپۆلیتیکییەکانی رۆژئاوا، کوردستان دەروازەیەکی گرنگە بۆ ناوچەی جیۆپۆلیتیکی قەزوین و بەهۆی ئەوەی بەشێك لە خاکی کورد لەنێو ئێراندایە، ئەوە جیوپۆلیتیکی پرسی کوردستان لەهەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەری لەسەر ناوچەی ناوەندی ئاسیا دەکات. بەهەمان شێوە بوونی کورد لە تورکیا کاریگەری لەسەر جیۆپۆلیتیکی قەزوین و ناوەندی ئاسیا لەو ناوچانە کردووە.
رووسیا باش دەزانێ بۆ دانانی هەر پلانێك یان سیاسەتێك لەو ناوچانە دەبێ حیساب بۆ کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرسی کوردستان بکات. بەمەش رووسیا بەهۆی ئەو ستراتیژیانەی دایڕشتووە بۆ ئەو ناوچانە، هەمیشە کاریگەری لەسەر کوردستان هەبووە و دەبێت.[15] کاتێك داعش خواستی

---

15 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری جیۆپۆلیتیکی ناوچەی دەریای قەزوین لەسەر پرسی کوردستان بروانە:
- عبدالرحمن کریم درویش، کورد لەناو تۆفانی یارییەگەورەکەدا، بەشی دووەم، سەنتەری مارگرێت، سلێمانی،2013.
- عبدالرحمن کریم درویش» کورد لەناوتۆفانی یاریە گەورەکە، بەشی سێیەم، سەنتەری مارگرێت، سلێمانی، 2013.

سیاسی خۆی بۆ ئەم ناوچەیە خستەڕوو کە رووسیا وەك بەشێك لە هەنگاوەکانی رۆژئاوا دەناسێتەوە بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچەیە، ئەوە جەنگی داعش فاکتەرێکی گرنگی دیکەی بۆ ئەم هاوکێشەیە زیادکردووە. داعش ئامادەیی راستەقینەی لەناوەندی ئاسیا هەیە و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە توندڕەوەکانی ئەو ناوچانە لەنێو داعشدا کاردەکەن.[16] ئیسلامی رادیکاڵی هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ چیچان و قەوقاز، چونکە پەیوەندییەکی دینامیکییان لەنێواندا هەیە. ئەبو عومەر چیچانی هێزێکی زۆری چیچانییەکان و دانیشتووانی ناوەندی ئاسیا و قەوقازی لەنزیك موسڵ جێگیرکردووە. ئەمەش ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ ئاستی هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکانیان بۆ سەر رووسیا. بۆیە چاوەڕواندەکرێت رووسیا بۆ جێگیری لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی ئەمنی سنووردار پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام بەهۆی کارتێکردنی سووریا لەوانەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی رۆژئاوا بە ئاستی پەیوەندییان لەگەڵ سووریا ببەستێتەوە!

## حەوتەم: جیۆپۆلیتیکی عێراق و کاریگەری رووسیا لەسەر کوردستان

عێراق و رووسیا لەڕووی ستراتیژییەوە بەیەك ئاشنان و تۆڕی پەیوەندیەکانیان بۆ قۆناخە جیاجیاکان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە زۆر بەیەکەوە نەبەستراون، بەڵام رووسیا پێیوایە عێراق وەك دەوڵەت ئەگەر هاوپەیمان بێت زیاتر بەسوودە و کاریگەری بۆسەر بەرژەوەندییەکانی هەیە. رووسیا پشتی عێراق دەگرێت. ئەگەر کوردستانیشی لەگەڵ نەبێ کاریگەری لەسەر ستراتیژیەتی رووسیا ناکات، بەڵام ئەگەر عێراق ویستی پشتیوانی رووسیای دەستکەوێ دژی کوردستان، ئەوە چاوەڕواندەکرێت رووسیا پشتیوانی عێراق بکات.[17] لەدوای جەنگی داعش چاوەڕواندەکرێت عێراق گوشارێکی سەربازی لەسەر کوردستان دروستبکات و رەنگە تاوەکو ئاستی راگەیاندنی جەنگ پەرە بەو گوشارە بدات. بۆ ئەو مەبەستەش پەنادەباتە بەر چەندین رێکاری جۆراوجۆر، یەك لەو رێکارانە داواکردنی یارمەتی سەربازی لە رووسیایە.

## هەشتەم: جیۆپۆلیتیکی کەنداو و کاریگەرییەکانی رووسیا لەسەر کوردستان

ناوچەی کەنداو لەژێر هەیمەنەتی ئەمریکادایە. رووس لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژوویدا هەوڵیداوە ئەم هەیمەنەتە تێکبشکێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. رووس لەکەنداو تووشی چەندین ئالۆزی بوون کاتێك وڵاتانی کەنداو بوونە بەشێك لەو کۆسپانەی راستەوخۆ رووبەرووی رووسیا دەبنەوە، وەك یارمەتیدانی ئیسلامییە توندڕەوەکانی چیچان و داغستان و ئەزموونی تاڵی یارمەتی وڵاتانی کەنداو بۆ جەنگاوەرە

16 - Edward J Lemon, Daesh and Tajikistan; The Regimes(In)Security Policy, Routledge, The RUSI Journal, 24 Jan.2016, Pp6873-.

17 - بۆ زانیاری لەسەر جیوستراتیجیەتی روسیا وویستی ئێراقی وکاریگەرییان لەسەر کورد بڕوانە:

- عبدالرحمن كريم درويش، ویستی عێراق و جیوستراتجیەتی رووسیا وکاریگەریان لەسەر کورد، سەنتەری جمال عیرفان، سلیمانی 2013.

ئیسلامییەکان لـە ئەفغانسـتان و پشـتوانیان بـۆ رەوتـی ئیسـلامی توونـدڕەو. جگـە لـەوەش سیاسـەتی فەرمـی وڵاتانـی کەنـداو دژی رووسـیا لەبـواری سیاسـی، ئابـووری و بەتایبـەت ئیشـکالیەتی وزە هەیـە. کەنـداو بـەدوو ئاراسـتەدا سیاسـەت بەرامبـەر رووسـیا دەکات، هەردووکـی لەچوارچێـوەی ئیحتیواکردنـی رووسـیا و دوورخسـتنەوەی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە. [18]

لـە کەنـداوەوە سیاسـەتی یـاری بەنرخـی وزە دەکرێـت کـە رووسـیا زۆر پێـی زەرەرمەنـدە. رووسـیاش دەزانـێ بـۆ کۆنترۆڵکردنـی نرخـی وزە دەبـێ رۆڵێکـی گـەورەی لەکەنـداو هەبێـت. سـتراتیژییەتەکەی لـە یەمـەن، ئێران و سووریا ئاراسـتە دەکـرد، بـەڵام لـەدوای رێککەوتنـی ئەتۆمـی ئێـران لەگـەڵ رۆژئـاوا و داڕمانـی یەمەن و سـووریا کاریگـەری رووسـیا لەسـەر کەنـداو زۆر-زۆر کەمبووەتـەوە. لەلایەکـی دیکەشـەوە چەندیـن شرۆڤـەکار بـاس لـە جەنگـی وڵاتانـی کەنـداو دژی رووسـیا لەرێگـەی میلیشـا دروسـتکراوەکان لەنێـو سـووریا دەکـەن.[19] ئەمـەش گریمانـەی ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە عێـراق و کوردسـتان دەبنـە ئـەو هێـزەی کـە رووبـەڕووی پاوانخـوازی هێـزی عەرەبـی کەنـداو لەنزیـك سـنوورەکانی رووسـیا دەبنـەوە.

## نۆیەم: جیۆپۆلیتیکی ئێران و کاریگەرییەکانی رووسیا لەسەر کوردستان

ئێـران لەبـەر هاوبەشـییان لەسـەر چەندیـن پـرس لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و رووبەڕووبوونەوەیـان بـۆ گوشـارەکانی رۆژئـاوا هاوپەیمانێکـی هەرێمـی بەهێـز بـۆ رووسـیایە. دیـارە رووسـیاش بەپێی ئەزموونی سـەدەی پێشـووی لەمامەڵەکردنیـان لەگـەڵ ئێـران هەمیشـە لەگـەڵ جێگیرکردنـی دۆخـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی ئێـران بەرامبـەر هـەر بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی لەنێـو دەوڵەتـی ئێرانـدا بـوون و بەمـەش چاوەڕواندەکرێـت رووسـیا بـۆ یارمەتیدانـی پرسـی کوردسـتان لەبـەر بەرژەوەندییەکانـی لەگـەڵ ئێـران دەسـتکراوە نەبێـت. بەمانایەکـی دیکـە دەبـێ ئێـران بەئاگابـێ لەهـەر هەنگاوێـك کـە رووسـیا سـەبارەت بەپرسـی کـورد دەیهاوێژێـت. [20]

## دەیەم: جیۆپۆلیتیکی تورکیا و کاریگەرییەکانی رووسیا لەسەر کوردستان

تورکیـا و رووسـیا لـە پەیوەندییەکـی ئالـۆز و گرفتـاردان بەهـۆی هەڵکەوتـەی سـتراتیژی و ئاواتـی هەردوولایـان.

---

18 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەترسیەکانی وڵاتانی کەنداو لەسەر روسیا بروانە:

- عبدالرحمن کریم درویش، ویستی عیراق وجیوستراتیژیەتی رووسیا وکاریگەریان لەسەر کورد، سەنتەری جمال عیرفان، سلیمانی 2013.

- Dr. Roland Dannreuther, Russia and the Middle East: Towards a New Cold War?. ISA Conference, New York 1518-February 2009.

19 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بژاردەکانی کەنداو دژی روسیا بروانە:

- د. حمال عبدالله، خيارات دول الخليج لمواجهة التدخل العسكري الروسي في سوريا، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، 2015

20 - بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

- احمد نوری النعيمي، السياسة الخارجية الايرانية، دار الجنان، عمان، 2012.

- د. نيفين مسعد، علاقات ايران الدولية والاقليمية: وتأثيراتها على الامن القومي العربي، مركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، 2011.

لەنێوانی هەردوولا چەندین گرفت هەن کە کارتێکردنی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر یەکتر هەیە. لەو مەودایەدا پرسی کورد بووەتە یەکێك لەو گرفتانەی کە نێوان هەردوولادا هەیە. لە ماوەی دواییدا دۆخی نێوان هەردوولا گەیشتە ئاستی پێکدادانی سەربازی. تورکیا پشتیوانی دژەکانی رووسیا لە جۆرجیا و چیچان و ئۆکراینا دەکات. رووسیاش پشتوانی کوردی باکوور بەتایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات. رووسیا لەم دۆخە ئاگادارە لە قۆناخی پاش-داعش دەبێ کارێك بکات هەژموونی تورکیا لەناوچەکە کەمبکاتەوە و لە کاروباری سووریا دووریخاتەوە. هەستدەکرێت کە کورد یەکێك لەو ئامرازانەیە کە دەبێ بەکاربهێنرێت. بەمەش هەڵوێستی رووسیا بۆ هەر چالاکییەکی چەکداری کوردی لەنێو تورکیادا پشتیوانخوازە تاوەکو تورکیا لەگەڵی رێککەوتنێك بکات.[21]

## یازدەهەم: کاریگەری رووسیا لەسەر کوردستان پاش-داعش

### 1 - هەڵسەنگاندنی ئەزموونی مێژوویی کاریگەرییەکانی رووسیا لەسەر کوردستان

مێژووی ستراتیژیەتی رووسیا بەرامبەر کوردستان بۆ سەردەمی قەیسەری دەگەڕێتەوە و بەردەوام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی رووسیا بەبایەخەوە لە پلانە ستراتیژییەکانی بەرگری و هێرشخوازی وڵاتەکەیان، سەیری کوردستانیان کردووە. کوردستان گرنگییەکی زۆری لە ستراتیژیەتی سۆڤێتیدا هەبووە. کورستان وەك کلیلێکی سیاسی و سەربازی بۆ سۆڤیەت دەژمێردرێت و کوردستان دەکەوێتە سەر رێگەی سوڤیەت بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.[22] سەرەڕای گرنگی کوردستان وەك وڵات، بەڵام ئەم گرنگییەی راستەوخۆ لەدەستداوە، چونکە بووەتە بەشێك لە عێراق و گرنگی عێراق زیادیکردووە. ئاسانتریشە بۆ وڵاتانی جیهان و لەسەررووشیانەوە رووسیا بۆ یەکلاییکردنەوەی ویست و بەرژەوەندییەکانی، مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات. بۆیە کوردستان لەمێژووی سەدەی بیستەمدا هەمیشە لەکاتی رێککەوتنەکاندا کراوەتە قوربانی، چونکە رووسیا ویستی وڵاتەکانی لەلا گرنگتر بووە.

### 2 -ئیشکالیەتی نەوت و گازی کوردستان لەسەر ستراتیژیەتی وزەی رووسی

رووسیا یەکێك لە وڵاتە گرنگەکانی هەناردەکاری نەوت و گازە. لەهەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیدایە لە بازاڕی نەوت و گاز. وڵاتانی رۆژئاوا بۆ کەمکردنەوەی پێگەی رووسیا لە بازاڕی وزە گریمانەی چەند پڕۆژەیەکیان بۆ گواستنەوەی نەوتی نێوەڕاستی ئاسیا و ئازەربایجان بۆ ئەوروپا لەنێو خاکی تورکیاوە

---

21 - بروانە ئەم سەرچاوانە :

- ايمان منى، الدور الاقليمي لتركيا في منطقة شرق الاوسط بعد الحرب الباردة، مكتبة الوقاء القانونية، اسكندرية، 2014.

- تقدير موقف، تصعيد حرج: تداعيات اسقاط المقاتلة على العلاقات التركية- الروسية، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، 2015.

- جلال الورغي، الازمة الروسية- التركية: محددات التاريخ والجغرافيا والتطلعات لادوار جديدة، مركزالجزيرة، دوحه، 2015.

22 - بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

- ويسلون ناثانيل هاول، الكورد والاتحاد السوفيتي، ت: ضياء الدين المرعب، دار الثقافة والنشر الكردية، وزارة الثقافة، بغداد، 2006، ص4-15. ص 211-254.

کـردووە. بەمـەش ڕێگـەی گواسـتنەوەی وزە لـە ڕووسـیاوە دەگۆڕدرێـت بـۆ تورکیـا. ئـەم پرۆژانـە چەندانیـان کەوتنـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، لەوانـە هێڵـی تانـاپ.[23] هێڵـی نەوتـی کوردسـتان چەنـد جارێـك تەقێندرایەوە، هەمـوو جارێـك پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـەو کردەوانـە تاوانباردەکرێـت. گریمانـەش دەکـرێ پەکەکـە ئـەم کارانـە بـۆ بەرژەوەنـدی ڕووسـیا ئەنجامبـدات، بـەڵام چەندیـن کۆمپانیـای ڕووسـی لەچالاکـی وەبەرهێنـان لەکەرتـی وزەی کوردسـتان بەشـدارن. دەتوانیـن بڵێیـن ڕووسـیا ئیشـکالیەتی لەگـەڵ سیاسـەتی وزەی کوردسـتان بـەو شـێوەیەیە:

- ئیشـکالیەتی بەرهەمهێنانـی وزەی گازی سرووشـتی کـە کەرتـی گازی ڕووسـیا لـە تورکیـا و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا دووردەخاتـەوە.
- ئیشـکالیەتی هێڵـی گەیاندنـی نـەوت و گاز کـە کاریگـەری جیوسـتراتیژی ڕووسـیا بەرامبـەر ئەوروپـا تێکـدەدات.

گرفتـی عێراقـی لەگـەڵ نەوتـی کوردسـتان سـەبارەت بـەو پرسـە کاریگـەری دەکاتـە سـەر ڕووسـیا. ئیشـکالیەتی باکـوور و باشـوور و کاریگـەری لەسـەر سـتراتیژیەتی ڕووسـیا لەسـەر کوردسـتان پاش-داعـش بەپێـی ڕێككەوتننامـەی سـایکس-پیکۆ و لێدوانـی مێژوویـی سـۆخارۆف بەشـێکی زۆری باکووری کوردسـتان دەبووایـە خاکـی ڕووسـیا بووایـە، بەڵام ڕووسـیا بەهـۆی شۆڕشـی ئۆکتۆبەرەوە لـەو ڕێككەوتننامەیە کشـایەوە و بەشـەکەی ئەویـش بـۆ کـەس نەمایـەوە و بـووە بەشـی تورکیـا. هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـە تورکیـا مایـەوە و کەمـال ئەتاتـۆرك توانـی تورکیـا لەهەنـاوی دەوڵەتـی عوسـمانیدا زیندووبکاتـەوە. ڕووسـیا زۆر زیانـی پێگەیشـت. بەپێـی تیـۆری ئۆراسـیایی ڕووسـیا بەتایبـەت بەپێـی ڤێرژنـە کۆنەکـەی، دەبووایـە ناوچەکانـی ئـارارات و گەرووەکانـی ئیجـە بەدەسـت ڕووسـیاوە بوونایـە، بۆیـە سـۆخارۆف زۆر جەختـی لەسـەر دەکـردەوە و توانـی بـە ڕێككەوتننامـە، گـەرووەکان لەبـەردەم ڕووسـیا بکاتـەوە و باکـووری کوردسـتان تاوەکـو ئـارارات بـۆ خـۆی گەرەنتـی بـکات. لینیـن ئـەو ڕێككەوتنامەیـەی هەڵوەشـاندەوە. ئێسـتا ڕووسـیا زۆر بایـەخ بـە باکـووری کوردسـتان دەدات لەبـەر ئـەم هۆیانـە:

- وەك بەشـێك لەمافـە زەوتکراوەکانـی خـۆی تەماشـای دەکات کـە لەئەنجامـی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری 1917 لەدەسـتیدا.
- باکـووری کوردسـتان ناوچـەی جیۆپۆلیتیکـی ئەڵتەرناتیڤـی گواسـتنەوەی وزەیـە کـە کاریگـەری زۆر نەرێنـی دەکاتـە سـەر پێگـەی ئابووری ڕووسـیا.
- باکـووری کوردسـتان ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر جیۆپۆلیتیکـی قەوقـاز و قەزویـن و نێوەڕاسـتی ئاسـیا هەیـە.

ڕووسـیا چاوەڕێـدەکات لەقۆناخـی پاش-داعـش هەنگاوێـك لەمافـە مێژووییەکانـی خـۆی لـەو ناوچەیـە نزیـك ببێتـەوە و زامـی 1917 پـێ سـارێژبکات. ڕووسـیا هەمـان ئاراسـتەی بـۆ باشـوور نییـە، لەبەرئـەوەی کوردسـتان یـەك وڵات نییـە، بۆیـە ڕووسـیا بەجیـا مامەڵـە دەکات و بەهـۆی ململانێـی حیزبـی و ناوچەیـی، ڕووسـیا بـە سیاسـەتی تاکتیکـی دژبەیـەك مامەڵـە لەگـەڵ بەشـەکانی کوردسـتان دەکات. ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەم پرسـە کاریگـەری زۆری لەسـەر ئاراسـتەی ڕۆڵـی ڕووسـیا لەنێـوان باشـوور و باکـووردا هەبێـت.

---

23 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ستراتیژیەتی گواستنەوەی نەوت وگازی ناوەندی ئاسیا وقەوقاز بڕوانە:

- دياري صالح مجيد، التنافس الدولي على مسارات انابيب نقل النفط من بحر قزوين ، دراسة في الجغرافيا السياسية، مركز الدراسات الاستراتيجية، ابو ضبي، 2010.

# ئەنجام

لەئەنجامی ئەم تۆیژنەوەیەدا چەندین ئەگەر و گریمانەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەنێو دووتۆیی ئەم بابەتەدا دانراون. بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، تەنیا لە ئەنجامی کارتێکردنی قۆناخی دوای داعش، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی ژانی لەدایکبوونێکی تازە دەبێت. کاریگەرییەکان لەهەموو بوارەکان زۆر زیاد دەبن و هەریەك لەلایەنەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن. رووسیاش کاریگەرییەکانی بەوشێوەیە دەبێ:

- کاریگەری راستەوخۆی رووسیا کە بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی خۆی بەسیاسەت و ئامرازی خودیی جێبەجێدەکات
- کاریگەری ناراستەوخۆی رووسیا بە هاوپەیمانی لە ناوچەکە
- کاریگەری راستەوخۆ بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە
- کاریگەری رووسیا بەمەبەستی دوورخستنەوەی هەژموونی رۆژئاوا لە ناوچەکە

لەبەر رۆشنایی ئەم گریمانەیە ئەگەری ئەوە هەیە رووسیا بەم ئاراستانەی لای خوارەوە لەسەر هەرێمی کوردستان کاربکات، بۆیە دەبێ کوردستان چاوەڕوانی گەشەکردنی چالاکییەکانی رووسیا بکات بەدوو جۆر:

**1 - راستەوخۆ:**

- ئابووری - زیادکردنی چالاکی ئابووری لە بواری وزە و بازرگانی چەك و ئامێری قورس لەگەڵ کوردستان
- دەستێوەردان لە هەندێ لایەنی سیاسەتی کوردستان بەتایبەت ئەوەی بەرژەوەندی رۆژئاوای لێدەکەوێتەوە
- دروستکردنی گوشاری سیاسی بۆ نزیککردنەوەی هەرێمی کوردستان لە هاوپەیمانەکانی

**2 -ناڕاستەوخۆ**

- پاڵنانی کوردستان بۆ باوەشی رووسیا لە رێگەی پتەوکردنی بوونی رووسیا لەدەوروبەری کوردستان
- هاندانی هێزە سیاسییەکانی باکوور دژی باشوور
- رێگەگرتن لەبەردەم تەبایی لەنیوان خۆرئاوا و باشوور

ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بە هێزە ئیقلیمییەکانی هاوپەیمانی جێبەجێدەکات. بەوشێوەیەش چاوەڕواندەکرێت کاریگەری رووسیا لەسەر هەرێمی کوردستان زیاد بکات. لە ململانێی لەگەڵ رۆژئاوا لەوانەیە رووسیا زۆر بایەخ بە چارەنووسی کوردستان لەکاتی هەر ئەگەرێك بۆ رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەدات.

# لیستی سەرچاوەکان :

## یەکەم: دەستوور

1 - دستوور الاتحاد الروسی 1993 (المعدل 2014 ) 35 صفحه، 16:23 28/09/2015 :PDF أنشئ الملف بصيغه constituteproject.org

## دووەم: سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی :

2- Argot Light. Foreign Policy Thinking، (in) Neil Malcolm، Internal Factors in Russian foreign policy، oxford UniversityPress،Oxford،1996.
3- Edward J Lemon، Daesh and Tajikistan; The Regimes(In)Security Policy، Routledge، The RUSI Journal، 24 Jan.2016، Pp68-73.
4- Natalia Morozova، Geopolitics، Eurasianism and Russian Foreign Policy Under Putin،Taylor&francis Group، Central European University، Budapest،Hangary.2009
5- Roland Dannreuther، Russia and the Middle East: Towards a New Cold War? ISA Conference، New York 15-18 February 2009
6- Ronald Grigor Suny، The Cambridge History of Russia، VIII، Cambridge University Press،2006
7- S.V. Utechin، Russian Political Thought، Aconcise History، Frederick A.praeger Publisher،University of Florida، New York-London ،www.archive.org

## سێیەم: سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:

8 - تقدير موقف" الحرب الروسيه فى سووريا : الاسباب والمالات، مركز الجزيرة للدراسات، دوحه، 2015.
9 - عبدالحفيظ عبدالرحيم محبوب، واقع جيوسياسى جديد فى الشرق الاوسط يغذيه الصراع والارهاب، دار ناشرى للنشر الالكترونى، 2015.
10 - ناصر زيدان، دور رووسيا فى الشرق الاوسط وشمال افريقيا من بطرس الامبر حتى فلاديمير بوتين، الدار العربيه للعلوم ناشرون، 2013.
11 - ديارى صالح مجيد، التنافس الدولى على مسارات انابيب نقل النفط من بحر قزوين ، دراسه فى الجغرافيا السياسيه، مركز الدراسات الاستراتيجية، ابو ضبى، 2010.
12 -عبدالبارى عطوان، الدولة الاسلامية (الجذور، التوحش، المستقبل)، دار الساقى، بيروت، 2015.
13 - ويسلون ناثانيل هاول، الكورد والاتحاد السوفيتى، ت: ضياء الدين المرعب، دار الثقافه والنشر الكردية، وزاره الثقافة، بغداد، 2006.
14 - يحيى احمد الكعكى، الشرق الاوسط والصراع الدولى، دار النهضة العربية، بيروت، 1986.
15 - ايمان منى، الدور الاقليمى لتركيا فى منطقة شرق الاوسط بعد الحرب البارده، مكتبه الوفاء القانونية، اسكندريه، 2014.

16 - تقدير موقف، تصعيد حرج: تداعيات اسقاط المقاتلة على العلاقات التركيه-الروسية، مركز الجزيره للدراسات، دوحه، 2015.
17 - جلال الورغى، الازمه الروسية-التركية: محددات التاريخ والجغرافيا والتطلعات لادوار جديده، مركزالجزيرة، دوحة، 2015.
18 - احمد نورى النعيمى، السياسه الخارجيه الايرانيه، دار الجنان، عمان، 2012.
19 - د. نيفين مسعد، علاقات ايران الدولية والاقليمية: وتأثيراتها على الامن القومى العربى، مركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، 2011.
20 - د. جمال عبدالله، خيارات دول الخليج لمواجهة التدخل العسكرى الروسى فى سووريا ، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، 2015

## چوارەم: سەرچاوەی کوردی:

21 - عبدالرحمن كريم درويش، كورد لەناوتۆفانی یاریە گەورەکە، بەشی سێیەم، سەنتەری مارگرێت، سلێمانی، 2013.
22 - عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش، ویستی عێراق و جیۆستراتیجیەتی رووسیا و کاریگەریان لەسەر کورد، سەنتەری جەمال عیرفان، سلێمانی 2013.
23 - عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش، ویستی عێراق و جیۆستراتیجیەتی رووسیا و کاریگەریان لەسەر کورد، سەنتەری جەمال عیرفان، سلێمانی 2013.

## پێنجەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:

24 - ساطع نور الدين الانتداب الروسى على سووريا " | الجمعة 18/09/2015
http://www.almodon.com/opinion/c78b63a2-0f36-400a-ac5e-8cd41c04582e#sthash.by1pYqaP.dpuf
25 - عاطف معتمد عبد الحميد، من رووسيا الى العراق.. جغرافيا سياسيه جديدة، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، اذار، 2016،
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2004/10/3/%D9%85%D9%869

26 - الفكر السياسى الروسى المنتدى العربى للدفاع والتسليح < القسم العام > الدراسات والتحاليل الإستراتيجية الجمعه نوفمبر 19، 2010 http://alfateh.yoo7.com/t274-topic

# سیاسەتی ئەتڵەسی و کوردستانی پۆست-داعش [1]

حیسام دەستپیش

شەڕ و ئاشتی دوو بابەتی سەرەکین کە زۆر لە تیۆریەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە خەریککردووە[2]. ئاشتی هەمان نەزمە و شەڕیش هەمان ئاساییش. واتە چۆن نەزمێك هەبێ کە لەگەڵ خۆیدا ئاشتی بێنێ و چۆن ئاساییش سەقامگیربکرێت کە رێگە لە هاتنەئارای شەڕ بگرێت. لەم خانەیەوە هەر قوتابخانەیەك بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی لە خانەیەکی تیۆریدا رێکخستووە و جۆری هاتنی کایەی ئەو بابەتە دەخاتە بەردەست. ریالیستەکان پێیانوایە میکانیزمی هێزە کە هەڵگری ئاشتی و رێگری لە شەڕ دەکات . بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەت سەرچاوەی هێزە و تواناکانی ئەو دەوڵەتە سەرچاوەی هاوسەنگییە کە رێگری لە شەڕ دەکات. لە بەرامبەردا لیبراڵەکان ئاشتی وەك بابەتێك دەبینن کە لەرێگەی هاوکارییەوە بەدیدێ و شەڕیش لە رێگەی سازکردنی دامەزراوە جیهانییەکانەوە دەتوانرێت رێگری لێبکرێت. بۆیە دەوڵەت ئەکتەرێکە بۆ هاوکاری و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان ئامرازی رێگریکردن لە شەڕن.[3]
لە دەرەوەی ئەمان روانگەی دیکەش هەن و بەشێوەیەکیتر سەیری ئەم بابەتە دەکەن. مارکسیستەکان پانتایی جیهانی وەك بەستێنێکی نادادپەروەر دەزانن کە هاتنەکایەی ئاشتی تێیدا تەنیا بە دادپەروەری بەدیدێت و شەڕیش بابەتێکی حەتمی و چاوەڕوانکراوە، چونکە لە سرووشتی سیستەمی زاڵدایە کە سەرمایەداری بێت.[4] لە دەرەوەی ئەمانە پۆست-مودێرنەکان هەن کە لە رەهەندێکی گوتارییەوە سەیری بابەتەکە دەکەن و پێیانوایە کە ئاشتی دەرەنجامی تێگەیشتن و بەیەکگەیشتنی وێنا جیاوازەکانە و شەڕیش دەرنجامی ململانێی ئەم وێنایەیە کە لەبارەی دووژمنەوە سازدەکرێت. بۆیە عەقلییەتی زاڵ بەسەر سیستەمی جیهانی وەك مایکرۆ دیسکۆرسێك دەبینن کە ناتوانێ بوارە بچووکەکان ببینێ و ئەکتەرەکانیشی لە هەمان خانەوە سەیری چارەسەرکردنی شەڕ دەکەن. [5]
بە ئاماژەدان بەو تیۆرانە دەمانەوێ ئەو خاڵە بەرجەستەبکەین کە سیاسەتی جیهانی کە بەزۆری لەژێر

1 - ئەم باسە بە زمانی کوردیی ناوەڕاست نووسراوە.

2 - Raymond Aron, Peace and War: A Theory of International Relations. Transaction Publishers, New Jersey, 2003. P2.

3 - Hamza Jehangir, Realism, Liberalism and the Possibilities of Peace. E-International Relations Students. Visited website on 14 March 2016. http://www.e-ir.info/201219/02//realism-liberalism-and-the-possibilities-of-peace.

4 - Fanny Coulomb and J. Paul Dunne, Economics, conflict and war. Real-world economics review, issue no. 46, 2008. P150.

5 - Robert Cooper, The post-modernstate and theworld order. P31. Visited website on 15 March 20016. http://www.demos.co.uk/files/postmodernstate.pdf

کاریگەری پەیمانی ئەتڵەسیدایە، چۆن سەیری ئەم بابەتە دەکات، تاوەکو بۆمان روونبێتەوە کە لە پاش داعش عێراق چۆن دەبینن، تاوەکو لەوێوە وێنای کوردستان بکەین.
هەرچەند بەهۆی رووخانی یەکێتی سۆڤیێت و هاتنەئارای بابەتی بەجیهانیبوون، گریمانەی ئەوە دەکرا کە رۆڵی دەوڵەت-نەتەوە لاوازببێ و لە هەمانکاتدا سیاسەتی جیۆئیکۆنۆمی جێگەی سیاسەتی جیۆستراتیژی بگرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ دەوڵەت-نەتەوە هێشتا رۆڵدەگێڕێت و جەوهەری سیاسەتی جیۆستراتیژی رێکخەری گەمەکانە.[6] بۆ نموونە پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانە کە لە عێراقدا هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام هێشتا ئەمریکا و هاوپەیمانانی باس لە دەوڵەتی ناوەندی لەعێراق دەکەن و زۆر پرسی وەك داعش کە پرسێکی ئاسایشییە رۆڵی کاریگەریان لە ئاراستەی سیاسەتەکاندا هەیە.
لەلایەکی دیکەوە کاتێك دەوڵەت بوونی هەیە، لەهەمانکاتدا ئەکتەری نافەرمیش هەن. لەساڵی 2005 وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا (کۆندۆلیزا رایس) گوتی: ئێمە هەوڵدەدەین کە هێزەکان بە دەنگی خۆیانەوە بناسرێن و راقەی بوونی خۆیان بکەن.[7] ئەمە جۆرێکە لە شەرعییەتدان بەو دەنگانەی لە دەرەوەی دەوڵەتن. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئێستا ئەوەی ئەکتەری سەرەکی گەمەکانە هێزە نافەرمییەکانن و ئەوانەی سیاسەتیش ئیدارە دەکەن، هێزە بێ ناسنامەکانن. بەرەی ئەمریکا گوتاری دامەرزاندنی سیستەمی لیبراڵی بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەوکرد و گوتاری بەرەنگاری تیرۆری هێنایەکایەوە. بۆیە بنیاتنانی دەوڵەتێکی نوێ لەعێراق هاتە رۆژەڤەوە و پەراوێزخستن و لەنێوبردنی هێزە تیرۆریستەکان بووە ئامانجی سەرەکی. دەرئەنجام، دەوڵەت بووە تایفی و هێزی سەربازی بووە میلیشیا و دەوڵەتی تیرۆریستی وەك داعش سەریهەڵدا. لێرەدایە کە وەك رۆزێنا دەڵێ لە قەیراندا ئەوە ئەکتەرە بچووکەکانن کە رۆڵ دەگێڕن و چارەنووسی گەمەکان دیاریدەکەن. لەهەمانکاتدا بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی، مەودا بۆ ئەم هێزانە هاتووەتەئاراوە کە نەزم -Order- و ئاسایشی خۆیان جێگیربکەن.[8]
لێرەدایە کە نەزم -Order- ی ئەتڵەسی و ئاسایشێك کە لەلای ئەوان مەبەستبوو پێچەوانە بووەتەوە. واتە نەزمێکی بەبێ دەوڵەت هەیە کە هێزی خۆی لە فرەیی جەمسەرەکانەوە وەردەگرێت و ئاسایشێك هەیە کە فرەیی ئایدیۆلۆژی و فرەدەنگی رۆڵی تێدا هەیە.

## ئەمریکا: داعش و پۆست-داعش

ئەگەر بۆچوونەکانی جۆرج مۆدیلیسکی بکەین بە پێوانە، ئەمریکا لە حالەتی سارێژکردنی نەزمێکی جیۆپۆلتیکییە کە بتوانێ زلهێزێتی ئەو لە قەیرانی شەرعییەت کە بەرەو داڕمان دەچێت، بکات بە

---

6 - O`Brien R, Global Financial Integration: The end of Geography. New York, Council on foreigner Relations Press 1992, pp 135-

7 - Secretary Condoleezza Rice, Remarks at the American University in Cairo. Visited website on 10 March 2016.

http://20012009-.state.gov/secretary/rm/200548328/.htm

8 - James N. Rosenau, Turbulence in world politics: a theory of change and continuity (Princeton paperbacks. Princeton, N.J.: Princeton University Press. 1990, p11

بنەمای ساخکردنەوەی شەرعییەت و هەستانەوە.[9] واتە ئێمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین کە بەهۆی شەڕی عێراق و سەرنەکەوتنی تووشی قەیرانی شەرعییەت بووە، بەو مانایە کە نەیتوانی خەونەکانی خۆی بۆ داهاتوو بنیاتبنێ و لەو ڕێگایەدا جیۆپۆلیتیکی تاقە زلهێزی چووەتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە ئەو قەیرانەی کە بەرەو داڕمان دەچوو، کراوە بە ئیدارەی قەیران لەڕێگەی جەمسەرە ناوخۆیی و ناوچەییەکانەوە.

لەم ڕەهەندەوەیە کە ئەمریکا ئێستا گەمەیەکی چەندڕەهەندی و ناکۆك بەڕێوەدەبات. چەند ڕەهەندی لەو بوارەوە کە هاوکاری لەگەڵ چەندین هێزی دژبەر و نەیار دەکات، ناکۆك لەو بوارەوە کە ئەو هێزانەی هاوکاری ئەمریکا دەکەن لە هاوپەیمان و نەیاری ئایدیۆلۆژی تێدایە. ئەمە جیا لەوەی لە ڕەهەندی تیمارکردنی شەرعییەتەوە دێت، لەهەمانکاتدا دەتوانێ مانای پراگماتیستیشی پێبدرێت. بەو مانایە کە لە ئایدیۆلۆژی دووربکەوێتەوە و هەڵوەستە لەسەر بوون بکات. هەرچەند لەبەرەی ڕۆژئاوادا هەموومان سەرئەنجام گرێدراوی ئەمریکاین، بەڵام وڵاتانی وەك فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا دید و جیهانبینیان لەم بوارەوە جیاوازە، چونکە کێشەی ئەو هێزانە لەوەدایە کە لە پانتایی سیاسەتی جیهانی و ناوچەییدا توانا و تایبەتمەندییەکانیان ناگاتە ئەمریکا. بۆیە فەرەنسا لە دەرفەتەکان دەگەڕێت، بەریتانیا هەوڵی ڕاگرتنی مێژووی خۆی لە ناوچەکە دەدا و ئەڵمانیاش ئەکتەری نوێیە لەم پانتاییە و ئەکتەرێك کە خەریکە تەماحە جیۆپۆلیتیکییەکانی دادەڕێژێت.

ئێستا ئەوەی بەلای ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا گرنگە، لەنێوبردنی پرسێکی ئاسایشییە، بۆ گەڕانەوەی نەزمی سیاسی[10] کە دەتوانین بێژین وەك پۆست-مودێرنەکان دەڵێن ئاساییکردنەوەی سیاسەتە. لەم گەڕانەوەیەدا دەوڵەت گرنگە، بەڵام دەوڵەتی لیبراڵی فرەجەمسەر، نەك فرەدەنگ. لەم گەڕانەوەیەدا ئاساییش گرنگە، ئاساییشی خۆجێیی نەك ناوەندی. بۆیە پانتایی سیاسی وەك فرەجەمسەر دەبینرێت و ئاساییش بەهێزی لۆکاڵی.

## کوردستان، داعش و پۆست-داعش

هاتنەکایەی داعش، واتای تێکدان و لەنێوچوونی ئەو هاوکێشە سیاسییانە بوو کە کورد لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس تێیدا گەمەیدەکرد. ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە لە کۆتاییدا بەدوای سەقامگیری و ئاسایشدا دەگەڕا و لەهەمانکاتدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەبەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا لێدەکەوتەوە. بەڵام بەهاتنی داعش کوردستان توانی دەربازی ئەم هاوکێشەیە ببێ و خۆی لە هەلومەرجێکدا ببینێتەوە کە سەرئەنجام قورسایی زیاتر ببەخشێتە ئەوەی کە کورد توانای بەئەکتەربوون پەیدابکات.[11] ئەم ڕەوتە لە تێکچوونی هاوکێشەکان، گەیشتە ئاستێك کە خودی کوردستانیش بەهۆی پەلاماری داعشەوە

9 - George Modelski, long Cycles in The World Politics, Seattle University of Washington Press.1987

10 - Brian Katulis, Hardin Lang, Vikram Singh, Defeating ISIS: An Integrated Strategy to Advance Middle East Stability. Visited Website on 10 March 2016. https://www.americanprogress.org/issues/security/report/201496739/10/09//defeating-isis-an-integrated-strategy-to-advance-middle-east-stability/

11 - Burak Kadercan, This Is What ISIS› Rise Means for the "Kurdish Question". Visited Website on 12 March 2016. http://nationalinterest.org/feature/what-isis-rise-means-the-kurdish-question%E29%80%D-13798

ڕووبەڕووی مەترسی بووەوە. بەڵام فاکتەری پاڵپشتی نێونەتەوەیی هاوسەنگی مەیدانی شەڕی بۆ باشوور گۆڕی و توانی ئەم هاوسەنگییە بە ئاراستەی هەستانەوەی کورد بگۆڕێت. هەرچەند لێرەدا ڕۆڵی هێزی بەرگری کوردستان گرنگبوو، بەڵام نوقسانی سەربازی کورد لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە پڕکرایەوە. پێش هاتنی داعش، ئاراستەی سیاسی لە کوردستان لە ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا خۆی نمایشدەکرد. واتە گەمەکان لەو خانەیەدا یەکیاندەگرتەوە. بەڵام دوای هاتنی داعش ئیتر بەغدا، هەولێر و سوننە وەك سێ دوورگەی جیاوازیان لێهات کە هەر کامەیان هەوڵدەدات بتوانێ دواڕۆژی خۆی بنیاتبنێت.[12] بەغدا لەنێوان سەروەری عێراق، کاریگەری ئەمریکا و ئێران لە خولانەوەیەکی بێوچاندایە و هاوسەنگی هێز لە بەغدا لەم سێ خانەوە خەریکی ڕێکخستنی خۆیەتی. لە کوردستان هاوکێشەکە لە مەنتیقی دەرەکی، واتە بەغدا، ئەمریکا، تاران و ئەنکەرە دەربازبووە و گیردۆدەی کێشەی ناوخۆیی، خودی سیستەمی سیاسییە. واتە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ڕۆژەڤدایە، گیرسانەوەی سیستەمی سیاسییە. جا بەرەیەك ئەم وێستگەیە وەك وێستگەی کۆتایی دادەنێ لە بەئەنجامگەیاندنی داهاتووی سیستەمی سیاسی و بەرەیەکیش ئەم وێستگەیە وەك دەرفەتێك دەزانێ بۆ داهاتوو و چارەنووسی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم ململانێیە لەئاستە جیاوازەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. لە ئاستی سیاسی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کاردەکات، بەڵام کارە دەرەکییەکان بەڕێدەکات و لەئاستی ناوخۆدا ڕاوەستاوە! لە ئاستی ئابووری ململانێی سەختی ئیدارە و چاکسازی هەیە، لە ئاستی سەربازی وێڕای جیاوازی لایەنەکان، نیمچە ئەجێندایەك هەیە کە بەرهەمی دابەشکاری سەردەمی دووئیدارەییە، هەرچەند لە پراکتیك و کورتماوەدا کاردەکات و پێدەچێ لە داڕشتنی ستراتیژی درێژخایەندا لاوازبێت.

بەگشتی سیاسەتی کوردی لە ئاستی ناوخۆ خەریکی جەمسەربەندییە و لە ئاستی دەرەوەدا دڵنیایە لەوەی هەیە کە دەمێنێتەوە. بەڵام خەریکی تاقیکردنەوەی ئەوەیە کە ئاخۆ دەتوانێ تەماحێکی دیکەی هەبێ یان نا؟

## ئەمریکا، عێراق و کوردستان: قۆناخی پۆست-داعش

ئەوەی تاوەکو ئێرە باسکرا لە ڕاستیدا خستنەڕووی ئەو لۆژیکەیە کە ئێمە لە چ بارودۆخێکدا دەژین تاوەکو لەوێوە وێنای داهاتوو، واتا قۆناخی پاش-داعش بکەین بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرێکی کاریگەر وەك ئەمریکا. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین وێنای چەند سناریۆیەك بکەین کە تێیدا ئەمریکا وەك هێزێك دەبینرێت کە توانای ئاراستەکردنی هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی هەیە.

1 - باڵکانیزەبوونی عێراق[13]

2 - بەردەوامی لۆبنانیبوونی عێراق

3 - سوودانیکردنی عێراق

4 - سۆماڵمانەوەی عێراق

12 - ZENONAS TZIARRAS, The Iraq Crisis and Its Geopolitical Implications. Visited Website on 12 March 2016. http://www.e-ir.info/201429/07//the-iraq-crisis-and-its-geopolitical-implications/

13 - BBC The Death Of Yugoslavia 16- parts. Published on 14 Apr 2015. Visited on 15 March 2016. https://www.youtube.com/watch?v=M_PzsfXbyAw

**سێناریۆی یەکەم:** واتە باڵکانیزەبوونی عێراق، ئەوەی لەم بوارەدا گرنگە جۆری مامەڵەی ئەو پێکهاتانەیە کە عێراقیان پێکهێناوە. لە باڵکان هەرچەند ئەوروپا و ئەمریکا هەوڵی ئەوەیاندا کە بتوانن میکانیزمێك بۆ پێکەوەبوونی پێکهێنەرانی سازبکەن، بەڵام میکانیزمی دابەشبوون بەهۆی ئەکتەربوونی نەتەوە جیاوازەکان بوونی خۆی سەپاندبوو. واتە کیانە نەتەوەیی و ئایینییەکان توانیبوویان خۆیان لە قەوارەیەکی دیاریکراودا جێبکەنەوە. بۆیە ئەوەی مایەوە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا ڕێکخستنی ئەو قەوارانە و ئیدارەی قەیرانەکە بوو نەك دارشتنی.

عێراقی ئەمڕۆ باڵکانێکی بەتەواو مانایە، چونکە ئەوەی باڵکانی پێوە دەناسرێت گەیشتنە لووتکەی توندوتیژی و لێکدابڕانی پێکهێنەرانی ئەو ناوچەیەیە کە مەودای نێوانیان بەهۆی توندوتیژی و تراژیدییەوە ڕێگەی گەڕانەوەی نەبوو. لەهەمانکاتدا هێزی نێودەوڵەتی وەك رووسیا و ئەمریکا و هێزی ناوچەیی وەك تورکیا و ئەوروپا گەمەکەری سەرەکی ئەو ناوچەیە بوون. ئەم حاڵەتە لە عێراقیش هەیە. ململانێیەکی سەخت کە ڕێگەی گەڕانەوەی نییە، هەم توندوتیژی و هەمیش تراژیدی و هەمیش هێزی جیاواز دەستیان لەم وڵاتەدا هەیە. جا ئەگەر لە باڵکان ئەمریکا هێزی تەکنۆلۆژی خۆی سەلماند، بەو مانایە کە بەبێ هیچ کوژراوێك سربستانی هێنایە سەر چۆك. لە نموونەی عێراقدا دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ململانێی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا لە بواری زلهێزی چۆن بوونی خۆی لەم ناوچەیەدا دەبینێت. پێدەچێ وەك کاپلان دەڵێ "ئێمە لەگەڵ ژینگەی پڕ لە ئاژاوەدا ڕووبەڕووین و ئەم ئاژاوەیە بەردەوام دەبێت".[14] ئەمریکا کە بە شکست لە پرۆژەی عێراق هاتەدەرەوە و ڕێبەرایەتی لە پرسی سووریادا چووەتەژێر پرسیار، پێناچێ کە خۆی ئاوێتەی ئەم ناوچە پڕ لە ئاژاوەیە بکات و ڕێگەی ئیدارەکردنی جۆری دابەشبوونی عێراق وەك یۆگۆسلاڤیای پێشوو ڕاڤەدەکات. لە ئەگەری پێشکەوتنی ئەم سێناریۆیەدا، کوردستان دەتوانێ باشترین دەرفەتی بۆ بڕەخسێت.

**سێناریۆی دووەم:** واتا بەردەوامی لوبنانیبوونی عێراق، سازکردنی زەمینەیەکە کە عێراقییەکان بتوانن بە میکانیزمی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە خانەی ناوەندێکدا دووبارە کۆببنەوە. لەم ڕەهەندەوە عێراق دەچێتە قۆناخێکی دیکە لە دابەشکاری دەسەڵاتی ناوەندی کە تێیدا عێراق وەك وڵاتێك دەمێنێتەوە. بەڵام ئەم وڵاتە لە سەر بنچینەی دەسەڵاتی زۆرتر بۆ هەرێمەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی هەنگاو دەنێت. پرۆژەی لوبنان لە ریشەدا، پرۆژەیەك بوو لە خانەی دیموکراسی تەوافقی، بەڵام لە نموونەی عێراقدا ئەم نموونەیە دەتوانێ بگوزارێتەوە بۆ نموونەی جەوهەری سیستەمی سیاسی بەو مانایە کە تەنیا دیموکراسی مەبەست نەبێ، بەڵکو دابەشکردنی دەسەڵات وەك نموونەی بەلژیکا و سویسرا ئاوێتە بکرێت.

بابەتێك کە دەبێ لەم بوارەدا هەڵوێستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە ئەم نموونەیە لەگەڵ خەیاڵی ئایدیۆلۆژی و جیۆپۆلیتیکی ئەمریکادا دێتەوە. لەبەرئەوەی لە بواری ئایدیۆلۆژییەوە ئەمریکا هێشتا بە بەها لیبراڵییەکانەوە کە خۆی لە خانەی دەوڵەتی مەدەنیدا دەبینێتەوە، پابەندە. لەهەمانکاتدا هێشتا باوەڕی بە دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە کە بەرهەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانییە. لەدەرەوەی ئەمانە ئەوەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەم کاتەدا گرنگە، ئەوەیە کە داعش وەك پرسێکی

---

14 - Robert D Kaplan, The coming Anarchy. Atlantic Monthly 273. No 2, pp 4446-

ئاسایشـی دەبـێ لەنێوبچێـت. بۆیـە یەکـەم بابـەت کـە لای ئـەوان گرنگـە ئەوەیـە کـە ئـەم پرسـە بنبڕبکـەن، تاوەکـو بتوانـن ئاسـایش بـۆ ناوچەکـە بگێڕنـەوە. بـەڵام ئـەو پرسـیارە سـەریهەڵداوە لەلایـان کـە ئاخـۆ پێـش هاتنـی داعـش ئـەم ناوچەیـە ئـارام بـوو؟ دیـارە پرسـی لەنێوچوونـی ئاسایشـی ناوچەیـی لەعێـراق هەبـوو، بـەڵام بەهـۆی بەهـاری عەرەبییـەوە تەشـەنەیکرد بـۆ ناوچەکـە. بۆیـە ئێسـتا بیـری ئەمریـکا و هاوپەیمانانـی ئەوەیـە کـە سـەرچاوەی ئـەم کێشـانە جێگیرنەبوونـی دابەشـکاری دەسـەڵات بـووە لەعێـراق. بۆیـە لـەم کاتـەدا دەبـێ کارێـك بکرێـت کـە سـێ پێکهاتـە سـەرەکییەکەی عێـراق بتوانـن دەسـەڵاتی هەرێمییـان زۆربکـەن و لـە بەرامبـەردا دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ناوەنـدی کەمـتر ببێتـەوە.[15]

بەگشـتی ئەگـەر ئـەم سـیناریۆیە وەك بابەتێکـی جیـدی لەبەرچاوبگریـن، دەتوانیـن بڵێیـن کـە دۆسـیەی عێراقـی پـاش داعـش، دۆسـیەی حکومەتـی داهاتـووی ئەمریکایـە. بـەڵام پێدەچـێ دیموکراتـەکان و کۆمارییـەکان هێشـتا لـە بـواری گوتـار و سـتراتیژی سیاسـییەوە ئامادەییـان زۆرتربـێ بـۆ بەردەوامبـوون لـە سـەر ئـەم سـێناریۆیە. عێراقێکـی نـوێ کـە نوێنەرایەتـی سـێ پێکهاتـە بـکات و دەسـەڵات تێیـدا هەرێمـەکان دیـاری بکـەن نـەك حکومەتـی ناوەنـدی. هـەر بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن لـە ئەگـەری سـەرکەوتنی ئـەم سـێناریۆیە، راسـتەوخۆ کاریگـەری لـە سـەر هاوکێشـە سیاسـییەکانی کوردسـتان دادەنێـت. بەتایبـەت کـە بەرەیـەك لـە سـەر ریفراندۆم و سـەربەخۆیی، ناسـنامەی بـۆ خـۆی بەرهەمهێنـاوە و بەرەیەکیـش پەیوەسـتبوون بـە عێراقـەوە.

**سـێناریۆی سـێیەم:** واتـە سـوودانیکردنی عێـراق، تەنیـا وڵاتێـك نابـێ کـە نـاوی عێـراق بـێ، بەڵکـو دابەشـکاری خاکـی عێـراق دێتەکایـەوە و لـەم بـوارەدا وڵاتێکـی شـیعە هەیـە کـە دەسـتی بـە ئـاو و ئیمکاناتـی دەوڵـەت دەگات وەك سـوودانی باکـوور و عێراقێکیـش وێـران و دوور لـە ئیمکانـات هەیـە وەك سـوودانی باشـوور کـە سـوننەکان بـن. لەهەمانکاتـدا کوردسـتانیش هەیـە کـە دەرفەتـی هەیـە و دەتوانـێ هاوپەیـمان و هاوبەشـی سـوننە بێـت کـە وەك رێگـەی دەرچـوون یـان کۆنفیدراڵییـەك لەگـەڵ سـوننە درێـژە بـە ژیانـی سـەربەخۆی خۆیـان بـدەن.[16]*

لـە مـاوەی رابـردوودا لـە میدیـای کوردسـتان و ناوچەکـەدا باسوخواسـی ئـەوە هاتەئـاراوە کـە کـورد و سـوننە دەیانـەوێ یەکبگـرن و لـە داهاتـوودا کۆنفیدراڵییـەك رابگەیێنـن. ئـەم بیرۆکەیـە بەتایبـەت بەهـۆی نزیکایەتـی و سـەفەری سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ وڵاتانـی عەرەبـی و سـعودیە بەتایبەتـی زیاتـر گەشـەیکرد. لەلایەکـی دیکـەوە چونکـە تورکیـا یەکێـك لـە کارەکتـەرە سـەرەکییەکانی بـەرەی سـوننە لەعێراقـە و هەروەهـا نزیکایەتـی تورکیـا لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان و تەماحـی تورکیـا بـۆ شـۆڕبوونەوە بـۆ موسـڵ وەك پرسـێکی مێژوویـی، ئـەو گومانەیـە کـە کـورد و سـوننە دەبنـە سـوودانی باشـوور و شـیعەش دەبێتـە سـوودانی باکـوور. نموونەیـەك کـە بـۆ ئـەم بـوارە دەهێنرێتـەوە، راگەیاندنـی کۆنفیدرالـی لەلایـەن کـورد و سـوننەوەیە.

پرسـیارێك کـە لێـرەدا دێتەئـاراوە، ئەوەیـە کـە ئاخـۆ ئـەم گومانـە لـە سـێناریۆی ئەمریـکاوە نزیکدەبـێ؟ ئـەم ئەگـەرە تەنیـا کاتێـك دەتوانـێ مانادارببـێ کـە ئەمریـکا و هاوپەیمانانـی ملکـەچ بـە ئەکتـەرە بچـووك و ناوچەییـەکان بـن. بـەو مانایـە کـە زۆر ئەکتـەر وەك کـورد و سـوننە بکـەری ئـەم گەمەیـە بـن و هەروەهـا


15 -Philippe Le Billon,Oil, Secession and the Future of Iraqi Federalism. Visited Website on 15 March 2016.
http://www.mepc.org/journal/middle-east-policy-archives/oil-secession-and-future-iraqi-federalism

16 - * هیچ بابەتێکی راستەوخۆ وەک ژێدەرێک بۆ ئەمە نییە، من بیرۆکەی بەسوودانیکردنی عێراقم لەمەوە هێناوە:
us-foreign-policy-iraq-south-sud-20146186645789446.html/06/http://www.aljazeera.com/indepth/opinion/2014

ئێـران بـە هاتـن بـۆ تكریـت هێـڵ یـان سـنووری شـیعەی دیاریكـرد و لـەم كاتـەدا توركیـا و هاوپەیمانانـی بـە هاتـن بـۆ موسـڵ و یارمەتـی كـورد و سـوننە هێڵـی خۆیـان بچەسـپێنن. واتـە ئـەوەی لـەم بـوارەدا گرنگـە، ئەوەیـە كـە ئەمریـكا بـەو ئەگـەرە رازیبـێ و وەك ئالتەرناتیڤـی هێنانـەدی ئاسایشـی هەمیشـەیی لـە ناوچەكـە سـەیری بـكات. بـەڵام گرێـی سـەرەكی لـەم بابەتـەدا لەنێوچوونـی دەوڵەتـە لەعێـراق كـە دەبـێ بـۆ سـووریاش شـۆڕببێتەوە، یـان گریمانـەی ئـەوە دەكرێـت كـە سـوننەكانی عێـراق و سـووریا لـەم پەكێجـەدا جێگەیـان ببێتـەوە. بەهەرحـاڵ ئـەم سـێناریۆیە تەنیـا لـە كاتێكـدا دەتوانـێ بـۆ كـورد گرنگبـێ كـە بابەتـی سـەربەخۆیی لەخۆبگرێـت.

بەگشـتی لـەم ئەگـەرەدا رۆڵـی ئەمریـكا وەك رێكخەرێـك دەبینرێـت، نـەك بكـەری سـەرەكی و بەپێـی ئـەوەی لەئێسـتا و داهاتـووی ناوچەكـەدا ئەكتـەرە بچووكـەكان توانیویانـە رۆڵـی بەرچاویـان هەبـێ، رووداوـی ئـەم ئەگـەرە زۆر ئەسـتەم نابێـت.

## نەخشەی سێ پێكهاتەی عێراق



**سیناریۆی چوارەم:** باس لە هەلومەرجێك دەكرێت كە نموونەكەی وڵاتی سۆماڵە. لەو وڵاتەدا پرۆژەی ئەمریكا و هێرشەكەی سەرینەگرت و لە بەشێك لەو وڵاتە ئاژاوە و تیرۆر وەك خۆی مایەوە و لە بەشێكی دیكەیشی كە باكوورەكەیەتی، ئاسایش و تەناهی جێگیربوو.[17] ئەمە بەو مانایە دێت كە ئەوەی لە سۆماڵ هاتەكایەوە لەعێراق دووبارەببێتەوە. بەو مانایە كە ئەمریكا نەتوانێ عێراق بخاتەوە سەرپێی و گرفتی ئاساییش لەلایەن سوننەوە بەردەوامبێ و لەهەمانكاتدا شیعەش وەك سەرچاوەی مەترسی سەیربكرێت، تاوەكو سەرئەنجام ئەمریكا هەموو تواناكانی خۆی لە كوردستان بەكاربێنێ و هەوڵبدات كە ئاسایش و بوونی خۆی لەم ناوچەیەدا درێژە پێبدات.

لە ئەگەرێكی ئاوادا كە هەڵگری زۆربەی تایبەتمەندییەكانی بەردەوامی كێشە لە عێراقی سوننە و شیعەیە و جەمسەربەندییەكان رۆژ لەدوای رۆژ تۆخدەبنەوە، ئەوەمان پێدەڵێ كە لە ئەگەری لەنێوچوونی داعش و نەبوونی وێنایەك بۆ یەكگرتوویی عێراق یان رێكاری دیكە، ئەمریكا وەك ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان چاوی لێبكات و رێگەی دەربازبوونی كێشەكان بۆ ناوچەكانی دیكە بگرێت و لەدرێژخایەندا بتوانێ لە ستراتیژییەكی دیكەدا جێگەی بۆ ببینێتەوە. هەربۆیە كاتێك خەندەقی جیاكردنەوەی كوردستان لە ناوچەكانی دیكەی عێراق دەبینین و نەبوونی هەڵوێست لەلایەن ئەمریكاوە، پێدەچێت مانای ئەوەبێ كە ئەمریكا بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نەبێ كە دەتوانین كوردستان وەك سوماڵیای باكوور وێنا بكەین، بكەوێتەوە مەترسی و لەم ناوچەیەدا بتوانێ سیاسەتەكانی داهاتووی خۆی بنیاتبنێت.

## ئەنجام

**ئەوەی لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین ئاماژەی پێبكەین، ئەمەیە كە هەرچەند ئەمریكا رۆڵ و كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، بەڵام ئەم كاریگەرییانە و جۆری دیتنی وەك سەردەمانی پێشوو نابێت. بەتایبەت كاتێك كە سەرۆكی ئەمریكا باراك ئۆباما باسی راهاتنی سعودیە و ئێران دەكات لە ناوچەكە، وێنای چینی سەردەمی ماومان وەبیردێنێتەوە كە هەرچەند ئەمریكا لە چین نزیكبووەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ژاپۆن لەیاد بكات. لەم كاتەشدا ئەگەر ئەمریكا لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەك ناوچەیەكی پڕ لە ئاژاوە و هەروەها وەك هەوێنی پێكدادانی ناسنامەكانی هەنتینگتۆن دەیبینێ، پێدەچێت كە كوردستان قورسایی خۆی هەبێ و بمێنێتەوە. بەڵام ئەوەی فۆرمی ئەم قورساییە دەگۆڕێت، خودی كوردستانە نەك ئەمریكا، چونكە پرسی سەرەكی ئەمریكا لێكدابڕانی عێراق نییە و ئێستا هیچ گوتار و ستراتیژییەكی سیاسی نییە لە ئەمریكا كە تەماحێكی وای لەلا سازببێت.**

**لێرەدا خودی كوردە كە ئاخۆ دەتوانێ ئەم بۆشاییە بكاتە هەوێنی سازكردنی بەرپرسیارێتی زۆرتر بۆ ئەمریكا یان نا؟ بەو مانایە كە بتوانێ پرۆژەی گشتپرسی بخاتە بەردەستی سەرۆكی داهاتووی ئەمریكا و رۆڵی هەبێ لە سەرنەگرتنی هەر چەشنە پرۆژەیەك كەعێراق بەرەو لوبنانێكی دیكە، سوماڵیایەكی دیكە ببات. بەڵكو قورسایی خۆی بۆ دیتنی عێراق وەك باڵكان و سودانێكی دیكە سەیربكات. لە**

17 - Major L. M. Martin, Somalia: Humanitarian Success And Political/Military Failure. United States Marine Corps. 1995. Visited Website on 14 March 2016.
http://www.globalsecurity.org/military/library/report/1995/MLM.htm

نەبوونـی ئەگەرێکـی ئـاوا، باشـترین بـژاره هێشـتنەوەی هەرێمـی کوردسـتانە بـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتانەوە و سـازکردنی ژێرخانێکـی سـەربازی کـە بتوانـێ لەگـەڵ گەشـەکردن، توانـای سـەربازی و بەرگـری خـۆی زیادبـکات و لەگـەڵ هاوکێشـەکان بچێتـە پێـش تاوەکـو دەرفەتـی سـەربەخۆیی هەمـوار دەبێـت. هەرچەنـد وەك توێـژەر لـەو بڕوایـەدام کـە کوردسـتان دەبـێ لەمـڕۆوە بیـر لـە پـاش داعـش بکاتـەوە، بەمانـای پڕۆژەیەکـی سـەرووی ئـەوەی هەیـە وەك حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. ئاسـتی بۆشـایی جیۆپۆلیتیکـی و لێکدابڕانـی سیاسـی و جەمسـەربەندی ناوچەکـە ئـەو دەرفەتـە دەداتـە هەرێمـی کوردسـتان کـە پـڕۆژەی خـۆی ئەنجامبـدات. هەرچەنـد نەبوونـی یەکگرتوویـی ناوخۆیـی لـەم کاتـەدا کۆسـپی سـەرەکییە!

# سەرچاوەکان


2 - Raymond Aron, Peace and War: A Theory of International Relations. Transaction Publishers, New Jersey, 2003. P2.

3 - Hamza Jehangir, Realism, Liberalism and the Possibilities of Peace. E-International Relations Students. Visited website on 14 March 2016. http://www.e-ir.info/201219/02//realism-liberalism-and-the-possibilities-of-peace.

4 - Fanny Coulomb and J. Paul Dunne, Economics, conflict and war. Real-world economics review, issue no. 46, 2008. P150.

5 - Robert Cooper, The post-modernstate and theworld order. P31. Visited website on 15 March 20016. http://www.demos.co.uk/files/postmodernstate.pdf

6 - O`Brien R, Global Financial Integration: The end of Geography. New York, Council on foreigner Relations Press 1992, pp 135-

7 - Secretary Condoleezza Rice, Remarks at the American University in Cairo. Visited website on 10 March 2016.
http://20012009-.state.gov/secretary/rm/200548328/.htm

8 - James N. Rosenau, Turbulence in world politics: a theory of change and continuity (Princeton paperbacks. Princeton, N.J.: Princeton University Press. 1990, p11

9 - George Modelski, long Cycles in The World Politics, Seattle University of Washington Press.1987

10 - Brian Katulis, Hardin Lang, Vikram Singh, Defeating ISIS: An Integrated Strategy to Advance Middle East Stability. Visited Website on 10 March 2016. https://www.americanprogress.org/issues/security/report/201496739/10/09//defeating-isis-an-integrated-strategy-to-advance-middle-east-stability/

11 - Burak Kadercan, This Is What ISIS› Rise Means for the "Kurdish Question". Visited Website on 12 March 2016. http://nationalinterest.org/feature/what-isis-rise-means-the-kurdish-question%E29%80%D-13798

12 - ZENONAS TZIARRAS, The Iraq Crisis and Its Geopolitical Implications. Visited Website on 12 March 2016. http://www.e-ir.info/201429/07//the-iraq-crisis-and-its-geopolitical-implications/

13 - BBC The Death Of Yugoslavia 16- parts. Published on 14 Apr 2015. Visited on 15 March 2016. https://www.youtube.com/watch?v=M_PzsfXbyAw

14 - Robert D Kaplan, The coming Anarchy. Atlantic Monthly 273. No 2, pp 4446-

15 -Philippe Le Billon,Oil, Secession and the Future of Iraqi Federalism. Visited Website on 15 March 2016. http://www.mepc.org/journal/middle-east-policy-archives/oil-secession-and-future-iraqi-federalism

16 - * لەمەوە هێناوە ئێراقم بیرۆکەی بەسوودانیکردنی من نییە، ئەمە بۆ ژێدەرێک وەک راستەوخۆ بابەتێکی هیچ:http://www.aljazeera.com/indepth/opinion/201406//us-foreign-policy-iraq-south-sud-20146186645789446.html

17 - Major L. M. Martin, Somalia: Humanitarian Success And Political/Military Failure. United States Marine Corps. 1995. Visited Website on 14 March 2016.

http://www.globalsecurity.org/military/library/report/1995/MLM.htm

# سیناریۆکان
## کەی ترسی داعش نامێنێت؟

داعــش، بەهێزێکــی زۆر و تــرس و دڕندەییەکــی بێوێنــەوە هاتــە ناوچەکــە. هــەر زوو رووبەرێکــی فراوانــی ناوچەکانی عەرەبــی سوننەی لــە هــەردوو وڵاتــی سووریا و عێــراق خســتەژێر رکێفــی خۆیــەوە. ســنووری نێــوان ئــەو دوو وڵاتــەی نەهێشــت، زۆرینــەی بەربەســتە ســنوورییەکانی لابــرد. پاشــان هێرشــێکی دڕندانــەی کــردە ســەر باشــوور و رۆژئــاوای کوردســتان. بەرەیەکــی دوور و درێــژی جەنــگ هــەر لــە عەفرینــەوە تاوەکــو خانەقیــن تــاوی ســەند، دەیــان شــارۆچکە، ســەدان گونــدی کوردســتانیان داگیــر و خاپوورکــرد.
داعــش بــە بــەراوورد بــە دوو ســاڵی پێشــوو، لاوازبــووە. هێرشــەکانیان وەك پێشــتر سیســتەماتیك نییــە. رزگارکردنــەوەی شــنگال، کۆبانــێ، مەخمــوور، جەلــەولا و ئەوانیدیکــە ورەی داعشــی لــە بەرامبــەر هێــزە کوردییــەکان رووخانــد. کەمــە کەمەیــەك نەبێــت لێــرە و لــەوێ، لێــدە و راکەیــەك دەکــەن یــان بۆمبێکــی چێنراویــان دەتەقێتــەوە. ئەمانــە نیشــانەی بەراییەکانــی کەمبوونــەوەی مەترســیی داعــش لەســەر ســنوورەکانی کوردســتانن.
رزگارکردنــەوەی موسڵ لــە بەرنامــەی وڵاتانــی رۆژئــاوا، عێــراق و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا هەیــە و کاری زۆریشــی بــۆ کــراوە. بــە گرتنــەوەی موسڵ دەتوانرێــت بگوترێــت کــە ترســی داعــش لەســەر کوردســتان بەگشــتی و بەشــی باشــووری زۆر کەمدەبێتــەوە یــان نامێنێــت.
پــاش "نەمــان"ی داعــش زۆر گرنگــە ئــەم ســیناریۆ و گریمانانــە لەبەرچــاو بگیرێــن، تاوەکــو چ حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان و چ فیدراڵیــی رۆژئــاوای کوردســتان و چ کۆمەڵانــی خەڵکــی کوردســتانیش ئامــادەی هــەر گۆڕانکارییەکــی خــوازراو و نەخــوازراو لــە پاشــەڕۆژی پۆست-داعشــدا بــن.
دیــارە ئــەم ســیناریۆیانە هیچیــان پێشــبینیی رەهــا نیــن و زۆرینەیــان دەرئەنجامــی خوێنــدەوە و گفتوگۆکانــی نێــو ســەنتەری لێکۆڵینەوەکەمانــە و ســوودیش لــە لێکۆڵینــەوەی لێکۆڵینڤانــە راســپێردراوەکانی ئــەم توێژینەوەیــە وەرگیــراوە. ســیناریۆکان تەنیــا تایبــەت بــە رەوشــی چاوەڕوانکــراوی هــەردوو بەشــی باشــوور و رۆژئــاوای کوردســتانن. ئەویــش بەهــۆی ئــەوەی کــە شــەڕی داعــش زۆرتــر لەگــەڵ ئــەم دوو بەشــەدا بــووە و بانــدۆری ترســناکی سیاســی، ســەربازی، ئابــووری و کۆمەڵایەتــی لەســەریان هەبــووە.

## سیناریۆ "خراپ"ەکان

- دروســتبوونی ســەعدئابادێکی نــوێ و رێککەوتنــی دوو یــان زۆرتــری داگیرکەرانــی کوردســتان لەســەر زۆرتــر ســەرکوتکردنی دۆزی کــورد، یــەك لــە ســیناریۆ هــەرە خراپەکانــی پۆست-داعشــە.
- دابەشــنەکردنی هــەردوو وڵاتــی ســووریا و عێــراق و گێڕانــەوەی ســنوورەکانی ســایکس-پیکۆ، یەکێکــی دیکــە لــە ســیناریۆ خراپەکانــی پۆست-داعشــە. مانــەوەی ســنوورەکان واتــە دانەمەزراندنــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان کــە زۆر لــە چاودێــران پێیانوایــە پــاش داعش باشــوور و رۆژئــاوای کوردســتان دەوڵەتــی کوردســتان لــە خانەقینــەوە تاوەکــو ســەر دەریــای نێوەڕاست، دەبنــە یــەك دەوڵــەت و ئــەو ناوچەیــەش بــە ڕاڕەوی کــوردی Kurdish Corridor ناوزەدکــراوە.
- درێژەکێشــانی خراپــی پەیوەندییەکانــی نێــوان باشــوور و رۆژئــاوای کوردســتان، بەتایبەتــی پارتــی دیموکراتــی

کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکراتی و نەکرانەوەی سنووری هەردوو بەشی کوردستان، سیناریۆیەکی خراپە. ئەمە باندۆری زۆر خراپی لەڕووی نەتەوەیی و ئابوورییەوە هەیە.

● زۆرتربوونی دەسەڵاتی شیعە و ئێران، یەکێك لە گرنگترین گریمانە ترسناکەکانی پۆست-داعشە. هەرچەندە پێشتر سنووری باشووری کوردستان بەشێکی زۆر کەمی بە شیعەی عەرەبەوە گرێدرابوو لە باشووری خانەقین، بەڵام بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگای دیالە لەلایەن ئێران و حکومەتی عێراقەوە کە بەشێکی ناوچە کوردستانییەکانیش دەگرێتەوە، هەروەك پێشتر لە بەشی باشووردا باسکرا سنووری کورد و شیعە لە جاران فراوانتربووە. پێکدادانی خوێناویی بەرفراوانی هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی گریمانەیەکی بەهێزە. ئەمە زۆر ترسناکە چونکە کوردستان لە جەنگێك دەچێتە دەرەوە و بەرەوڕووی جەنگێکی دیکە دەبێتەوە. دیارە جێگیرنەبوونی ناوچە دابڕاوەکان لە پۆست-داعشدا کە پەیوەندی زۆری بە شیعەکانەوە هەیە بەتایبەتی لە ناوچەی خورماتوودا ترسێکی دیکەی پۆست-داعشە.

● لەکاتی جەنگی داعشدا بەرەی ناوخۆیی کورد زۆرتر پەرتەوازە بوو، ململانێی لایەنەکان لەسەر دەسەڵات گەیشتە لوتکە. ئەم ململانێیە باندۆری خراپیشی لەسەر جەنگی داعش هەبووە. دوورکەوتنەوەی دەسەڵاتدارانی هەولێر و سلێمانی، باشووری کوردستان بەخراپی بەرەو دووئیدارەیی و دوو ئیرادەیی دەبات.


● دڕندەیی دەوڵەتی ئیسلامی نەیتوانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی لە کوردستاندا کەمبکاتەوە! هەندێك خانەی نووستوو لە باشووری کوردستاندا ماونەتەوە و دەبنە سیناریۆیەکی ترسناك و بەدڵنیاییەوە لە پۆست-داعشدا هەوڵی کاری تیرۆریستی لە باشووری کوردستاندا دەدەن و ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆیی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە پاشماوەکانی داعش لە سنووری باشووری کوردستانەوە هەوڵی کاری تێکدەرانە و شەڕی چەتەیی دەدەن.

## سیناریۆ "باش"ەکان

● تەواوی هێزە دەسەڵاتدارە جیهانی و ناوچەییەکان چاویان لە کێکەکەی پۆست-داعشە. ڕووسیا دەیەوێت ئاواتی چەند سەدەیی بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بهێنێتەدی و لە بەشە عەلەوییەکەی سووریا خۆی جێگیرکردووە و جبەخانەیەکی سەربازی گەورەی بۆ ئەو ناوچەیە گواستووەتەوە. ئەمریکا و خۆرئاواش لە ناوچەکەدا ئامادەیی چالاکیان هەیە و نەوت و گازی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانیان لەبەرنامەدایە و بەپێی ڕای زۆر لە چاودێران لە هەوڵی بینینەوەی ڕێیەکدان بۆ گواستنەوەی ئەو بەرهەمە پەترۆڵییانە لەدەرەوەی خاکی تورکیا. هەڵبەت یەکەمین و باشترین ئەلتەرناتیڤیش گەیاندنی کوردە بۆ دەریای سپی نێوەڕاست. بۆیە چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت. بەهۆیەوە کوردیش ببێتە دیوارێکی جیۆپۆلیتیکی لەنێوان شیعە و سوننە و دابڕانی توندڕەوی ئایینی.

● لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەوڵەکان بۆ بەستنەوەی هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین بەردەوامە. هێزە ڕۆژئاواییەکان یارمەتییەکی بەرچاوی ڕۆژئاوی کوردستانیان داوە لەڕووی هێرشی ئاسمانی و پێشکەشکردنی پاڵپشتی لۆجستیی دیکەوە و لە هەوڵی ئەوەدان کە سووریا ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی. بنکەی سەربازییان

لێـرە و لـەوێ دانـاوە. پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی ئـەو نەخشـەیەی بڵاوکردووەتـەوە کـە کـورد چەندیـن سـاڵە خەباتـی بـۆی کـردووە و ئاواتـی ئـەوە بـووە کـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە باکووری لازقییـەوە دەگاتـە دەریـا. لەکاتـی کردنـەوەی بنکـەی پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی لـە مۆسـکۆ، ئەم نەخشـەیە بەبەرچاوی میدیـای ڕووس و جیهانییـەوە دانرابـوو. زۆرینـەی هـەرەزۆری سـەرچاوە نەوتییەکانـی سـووریا دەکەونـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە. ئێسـتا بەنـداوی سـتراتیژیی تشریـن لەسـەر ڕووبـاری فـرات لەژێـر کۆنتڕۆڵـی کـوردە. ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـەڕووی کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـەوە بـە ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـد دادەنرێـت. هەمـوو ئەمانـە ئـەم سـیناریۆیە دەکەنـە ئەگەرێکـی چاوەڕوانکـراو تاوەکـو کـورد بگاتـە دەریـا.




**بارەگای PYD لە مۆسکۆ**

● هـەر لەسـەرەتای سـاڵی 2016ەوە خواسـتی گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان لەعێـراق بووەتـەوە ڕۆژەڤ. خواسـتی گشتپرسـی هەرچەنـد هەمـوو لایەنـە کوردییـەکان لەسـەری تەبـا نیـن، هەروەهـا ئاستەنگی یاسـایی و تەکنیکیشـی زۆرە و ناوچـە دابڕێنراوەکانـی سـنووری مـادەی 140یـش کێشـەیەکی دیکەیـە کـە ئایـا گشتپرسـی ئـەو شـوێنانە دەگرێتـەوە یـان نـا؟ لـە پۆسـت-داعشـدا یـەك لـە سـیناریۆکان ئەنجامدانـی گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆییە.

● سـیناریۆی دامەزراندنـی دوو دەوڵەتـی سـەربەخۆ بـۆ ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان دەبێتـە هـۆی مانـەوەی بەشـێکی سـنووری سـایکس-پیکۆ. ئەمـە هەرچەنـد بـە یەکێـك لـە سـیناریۆ باشـەکان دادەنرێـت، بـەڵام ئەگـەری هەڵوەشـاندنەوەی سایکس-پیکۆ بژاردەیەکـی بەهێـزە و زۆر تۆژینـەوە لەسـەر ئـەوە کـراوە کـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان پێکـەوە بلکێـن و دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە خانەقینـەوە تاوەکـو عەفریـن و بۆسـەر دەریـای نێوەڕاسـت بێتەکایـەوە. ئـەم سـیناریۆیە لەگـەڵ سـیناریۆی یەکەمـدا زۆر پەیوەسـت و لێکئـاڵاوە و بەرژەوەندییەکانـی ڕووسـیا و ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا دەبنـە ئافرێنـەری ئـەم سـیناریۆیە. گرێدانـی باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەسـتراتیژی ناتـۆدا بـە کوردیـش کۆریـدۆر-ڕاڕەوی کـوردی نـاسراوە و باسـی لێوەدەکرێـت.

# نەخشەیەکی نزیک لە ڕاڕەوی کوردی (دیواری کوردی)




● لەبـاری سـەربازی و هەواڵگرییـەوە، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و گەریـلا و شـەڕڤانان بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە هەرچەنـد زیانـی زۆریـان بەرکـەوت، بـەڵام پێشـکەوتنی گەورەیـان لـە هونـەری سـەربازی و جەنگیدا بەدەسـتهێناوە. دامەزراندنـی سـوپایەکی نیشـتمانی و دەزگایەکـی هەواڵگـری پێشـکەوتوو یەکێکـی دیکـە لـە سـیناریۆ باشـەکانە.

● لەبـاری ئابوورییـەوە، ڕۆژی 7ی مارتـی 2016 باڵیۆزانـی ئەمریـکا، بەریتانیـا، کەنەدا، فەرەنسـا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ژاپـۆن لەعێـراق لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەولێـر کۆبوونـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا نوێنـەری بانکـی نێودەوڵەتیـش بەشـدارییکرد و باسـیان لـە کێشـەی دارایی باشـووری کوردسـتان کـرد. پێدەچێت ئەمـە بەرایـی باشـتربوونی قەیرانـی دارایـی لـە باشـووری کوردسـتان بێـت کـە لـە پۆسـت-داعشیشـدا هـەر بـەردەوام دەبێـت. سـەرباری بەرزبوونـەوەی بەرچـاوی نرخـی نـەوت لـە سـەرەتای مارتـی 2016ەوە دەکرێـت ببێتـە هۆکارێکـی زۆر گرنگـی باشـتربوونی قەیرانـی دارایـی لـە پۆسـت-داعشـدا. چاکسـازییەکانی حکومەتـی باشـووری کوردسـتان بەرایـی تاڕادەیـەك تێگەیشـتنی حکومەتـە بـۆ پرنسـیپی بەناوبانگـی "Best value for money" بەواتـای باشـترین بەهـا بـۆ دراو. بەپێـی ئـەم پرنسـیپە، دراو دەبێـت لـە پرۆسـەیەکی سـوودمەندا خـەرج بکرێـت، کوالیتـی و درێژخایەنیـی کاڵا و خزمـەت لـەم خەرجییانـەدا پێویسـتە تاکـە مەبەسـت بێـت. هـەر ئەمەشـە کـە دیـاردەی گەندەڵـی لـە پۆسـت-داعشـدا کەمدەکاتـەوە.

# ئەنجامی لێکۆڵینەوە

- هێرشـی داعـش، پێگـەی کوردسـتانی لـە سـتراتیژییە جیهانـی و هەرێمییەکانـی نەهێشـتنی تیـرۆردا تۆکمەکرد. هێـزە چەکدارە کوردییـەکان لـە هـەردوو بەشـی باشـوور و رۆژئـاوای کوردسـتان رۆڵـی "پەرژینێکـی سـتراتیژی"یان گێـڕا و گـورزی کوشـندەیان لـە ژێرخانـی سـەربازی داعـش وەشـاند. ئەمـە لەکاتێکـدا بەشـێك لـە ناوچـە عەرەبییـە سوننەکانی عێـراق و سـووریا بەکـردەوە بوونـە مەکـۆی داڵدەدانـی داعـش و بەشـێکی زۆر لـە سـەرچاوە مرۆییەکانـی ئـەم هێزەیـان پێکهێنـا. دەرکەوتنـی داعـش ئـەو بیرۆکەیـەی لای نێوەنـدە جیهانییـەکان پێشخسـت کـەوا "ڕاڕەوی کـوردی" باشـترین میکانیزمـە بـۆ لێکدابڕینـی قوڵایـی دیمۆگرافی سوننە لە سێکوچکەی "عێـراق – شـام – ئەنـادۆڵ". ئێسـتا جیهـان بـاس لـەم "ڕاڕەوە کوردییـە" دەکات.
- دەرکەوتنـی داعـش وەك وەرچەرخانێکـی جیۆپۆلیتیکـی، سیسـتەمی ناوچەیـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی لەبەریـەك هەڵوەشـاندووە. ریزبەنـدی و جەمسـەربەندی هێـزەکان گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە. ناوچەکـە بەسـەر سێ جەمسـەری سـەرەکیدا دابەشـبووە. ئـەم سێ جەمسـەرە ئێـران – تورکیا – سـعودیەن کـە لەشـێوەی دوو نیمچـە بلۆکـی تورك-سـوننە و عـەرەب – سـوننە لەلایـەك و ئێـران – عەرەب-شـیعە لـەلای دیکـە خۆیـان نوانـدووە. لێـرەدا بـاس لـە گریمانـەی "دیـواری کـوردی" وەك پەرژینێکـی جیۆپۆلیتیکـی دەکرێـت کـە دەتوانێ هـەردوو جەمسـەری سـوننە و شـیعە لێـك دابـڕێ و رۆڵـی "ناوچـەی دەروازە" لەنێـوان هـەردوو بلۆکەکـەدا بگێڕێـت. بەپێـی ئـەم گریمانەیـە دیـوارە کوردییەکـە لـە نەفتخانـەوە دەسـپێدەکات و تاوەکـو شـاری "کەسـەب" لـە رۆخـی رۆژهەڵاتـی دەریـای نێوەڕاسـت دەکشـێت. ئـەم دیـوارە کوردییـە دەتوانێ هـەردوو بلۆکەکـە هاوسـەنگ بـکات و دەشێ لەنێـوان هـەردوولا ببێتـە "دەوڵەتـی تامپۆنی"ـش.
- پێدەچـێ لـە قۆناخـی پۆست-داعشـدا ئێـران بیـەوێ کوردسـتان لەژێـر هەژموونـی سـتراتیژی خۆیـدا بهێڵێتـەوە. بۆیـە ئەگـەر هەولێـر جـاڕی گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆیی لێبـدات، ئـەوا تـاران بەرەنـگاری ئـەم پڕۆژەیـە دەبێتـەوە. لێـرە عێـراق وەك هێزێکـی هەرێمـی بوونـی نەمـاوە، بـەڵام وەك بەشـێك لـە تەواوکـەری بلۆکـی ئێرانـی، پشـتیوانی لـە سیاسـەتی ئێرانـی لـەدژی کوردسـتان دەکات. هەروەهـا ئەگـەری ئـەوە هەیـە تـاران بەرپەرچـی "فیدرالیـی رۆژئـاوا"ی کوردسـتان بداتـەوە. سـووریا وەك هێزێکـی هەرێمـی نەماوەتـەوە، بـەڵام وەك هاوپەیمانـی سـەرەکی ئێـران لـە ناوچەکـە، پێدەچێ ئامـرازی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم سیاسـەتە ئێرانییـە بێـت.
- تورکیـا لەناوخـۆ رووبـەڕووی خولێکـی نـوێ لـە پرسـی کـورد بووەتـەوە. بۆیـە لـە قۆناخـی پۆسـت – داعشـدا بـە هەسـتیارییەکی زۆرەوە سـەیری پێشـکەوتنەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان دەکات. ئەنکـەرە نایـەوێ کـورد لـە رۆژئـاوای کوردسـتان ببێتـە خاوەنـی کیانێکـی تایبـەت. بۆیـە بەهەمـوو شـێوەیەك رووبـەڕووی پـڕۆژەی کـوردی لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دەبێتـەوە. سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتان، ئەنکـەرە لەبـەر تـۆڕی بەرفراوانی بەرژەوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکان بەراشـکاوی دژایەتـی هەولێـر نـاکات، بـەڵام سـەبارەت بـە پـڕۆژەی گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆیی، ئـەوەی بەئاشـکرا رایگەیانـدووە ئـەوان پێشـوازی لێناکـەن، چونکـە سـەقامگیری ناوچەکـە تێکـدەدات. لەبـەر ئەمـە ئەنکـەرە خوازیـارە کـورد لەچوارچێـوەی عێراقـدا دەسـەڵاتی نیمچەدەوڵەتـی هەبێـت. ئەنکـەرە وا دەنوێنـی کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان هاوپەیمانیەتـی، بـەڵام سیاسـەتە پشـتپەردەکانی ئـەم دواییـەی، ئەوەیـان سـەلماندووە کـە ئەنکـەرە عەرەبـە سـوننەکانی عێـراق و سـووریا بـە تەواوکـەری جیۆپۆلیتیکـی خـۆی دەزانێـت.
- سـعودیە و بلۆکـی خەلیجـی لـەدوای هێرشـەکانی داعـش، بەشـێنەیی خەریکـن سیاسـەتی کـوردی خۆیـان

دادەنێـن. سـعودیە بـەو ئەنجامـە گەیشـتووە کـە کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـن ببنـە هاوپەیمانـی سرووشـتی بلۆکـی خەلیجـی. بۆیـە یـەک لـەدوای یـەک کۆنسـوڵخانەکانیان دەکەنـەوە. بیرۆکـەی هاوپەیمانـی کوردسـتان لەگـەڵ کەنـداو هەسـتیاری ئێـران و تورکیـای نییـە، چونکـە ئـەو دوو وڵاتـە کوردیـان هەیـە و کەنـداو کـوردی خۆجێیـی نییـە. کەنـداو پێیوایـە کـورد دەتوانـن لەعێـراق ببنـە پاڵپشـتی عەرەبـی سـوننە و شـەپۆلی شـیعە هاوسـەنگ بکـەن. هەروەهـا پێیانوایـە کـورد بەشـێوەی سرووشـتی لـە ئێـران ئۆپۆزیسـیۆنی تارانـن و لەگـەڵ دەرکەوتنـی قەیرانەکانـدا دەتوانـن کاریگـەری جیۆسیاسـی گرنگیـان هەبێـت. هێشـتا رۆژئـاوای کوردسـتان لەسیاسـەتی کەنـداودا پێگـەی دیـار نییـە. بـەڵام دەرکەوتنـی بلۆکـی کەنـداو لـە سیاسـەتی کوردیـدا بـۆی هەیـە زۆر گۆڕانـکاری گـەورە بەدیبێنێـت.

● رووسـیا لەگـەڵ هێرشـەکانی داعـش و تەنگـژەی سـووریا، بەشـێنەیی گەڕاوەتـەوە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت. ئۆراسـیا لەچوارچێـوەی سیاسـەتی سـووریایی خۆیـدا بـۆ جڵەوکردنـی رەوتـی سـەلەفی جیهـادی، دۆسـیەی کـوردی کردووەتـەوە و خەریکـە سیاسـەتی کـوردی خـۆی دادەڕێژێتـەوە. رووداوەکانـی رۆژئـاوای کوردسـتان پرسـی کوردیـان بەجیهانیکـردووە، بۆیـە بەودواییـە رووسـیا لـەڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە پشـتیوانی لـە کـورد دەکات و تەنانـەت ئاماژەی بـەوەش داوە کـە لارییـان لـە بنیاتنانـی سیسـتەمی فیدراڵـی نییـە. مۆسـکۆ تائێسـتا لەسـەر ئـەم سیاسـەتەی رژدە، بـەڵام هێشـتا دیارنییـە تاوەکـو چەنـد ئـەم سیاسـەتە کوردییـەی بـەردەوام دەبێت!

● هێزەکانـی ئەتڵەسـی لەگـەڵ هێرشـەکانی داعـش بۆسـەر کوردسـتان هـەم لـە باشـوور و هـەم لـە رۆژئـاوا رۆڵـی یەکلاییکەرەوەیـان گێـڕاوە. پشـتیوانی ئاسـمانی ئەمریـکا هـەم لـە کۆبانـێ و هـەم لـە هەولێـر، هاوسـەنگی سـتراتیژی بەسـوودی هێـزە کوردسـتانییەکان گۆڕیـوە. پێدەچێـت ئەمریـکا بەشـێنەیی رۆژئـاوای کوردسـتان بکاتـە بنکـەی تێسرەواندنـی داعـش و گرووپـە رادیکاڵییەکانـی دیکـە. هەروەهـا ئەگـەری ئـەوە بەهێـزە ئەمریـکا بیـەوێ راڕەوی نێـوان داعـش و تورکیـا لەڕێگـەی هێـزە کوردییەکانـەوە دابخـات و لەدنیـای دەرەوەیـان دابڕێـت. بەمـەش پـڕۆژەی سـتراتیژی پێکەوەبەسـتنەوەی کانتۆنەکانـی جزیرە-کۆبانـێ بـە عەفریـن کاملدەکرێـت. ئەمریـکا تائێسـتاش نایـەوێ کـورد بـەرەو سـەربەخۆیی بـڕوات. زیاتـر داوای ئـەوە دەکات کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقـدا خـاوەن پێگـەی فیدراڵـی بێـت. ئـەم سیاسـەتەی بەرامبـەر بـە رۆژئـاوای کوردسـتانیش هەیـە و زیاتـر لـە چوارچێـوەی نەهێشـتنی داعشـدا بایـەخ بـە کـورد دەدات. بـەڵام پێناچێـت لـە جاڕدانـی گشتپرسـی سـەربەخۆییدا بەرپەرچـی ئـەم پڕۆژەیـەی هەولێـر بداتـەوە.

● لـەدوای ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ و رەققـە، پێدەچێـت داعـش وەک دیفاکتۆ-دەوڵـەت نەمێنـێ و ببێتـەوە هیزێـك کـە جەنگـی چەتەیـی پـەرە پێـدەدات. لەگـەڵ ئەمەشـدا ناشـێ چاوەڕێـی ئـەوە بکرێـت کـە لـە کورتخایەنـدا توونـدڕەوی ئیسـلامی لـە کۆمەڵگـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکاندا ببڕێتـەوە، چونکـە ئـەو هۆکارانـەی ئەمانەیـان دروسـتکردووە و بووژاندوویاننەتـەوە تائێسـتاش لەئـارادان وەك: ئیشـکالیەتی دەسـەڵات و حوکمڕانـی، هـەژاری و جیـاوازی کۆمەڵایەتـی، بێـکاری و پەراوێزخسـتن، ململانێـی فەڵەسـتین – ئیسرائیـل، ئیشـکالیەتی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ رۆژئـاوای کریسـتیان، خـراپ شـیکردنەوە و تەوزیفـی سیاسـی دەقـە ئایینییـە ئیسـلامییەکان جـا چ شـیعی بـن چ سـوننی!

● گێڕانـەوەی عێـراق و سـووریا بـۆ سـەردەمی رابـردوو، واتـە هێشـتنەوەی ئـەم دوو وڵاتـە بـە هەمـوو کێشـە ناوخۆییـە گەورەکانیانـەوە بەبـێ چارەسـەری. بەتایبـەت کێشـە و ململانێـی تایفـی شـیعە – سـوننە لـە عێـراق و عەلـەوی – سـوننە لـە سـووریا. لەئەنجامـدا ئەگـەر رێککەوتنیـك لەسـەر هێشـتنەوەی شـێوەی دەوڵـەت بکرێـت کـە جیاوازییەکـی ریشـەیی لەگـەڵ پێـش سـاڵی 2011 نەبـێ، ئـەوە گرووپـە توونڕەوەکانیـش دەمێننـەوە.

# راسپاردەکان

● پێویستە کورد لە جەنگی دژی داعش لە دەرەوەی کوردستاندا بەردەوام نەبێ تاوەکو مەرجەکانی بسەپێنێت. هەروەها لەگەڵ رۆژئاوای ئەمڕۆ- ئەمریکایی و گەیشتن بە ئاستی هاوئاهەنگی لەگەڵ جیهانی کریستیان بە گشت کڵێسە و رەوتە سیاسییەکانییەوە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ هەڕەشە و گۆڕانکارییەکانی ئایندە لەسەر کوردستان و ستروکتووری ئیسلامی دێرینی دابنرێت. دەبێ دوای سەپاندنی مەرجەکانی، هاوکاری هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و رووسیا بکات. دەبێ جەنگی دژ بە داعش و قۆناخی پۆست-داعشیش لەپێناو ستراتیژییە کوردستانییەکاندا بقۆزرێنەوە کە لە باشووری کوردستان خۆی لە پرۆسەی سەربەخۆییدا دەبینێتەوە و لە رۆژئاوای کوردستانیش لە قەوارەیەکی فیدراڵی. ئەم جەنگە ئەگەر بۆ کورد دەستکەوتی ستراتیژی بەدواوە نەبێ، ئەوە ئاکامی زیانباری بەدواوە دەبێت.

● پێویستە جەنگی داعش بکرێتە بنەمایەك بۆ دانانی پەیوەندی هاوپەیمانی پراگماتیانە لەگەڵ هۆزەکان و دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان. دەبێ جەنگی دژی تیرۆر لە هەموو ئاستەکاندا بە دۆخی رزگاری کوردستانەوە ببەسترێتەوە و بەرەو سەربەخۆیی یەکجارەکی ببرێت.

● پێویستە پشتیوانی لە دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵ بۆ ناوچە سوننەکان بکرێت. هەروەها بۆ دارشتنەوەی سنوورەکان بە لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکارییان بکرێت. پشتیوانیکردن لە فیدراڵی و دارشتنی سنوورەکانی بە هاوکاری کوردستان زۆر باشترە لەوەی ئەم سنوورانە بەبێ ئامادەیی و چالاکی کورد دیاریبکرێن. ئەمەش بەپشتبەستن بە ئەنجامدانی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییە عەرەبییە سوننەکاندا دەکرێت.

● پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هۆزە عەرەبییە سوننەکانی عێراق، پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و چەك بە هۆزە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی خۆیان رێکبخەن و رووبەڕووی داعش و گرووپە توندڕەوەکان ببنەوە. هەروەها هاوکاریکردنی سەرکردەکانی عەرەبی سوننە بۆ ئەوەی بتوانن "حەشدی نیشتمانی" وەك بەدیلی سەربازی سوننەکان بۆ قۆناخی پاش داعش ئامادەبکەن. پێویستە هەرێمی کوردستان رۆڵی لە پڕچەککردن و راهێنانی حەشدی نیشتمانیدا هەبێ و پشتیوانی لەو بیرۆکەیە بکرێت کە ئەم هێزە بۆ ناوچەکانی دیالە (بەتایبەتی)، سەلاحەددین، ئەنبار و بەغدادیش بگوازرێتەوە.

● پێویستە لەنێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان "هیزێکی ئامادەی هاوبەش" بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو جوڵەیەکی تیرۆریستی پێکەوەبنرێت. ئەم هێزە دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ زلهێزەکان پێکەوەبنرێت. هەروەها دەبێ بۆی هەبێ لە هەموو شوێنێکی کوردستان جوڵەی خێرا ئەنجامبدات.

● دەبێ لە قۆناخی پۆست-داعشدا هەولێر و قامشلۆ سنوورە کوردستانییەکان بکەنەوە و کۆتایی بە عەقلیەتی سایکس-پیکۆ بهێنن. پێویستە ئەم سنوورانە لە سنووری ئەمنی – سەربازییەوە بۆ سنووری ئابوری – بازرگانی بگۆڕدرێن و بکرێنە زەمینە بۆ یەکانگیریی نەتەوەیی راستەقینە.

● پێویستە بە گرنگییەوە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگای دیالە و ناوچەی خورماتوو بڕوانرێت. دەسەڵاتی حەشدی شەعبی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی چوارچێوەی مادەی 140 و بەتایبەتی خورماتوو نەهێڵرێت. لەم کێشەیەدا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان باشترە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و بلۆکی شیعەدا بەشێوەیەکی ناوەندی بێت و هەوڵبدرێت ئەو کێشانە لەڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ ئێراندا

چارەسەربکرێن.

● پێویستە دەسەڵاتی کوردی بەشێوەیەکی زانستییانە شەنوکەوی هەموو ئەو رووداوە گرنگانەی جەنگی داعش بکات، تاوەکو لە پاشەڕۆژدا ئەو ئەزموونانە ببنە پایەیەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی و باشتر پاراستنی کوردستان لە هەڕەشە دەرەکییەکان.

● لەلایەنی رۆشنبیرییەوە پێویستە هەرێمی کوردستان و فیدرالیی رۆژئاوا گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بیرە پێشکەوتنخوازەکان بدەن و پاڵپشتی رێکخراوە مەدەنی و لیبڕالییەکانیش بن بۆ گەشەکردنی بیرە هاوچەرخەکان، تاوەکو لەبەرانبەر بیری سەلەفیدا بوەستنەوە.

## د. ئازاد عەلی

- ئەندازیاری شارەوانییە. دیپلۆم، ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی ئەندازیاری
- پسپۆڕی مێژووی تەلارسازییە
- لە سەرەتای هەشتاکانەوە کاری لە راگەیاندنی پارتە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستاندا کردووە
- سەرنووسەری گۆڤاری (الحوار) بووە کە لە قامشلۆ بە زمانی عەرەبی لە 1993ەوە دەردەچێت
- چەندین گوتار و لێکۆڵینەوەی دەربارەی سیاسەت و مێژووی کوردستان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکردووەتەوە

- **کتێبی چاپکراو:**

1 - رۆڵی سیاسی کوردانی سووریا تاوەکو ساڵی 2012 – سەنتەری لێکۆڵینەوەی قەتەر – بەیروت - 2013

2 - رۆڵی سیاسی بنەماڵەی ئیبراهیم پاشای مللی – سەنتەری ئاشتی – سلێمانی - 2012

3 - مێژووی گوندەکانی باکووری سووریا – وەزارەتی رۆشنبیری لە سووریا – دیمەشق – 2002

4 - جۆرەکانی خانوبەرەی گڵین لە دەڤەری میزۆپۆتامیا – دەستەی پەڕتووکە زانستییەکان – دیمەشق 2010-

# هاوڕێ باخەوان

- ساڵی 1966 لە سلێمانی لەدایکبووە.
- ساڵی 1990 بەکالۆریۆسی لە یاسا لە زانکۆی موسڵ وەرگرتووە.
- ماوەی 12 ساڵ کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە لە دادگای نێودەوڵەتیی یۆگۆسلاڤیای پێشوو لە لاهای، دواپۆستی لەو ڕێکخراوەدا سەرۆکی بەشی پشتگیریی دادگا بووە.
- پلەی ئەکادیمی: لێکۆڵینڤان

- **بڵاوکراوەکانی:**

1 - لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1994.

2 - پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1994. چاپی دووەم - هۆڵەندا - 1995. چاپی سێیەم - هەولێر - 2002 - لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا – چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.

3 - کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1996. چاپی دووەم – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – کوردستان هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – ژمارەی سپاردن: 91 - 2003.

4 - هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد (یەکەمین کرۆنۆلۆژیای زانستی بۆ کوردستان و کورد) – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

5 - ئاڵای کورد - چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (117) - سلێمانی - 2001.

6 - ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر - چاپی یەکەم – ئۆکتۆبەری 2003 – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – ژمارەی سپاردن: 301 - کوردستان – هەولێر.

7 - وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی یەکەم – سەرجەمی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی 1995 و 2005دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە - ژمارەی سپاردنی (1994)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە – چاپخانەی سیما - 2009 – کوردستان – سلێمانی.

8 - وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی دووەم – چاپی ئەلیکترۆنی.

9 - وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی سێیەم - چاپی ئەلیکترۆنی.

10 - ئەدەبیاتی کاژیك – کۆکراوەی بڵاوکراوەکانی کاژیك – چاپی ئەلیکترۆنی.

11 - بەراوردەکانی ژیان - پرس و ڕایەکی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون - 2009 - چاپی ئەلیکترۆنی.

12 - دەستوورم واهی خوێندەوە - کۆمەڵێك ڕەخنە و تێبینیی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیکییە لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - 2009 - چاپی ئەلیکترۆنی.

13 - زمانی کوردی بگونجێنە بۆ سفر و یەك – 2014– چاپی ئەلیکترۆنی.

# مامەند رۆژە

- ساڵی 1972 لەدایکبووە
- بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان
- ماستەر لە زانستە سیاسییەکان
- پیشە: نووسەر و پسپۆڕی جیۆپۆلیتیك

- **کتێبی چاپکراو:**

1 - ئەرمەنۆساید
2 - ئۆپۆزیسیۆن و ئاوارەیی
3 - پێغەمی جیۆپۆلیتیکا
4 - چۆن دەبین بە دەوڵەت؟

- **کتێبی وەرگێڕان:**

1 - دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی
2 - ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوا
3 - پێکدادانی شارستانییەکان
4 - ئایندەی سۆسیالیزم
5 - تورکیا هێشتا لە رابردوودایە!

# عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش

- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: جەلەولا - 1978
- پلەی خوێندن: ماستەر لە فەلسەفەی سیاسی
- پلەی ئەکادیمی: مامۆستا لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی
- کتێبە چاپکراوەکان:

1. هزری سیاسی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، کەرکووك 2011 بەعەرەبی
2. چەمکی هوشیاری هەڵبژاردن.. 2008
3. چەمکی دیموکراسی لەهزری سیاسی ، سلێمانی 2012
4. جیوستراتیجیەتی رووسیا و ویستی عێراق و کاریگەریان لەسەر کورد، سلێمانی 2013
5. کورد لەناو تۆفانی یارییە گەورەکەدا، کاریگەری جیۆپۆلیتیکی قەزوین لەسەر کوردستان، دوو بەرگ، سلێمانی 2014-2013
6. تیۆری ئاشتەوایی نیشتیمانی لە کوردستانی عێراق، 2012. سلێمانی

# د. مەسعود رۆستەمی

- ساڵی 1970 لە بەغدا لەدایکبووە
- پلەی خوێندن: دکتۆرا لە زانستی سیاسی
- پیشە: مامۆستای زانکۆ
- بواری کارکردن: فیکری سیاسی
- دەیان وتاری هەیە
- کتێبێکی لە سەر ناسیۆنالیزمی فارسی هەیە

## د. بیلال سامبوور

- له باکووری کوردستان لەدایکبووە
- دکتۆرا له پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان
- پلەی ئەکادیمیی: پڕۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆیە
- پسپۆڕە له پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## حیسام دەستپیش

- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: 1974 / سنە
- پلەی خوێندن: قوتابی دۆکتۆرا لە زانکۆی گێنت / بەلجیکا
- پلەی ئەکادیمی: مامۆستای یاریدەدەر/ زانکۆی سەلاحەدین
- پیشە: مامۆستای زانکۆ
- چەندین وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەیە